# وەرزنامەی ئێرانناسی

ژمارە (١٣) ساڵی چوارەم، کانوونی یەکەم، ٢٠٢٤. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات



- کوردستان لە نێوان ململانێکانی ئێران، تورکیا و ئیسرائیلدا
- ئەزموونەکانی کۆچکردنی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئێران و ئیسرائیل لە دوو دەوڵەتی هاوپەیمانەوە بۆ دوو دژبەر
- جەنگی دووەمی قەرەباغ و ناکۆکییەکانی نێوان ئێران - ئازەربایجان
- کۆریدۆری زنگزور؛ گورزێکی ستراتیجیی لە ئێران

# گۆڤارنامەی ئێرانناسی

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیژی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٣) ساڵی چوارەم، کانوونی یەکەم ٢٠٢٤

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: بارام مەجیدخان

بەڕێوەبەری نووسین: د. هەورامان فەریق کەریم



بۆردی ڕاوێژکاران:

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول
د. هەردی مەهدی میکە

هەڵەبڕ: هاشم خدر

دیزاین: ڕەوشت محەمەد



شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G، شووقەی (4)

Address: Iraq, Kurdistan, Slemani

Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:

www.centerfs.org

Facebook: Center.of.Future.Studies

Instagram: centerfs

Email: info@centerfs.org

وەرزنامەی ئێراناسی

وەرزنامەی ئێرانناسی؛ گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات و سێ مانگ جارێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە. ئامانجی گرنگیدانە بە لێکۆڵینەوە ستراتیجی و سیاسییەکانی ئێران و کارلێکە هەرێمایەتی و جیهانییەکان و کاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە. مەودای کاری گۆڤاری ئێرانناسی بریتی دەبێت لە توێژینەوە لە سیاسەتی کورتمەودا و دوورمەودای ئێران و شرۆڤەی سیاسی و ستراتیجیی ئێران و ناوچەکە و توانای ئابووری، سەربازی، سیاسی و کولتووریی پەیوەست بە ئێران. مەرجە بابەتەکانی لەخۆگری دیدگای ئایندەی و ستراتیژی بن و سیناریۆکان و ئەگەرەکان بخەنەڕوو، لە پێناو سیاسەترێژیکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران. هەوڵێکە لە پێناو هاوکاریکردنی پرۆسەی سیاسەترێژی و سیاسەتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران.

# ناوەرۆك


**سەروتار**

یا شەڕ یا ئاشتی سەروتار | بارام مەجید خان ........ ٤

**توێژینەوە**

کوردستان لە نێوان ململانێکانی ئێران، تورکیا و ئیسرائیلدا: پشتێنەی کوردی لە چەقی بەریەککەوتنەکان | مەیسەم مورادی ........ ٨

ئەزموونەکانی کۆچکردنی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: هۆکارو گرفتەکانی بەردەمیان | بەسیدە حیدرانور - ژیلا ڕەحمان ڕەشید ........ ٢٨

ئێران و ئیسرائیل لە دوو دەوڵەتی هاوپەیمانەوە بۆ دوو دژبەر | د. یاسین عزەم ........ ٦٠

سیاسەتی ئێران لە ئاسیای ناوەڕاست لەسەردەمی حەسەن ڕۆحانیدا (٢٠١٣-٢٠١٧) | تەحسین وسو عەبدوڵڵا .. ٧٥

جەنگی دووەمی قەرەباغ و ناکۆکییەکانی نێوان ئێران – ئازەربایجان | هەڤاڵ ئازاد محی الدین ........ ٩٨

کۆریدۆری زنگزور؛ گورزێکی ستراتیجی لە ئێران | میران حسێن ........ ١١١

**گفتگۆی ئێراناسی**

ئێران لە گێژاوی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا بەڕێوەبەری گفتوگۆ | د. هەورامان فەریق ........ ١٢٥

**توێژینەوەی وەرگێڕدراو**

نیشتەجێی سەرسنووربەبێ پیاوان: ئێتنۆگرافیای ڕۆژانەی ژنانی هەورامان | نافع باباسەفەری، سەحەرباباسەفەری ١٤٢

گریانی بێ فرمێسک: ژنانی کوردی کۆڵبەرو سیاسەت-مەرگی جێندەری دەوڵەت لە ئێران | د. ئەحمەد محەمەدپوور د. ئاسۆ جەواهیری ........ ١٦٩

ئیسماعیل قائانی ئەو "پیاوە سێبەرە"ی کە نەیتوانی بۆشایی سولەیمانی پڕبکاتەوە | عادل السالمی ........ ٢١٨

بەرەی خۆڕاگری؛ ئیسرائیل، ئێران و هاوپەیمانەکانی بە کەم سەیردەکات | ڕێناد مانسۆر ........ ٢٢٤

**کەسایەتی**

سەید محەممەد خاتەمی؛ هێمای ڕیفۆرمخوازی لە ئێراندا | ئا: ژیلوان لطیف ........ ٢٣٦

**کتێبناسی**


پاشایەتی ماد | ئامادەکردن: ئێراناسی ........ ٢٤٤

**چەمکناسیی**

ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازیی | ئامادەکردن: هەورامان فەریق ........ ٢٤٩

سەروتار

بارام
مەجیدخان



# یا شەڕ یا ئاشتی

دیدگای «نە شەڕ نە ئاشتی» ساڵانێکە سێبەری خۆی بەسەر سیاسەتی ئێراندا کشاندووە. ئەم تێزە بۆ تێگەیشتن بوو لە پەیوەندی نێوان ئێران و ئەمریکا. لە ڕاستیدا دیدگای نە شەڕ نە ئاشتی لە سەردەمی قاجار و دواتر «محەممەد تەقی خان پسیان» بۆ پێناسەکردنی سیاسەت لە نێوان ئێران و ڕووسیا بۆ دەربازکردنی ئێران بەکاری هێنا، لە دۆخی سیاسی و نێودەوڵەتی قورس، کە لەمێژووی ئێراندا ڕوویانداوە. تێزی نە شەڕ نە ئاشتی لە سەرەتای سەرهەڵدانی کێشە ئەتۆمییەکانی ئێران لە بەڕێوەبردنی ئەو کەیسە کاری کردووە.

ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبەر و هێرشی بەرەی مقاوەمە بۆ سەر ئیسرائیل، خاڵێکی وەرچەرخانی قورسبوو بۆ سیاسەتی ئێران لە ناوچەکە و هەم بۆ هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانی. ئەم دۆخە نوێیە بە تەرازووی سیاسەتی نە شەڕ نە ئاشتی پێوانە ناکرێت. بەڵکو ئێران لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا کەوتووەتە بەردەم دوڕیانێکی قورسی یان شەڕ یان ئاشتی. کاریگەری ئەم تێزە نوێیە بە شاراوەیی لەسەر ئاستی ناوخۆیی ئێرانیش هەستی پێدەکرێت. شەپۆلێکی نوێی لە ئێران بەسەرۆکایەتی مەسعود پزشکیان و بە تیۆرسازی محەممەد جەواد


زەریـف، ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ، جێ پێی خۆیـان لـە نـاو چینی حوکمڕانی لـە ئێران بەهێزتـر دەکـەن. دەربازکردنی ئێران لـەم هەلومەرجـە قـورس و ئاڵـۆزە بـە ئاڕاسـتەی ڕێکخسـتنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران، لە پێناو چارەسـەرکردنی کێشـە ناوخۆییەکانی ئێران وەک ئەولەوییەت هەژمار دەکرێت. چینی کۆنەپارێزی حوکمڕانی لـە ئێران هێشـتا خەونی شـیعەگەرایی سیاسی بەری نـەداون. ئەمـەش وەک ناکۆکییەکی ناوخۆیی و شـاراوە لـە سیسـتەمی سیاسی ئێران لێکدەدرێتـەوە! یا وەک دەرفـەت بـۆ دەربازبـوون لـە دۆخی شـەڕێکی قورسی درێـژ خایـەن، کە هیـچ لایەنێـک بە تایبـەت ئێران لێی سـوودمەند نابێت.

گەڕانـەوەی دوبـارەی دۆناڵـد ترامپ بـۆ کۆشـکی سـپی، هەڵبژاردنـەوەی بـە سـەرۆکی ئەمریکا، نـەک بـۆ ئێران، بەڵکو لەسـەر ئاسـتی سیاسـەتی نێودەوڵەتی، چاوەڕوانی گۆڕانکاری گـەورەی لێدەکرێت. کۆتایی هێنـان بە جەنـگ ویسـتی ترامپە. ڕیگریکـردن لە هەڵگیرسـانی جەنگی جیهانیی سـێیەم و دڵنیاکردنـەوەی وڵاتانی جیهـان سـەبارەت بـەو پرسـە، گەشـبینی جیهـان و وڵاتانی ناوچەکـەی بە داوی خۆیـدا هێنـاوە. هەرچەنـدە سیاسـەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت زۆر لـەوە ئاڵـۆزترە کە وەرگرتنی هەڵوێسـتی پێشـوەخت بـۆ ترامـپ کارێکی ئاسـان نابێت. بەتایبـەت ئێران کە لە هەمانکاتدا چاوەڕوانی کرانەوەیە لەگەڵ ئەمریکا، لە هەمانکاتدا تێزی «شـەیتانی گەورە» هێشـتا دروشـمی بەشـێکی زۆری حوکمڕانییە لـە ئێران. لەگـەڵ ئـەوەی کـە پزشـکیانی سـەرۆک کۆمار ڕایگەیانـدووە، کـە پێویسـتە ئیـدارەی دۆسـیەکانی نێـوان ئێران و ئەمریـکا، ڕاسـتەوخۆ، لـە نێـوان ئـەو دوو وڵاتـە بەڕێـوە بچێـت، ئـەم ڕاگەیاندنـە وەک ئاماژە بـۆ ئامادەیی ئێران بـۆ وتووێـژ لـە گـەڵ ئەمریکا لێـک دەدرێتـەوە.

کێشـەی بونیادیی ئێران لە ناوچەکە ئیسـرائیلە. گوشـارەکانی لە غـەززە و باشـووری لوبنان و شـکاندنی ئێسـکی بـەرەی مقاوەمە ئـەو گورزە کەمەر شـکێنەیە، کە لە لایـەن ئێرانـەوە جێگـەی هەڵوەسـتە لەسـەر کردنـە. گۆڕانکاری لـە دیدگای ئێران سـەبارەت بـە ئەمریکا و نزیکبوونـەوە لـە پێنـاو بەربەسـت دانـان لـە بەردەم شـەڕێکی درێژخایـەن لـە ئەنجامی گۆڕانکاری لـە بەرەکانی جەنـگ هاتوەتـە دی. ئیسـرائیل بـە ڕاوێـژ لەگـەڵ شـارەزایان و پسـپۆڕانی ئەمریکی وەک» ماکس مانـوار ینـج» کـە شـارەزای بـواری پلان و نەخشـەی سـتراتیژییە، پێڕەوی لـە شـێوازی جەنگی نوێ دەکات. کە بە شـەڕی چوارەم ناوزەدی دەکات. ئامانج لـەم شـێوازە لە شـەڕ گورز وەشـاندن نییە

لە توانا سەربازییەکانی دوژمن، بەڵکو لێدان و خواردنی ڕووبەرێکی دیاریکراوی جوگرافیە لە دوژمن، بە شێوەیەکی بەردەوام و جێگیر، تا ئەو کاتەی کە تواناکانی دەوڵەت لە گەیاندنی فریاگوزاری بۆ ئەو ناوچانە پەک دەخات. دواجار دوژمن توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەدەست دەدات. ئەمە ئەو ستراتیجەیە کە ئیسرائیل لە غەزە و لوبنان جێبەجێی دەکات. ئەمەش مەترسی گەورە دەخوڵقێنێت. هەرچەندە ئێران ئەزموونی هەشت ساڵ شەڕی لەگەڵ عێراق هەیە، بەڵام شێوازی شەڕی کلاسیکی لە مێژوودا بەجێماوە. ڕوودانی شەڕێکی لەو شێوەیە بۆ ئێران خەسارەتی گەورە بە دوای خۆیدا دەهێنێت، کە ئێران خوازیاری نییە. هەموو هەوڵەکانی ئێرانی پزشکیان کرانەوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییە. بە تایبەت دۆسیەی ئەتۆمی کە دەتوانێت پێشگیری لە شەڕێکی درێژخایەن بکات و دڵنیایی بە جیهان بدات کە ئێران ئامانجی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی نییە. کارتی ئاشتی(ئەمریکی-ئیسرائیلی) ئاگربەست لە لوبنان، بۆ ئیسرائیل دەرفەتە، کە نزیکبوونەوەیە لە دەوڵەتی ترامپ و کردنی ئاوە بەسەر ناڕەزایەتییەکانی ناوخۆیێ و  بۆ ئێرانیش دەرفەتە بەوەی کە بە شێوەیەکی ئابڕومەندانە مل بە ئاشتی لە لوبنان بدات. ئەوەش وەک ڕێگەخۆشکردنە بۆ چارەسەری سیاسی بۆ کێشەکانی لە ناوچەکە و جیهان. ئێران و ئەمریکا لە سەردەمی ترامپ دوورن لە زیندووکردنەوەی ڕێکەوتننامەی بەرجام کە لەگەڵ وڵاتانی ٥+١ ئیمزا کراوە. بەڵام ئەگەری ڕێکەوتنێکی نوێ لە گەڵ ئێران بە دوور نازانرێت. هەرچەندە ترامپ بە کەسێکی پڕ لە هەڵوێستی چاوەڕواننەکراو ناسراوە، دەبێت چاوەڕوانی داهاتوو بکەین و ئاڕاستەی ڕوداوەکان بە نیشانە وەربگرین.

ئێرانناسی جارێکی تر و بە نەفەسێکی درێژ پێ دەنێتە ساڵی چوارەمی خۆی و لەم ژمارەیەدا هەوڵدەدات لایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ستراتیجییەکانی ئێران بخاتە بەردەم خوێنەرە شارەزا و پڕ ئەزموونەکانی خۆی. دڵ و دەروونیشمان کراوە دەبێت بەرامبەر ڕەخنە و پێشنیار و بابەتێک لە لایەن چاودێرانی کاروباری ئێران یا خود نووسەران و خوێنەرانی بەڕێز بگاتە دەستمان.



توێژینەوە

ئێرانناسی



# کوردســتان لـە نێوان

## ململانێکانی ئێران، تورکیا و ئیسرائیلدا;

## پشتێنەی کوردی لە چەقی بەریەککەوتنەکان


توێژەر: مەیسەم مورادی

خوێندکاری ماستەر لە زانکۆی زانکۆی ماسیکلیدە/دانیمارك




## بەرایی

لە دوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و لاوازبوونی دەسەڵاتەکانی ناوچەکە کە پریشکی ئەو گۆڕانکارییانەیان بەرکەوتبوو، کورد لە ڕۆئاوای کوردستان توانی کە ئەو دەرفەتە مێژووییە بقۆزێتە و بەشێکی زۆری جوگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. هەبوونی دەسەڵاتێکی کوردی لە باشووری کوردستان و هاوکات لەگەڵ دروستبوونی بەڕێوەبەری خۆسەری ڕۆژئاوای کوردستان، بووە هۆکاری ئەوەی کە چیتر کورد لە ناوچەکە وەک جاران مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت و تەنانەت زۆر جار دەورێک کە بە کورد دەدرا، لەسەرەوەی ئەکتەرێکی نا-دەوڵەتییەوە بوو. بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان لە هەردوو بەشی ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان، بەرەنگاربوونەوە و شەڕی تیرۆر لەو دوو بەشەی کوردستان، کە هێشتاش بەردەوامە، پێگەی کوردی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا زۆر بەرزتر کردەوە. سەردانی سەرۆکی وڵاتان، لەوانە سەرۆک کۆماری فەرانسە بۆ هەولێر، ڕێگە ئاوەڵاکردنی سەرکردایەتی کورد لە باشووری کوردستان بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوە گرنگە نێودەوڵەتییەکان، هاوکارییە بەردەوامەکانی ئەمریکا بۆ هێزەکانی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، ئەوەمان پێدەڵێت کە کورد لەو دوو بەشەی کوردستان، لە دەرەوەی ویست و خواستی دەوڵەتانی عێراق و سووریا، لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاوایی و بەتایبەت ئەمریکا، مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. هاوسنوور بوونی ئەم دوو بەشەی کوردستان، فاکتەرێکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی کە لە کاتە هەستیارەکان، بۆ نموونە لە کاتی شەڕی داعەش، هاوپەیمانان لە ڕێگەی باشووری کوردستانەوە یارمەتییەکان بگوازنەوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان. هەبوونی هاوکاری و ئەم پاشخانە مێژووییەی ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی، هۆکار بووە کە زۆر جار جووڵەی هێزگەلێک وەک هێزەکانی ئەمریکا لەو دوو بەشەی کوردستان ببینین، کە تەنانەت بە دڵی دەوڵەتانی ناوچەکە، لەوانە تورکیا و ئێران نەبووبێت. لە دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، واتە دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و وەڵامدانەوە و هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەزە، هەروەها باشووری لوبنان، کورد لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بوون بە بەشێک لە هاوکێشەکە، ئەمەش بۆ ئەو پێگە گرنگ و جیۆپۆلیتیکەی ئەو دوو بەشەی کوردستان

دەگەڕێتەوە. کارابوونی ئەو دوو بەشەی کوردستان لە نێوان هاوکێشەکاندا، پێویستی بە خوێندنەوەیەکی نوێ و ئەمڕۆیی تر لە پێگەی کوردستان هەیە. ئەم توێژینەوە هەوڵ دەدات لە ڕوانگەیەکی نوێوە پێگەی جیۆپۆلیتیکی کوردستان، لە توێی چەمکی "پشتێنەی کوردی" دابڕێژێت و ئاوڕ لە گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات، کە دەتوانێت دەرفەتی مێژوویی بۆ کورد لە هەر چوار بەشی کورستان دروست بکات.

## لە شەڕی کۆنەوە بۆ شەڕی نوێ

بیرمەند و مێژووناسی ئیسرائیلی، یوال نوح هەراری لە چاوپێکەوتنێکی خۆیدا لەسەر باسکردن لە مێژووی جەنگ لە نێوان مرۆڤدا، باس لەوە دەکات کە "تا پێش ١٣ هەزار ساڵ پێش هیچ ئاسەوارێک لە شەڕ لە نێوان مرۆڤەکاندا نەدۆزراوەتەوە" هەراری لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت "کۆنترین مرۆڤێک کە ئاسەواری جەنگ بە لەشییەوە ] سەریەوە[ دیاربووە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٣ هەزار ساڵ پێش، لە پێش ئەودا هیچ بەڵگەیەک بوونی نەبووە، کە بیسەلمێنێت مرۆڤەکان لە جەنگدا بووبن". جەنگ لە دوای سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرنەوە پێی نایە قۆناغێکی نوێوە و دەوڵەتەکان بە کەڵکوەرگرتن لە توانا جۆراوجۆرەکانی خۆیان توانیان تەکنەلۆژیای پێشکەوتووتر دروست بکەن و لەم ئاڕاستەیەدا بە مەبەستی جیاواز بچنیە شەڕەوە لەگەڵ یەکتردا. خاڵی بەرچاوی جەنگە کۆنەکان ئەوەبوو، کە دەوڵەتەکان تاکە فاکتەری دیاریکردنی کات و ساتی سەرهەڵدانی جەنگەکان بوون، جیاوازتر لەوەی کە ئەمڕۆ دەیبینین، بێجگە لە دەوڵەتەکان، ئەکتەرە نا-دەوڵەتییەکانیش توانای ئەوەیان هەیە کە شەڕە گەورەکان هەڵبگیرسێنن. نمونەی هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەکتەرە نا-دەوڵەتییەکان گەیشتوون بە توانایەکی زۆر کە پێشووتر ئەم تواناییە لە نێوان ئەکتەرە نا-دەوڵەتییەکاندا نەدەبینرا. دەوری ئەکتەرە نا-دەوڵەتییەکان لە شەڕە نوێکاندا زیاتر ڕوون دەبێتەوە کاتێک مەری کەڵدۆر لە کتێبەی خۆیدا بە ناوی "جەنگە نوێ و کۆنەکان"دا باس لە دەوری ئەکتەرە نا-دەوڵەتییەکان لە "جەنگە نوێکان"دا دەکات.

کاڵدر دەڵێت "جەنگە نوێکان لە ڕێگەی تۆڕێک لە ئەکتەرە دەوڵەتی و نا-دەوڵەتییەکاندا ئەنجام دەدرێت کە توانای ناسینی خەڵکی شەڕکەر ]سەرباز[ و خەڵکی مەدەنی زۆر

ئەستەمە.” (١) چەند جەمسەربوونی هێز لە دنیا، پاڵپشتی نێودەوڵەتی، هێزی سەربازی تایبەت بە ئەکتەرە نا-دەوڵەتییەکان، دامەزراوەسازی و کەڵکوەرگرتن لە ناسیۆنالیزم، توانای ئەکتەرە نا-دەوڵەتییەکانی بردۆتە سەرەوە و لەم ئاڕاستەیەدایە کە دەبینین ئەکتەرە نا-دەوڵەتییەکان دەتوانن جووڵەی زۆرتر بکەن، لە ”جەنگە نوێکان”دا باس لە دەوری ئەکتەری نا-دەوڵەتی هاوشانی دەوڵەتان بکرێت.

هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و بەرپابوونی شەڕێکی داهاتوو نارۆون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەلمێنەری ئەو ئارگیۆمێنتەیە کە لە شەڕە نوێکاندا ئەکتەرە نا-دەوڵەتییەکان وەک حەماس دەوری گرنگ لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا بگێڕن. بەم پێشەکییەوە کە لەسەرەوە باس کرا، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و دۆخی کوردستان بەتایبەت دەکەین.

مانگی سێپتەمبەری ٢٠٢٣، لە ٧٨مین کۆبوونەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بنیامین ناتانیاهۆ وێنەیەکی بەرزکردەوە کە لەسەری نووسرابوو ”ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ”، لەسەر ئەو وێنەیە جوگرافیایەک بە ناوی ”فەلەستین” بوونی نەبوو، بەڵام پەیامی سەرەکی ئەو وێنەیە ئەوە بوو کە ئیسرائیل بەرەو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ناوچەکە هەنگاو دەنێت. گریمانەی من بۆ ئەو گۆڕان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، بۆ سێ هەنگاو دەگەڕێتەوە کە ئیسرائیل بەشێک بوو بەرەوپێشچوونیان: یەکەم، ئیسرائیل پێش ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، گەیشتبوو بەو دەرئەنجامەی کە کێشەکانی خۆی لەگەڵ فەلەستین و حیزبۆڵلا، بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت فرێز بکات، واتە ئیسرائیل سیاسەتێکی لە پێشگرتبوو کە نە شەڕی دەویست نە ئاشتی، بەجۆرێک کە هەوڵی دەدا ئەو کێشانەی کە لە نێوانیاندایە فرێز بکرێت، بەوجۆرە هەنگاو هەڵبنێت بۆ سیاسەتگەلێکی دیکە کە قازانجی زۆرتری بۆ ئیسرائیل تێدابوو. سیاسەتی فرێز کردنی کێشەکان کە لە دوای بڕیارنامەی ١٧٠١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، گیرایە پێش، لە دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، شکستی هێنا و سیاسەتمەدارەکانی ئیسرائیل گەیشتن بەو ڕاستییەی کە ئەو جۆرە هەڵسووکەوتەی کە پێش هێرشی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبەر و هێرشی حیزبۆڵلا لە ٨ی ئۆکتۆبەر لەپێش گیرابوو، خوێندنەوەیەکی هەڵە

بوو لە دۆخی ئەوکاتی هەر سێ لایەنی ئیسرائیل، حەماس و حیزبوڵڵا. گریمانەی دووەم ئەوەیە کە ئیسرائیل توانیبووی لە ڕێگەی "ڕێککەوتنەکانی ئەبراهام" کە لە کاتی ئیدارەی دۆناڵد ترامپ دەستپێکردبوو، قازانجی زۆری بەرکەوێت، واتە بە ڕێککەوتنەکانی ئەبراهام، ئیسرائیل توانی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە ئاسایی بکاتەوە و لەم ڕێگەیەوە تەنانەت خەونی "پان-عەرەبیسم" لەناو ببات. ئەوەی کە بۆ ئیسرائیل گرنگ بوو; نەهێشتنی مەترسی ناسیۆنالیزمێکی عەرەبی بوو کە پاشخانێکی مێژوویی هەبوو لە هێرشی بەرفراوانی سەربازی نێودەوڵەتی بۆ سەر ئیسرائیل. ڕێککەوتنەکانی ئەبراهام ئەو بۆچوونەی لای سیاسەتمەدارەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دروست کردبوو کە چیتر ئیسرائیل مەترسی "مانەوە"ی لە لایەن دەوڵەتانی عەرەبی ناوچەکەوە لەسەر نامێنێت. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەتوانرێت بگوترێت:

"ڕێککەوتنەکانی ئەبراهام" کە لە ٢٠٢٠، دەستی پێکرد، دوو ڕەهەندی ئابووری و سیاسی-ئاسایشی هەبوو، کە بە ئاساییبوونەوەی پەیوەندی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، مەترسی هێرش لەلایەن وڵاتانی عەرەبی بۆ سەر ئیسرائیل، بۆ هەمیشە کۆتایی پێدێت. هاوکات، بە کەڵکوەرگرتن لە ڕەهەندە ئابوورییەکەی، پرۆژە گەورە ئابوورییە نێونەتەوەییەکان، لەوانە کۆریدۆری هیندستان-ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئەورووپا، دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ و قازانجی زۆری بۆ ئیسرائیل تێدابێت. لە کۆتاییشدا، بە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەت لەگەڵ سعودیە، پرسی "دەوڵەتی فەلەستین" دەچێتە مێژووە و بۆ هەمیشە کۆتایی پێدێت. بەڵام بە هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، ئەو پلانە گەورەی ئیسرائیل، تووشی کێشەی گەورە بوو"(٢).

گریمانەی کۆتایی ئەوە بوو کە هاوکات لە بەرەوپێشچوونی ڕێککەوتنەکانی ئەبراهام، ئیسرائیل بوو بە بەشێکی گرنگی پرۆژەی کۆریدۆری ئابووری هیند-ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئەورووپا کە بە (IMEC) ناسراوە. ئەم پرۆژەیە پێش ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەر لە دانیشتێنێکی G20 لە هیندستان پێشنیاز کرا، لە ڕێگەی ئەم کۆریدۆرەوە وڵاتی هیند پەیوەست دەکرێت بە وڵاتانی عەرەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و لەوێشەوە بە تێپەڕین

لە ناو خاکی ئیسرائیل، دەچێتە ئەورووپا. گرنگی ئەم کۆریدۆرە لەوەدایە کە وەک جێگرەوەیەکی پرۆژەی پشتێنە و ڕێگەی چین دێتە ئەژماردن.

لەسەر ئەم سێ گریمانەیانە، واتە یەک، فرێزکردنێکی کاتی کێشەکان لەگەڵ حەماس و حیزبوڵڵا. دووەم، ڕێککەوتنەکانی ئەبراهام و ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و سێیەم، پرۆژەی ئابووری کۆریدۆری هیند-ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئەورووپا، بنیامین ناتانیاهۆ پێش هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، باسی لە "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ" کرد.

بە هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، ئەو سێ گریمانەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا تووشی کێشەی بنەڕەتی بوونەوە; سیاسەتی فرێزکردن شکستی هێنا، پەیمانی ئاشتی ئیبراهیم خرایە پەراوێزە و پرۆژەی (IMEC) تووشی ڕاوەستان بوو. لەم ئاڕاستەیەدا بوو کە دەوڵەت لە ئیسرائیل گەیشت بەو دەرئەنجامەی کە دەبێت ڕێگەیەێک بۆ مەترسییەکانی حەماس و حیزبوڵڵا لەسەر سنوورەکانی خۆی بدۆزێتەوە. لە دوای ئەو هێرشانەی حەماس و حیزبوڵڵا، بنیامین ناتانیاهۆ کە وتارێکی خۆیدا وتی "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕین". ئەو گۆرانەی کە ناتانیاهۆ باسی دەکرد هاوکات بوو لەگەڵ هێرشی زەمینی سوپای ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەزە، هەروەها هێرش بۆ سەر باشووری لۆبنان بۆ بەرەنگاربوونەوەی حیزبوڵڵا. بە واتایەکی تر، بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل لەگەڵ حەماس و حیزبوڵڵا هەڵگیرسانی "جەنگی نوێ"یە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کۆتاییەکی نادیاری هەیە.

## لە قۆناغی "گۆڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" بۆ قۆناغی "شیرازە (نەزم )ی نوێ"

لە درێژەی چوونەسەرەوەی ئاستی بەریەککەوتنەکان لە نێوان لایەنەکانی بەشدار لە جەنگی نوێی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاستی هێرش و لێدانەکانی ئیسرائیلیش دەچووە سەرەوە."دوای کوشتنی حەسەن نەسروڵڵا، ئیسرائیل گۆڕانی بە سەر پلانی "گۆڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" هێنا و پلانەشدا هێنا و کردی بە "شیرازەی نوێ". ئۆپەراسیۆنی هێرشکردن بۆ سەر حەسەن نەسروڵڵا، ناوی لێنرا "شیرازەی نوێ"، واتە کوشتنی حەسەن نەسروڵڵا، بەشێک بوو لە پرۆژەیەکی گەورەی ئیسرائیل کە پێش ٧ی ئۆکتۆبەر دەستی

پێکرد، بەڵام دوای ٧ی ئۆکتۆبەر، گۆڕانی بنەڕەتی زۆری بەخۆیەوە بینی و ڕەهەندی جیاوازتری گرتە بەر و لە ڕۆژی کوشتنی حەسەن نەسروڵلا، بەفەرمی باسی کرا. کەواتە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ و گۆڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بووە بە بەشێک لە پرۆژەیەکی گەورەتر، بە ناوی "شیرازەی نوێ"ی دڵخوازی ئیسرائیل بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە دوو باڵی سەربازی و سیاسی خۆی کاری بۆ دەکات و هەوڵ بۆ بەرەوپێشچوونی دەدات." (٣) ناوهێنانی شیرازەی نوێی لە لایەن بەرپرسانی باڵای ئیسرائیل، گفتوگۆی زۆری لێکەوتەوە کە لە زۆر ڕەهەندەوە باس و خوێندنەوەی بۆ کرا. لەم ئاڕاستەیەدا دەتوانم شیرازەی نوێی ئیسرائیل لە سێ بەش و گریمانەی سەرەکیدا دابەش بکەم کە بریتین لە:

"یەکەم، گۆڕان لە پێکهاتەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چەند بوارەوە، لەوانە؛ حوکمڕانی، نۆرم و نەریتی هاوسەنگی هێز. لە ڕوانگەی تیۆرەکانی سیاسەتی نێونەتەوەییەوە، شیرازەی نێونەتەوەیی بریتییە لە شێوازە ئاساییەکانی ئاڵوگۆڕکردن لە نێوان یەکە سیاسییەکان کە بەشێوەی سەربەخۆ یەکتر بە فەرمی دەناسن. ئەگەر بمانەوێت ئەم پێناسەیە بگوازینەوە بۆ ڕوانگەی شیرازەی نوێی ئیسرائیل بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە ڕوانگەی تیۆرییەوە، مەبەستی ئیسرائیل ئەوەیە کە گۆڕانێکی بنەڕەتی دروست بێت لە ناوچەکە لە نێوان یەکە سیاسیەکان کە دەتوانن دەوڵەت، دامەزراوەی سیاسی و نمونەی هێزە پرۆکسییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا بێت. ئەم گۆڕانە دەتوانێت ڕاستەوخۆ هاوسەنگی هێز کە ئێران لە ڕێگەی پرۆکسییەکانی خۆیەوە لە ناوچەکە دروستی کردبوو، تووشی گۆڕان بکات و مەترسی پرۆکسییەکانی ئێران لاواز بکات. واتە ئیسرائیل دەیەوێت کە بەدوای هەموو پرۆکسییەکانی ئێران لە ناوچەکە بچێت بۆ ئەوەی کە تا ئەو شوێنەی کە دەکرێت، ئەو پرۆکسیانە لاواز بن. واتە خستنی یەک لە دوای یەکی ئەو گرووپانە، وەک دۆمینە.

هاوکات کە ئەم دۆمینۆ تیۆرییە ڕوودەدات، ئیسرائیل دەیەوێت هەموو تێچوویەک بدات بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان ئێران و پرۆکسییەکانی تووشی پچڕان بکات. لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا تیۆری (Imperial Overstretch) باس لە شێوازی ئەم پچڕانە دەکات. مێژوونووس "پۆڵ کەنەدی" یەکێک لەو کەسانەیە کە بەوردی باسی لەم تیۆرییە کردووە. ئەم تیۆرییە پێیوایە کە ئیمپراتۆرییەکان هەوڵی زۆر دەدەن کە تا ئەو شوێنەی کە توانایان

هەیە، خۆیان درێژتر بکەنەوە و جوگرافیای زۆرتر بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بەڵام ئەم فراوانخوازییە، زۆربەی کات دەبێتە هۆی داڕمانی ئیمپراتۆرییەکان. هۆکاری سەرەکی ئەم داڕمانانە ئەوەیە کە ئیمپراتۆرییەکان "بەڵێن" و "بەرپرسیاریەتی" زۆر و گەورە دەخەنە سەر شانی خۆیان، بەڵام توانای جێبەجێکردنی ئەو بەرپرسیاریەتی و بەڵێنانەیان نییە و ناچار دەبن پاشەکشە بکەن و دەست هەڵگرن لە حوکمڕانی زۆرێک لە جوگرافیای ژێر دەسەڵاتیان. ئەوەی کە ئیسرائیل بەدوایەوەیە لەم بەشەدا: پێشگرتن بە مەترسییەکانی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، لەسەر سنوورەکانی ئێران-ە، واتە دوورکردنەوەی مەترسی لەسەر سنوورەکانی ئیسرائیل و خۆپارێزی لە مەترسییەکانی ئێران، لە نزیکترین شوێنی نزیک لە ئێران. ئەم خۆپارێزییە کاتێک ڕوودەدات کە پەیوەندی نێوان ئێران و پرۆکسییەکان، دابەزێتە کەمترین ئاستی خۆی و ئێران ناچار بە پاشەکشە بێت.

دووەم، گۆڕانکاری بنەڕەتی لە شێوازی بەکارهێنانی چەک، تەکنەلۆجیا و تاکتیکی بەرەنگاربوونەوە لەپێش ئێران و پرۆکسییەکانی ئێران. ئۆپەراسیۆنی هێرش بۆ سەر باشووری لوبنان، کوشتنی حەسەن نەسروڵڵا، وەرچەرخانێکی مێژوویی لە بەکارهێنانی چەک، تەکنەلۆجیا و تاکتیکەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل لە پێش هێزێک وەک حیزبوڵڵا بوو. لە ڕۆژەکانی ١٧ و ١٨ی سێپتەمبەر، ئیسرائیل بە تەقاندنەوەی پەیجەر و هەموو کەرەستە ئەلکترۆنیکەکانی حیزبوڵڵا، زیاتر لە ٥ هەزار کەسی لە ئەندامانی حیزبوڵڵای بریندار کرد و زیاتر لە ١٥ کەسیشی کوشت. ئەم نمونە لە چالاکییەی ئیسرائیل، لە مێژووی بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ گرووپە نەیارەکانی خۆیدا بێ وێنە بووە و وەک یەکەمجار ڕووی داوە. هەروەها ئۆپەراسیۆنی کوشتنی حەسەن نەسروڵڵا، بە کەڵکوەرگرتن لەو تاکتیکە بوو کە بنیامین ناتانیاهۆ بە مەبەستی بەشداریکردن لە ٧٩یەمین کۆبوونەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەردانی ئەمریکای کردبوو، بەڵام فەرمانی کوشتنی حەسەن نەسروڵڵای لە هۆتێلی مانەوەی خۆی لە نیویۆرک بە سوپای ئیسرائیل دابوو. واتە دروستکردنی دڵنیایی بۆ بەرپرسانی باڵای حیزبوڵڵا، بەڵام بەشێوەیەکی تاکتیکی، بۆ ئەوەی کە ئەو بەرپرسانە لەکاتی نەبوونی ناتانیاهۆ، جووڵەیەک بکەن و دواتر بکرێنە ئامانج. هاوکات چەکی بەرکارهاتووی سوپای ئیسرائیل بۆ هێرشکردن بۆ سەر بارەگای حیزبوڵڵا و کوشتنی نەسروڵڵا، لانیکەم یەکەمجار بووە کە لە دوای ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، لە دژی

حیزبوڵڵا بەکار بێت. ئەو مووشەکەی کە ئیسرائیل بەکاری هێنابوو، لە جۆری (BLU-109s) بوو کە توانای بڕینی زیاتر لە شەش مەتر کۆنکرێتی هەیە، واتە ئیسرائیل وەرچەرخانێکی کردووە لە جۆری چەکی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەیارەکانی. ئەم وەرچەرخانەش لە کاتی هێرش بۆ کۆشتنی "هاشم سەفییەدین" کە وەک جێگرەوەی نەسروڵڵا باسی دەکرا، بە ڕوونی دەبینرا. ئەو مووشەکانەی کە ئیسرائیل بەکاری هێنابوون، لە هەمان جۆری مووشەک بوون کە حەسەن نەسرۆڵڵای پێ کرایە ئامانج، بەڵام جاری دووەم، واتە هێرش بۆ سەر هاشم سەفییەدین، ژمارەی ئەو مووشەکانە، دووهێندەی جاری یەکەم بوو.

سێیەم، خاڵی کۆتایی، ناوەڕۆکی شیرازەی نوێ، لە چوارچێوەی ڕێچکەی/دۆکترایینی "زاحیە" هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەکتەرە نا-دەوڵەتییەکاندا بکات. دۆکترایینی زاحیە، ساڵی ٢٠٠٦ لەکاتی شەڕی حیزبوڵڵا و ئیسرائیل، داڕێژرا، خاڵی سەرەکی ئەم دۆکتراینە ئەوەیە کە ئیسرائیل بە هێرشە قورس و بەردەوامە ئاسمانیەکانی خۆی، دەرفەتی بیرکردنەوە و پەرچەکردار بۆ لایەنی بەرامبەری نەهێڵێتەوە. هاوکات بەڵێدان لە ژێرخانە گرنگەکانی "نەیار"، بتوانێت پەیوەندی نێوانیان بپچڕێنێت و لە کۆتاییدا، هەیکەلی لایەنی بەرانبەری خۆی تووشی داڕمان بکات. نموونەی بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل لە پێش حیزبوڵڵا-دا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئیسرائیل نایەوێت بهێڵێت لایەنی بەرانبەری بیر لەوە بکاتەوە کە وەڵامدانەوەی بۆ ئیسرائیل هەبێت، کە ئەمە نمونەی بەرچاوی دۆکترایینی زاحیە-س. واتە هێرشی بێ وچان، لە بەرزترین ئاستی خۆیدا، بۆ ئەوەی کە چوونەپێشەوەی قۆناغ بە قۆناغ لە بەرەکانی شەڕدا، بەزووترین کات ڕووبدات، بەڵام بەو ئاگادارییەوە کە ئێران پلانی هەیە شەڕی پڕۆکێنەر بۆ ئیسرائیل دروست بکات." (٤)

## پشتێنەی بەرگریی ئێران

دوای بە ئامانجگرتنی حەسەن نەسرۆڵڵا لە لایەن ئیسرائیلەوە، ڕێبەری باڵای ئێران، عەلی خامنەیی دوای پێنج ساڵ دووربوونەوە لە وتاری هەینی، گەڕایەوە و لە ڕێککەوتی ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤، وتاری هەینی خۆی پێشکەش کرد. لە وتارەکەی خۆیدا، خامنەیی باسی لەوە کرد کە "وڵاتانی ئیسلامی ناوچەکە، لە ئەفغانستان تا یەمەن دەبێت یەکبگرن و لەپێش ئیسرائیلدا بوەستنەوە". ئەو بۆ یەکەمجار لەو وتارەی خۆیدا باسی لە چەمکی

“پشتێنەی بەرگریی” کرد، مەبەستی ئەوە بوو کە دەبێت بە هەموو تواناکانی خۆیانەوە لە پێش ئیسرائیلدا بەرگری لە خۆیان بکەن و هەموو وڵاتانی ئیسلامی ناوچەکە دەوری پشتێنەیەکی بەگری بگێڕن. لە وتاری “شێرازەی نوێی ئیسرائیل و ستراتیجی پشتێنەی بەرگری ئێران”، ئەو چەمکەی کە عەلی خامنەیی لە وتارەکەی خۆیدا بەکاری هێنابوو، لە پێنج بەشدا دابەشکردووە، بەشەکان بریتین لە:

“یەکەم، هەموو پرۆکسییەکانی ئێران لە ناوچەکە، دەبێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ بچنە ناو گۆڕەپانەکە. واتە ئەو پرۆکسیانە دەبێت کارا بکرێن و بە بێ گوێدان بە هەڵوێستی دەوڵەتانی خۆیان، هەنگاو بەرەو ئەو ئاراستەیە هەڵبنێن کە لە چوارچێوەی پشتێنەی بەرگری ئێران-دا بێت. نمونەیەکی ئەم گریمانەیە، یەکەم هێرشی زیانباری هێزەکانی ناو عێراق بۆ سەر ئیسرائیل بوو، کە بووە هۆی ئەوەی دوو سەربازی ئیسرائیل بکوژرێت و زیاتر لە ٢٥ کەسی دیکە بریندار بن. ئەم هێرشە دوو کاتژمێر دوای وتاری هەینی عەلی خامنەیی ئەنجامدرا. کەواتە یەکەم لایەن کە گوێڕایەڵی فەرمانی نوێی خامنەیی بوو، هێزە شیعەکانی سەر بە ئێران، لە عێراق بوون.

دووهەم، دەبێت بەشداری ئەو گرووپانە بەو شێوەیە بێت کە مەترسی کەوتنی حیزبوڵڵا بهێنێتە کەمترین ئاستی خۆی، واتە دەبێت؛ دابەشکارییەکی ناوخۆیی ئەو گرووپانە بێت، بۆ ئەوەی ئیسرائیل لە چەند لایەنەوە هەست بە مەترسی بکات و سەرنجی لەسەر حیزبوڵڵا کەمتر بێتەوە، بۆ ئەوەی حیزبوڵڵا هەناسەیەک هەڵکێشێت لەژێر بۆردوومانە چڕەکانی ئیسرائیل. کەواتە دەبێت هەڕەشەی کەوتن، هەڕەشەیەکی گشتی بێت بۆ ئەو گرووپانە و هەڕەشەکە لە ناوخۆی خۆیاندا دابەش بکەن، بەم شێوە ئیسرائیل دەچێتە دوو بەرەی شەڕی ڕاستەوخۆ (حەماس و حیزبوڵڵا) هاوکات سێ بەرەی شەڕی ناڕاستەوخۆ (یەمەن، سووریا و عێراق)، واتە تەشەنەسەندنی شەڕ بۆ وڵاتانێکی زۆرتر.

سێیەم، دروستکردنی بەرپرسیارێتی مێژوویی بۆ وڵاتانی ئیسلامی ناوچەکە بەتایبەت بۆ میسر. خامنەیی لە وتارەکەی خۆیدا بەفەرمی ناوی وڵاتی میسری هێنا و ئەو وڵاتەی خستە ناو دۆخێکەوە کە دەبێت هەڵبژاردنێکی لە نێوان شەڕ و ئاشتیدا هەبێت. لەم بەشەدا عەلی خامنەیی دەیەوێت بە وڵاتانی ئیسلامی، بەتایبەت بە میسر بڵێت؛ ئەگەر

وەک دەوڵەت نەیەنە ناو باسەکە و پێش بە ئیسرائیل نەگرن، خەڵکەکانتان هان دەدرێن بۆ ئەوەی خۆبەخشانە هەنگاو بنێن، واتە تا ئاستێک خۆرێکخستنی نوێ لە وڵاتانی دیکەی ئیسلامی، لە دەرەوەی دەوڵەت ڕووبدات، کە ئەمە خاڵێکی مەترسیدارە بۆ ئەو دەوڵەتانە. وتاردانی خامنەیی بە زمانی عەرەبی، بە مەبەستی ئەوە بوو بۆ ڕاکێشانی هاوسۆزی زیاتری خەڵکی وڵاتانی عەرەبی بۆ لای خۆی، کە لە چوارچێوەی هەڕەشە لە دەوڵەتانی عەرەبی دەتوانرێت ببینرێت و بۆ سەپاندنی زیاتری گوتاری دژە- ئیسرائیلی ئێران بێت لە نێوان خەڵکی وڵاتانی موسڵمان.

چوارەم، بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی شەڕی ساڵی ٢٠٠٦ی نێوان حیزبوڵڵا و ئیسرائیل، ئێران دەیەوێت ئەم شەڕە بکاتە شەڕێکی "پڕوکێنەر" (فرسایشی) بۆ ئیسرائیل. لەم ئاڕاستەیەدا ئێران دەیەوێت سوپای ئیسرائیل لە لوبنان بچەقێت و بەرەو پێش نەچێت. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئێران لە بەشداری هێزەکانی خۆی لە هێرشکردنە سەر ئیسرائیل، درێژەپێدانی شەڕە لەو ئاڕاستەیەدا کە شەڕ لە چوارچێوەی ئەکتەری دەوڵەتی و ئەکتەری نا-دەوڵەتیدا بهێڵێتەوە و خۆی بەشداری شەڕەکە نەکات. ئەوەی کە ئێران هیچ کات نەیویستووە، بەشداری ڕاستەوخۆ بێت وەک دەوڵەت، لە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل-دا.

پێنجەم، خاڵی کۆتایی، ئەم ستراتیجیەی ئێران، ناوەڕۆکێکی بەرگریکارانەی هەیە، واتە بەرگریکردن لە کەوتنی پرۆکسییەکان، بۆ ئەوەی ئێران پارێزراو بمێنێتەوە و ئەو پرۆکسیانە ڕۆڵی "پشتێنەیەکی بەرگری" بۆ ئێران بگێڕن و نەهێڵن کە "شەڕ قۆناغ بە قۆناغ نزیکتر بێتەوە لە سنوورەکانی ئێران". کەواتە دەتوانرێت بگوترێت: هێرشی پرۆکسییەکانی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، ناوەڕۆکێکی بەرگریکارانەی هەیە بۆ ئەوەی "خۆیان بپارێزن" و چارەنووسی حەماس و حیزبوڵڵا، بەسەر ئەوانیشدا نەیات. (٥) کەواتە پشتێنەی بەرگری ئێران، پلانێکی نوێش بە ناوەڕۆکێکی بەرگریکارانەوە بۆ ئەوەی پێش بە پلانی شیرازەی نوێی ئیسرائیل بگرێت.

چوونەسەرەوەی ئاستی بەریەککەوتنەکانی نێوان ئێران و پرۆکسییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل، زمانی زلهێزانێک وەک ڕووسیا و ئەمریکا، لەپێش یەکتردا توندتر دەبوو.

نموونەی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڤیتۆکردنی پێشنیازی ئاگربەستی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەن هەریەک لەو زلهێزانەوە، ئەو پەیامەی دەگەیاند کە بە چوونە سەرەوەی ئاستی بەریەککەوتنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکا و ڕووسیا زیاتر کە دژی یەکتر دەوەستانەوە. ئەم پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ ئاستێکی سەرتر، واتە جیهانیی، پێویستی بەوە هەیە کە دابەشکردنێک لە نێوان ئاستی بەریەککەوتنەکاندا هەبێت. لەم ئاڕاستەیەدا، دابەشکارییەکان دەتوانێت لە سێ بەشی لۆکاڵ، هەرێمی و جیهانی پێکبێت. لە بەشی لۆکاڵ، ئیسرائیل لە پێش حەماس، حیزبوڵڵا و حووسیەکانی یەمەن. بەشی هەرێمی، لە نێوان ئێران و ئیسرائیل و لە بەشی جیهانیدا، جەمسەرگەلێک وەک ئەمریکا و ڕووسیا. لە دوای ئەم دابەشکارییە ئاسانترە کە ئاستی بەریەککەوتنەکان خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، کە هەر جۆرە پەرەسەندنێکی گرژیی لە هەر بەشێکدا، کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ئەو دوو بەشەی دیکە، واتە کاتێک ئیسرائیل هێرشی کردە سەر بارەگای سەرەکی حیزبوڵڵا و حەسەن نەسرۆڵڵای کوشت، ئێران هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر ئیسرائیل و هاوکات ئەمریکا و ڕووسیا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەریەککەوتن، لێرەدایە کە ڕوون دەبێتە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەر سێ بەشەکەدا بوونی هەیە و لەم ڕوانگەیەوە چیتر ناکرێت کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تەنیا لە چوارچێوەی هەرێمیدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەڵکو ڕەهەندێکی جیهانیشی هەیە کە دەورێکی زۆر گرنگ دەبینێت.

چوونەسەرەوەی ئاستی بەریەککەوتنەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل، دڵەڕاوکەی بۆ زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکە، لەوانە تورکیا دروستکردووە. لە ڕێکەوتی ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤، ئێران هێرشێکی بەرفراوانی مووشەکی کردە سەر ئیسرائیل. لە هێرشەکەی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، کەڵک لە زیاتر لە "١٨٠ مووشەکی باڵستیک" (٦) وەرگیرابوو کە لە مێژووی بەرەنگاربوونەوەی ئەو دوو دەوڵەتەدا بێ وێنە بوو.

لە وەڵامی هێرشێکی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، لە ڕێکەوتی ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤،

ئیسرائیل بۆ جاری دووەم دوای شەڕی غەزە، هێرشێکی "ورد و ئامانجدار"ی (٧) کردە سەر ئێران. لە هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، زیاتر لە "٢٠ ئامانج"(٨) کرایە ئامانجی فڕۆکەکانی ئیسرائیل. بۆ خوێندنەوەیەکی دروستی ئەو هێرشەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، بە کەڵکوەرگرتن لە بۆچوونی Gil Remillard لەسەر لەدایکبوونی دەوڵەت کە سێ توخمی سەرەکی باس دەکات، ئاستی هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران ڕوونتر دەبێتەوە. ڕێمیلارد دەڵێت "بۆ ئەوەی دەوڵەتێک لەدایکبێت، دەبێت سێ توخمی جەوهەری هەبێت; توخمێکی یاسایی واتە سەروەری، توخمێکی ماددی واتە خاک و توخمێکی بەرجستە واتە دانیشتوان." (٩) کاتێک کە فڕۆکەکانی ئیسرائیل سنووری دەوڵەتی ئێران دەبەزێنن، بەواتای ئەوەیە کە سەروەریی ئەو دەوڵەتەیان پێشێلکردووە و بە ئامانجگرتنی ئامانجەکان لە ناوخۆی ئێران، واتە توخمی ماددی و بەرجستەی ئەو دەوڵەتە بە ئامانجگیراوە، لێرەدایە کە ئاستی هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، بە بەراورد لەگەڵ هێرشەکەی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، ڕوونتر دەبێتەوە.

## تورکیا و "پرۆسەی ئاشتی" لەگەڵ کورد

هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە ئێران و ئیسرائیل ئاستی بەریەککەوتنەکەیان بەرزتر دەبێتەوە، تورکیا بە پلانێکی نوێ هاتە ناو هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە دوای ئەوەی کە تورکیا نەبوو کە بەشێک لە پرۆژەی کۆریدۆری هیند-ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئەورووپا و هەروەها ڕێگەی پێنەدرا لە ناو هاوکێشەکانی شەڕی غەزە، لەوانە پرسی ئاگربەست و هەناردەکردنی یارمەتی بۆ غەزە، دەور ببینێت. هاوکات دوای لێدوانەکانی بەرپرسانی ئیسرائیلی سەبارەت بە "گۆڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"، دەوڵەت لە تورکیا هەستیار بووە و هەستی بەوە کرد کە ڕەنگە گۆڕانگەلێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبدات و ئەو وەک دەوڵەت، ئاگاداری لایەنە شاراوەکانی نییە و ئەو گۆڕانکارییانە دەتوانێت ببێت بە مەترسی بۆ دەوڵەت لە تورکیا، بۆیە هاوشان لەگەڵ پرۆژەی شیرازەی نوێی ئیسرائیل و پشتێنەی بەرگری ئێران، تورکیا بە پلانی پرۆسەی ئاشتی هاتە ناو هاوکێشەکان.

## پرۆسەی ئاشتی چییە؟


ئەوەی کە ئەمڕۆ تورکیا باسی دەکات وەک "پرۆسەی ئاشتی" زۆر جیاوازتر لە پرۆسەکانی ئاشتی پێشووتر. ئەوەی کە لەم قۆناغەدا دەبێت سەرنجی بخرێتە سەر، پرۆسەی ئاشتی ٢٠٢٤، پرۆسەیەکی دەوڵەتییە، واتە تاک و حیزب بڕیاردەر نیین تێیدا، بەڵکو دەوڵەت لە تورکیا بە هەموو هێز و دامەزراوەکانی خۆیەوە بڕیاری داوە کە ئەو پرۆسەیە دەستپێبکات و بچێتە پێشەوە. ئارگیۆمێنیتی پشتی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە بە بەراورد لەگەڵ پرۆسەکانی ئاشتی لە تورکیا، هەرکات جووڵەیەک لە ناو خاکی تورکیا کرابوو، ئەو پرۆسەیە شکستی دەخوارد، بەڵام لە ئێستادا و دوای باسکردنی پرۆسەی ئاشتی نوێ لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە، پارتی کرێکارانی کوردستان هێرشێکی کردە سەر تورکیا و زیاتر لە چوار کەس کوژران، بەڵام دەوڵەت لە تورکیا بڕیاری دا کە درێژە بە پرۆسەی ئاشتی بدات، واتە دەوڵەت لە تورکیا لە ڕوانگەیەی تێچوو و قازانجەوە پێیوایە کە دەبێت درێژە بۆ پرۆسەیە بدات و ئەو هێرشەی پەکەکە نابێتە هۆکار بۆ تێکدانی ئەو پرۆسەیە.

هاوکات کە تورکیا باسی پرۆسەی ئاشتی دەکات، لەم کاتەدا دەتوانێت پەیوەندی هەبێت بە پێشهاتەکانی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستانەوە. دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و تەشەنەسەندنی کێشەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هێزەکانی سەر بە ئێران لە سووریا و عێراق، لە مانگی دووی ئەمساڵ هێرشێکیان کردە سەر پێگەی سەربازی تاوەر٢٢ی ئەمریکا لە ئوردون. لە وەڵامی ئەو هێرشەدا ئەمریکا چەند ناوچەی گرنگی سەر بە ئەو هێزانە لە عێراق و سووریای کردە ئامانج.(٩) هێرشەکانی ئەمریکا ناچەگەلی دێرالزوور، مەیادین و بوکەمال (ئەلبوکەمال) لە سووریا و ناوچەی قایم لە عێراقی گرتەوە. لە کاتی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەو هێزانەی سەر بە ئێران لە عێراق و سووریا، هێزەکانی سووریای دیموکراتیک (SDF) لە زەمینەوە جووڵەیان کرد (سەیری وێنەی ژمارە یەک بکە) و لە ناچەی دێرالزوور نزیکتر بوونەوە.

## وێنەی ژمارە یەک; سەرچاوەی وێنە:

https://www.reddit.com/r/MapPorn/comments/10w0u9a/who_controls_what_in_syria/?utm_source=embedv2&utm_medium=post_embed&utm_content=post_body&embed_host_url=https://sekokurd.org/&rdt=46514

تێبینی وێنە: پارێزگای دێرالزوور لە سووریا و پارێزگای قایم لە عێراق کە ئەمریکا و ئیسرائیل دەیانەوێت بۆشایی بکەوێتە نێوانیان.




ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ ئەوەی بیانەوێت بۆشایی بخەنە نێوان هێزەکانی ئێران لە عێراق و سووریا، ناچارن کە ئەو بۆشاییە لە ناوچەی دێرالزوور و ئەبوکەمال بەتایبەت دروست بکەن، تاکە هێزێکیش کە لەو ناوچەیە بوونی هەیە و جێگەی متمانەی ئەمریکایە، هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستانن، کە واتە ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ ئەوەی بتوانن خستنی حیزبۆڵڵا ئاسانتر بکەن، ناچارن کە بۆشایی بخەنە نێوان هێزەکانی ئێران لە سووریا و عێراق، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، کارتی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بەهێزترین کارتە. ئەم جووڵانەی هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە ناوچەی دێرالزوور، بە قازانجی تورکیا نییە،


واتە تورکیا پێیوایە کە لە ئەگەری ئەوەدا کە هێزەکانی سووریای دیموکراتیک جوگرافیای زیاتریان بەدەستەوە بێت، دەتوانن زیاتر بەهێزتر بن لە ڕێگەی هەناردەکردنی نەوت و هاوکات دەتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن و ئاستی پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل بەهێزتر بکەن و بەمجۆرە خەونی "خستنی" ڕۆژئاوای کوردستان بۆ تورکیا زۆر زیاتر ئەستەم دەبێت. لەم ئاڕاستەیەدایە کە دەتوانین لە بەشێک لە دڵەڕاوکەکانی تورکیا تێبگەین لەسەر پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە باوەڕی من پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان هێزەکانی سەر بە ئێران لە عێراق و سووریا بە دەست کورد، دەتوانێت خاڵی وەرچەرخان بۆ کورد لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان دروست بکات. کوردستان هەر لەسەرەتای بەریەککەوتنەکانی ئێران و پرۆکسییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل، لە ناو هاوکێشەکاندا بەشێوەی کارا بوونی هەبووە. ئەگەر سەرنج بدەینە سەر یەکەم هێرشی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، بەشێک لە "مووشەکەکانی ئێران" لە باشووری کوردستان "خرایە خوارەوە،" (١٠) واتە هێزێکی باڵادەست لە باشووری کوردستان بوونی هەبووە کە نەیهێشتووە مووشەکەکانی ئێران مەترسی بۆ ئیسرائیل دروست بکەن و لە ئاسمانی باشووری کوردستان پێشیان پێگیرا. هاوکات وەک چۆن لەسەر ئاماژەی پێدرا، هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە کاتی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر پرۆکسییەکانی ئێران لە عێراق و سووریا، جووڵەی زەمینیان کرد. ئەم پێشهاتانە پێمان دەڵێت کە کورد چ بە ویستی خۆی بێت چ بە ویستی خۆی نەبێت، بەشێکە لە بەریەککەوتنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەگەر ئیسرائیل بیەوێت هێرش بکاتە سەر ئێران، دەبێت بەسەر ئاسمانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تێپەڕێت، هاوکات ئەگەر ئێران بیەوێت هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل، دەبێت بەسەر ئاسمانی ڕۆژهەڵات، باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان تێپەڕێت. ئەم تایبەتمەندیەی جوگرافیای سیاسی کوردستان ئەوەمان پێ دەڵێت کە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان لە ئێستادا جوگرافیای ئەکتیف یان کاران لە بەریەککەوتنەکاندا. گرنگی ئەم کارابوونەی جوگرافیای باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان لەوەدایە کە دەتوانێت وەک کۆریدۆرێکی کوردی ببینرێت، کە لە چەقی هاوکێشەکاندایە و دەوری گرنگ دەبینێت. ئەم کۆریدۆرە یان بە واتای دیکە ئەم پشتێنەی کوردییە دەتوانێت پێگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر بتەوتر بکات و ببێتە پشتە جبەی بەشەکانی دیکەی کوردستان. ئەوەی کە بە باوەڕی من تورکیا ترسی لێی هەیە، دروستبوونی گۆڕانکارییە

لە سووریا و عێراقدا کە ڕاستەوخۆ پێوەندی هەیە بە ئێرانەوە و بە هێرش و بەرەنگاربوونەوەی ئێران و ئیسرائیل، ئێرانیش تووشی گۆرانکاری بنەڕەتی بکات و کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بتوانێت هەناسەیەک هەڵکێشێت، بۆیە بە پلانی "پرۆسەی ئاشتی" هاتووەتە ناو هاوکێشەکان بۆ ئەوەی کە پێش بە دۆمینەی گۆڕانکارییەکانی کوردستان بگرێت و بە مەبەستی ئەوەی کە کورد قازانجی بەرنەکەوێت، بە هەموو شێوەیەک هەوڵەکانی خۆی زیاتر کردووە. هاوکات کە تورکیا باس لە پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ کورد دەکات، هێزەکانی خۆی لە سووریا پڕچەک کردووە و هاوشانی هێزە دژبەرەکانی بەشار ئەسەد، هێرشێکی بەرفراوانیان کردووە سەر "حەڵەب" (سەیری وێنەی ژمارە دوو بکە).

**وێنەی ژمارە دوو: سەرچاوەی وێنە:**

https://www.reddit.com/r/MapPorn/comments/10w0u9a/who_controls_what_in_syria/?utm_source=embedv2&utm_medium=post_embed&utm_content=post_body&embed_host_url=https://sekokurd.org/&rdt=46514

تێبینی وێنە: جوگرافیای شەڕی نوێی سووریا نیشان دەدات.



ئەو پلانەی کە تورکیا و هێزەکانی دیکە لە سووریا لە پێشیان گرتووە، دەتوانێت بەمجۆرە بێت کە دەیانەوێت زیاتر بەرەوپێش بچن و و جوگرافیای ژێردەسەڵاتی خۆیان زیاتر بکەن کە ئەمە دەتوانێت زەنگێکی مەترسیدار بێت کورد کە تورکیا نەک تەنیا بە پلانی پرۆسەی ئاشتی، بەڵکو لە ڕێگەی هێزە پرۆکسییەکانی خۆیەوە لە سووریا، دەیەوێت ئەو گۆڕانەی کە بڕیارە بە قازانجی کورد لە پارێزگای دێرالزوور ڕووبدات، ڕوونەدات و پێشی بگرێت.

## ئەنجام

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای هێرشەکانی حەماس و حیزبوڵڵا لە ٧ و ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ ، چووە قۆناغێکی نوێوە؛ ئاستی بەریەککەوتنەکان چووە سەرەوە و لە نێوان ئەکتەری دەوڵەتی و نا-دەوڵەتییەوە گەشەی کرد بۆ ئەکتەری دەوڵەتی-دەوڵەتی؛ ئێران و ئیسرائیل تابۆی هێرشکردنە سەر یەکتریان شکاند؛ پرۆکسییەکانی ئێران لە ئاستێکی سەرەوە زیانیان بەرکەوت و شەڕی حەماس و ئیسرائیل تەشەنەی سەند بۆ وڵاتگەلێکی دیکە. ئیسرائیل بە پرۆژەی "شیرازەی نوێ"، ئێران بە پلانی "پشتێنەی بەرگری" ڕاستەوخۆ لە هاوکێشەکەدا و تورکیا بە پیلانی "پرۆسەی ئاشتی" خۆی تێکەڵاوی هاوکێشەکان کردووە و بە دوو باڵی سەربازی (پرۆکسییەکانی خۆی لە سووریا) و بە باڵێکی سیاسی (گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە کوردییەکانی باکووری کوردستان) هەوڵی زۆرترین قازانج و کەمترین زیان بۆ خۆیان دەدەن. کورد وەک ئەکتەرێکی نا-دەوڵەتی جیاواز لە هەموو ئەکتەرە نا-دەوڵەتییەکانی دنیا، لە نێوان ئەو دەوڵەتانەدا ناتوانێت چاوەلێکەر بێت و جووڵە نەکات. خوێندنەوەیەکی دروست لە هاوکێشەکان و هاوکات هەوڵی زیاتر نزیکبوونەوەی لایەنە کوردییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد، پێویستییەکە کە دەبێت بە ئاشکرا و نهێنی هەوڵی بۆ بدرێت. باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بە فەرمی لە ناو هاوکێشەکەدان و لە ئەگەری چوونە سەرەوەی ئاستی بەریەککەوتنی نێوان ئیسرائیل و ئێران، کە بە هاتنی دۆنالد ترامپ بۆ کۆشکی سپی، ئەو ئەگەرە زۆر زیاتر دەبێت، دەکرێت چاوەڕوانی ئەوەش بکرێت کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیوەست بێت بە هاوکێشەکانەوە

و ئەوکات دەتوانێت دەرفەتێکی مێژووی بۆ کورد دروست بکات. ئەمە بە واتای ئەوەیە کە دوو دەسەڵاتی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دەبێت هەوڵێ جۆرێک لە ڕێکخستن و نزیکبوونەوەیی یەکێتی کوردستانی بدەن و ببنە جێگەی ئۆمێدی ئەو بەشەکانی دیکەی کوردستان، واتە سیاسەتکردن لە ئاستێکی سەرەوە. مەری کەڵکدۆر لە کتێبەی خۆیدا دەڵێت: "چەمکی سیاسەت بانگەشەیە بۆ دەسەڵاتی سیاسی"، کوردیش دەبێت لەم قۆناعەدا بە وردی سیاسەت بکات و تێچوو و قازانجی خۆی لەبەرچاو بگرێت. جەیک سۆلیڤان ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی جۆ بادن، یەک هەفتە پێش هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، گوتی "ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوو دەیەی ڕابردوو ئارامتر بووە" (١١) بەڵام بە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، ئەو ئارامییەی کە سۆلیڤان باسی دەکرد لە ناو چوو. دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و بەریەککەوتنەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل بەتایبەت، قەت ناگەڕێتەوە پێش ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، لە دەرئەنجامدا دەتوانرێت بگوترێت کە ئێمە ئێستا بینەری قەیرانەکانی پێش شەڕێکی گەورەین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە دۆخەکە زیاتر تەشەنە بکات بۆ وڵاتانی دیکە و ئاستی بەریەککەوتنەکان زیاتر بەرز بێتەوە، بۆیە کورد پێویستی بە خۆئامادەکرنێکی نەتەوەیی و دیپلۆماسیەکی وردی نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئەوەی کە بتوانێت لە دەرفەتەکان کە دێنە پێشەوە کەڵک وەرگرێت و ئەو مەترسییانەی کە بۆ کورد دروست دەبەن، بکاتە دەرفەت و هەنگاوێک بچێتە پێشەوە.

## سەرچاوەکان

1: New & Old Wars; Mary Kaldor (215):
https://dl1.cuni.cz/pluginfile.php/654678/mod_resource/content/1/kaldor%20-%20old%20and%20new%20wars.pdf

2: **Meysam Moradi: شیرازەی نوێی ئیسرائیل و ستراتیجی پشتێنەی بەرگری ئێران**
https://sekokurd.org/?p=6519&fbclid=IwZXh0bgNhZW0CMTEAAR-1n3UY9xsMT7YP8tjs9EH_floqfA9cTjTmPmDP0aWQwQ7ui8DD8dXcTDbk_aem_53dhgTSuLJCbixJBfkQpSg

٣: هەمان سەرچاوە

٤: هەمان سەرچاوە

٥: هەمان سەرچاوە

6: https://www.bbc.com/news/world-middle-east-68811276

7: https://www.bbc.com/news/articles/cgr0yvrx4qpo

8: هەمان سەرچاوە


9: دیپلۆماسی و هزری سیاسیی کوردستانی: ئامادەکردنی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەڕەنسا

9: https://crsreports.congress.gov/product/pdf/IN/IN12309

10: https://www.rudaw.net/english/kurdistan/14042024

11:https://www.theatlantic.com/international/archive/2023/10/israel-war-middle-east-jake-sullivan/675580/

12: سەرچاوەی وێنەکان
https://www.reddit.com/r/MapPorn/comments/10w0u9a/who_controls_what_in_syria/?utm_source=embedv2&utm_medium=post_embed&utm_content=post_body&embed_host_url=https://sekokurd.org/&rdt=46514

# ئەزموونەکانی کۆچکردنی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

## هۆکار و گرفتەکانی بەردەمیان

توێژەران:

بەسیدە حیدر انور - ژیلا ڕەحمان ڕەشید



## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی ئەزموونەکانی کۆچکردنی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، خستەڕووی ئەو هۆکارانەی کە وادەکات ژنێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان-ئێران، کۆچ بکات و ئەو گرفتانەی کە لە میانی کۆچکردنەکەیان و دواتر ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. توێژینەوەکە بە ئاراستەی چۆنایەتی و بە ڕێگەی چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە ئەنجام دراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە ئەو ژنانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە کۆچکردنیان ئەزموون کردووە، کە بۆ ئەم مەبەستە توێژەران چاوپێکەوتنیان لەگەڵ (٧) ژن ئەنجامداوە لە تەمەنی جیاواز و بە ئاستی خوێندەواری جیاواز. گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەران پێیگەیشتوون بریتین لەمانە: ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەڕووی ستەمێکی سیاسی و هەڵاواردنی یاسایی بەرچاو دەبنەوە، ئەمەش پاڵنەری هەندێکیان بۆ کۆچکردن و گەڕان بەدوای ئازادییە کەسی و سیاسییەکان. نەبوونی دەرفەتی ئابووری لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران پاڵ بە زۆرێک لە ژنانەوە دەنێت کە کۆچ بکەن بۆ ئەو ناوچانەی کە ئاسۆی کار و سەقامگیری داهاتیان باشترە. هەروەها چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، بە هۆی نەریتی بوونی کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەتی لەسەر بنەمای جیندەری وایکردووە کۆت وبەندەکان بۆ سەر ژنان بەتایبەتی زیاتر بێت. ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی زۆرێک لە ژنان کۆچ بکەن و هەوڵ بدەن خۆیان لە ژینگەیەکدا ببیننەوە کە بتوانن زیاتر ئەزموونی سەربەخۆیی و یەکسانی بکەن. لە لایەکی دیکەوە لە میانی چاوپێکەوتنی لێتوێژەراوان توێژەران بۆیان دەرکەوت کە هۆکاری پەروەردەیی نەبۆتە هۆی کۆچکردن و کۆچکردنەکەیان لەسەر بنەمای ئەوە نەبووە کە بیانەوێت کە دەرفەتی باشتری خوێندن بە دەست بێنن.

## بەرایی

کۆچکردن بە درێژایی مێژوو بەشێکی دانەبڕاو بووە لە کۆمەڵگەکان و یەکێکە لەو بابەتانە کە لە چوارچێوەی کۆمەڵناسی گرنگی پێدراوە، بە هۆی ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە و هەر لەسەرەتای دەستپێکی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ تا ئێستا بەردەوام بووە. پرسی کۆچ و کۆچکردن بە پێ کۆمەڵگەکان و قۆناغە مێژووییەکان گۆڕانکاری بەسەر دێت. پرسی کۆچکردن یەکێکە لەو پرسانەی کە کۆمەڵێک لە زانستەکان گرنگی پێدەدەن و هەر یەک لەو زانستانە لە گۆشەنیگای بواری خۆیان هەوڵی توێژینەوە و شیکردنەوەی ئەم پرسەن وەک زانستی دەروونی، سیاسی، ئابووی. بەڵام ئەوەی کە لە زانستی کۆمەڵناسی گرنگە و بە یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکان لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت ئەوەیە چی پاڵنەری مرۆڤە بۆ کۆچکردن؟ چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەڵگەکان هەیە؟ بەڵام یەکێک لە بابەتە گرنگەکان لە کۆمەڵناسی و بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان ویست و خواستی مرۆڤەکان بۆ کۆچکردن و توانا و دەرفەتی تاکەکان بۆ کۆچکردن. هەر بۆیە پێویستە لە میانی توێژینەوە کردن بۆ بابەتی کۆچکردن (خۆویستی یا خۆنەویستی) تاکەکان لەبەرچاو بگیردرێت.

ئەگەرچی کۆچکردن بابەتێکی جیهانییە و سەرجەم کۆمەڵگەکان دەگرێتەوە بەڵام لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوو و بە هۆی ململانێ سیاسییەکان، ناسەقامگیری ئابووری و شەڕ و ئاڵۆزییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تا دێت ڕێژەی کۆچکردن کە زۆرجار بە ناچاری و خۆنەویستە ڕوولە زیاد بوونە. لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی ئێران دۆخی ناهەمواری ئابووری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری کاریگەری بەرچاوی هەبووە لەسەر کۆچکردن. بەڵام یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی دیاردەی کۆچ بەتایبەتی لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران و یەک لەوانیش ناوچە کوردییەکان پرسی سیاسی و نەتەوەییە.

لە ئێران ململانێ سیاسییەکان، ناسەقامگیری ئابووری و گرژییە نەتەوەییەکان، واقیعێکی بەردەوام بووە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی سیاسەتی پەراوێزخستن و ململانێی کۆمەڵایەتی-سیاسی، زاڵبوونی هەندێک داب و نەریتی بەرتەسک زۆر کەسی ناچار کردووە، چ

لەناو سنوورەکانی ئێران و چ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، کۆچ بکەن. ژنان کە پێگەیەکی دیاریکراویان لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە، بە هۆی ڕۆڵ و چاوەڕوانییەکانی ڕەگەزییەوە، بە شێوەیەکی جیاواز ئەزموونی کۆچکردن دەکەن. هەر بۆیە پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک دەبینێتەوە کە بریتیین لەمانە: هۆکارەکانی کۆچکردنی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چین؟ ئەو ئاڵنگارییانە چین کە لە میانی کۆچکردن ڕووبەڕووی ئەوان دەبێتەوە؟ هەروەها ئەو ژنانەی کۆچکردنیان ئەزموون کردووە چۆن توانیویانە خۆیان لەگەڵ دۆخی نوێ ژیانیان بگونجێنن و ڕووبەڕووی ئەو ئاڵنگارییانە بوونەتەوە؟

ئەگەرچی سەبارەت بە پرسی کۆچکردن لە ئێران و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان توێژینەوە کراوە، بەڵام لە ئاست ئەو ڕێژە زۆرەی کۆچکردنی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان نین، لە لایەکی دیکەش بەشێکی زۆری ئەو توێژینەوانە کۆچکردنی ژنانیان نەکردۆتە پرسێکی سەرەکی و زیاتر جەخت کراوەتەسەر هۆکاری ئابووری یان سیاسی، بەبێ ئەوەی قووڵ ببنەوە لەو ئاڵنگارییانەی کە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆڵەکانیان لە خێزان و کۆمەڵگە. بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵی خستنەڕووی ئەو هۆکارانە دەدات کە وادەکات ژنێک ناچار بە کۆچکردن بێت. دواتریش چۆن ئەو ژنانە ڕووبەڕووی ئەو ئاڵنگارییانە دەبنەوە کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە میانی کۆچکردنەکە.

تێگەیشتن لە ئەزموونە جێندەرییەکانی ژنانی کورد لە کۆچدا لەبەر چەند هۆکارێک زۆر گرنگە. یەکەم، یارمەتیدەرە بۆ ئاشکراکردنی ئەو لایەنانەی کە زۆرجار چاوپۆشییان لێدەکرێت لە کۆچکردن، بەتایبەتی کە چۆن _ڕۆڵی ڕەگەزی_کاریگەری لەسەر بڕیار و دەرەنجامەکان هەیە. ژنانی کورد بە پێچەوانەی پیاوان، زۆرجار ڕووبەڕووی دوو چەوسانەوە دەبنەوە- هەڵاواردنی نەتەوەیی لە ئێران و تەحەددای جێندەری لە ناو هەردوو کۆمەڵگەی کوردی و ئێراندا. بۆیە ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتیە لە:

١. زانینی هۆکارەکانی کۆچکردنی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ تاراوگە
٢. خستنەڕووی ئەو ئاڵنگارییانەی لەمیانی کۆچکردن ڕووبەڕووی ئەو ژنانە دەبێتەوە.
٣. زانینی چۆنیەتی ئەو میکانیزم و شێوازانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگارییە.

### ٢. ئەدەبیاتی توێژینەوەکە:

مێژووی دیاردەی کۆچ و جێگۆڕکێی هاووڵاتیان لەشوێنی لەدایکبوونیان بۆ شوێنی دیکە، لە گوند بۆ شار، شارێک بۆ شاری دیکە و لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و لە چەند سەدەی ڕابردوو زیاتر بووە. بەتایبەتی لە دوای پەرەسەندنی شۆڕشی پیشەسازی، بەرپابوونی جەنگەکان و ئەو بارودۆخە ناهەموارانەی ئابووریی و سیاسیانەی کە لە هەندێک لە کۆمەڵگەکان ڕوودەدات وایکردووە دیاردەی کۆچکردن زیاتر پەرە بستێنێ. لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوو، ڕەوتی ئەم دیاردەیە خێراتر بووە و هەندێک لە بیرمەندان، سەردەمی نوێ بە سەردەمی کۆچ ناوزەد دەکەن. بەجیهانیبوونی کۆچکردن، خێرابوونی ڕەوتی دیاردەکە، زۆربوونی هۆکارەکان و بەتایبەتی لە هەندێک شوێن و ناوچە سیمای ژنانە بوونی کۆچ و سیاسەتەکانی کۆچکردن بە توخمە سەرەکییەکانی سەردەمی کۆچ دادەنرێن. هەر ئەمەش وایکردووە کە پرسی کۆچ چ لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی یەکێکە لە پرسە دیارەکان و بە دیاردەیەکی جیهانی ئەژمار دەکرێت. بە پێی ئاماری ڕاپۆرتی (World Migration, 2022) لە ساڵی ٢٠٢١ نزیکەی ٢٨١ ملیۆن کۆچی نێودەوڵەتی تۆمار کراوە، کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٠ کە ٢٢١ ملیۆن کۆچی دەرەوەی وڵاتی بووە، ٢٧٪ ڕێژەکە بەرزتر بۆتەوە[١].

لە گۆشەنیگای جیاواز پێناسەی ئەم چەمکە کراوە و بەتایبەتی ئەم چەمکە بە پێی کات و قۆناغە جیاوازەکانی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. کنیگ (٢٠١٢) پێناسەی کردووە بەوەی: جووڵەی خەڵک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، کە گۆڕینی شوێنی نێشتەجێبوونی ئاسایی لە خۆ دەگرێت[٢]. واتە ئەم پێناسەیە زیاتر تیشک دەخاتە سەر چەمکی گواستنەوە کە دەتوانێت کاتی یا هەمیشەیی، ناوخۆیی (لە ناوخۆی وڵاتێک) یا دەرەکی (لە ئاستی نێودەوڵەتی و سنووربەزاندنی وڵاتێک) بێت. هەروەها کینگ لە کتێبەکەیدا لە میانی شیکردنەوەی بۆ تیۆرەکانی کۆچکردن کۆمەڵێک هۆکار دەخاتەڕوو.

_ کۆچکردنەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە مەودایەکی کورتدا دایە، ئەوانەشی کە مەودای دوورتر دەڕۆن مەبەستیان چوونە بۆ ناوەندە گەورە پیشەسازیی و بازرگانییەکان.

_ زۆرجار لە ناوچە کشتوکاڵییەوە بۆ پیشەسازیی.

_ شارۆچکە گەورەکان زیاتر بە کۆچکردن گەشە دەکەن نەک بە زیادبوونی سروشتی.

_ ڕێژەی کۆچکردن زیاد دەکات لەگەڵ گەشەسەندنی پیشەسازی و بازرگانی و

گواستنەوە.

_ ڕەگەزی مێ زیاتر کۆچی کورت ماوە دەکەن، بەڵام ڕەگەزی نێر زیاتر کۆچی نێودەوڵەتی دەکەن.

_ هۆکارە سەرەکییەکانی کۆچکردن ئابوورییە[٣].

کینگ جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆچکردن بە هۆکاری جۆراوجۆری ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە ڕوو دەدات، کە پاڵنەری تاکەکانن بۆ گەڕان بە دوای بارودۆخی ژیانێکی باشتر یا ڕزگاربوون لە دۆخە نالەبارەکان.

یەکێکی دیکە لەو کەسانەی کە گرنگی بە بابەتی کۆچ داوە، بەتایبەتی لەسەردەمی مۆدێرن (کاستلز)ە و لە میانی کتێبەکەیان لەگەڵ (مارک ج. میلەر) بە ناونیشانی «سەردەمی کۆچ؛ بزووتنەوە نێودەوڵەتییەکانی دانیشتوانی لە جیهانی مۆدێرن» کۆچکردن بە پڕۆسەیەکی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی وەسف دەکەن کە کاریگەری لەسەر هەر دوو کۆمەڵگەکە دەبێت. ئەوان تیشک دەخەنە سەر کاریگەرییەکانی کۆچ لەسەر هەر دوو کۆمەڵگەی نێرەر و وەرگر و لای ئەوان پڕۆسەی کۆچ تەنها لە چوارچێوەی جووڵە و گواستنەوە نامێنێت، بەڵکو پڕۆسەیەکی دینامیکییە کە کاریگەری لەسەر بونیادی کولتووری، ئابووری و سیاسیش دەبێت[٤]. هەروەها یەکێک لەو بابەتانەی کە (کاستلز و میلەر) باسی دەکەن بابەتی زیادبوونی ڕێژەی کۆچکردنە لە نێو ژنان و ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆچکردن لە ساڵانی شەستەکانەوە تا دێت لە نێو ژنان زیاتر دەبێت و لە هەندێک حاڵەت پەیوەندی بە بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە هەیە.

لە ساڵی (٢٠١٩) ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچکردن (IOM) کۆچکردن بەم شێوەیە پێناسە دەکات: «جووڵەی کەسەکان و دوورکەوتنەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆیان، کە دەکرێت لە سنوورێکی نێودەوڵەتی یان لەناو دەوڵەتێکدا بێت». پێناسەکەی ئەم ڕێکخراوەیە گشتی و فراوانە، هەر بۆیە ئەم پێناسە هەردوو جۆر کۆچی خۆویست و خۆنەویست (اختیاری و اجباری) لە خۆ دەگرێت و دەکرێت هۆکاری جۆراوجۆر کاریگەرییان لەسەر تاکێک هەبێت بۆ کۆچکردن و بەجێهێشتنی شوێنی ژیانی.

کەواتە دەتوانین بڵێین کۆچکردن دیاردەیەکە سەرجەم کۆمەڵگەکان لە قۆناغە جیاوازەکان دەگرێتەوە و مەبەست ئەوەیە کە تاکێک بە هۆکاری جۆراوجۆر بە ویستی خۆی یا بە ناچاری شوێنی ژیانی خۆی بەجێ دەهێڵێت و بۆ شوێنێکی دیکە، کۆچ دەکرێت ناوخۆیی یا نێودەوڵەتی بێت.

### هۆکارەکانی کۆچکردن:

هۆکارەکانی کۆچکردن ئاڵۆز و فرەلایەنەن، زۆرجار هۆکارەکان تێکەڵێکن لە هۆکارە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ژینگەیی و فاکتەرە کولتوورییەکان و ئەمەش بە پێی کەسەکان و بە پێی کات و شوێن جیاوازی هەیە. گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە لە میانی ڕای بیرمەندان و توێژەران خراوەتەڕوو خۆی لە چەند بوار دەبینێتەوە:

١. **هۆکارە ئابوورییەکان:** بە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی کۆچکردن دادەنرێن، چ بۆ کۆچکردنە ناوخۆییەکان و چ بۆ نێودەوڵەتییەکانیش، بۆ نمونە خەڵکانێک بەدوای هەلی کارێکی باشتر و مووچەی زیاتر و باشترکردنی ئاستی ژیانیان کۆچ دەکەن. (هاریس-تۆدارۆ ١٩٧٠) زیاتر باسی لەم هۆکارە کردووە وەک کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان بە پلەی یەکەم بەهۆی بەدەستهێنانی دەرفەتی ئابوورییە[٥]. ئەگەرچی لەسەردەمی ئێستا جیهانگیری ئابووری ئەم دەرفەتانەی فراوانتر کردووە و بووەتە هۆی زیادبوونی ڕۆیشتنی کۆچ لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندن بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو[٦].

لە ڕابردوودا ئەگەرچی ئەم هۆکارە ڕەنگە زیاتر لە چوارچێوەی بڕیاری تاکەکەسی بووبێت و کۆچکردنەکە کورت ماوە و کۆچکردنی نێوخۆیی واتە لە گوند بۆ شار یا شاری بچوک بۆ شاری گەورە، بەڵام لە ئێستادا ئەم هۆکارە پەیوەستە بە ماوە و مەودای کۆچکردنەکە کە تەنها خۆی لە بڕیاری تاکەکەسی نابینێتەوە، بەڵکو زۆرجار پەیوەستە بە بڕیاری خێزانی و پێکەوەیی کە بڕیار بدەن کۆچەکەیان بۆ هەمیشەیی یا ماوەیەکی دوور و درێژ بێت لە وڵاتێکی لە حاڵی گەشەسەندن بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو کە دەرفەتی کار و خزمەتگوزارییەکان تێدا زیاترە. ئەم جۆرە لە کۆچکردنە خۆی لە چوارچێوەی تیۆری ئابووری نوێ کۆچکردنی هێزی کار دەبینێتەوە[٧].

### ٢. هۆکارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان:

هۆکارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە کۆچکردندا بگێڕن. ئەمانە بریتین لە هۆکارەکانی وەک هاوسەرگیری و یەکگرتنەوەی خێزان، خواستی پەیوەستبوون بەو کۆمەڵگەیانەی کە پاشخانی کولتووری، ئایینی، یان زمانەوانی هاوبەشیان هەیە. پێویستی بوون لەگەڵ ئەندامانی خێزان هۆکارێکی بەرچاوە بۆ کۆچکردن. سیاسەتەکانی یەکگرتنەوەی خێزان لە زۆرێک لە وڵاتان هاندەری ئەم جۆرە

کۆچکردنەن، کە کۆچبەران پەیوەندی بە کەسوکارەکانیانەوە دەکەن کە پێشتر لە وڵاتی مەبەست نیشتەجێبوون [٨]. سەبارەت بە یەکگرتنەوەی خێزان لە ئێستادا لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕادەیەک بەرچاوە، بۆ نمونە پێشتر یەکێک لە ئەندامانی خێزان کۆچی کردووە بۆ وڵاتی دیکە دواتر ئەندامانی ئەو خێزانە هەوڵ دەدەن پەیوەست ببن بە یەکتر و ئەو کەسەی لە دەرەوەی ئێرانە، دەیەوێت ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی ببات بۆ لای خۆی کە جگە لە لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی، باشترکردنی دۆخی ئەندامانی دیکەی خێزانە. هەروەها یەکێکی دیکە لەو هۆکارانە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و پەروەردەی باشترە بۆ منداڵەکانیان.

**٣. هۆکارە سیاسییەکان:**

ناسەقامگیری سیاسی، ململانێ، هەڵاواردن و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، بە هۆکاری سەرەکی و بەرچاوی کۆچکردن دادەنرێن زۆرجار خەڵک بۆ ڕزگاربوون لە ستەم و توندوتیژی و شەڕ لە وڵاتەکانی خۆیان هەڵدێن.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ ساڵانە بە ملیۆنان کەس بەهۆی شەڕی چەکداری و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و هەڵاواردنی سیاسی ناچار بە کۆچکردن دەبن و ئاوارە دەبن. زۆرجار پەنابەرانی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی سەلامەتی و پاراستن خۆیان داوای مافی پەنابەری لە وڵاتانی دیکە دەکەن [٩].

ئەم جۆرە لە کۆچکردن بەتەواوی دەچێتە چوارچێوەی کۆچی خۆنەویستی و زۆرەملێ کە کاستلز ڕوونی دەکاتەوە ئەم جۆرە کۆچی زۆرەملێ پەنابەران و پەناخوازان و ئاوارە ناوخۆییەکان (IDPs) دەگرێتەوە کە بەهۆی قەیرانی سیاسی یان شەڕی چەکدارییەوە ناچارن وڵاتی خۆیان بەجێبهێڵن[١٠]. بەتایبەتی ئەم جۆرە لە کۆچکردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی سەرەکی دادەنرێت بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە ڕووی ئەو هەڵاواردنە نەتەوەیی و بێبەش کردنانە کە سەرەڕای ئەوەش یاساکانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بەرامبەر ژنان و ئەو کۆت و بەندانەی کە پەیڕەو دەکرێت وایکردووە زیاتر لە پیاوان ژنان ناچار بە کۆچکردنی خۆنەویستی و ناچاری ببن.

٤ هۆکاری ژینگەیی و هۆکاری دیمۆگرافی:

ئەم دوو هۆکارە بە دوو هۆکاری دیکەی کۆچکردن دادەنرێن، بەڵام ئەم دوو هۆکارە زۆر بەرچاو نییە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەگەیشتۆتە ئاستێک کە ڕێژەی کۆچکردن لەبەر ئەو هۆکارانە زیاد بکات. گۆڕانکارییە ژینگەییەکان و کارەساتی سروشتی، هەروەها زیادبوونی دانیشتووان و گۆڕانکاری خێرای دیمۆگرافی دەتوانن ببنە هۆی کۆچکردنی کۆمەڵێک خەڵک.

هۆکارەکانی کۆچکردن فرەلایەنە و بەیەکەوە گرێدراون و زۆرجار چەند هۆکارێک پێکەوە کاریگەری دەبێت لەسەر بڕیاری کۆچکردن لە لایەن تاکەکانەوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە ڕەگەزی نێر ڕەنگە هۆکاری سیاسی، ئابووری و نەتەوەیی کاریگەری هەبێت، بەڵام بۆ ژنان ئەوا سەرەڕای ئەو هۆکارانە دەکرێت هۆکاری کۆمەڵایەتی و کولتووری لە هۆکارەکانی دیکە زیاتر کاریگەری هەبێت لەسەر بڕیاری ژنێک بۆ کۆچکردن و بەجێهێشتنی وڵات.

چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە:

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوە بە ئاڕاستەی چۆنایەتی و بە ڕێگەی چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە ئەنجام دراوە.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە مەبەستدارە کە بریتییە لەو ژنانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچیان کردووە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران واتە کۆچی نێودەوڵەتییان هەبووە.

**نمونەی توێژیەوەکە:** نمونەی توێژینەوەکە بە ڕێگەی هەڕەمەکی سادە وەرگیراوە کە توێژەران چاوپێکەوتنیان لەگەڵ (٧) لێتوێژراو ئەنجامداوە.

**ئاکاری توێژینەوە:** یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی توێژینەوە، ئاکاری توێژینەوەیە کە پێویستە توێژەران لە سەرجەم قۆناغەکانی توێژینەوەکە لەبەرچاو بگرن، بەتایبەتی لە توێژینەوەی چۆنایەتی بە ڕێگەی چاوپێکەوتن، هەروەها ئەگەر یەکەکانی توێژینەوەکە دۆخی تایبەت و هەستیاریان هەبێت. بۆیە ناو و زانیاری لێتوێژراوان بە شێوەیەکی نهێنی دەمێنێت و وتەکانیان بە ڕێگەی کۆد دەخرێتەڕوو. واتە هەر کەسێک کۆدێکی دەدرێتێ. سەبارەت بە کات و چۆنیەتی چاوپێکەوتنەکە، توێژەران ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەیان

سەرپشک کردووە کە ئایا وەڵامەکان بە نووسین دەنێرنەوە، یا بە ڕێگەی تۆمارکردنی دەنگ یا چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ.

خستنەڕووی ئەنجامەکان بە پێ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

**١. زانینی هۆکارەکانی کۆچکردنی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات**

بۆ ئەم مەبەستە توێژەران چەند پرسیارێکیان ئاراستەی لێتوێژراوان کرد بەم شێوەیە:

**یەکەم: دەتوانی باسی ئەو هۆکارە سەرەکییە بکەیت کە وای لێکردیت ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێبهێڵیت و کۆچ بکەیت؟ واتە ئەم بڕیارە لە ژێر کاریگەری بارودۆخی کەسی، خێزانی، کۆمەڵگەکەت، یان سیاسی بووە؟**

| کۆد | وەڵام |
|---|---|
| A.1 | بە هۆکاری سیاسی بوو. باوکم سیاسی بوو، ئەوەش هۆکار بوو کە کۆماری ئیسلامیی بە بنەماڵەوە بمانخەتە ژێر گۆشار. ئیتر فشارەکانی کۆماری ئیسلامیی لەسەرمان زۆر زۆرتر بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی نەمانتوانی لە ڕۆژهەڵات بمێنین و ناچار نیشتمانمان بەجێهشت. |
| B.2 | بە هۆی ئەوەی کە جوگرافیای ئێران بە جۆرێکە هەر کەسێک بیەوێت لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە دەستوورییە دیکتاتۆرییەی کە هەیە خۆی پیشان بدات، ئیتر جیاوازی نییە چ نەتەوە و ئایینێک بێت، بۆ نمونە ئەگەر کورد بێت و بتەوێت کوردایەتی بکەی و هەستێکی ناسیۆنالیستیت هەبێت و باوکیشم بە هۆی ئەوە نەیتوانی لە ئێران بمێنێتەوە و ناچار بوو کۆچ بکات بۆ باشووری کوردستان، ئیتر منیش بە هۆی پابەندی بە خێزانی و کۆچکردنیشمان خێزانی بوو بۆیە بە ناچاری، ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان جێهێشت. |

| | |
|---|---|
| C.3 | هۆکاری سەرەکی ئەوە بوو کە من دوو ڕێگەم هەبوو یا دەبوو بخوێنم یا ئیش بکەم. سەبارەت بە خوێندنەکەم حەزم لێبوو لە بواری نەوت بخوێنم و پەرە بە تواناکانی خۆم بدەم، بەڵام بە باشی دەمزانی کە لەوێ داهاتوویەکم نییە بۆیە زیاتر ئیش کردنەکەم هەڵبژارد و بە هۆی بچوکی شارەکەمان و نەبوونی دەرفەتێکی ئەوتۆ بۆ ئیش کردن. هەر بۆیە بڕیارم دا بێمە باشووری کوردستان. ڕاستە بە بڕیاری خۆم بوو، بەڵام ناچاری بوو، لەبەر ئەوەی لەوێ هێچ داهاتوویەکم بۆ خۆم نەدەبینی |
| D.4 | هۆکارەکان زۆر بوون بۆ ئەم مەبەستە، هەر لە دیارترین و باوترین هۆکار کە ستەمی نەتەوایەتییە، هەتا سەرەکیترین هۆکارەکان بۆ منی ژن کە کۆمەڵگەی کوردی ڕۆژهەڵات و ئێرانیش بە گشتی، لە ژێر کاریگەریی ئایین و پیاوەزنی و هەموو عورف و نەریتە باو و حاکمەکان، گەورەترین شکنجەکانن بۆ کچێک و هەموو ژنێ بە گشتی، هەموو ئەم هۆکارانە بۆ من سەخت و قبووڵنەکراو بوون و من نەمدەویست چارەنووس و ئاقاری ژیانم وەکو هەموو دایکەکانمان و ژنەکانی تر بن |
| E.5 | ئەگەرچی هۆکاری سیاسی کاریگەری هەبوو، لەبەرئەوەی بۆ هەموو شتێک سنووردارییەک هەبوو. بەڵام هۆکاری کۆچکردنی من جگە لە هۆکاری سیاسی هۆکاری کۆمەڵایەتیش بوو. لە ڕووی سیاسییەوە بە پێی یاساکان هیچ مافێک بۆ منی ژنێ نەبوو. تەنانەت لەو شوێنانەش کە ماف بۆ ژنان بوو ئەوەندە کۆت و بەند هەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەڕاستی من ناچار بووم. من هاوسەرگیریم کرد، بەڵام دواتر تووشی کێشەی خێزانی بووم و بنەماڵەکەم پاڵپشتم نەبوون ئەویش بە هۆی قسەی خەڵک و عەیب و عار و پێیان وابوو، کە جیابوونەوەی من دەبێتە پەڵەیەکی ڕەش بەسەر ئەوان بۆیە ئەوان ناچاریان دەکردم بەردەوام بم لەم ژیانە ناچارییە. بە ناخۆشی و هەوڵێکی زۆر جیابوومەوە، بەڵام دەمزانی لەوێ هیچ دڵخۆشی و ژیانێکم نابێت بۆیە ناچار بووم کۆچ بکەم . |

| | |
|---|---|
| F. 6 | ١- من لەوەتەی بیرم دێ، پێم خۆش بووە خۆم بۆ ژیانی خۆم بڕیار بدەم ، دواتر کە گەورەتر بووم هەستم بە شوناسی نەتەوەیی خۆم کرد تێگەیشتن ئەم یاسایە کە بەسەر منا داسەپاوە هی من نییە و بەدوای ڕێگەچارە گەڕام، ڕێگەی جۆراوجۆری زۆرم گرتەبەر کە لێرە باس ناکرێ و کەڵکی نەبوو، چونکە کولتووری هەڵەی وڵاتەکەم زۆر زاڵتربوو بەسەر ویست و داخوازیەکانی منا، بۆیە بڕیارم دا وڵات بەجێ بێڵم و لەیەکەم هەنگاوەکانمدا هۆگری کوڕێک بووم لە یەکێک لە پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵی ئاشنا بووم و ئەویش بوو بە هەوێنی بڕیاری من بۆ بەجێهێشتنی وڵات بۆم. |
| G. 7 | یەکێک لەو هۆکارە سەرەکیانە بۆ کۆچکردنم عەلاقەیەک بوو بە کاری سیاسی. هەر بۆیە ڕۆژهەڵاتم بەجێهێشت و هاتمە نێو ڕیزەکانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی یەکێک لە ئاواتەکانم بوو کە حەزم دەکرد خۆم لەو حاڵەتەو لەو جێگەدا ببینمەوە من ئەو بڕیارەم لە ژێر کاریگەری خۆشەویستی و پێناسەیەک کە بۆ پێشمەرگە کرابوو دام، دوای ئەوەی کە شارەزای سیاسەتی حیزب و کاری حیزبی بووم لە نێوخۆ هاتمە نێو ڕیزەکان شۆڕش. |

لە زۆربەی وەڵامەکاندا و زۆربەی نموونەکان دەردەکەوێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاستی وشیاری تێهەڵکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە نێو ژناندا زۆر بەرزە و ئەمە دەبێتە هۆکارێک بە جۆریک خۆیان لەو گرێبەستە حکوومەتییانە دەرباز بکەن و دنیایەکی نوێ بۆ خولیاکانی خۆیان لە چ بواری سیاسی و چ بواری کۆمەڵایەتی دروست بکەن. جێهێشتنی وڵات بۆ زۆربەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی لە یەکەم هەنگاو، نا وتنێکە بە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و دواتر بەو نۆرمە کۆمەڵایەتییانە کە دەبنە بەربەست بۆ پێشکەوتن.

**دووەم: پرسیار لە لێتوێژراوان کرا سەبارەت بەوەی هەستیان چۆن بووە کاتێک ویستوویانە بڕیاری کۆچکردن بدەن، ئەوانیش بەم شێوەیە وەڵامیان داوەتەوە کە لە خشتەی ژمارە (٢) دەخرێتەڕوو:**

| کۆد | وەڵام |
| --- | --- |
| D.4 | بەڕاسی وەک بارێکی قورس بەسەر هەموو جەستەمەوە بێ وەها بوو، ئەمەش چەند هۆکاری هەبوو؛ یەکەم ئەوەی کە ئاشنا نەبووم بە دنیای دەرەوە وەک ئەوەی بە تەنیا بم (چون بە گشتی ژنان وەک پیاوان ئاشنا بە هەموو جومگەکانی دنیای دەرەوەی بنەماڵە نین) و ترسم لەوە بوو کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر شتێ دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە بکەم. دووەم ترسی ئەوەم بوو کە من بە هەر هۆکارێ نەتوانم دەرباز بم و ناچار بم بگەڕێمەوە ئەوجار نە بنەماڵە و نە کۆمەڵگە وەک جاران وەری نەدەگرتم و سنوورەکانی سەر ژیانم چەندین قات زۆرتر دەبوو و سێهەم لەبەرئەوەی زۆر ئەزموونی دنیای دەرەوەی ماڵەوەم نەکردبوو لەگەڵ خەڵکانێکی تر، ئەو هەستی دابڕان لە دایکە بۆ منێک کە یەک شەویش بە بێ دایکم لە شوێنی تر نەخەوتبووم زۆر قورس و ترسناک و خەمناک بوو و منی لەگەڵ دوو بژاردەی سەختی چوون و نەچووندا وەیلان کردبوو. |
| A.1 | هەستی بۆشایی. لە لایەک مەجبوری لە لایەک هەستی ئەوەی کە چیتر نیشتمانت، بنەماڵەت، کەس و کارت نابینیتەوە وێرانکەر بوو. ئێستاش هەست دەکەم بەشێک لە جەستەم هەر ڕۆژهەڵات ماوە. بەڵام ئەو هەموو زۆڵمە و جیاکاریە زۆر وێرانترە، لە وڵاتێک دا بژیت کە هیچ مافێکت نەبێ و نیوە مرۆڤ حساب بیت. مرۆڤی دور لە نیشتمانی خۆی هەمیشە مرۆڤێکی بریندارە، تەنیایە. ئەگەر لە وڵاتێکی ئازاد و کوردستانی ڕزگاربووی ژیابام هیچ کات کۆچم نەدەکرد. |

| | |
|---|---|
| B.2 | بە دڵنیاییەوە بەجێهێشتنی ئەو شارە و ئەو شوێنەی لێ گەورە بووی و بیرەوەریت لێی هەیە، جیابوونەوە لە هاوڕێ و خزم و کەسەکانت زۆر زۆر ناخۆشە. کاتێک بڕیاری کۆچی خۆنەویست دەدەی دڵخۆشییەکت هەیە، کە ڕەنگە دۆخەکە لەو شوێنەی بۆی دەچیت باشتر بێت و داهاتووت باشتر بێت، بەڵام هەستێکی نیگەران و دڵتەنگی هەموو کات لەگەڵتە بۆ شارەکەت، هاوڕێکانت و خزم و کەس و کارەکەت هەمیشە لەگەڵ دەمێنێتەوە. |
| C.3 | خۆشحاڵ بووم. هەستێکی زۆر زۆر خۆشم هەبوو لەبەرئەوەی هەموو کات حەزم لێبوو بەتەنها بژیم و کۆچکردنەکەشم بە هۆی ئەوە بوو کە دەمزانی دەتوانم بەتەنها بژیم و لەو کۆمەڵگەیەی کە حەزم لێ نەبوو دوور بکەومەوە. |
| E.5 | نازانم چۆن وەسفی دۆخی ئەو کاتم بکەم. ترس، نیگەرانی، دڵەڕاوکێ، ڕەهایی و ڕزگار بوون. کۆمەڵێک هەستی خۆش و ناخۆش. لەبەرئەوەی من لە بنەماڵەیەکی نەریتی گەورە بووم کەمترین دەرفەت بە ئێمە کچان دەدرا واتە ئەو باوەر بەخۆبوونە لە لامان دروست نەبوو. جگەلەوەش کە من پشتم کردبوو لە عورف و نەریتە کۆنە و چەقبەستووکانی کۆمەڵگە زۆر نیگەران بووم کە نەکا توشی کێشەیەک بم. یا ئەوەی نەتوانم بەردەوام بم. بۆیە بڕیارم دا پەیوەندی بە یەکێک لە لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم و ئیتر دوای ئەوە تاڕادەیەکی باش هەستێکی ئارام بووم و ئەمنیەتم لا دروست بوو. هەستم بە پارێزراوی کرد. |
| F.6 | خۆشترین و نامۆترین هەستی ژیانم ئەوکاتە بوو، کە وڵاتم بەجێهێشت چونکە بۆ یەکەم جار خۆم بڕیارم بۆ خۆم دابوو هەستم بە گەورەیی و توانای خۆم کرد |
| G.7 | هەستێکی نامۆم هەبوو نەمدەزانی بەجێهێشتنی بنەماڵەم دەبێ بۆ ئەوان چەند بە ئازار بێ، بەڵام حەزم دەکرد بکەومە دوای ئاواتەکانم و ژیانێکی جیاواز تاقی بکەمەوە. |

بێگومان بڕیاردان سەبارەت بە کۆچکردن و بەجێهێشتنی وڵات، شوێنی لە نیشتەجێبوون و دوور بوون لە خێزان و کەسوکار، بڕیارێکی ئاسان نییە و ئەمەش پێویستی بە جۆرێک لە قوربانیدانە، واتە بەمەبەستی بەدەستهێنانی شتێک واز لە هەندێک شت کە لات بەهادارن بهێنیت. بۆیە ئەمەش لە ڕووی دەروونیەوە کاریگەری دەبێت و کەسەکە وەک ئەوەی بکەوێتە نیو دوو ڕیانێک وایە. بەتایبەتی بڕیارێک کە دڵنیاکەرەوەیی نەبێت و کەسەکە نەزانێت ئایا داهاتووی باشتر دەبێت؟ لە دەرئەنجام بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی بەشدارانی نمونەکە جۆرێک لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێیان هەبووە و تا ماوەیەکیش ئەو هەستە بەردەوام بووە لەگەڵیان، بەتایبەتی ئەوانەی کە هۆکارەکانی کۆچکردنیان سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەستێکی ئەرێنی شاراوەیان هەبووە بە هۆی بڕیاردانیان بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە ناهەموارەی کە هەیانبووە. لەگەڵ ئەوەش بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە لە ڕووی هیوا و هێزی زۆرە ڕوو لە کۆچ دەکەن، زۆربەی ئەو کەسانە هیوایەکیان لەسەر دروستکردنی داهاتووی باشتر هەڵچنیوە و خولیاکانیان و ئاواتەکانیان لە کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی ئێران و پیاوسالاری فەرهەنگی نایەتە دی، ترسەکانیان و خەمەکانیان لە کۆڵ دەنێن و کۆچ دەکەن بەمەبەستی ژیانێکی شایستەی ژن بوون.

**سێیەم: پرسیار لە لێتوێژراوان سەبارەت بە هەڵوێستی خێزانەکانیان یان کۆمەڵگەکەیان لەسەر کۆچکردنیان چۆن بوو؟ وەڵامی ئەوان بەم شێوەیە بوو، لە خشتەی ژمارە (٣) خراوەتەڕوو:**

| کۆد | وەڵام |
|---|---|
| A.1 | هەڵوێستی خێزانم لەبەرئەوەی کە ناچار بووم ئاسایی بوو، بەڵام کۆمەڵگە هەمیشە ئامادەیە بۆ بڕیاردان، بەڵام ئێستا وا نییە، کۆمەڵگە زۆر هۆشیارترە لە جاران. تاڕادەیەک پێویستی بە قوربانیدان بوو، بۆماوەیەکی زۆر لە خوێندن دابڕام بۆ کارکردن، ژیانی تایبەتی خۆم وەلا نا، کە دەستیشم بە خوێندن کرد دەبوایە هەم بمخوێندبا و هەمیش فول تایم کارم کردبا واتە ٦ی بەیانی لە ماڵ دەچوومە دەر و ١٢ی شەو دەهاتمە ماڵ. ئەم هەموو ماندووبوونە وێرانکەرە، بەڵام ڕێی ترم نەبوو. کە کۆچ دەکەیت زۆر زۆر بەرپرسیاری دەکەوێتە سەرشانت. |

| | |
|---|---|
| B.2 | من لەبەر خێزانەکەم کۆچم کرد، واتە کۆچکردنەکە بڕیاری من نەبوو، بۆیە زۆر شتم لەوێ هەبوو بە هۆی ئەو کۆچکردنە لە دەستم دا. بەڵام لێرەش زۆر شتم بەدەستهێنا، ئەو کارامەییە یا دەرفەتانەی کە دەمزانی بە هۆی دۆخی ئەوێ بۆم مسۆگەر نەبوو، بەڵام لێرە بۆم ئاسانتر بوو. بۆیە ڕاستە لەوێ زۆر شتم لەدەستدا بەڵام لێرەش کۆمەڵێک شتم بەدەستهێنا کە قەرەبووی ئەوەی کردەوە. بەڵام هەڵوێستی هاوڕێکانم و دەوروبەرم ئەوە بوو کە ئەوەی بتوانێ لە ئێران بڕوات بەختەوەر دەبێت. |
| S.3 | خێزانەکەم پاڵپشتم بوون، تەنها بابم پێی خۆش نەبوو، ئەویش لەبەرئەوەبوو کە حەزی نەدەکرد لێی دوور بکەومەوە. بەڵام بە گشتی پاڵپشت و هاوکارم بوون. |
| D.4 | نەماڵی منیش وەک هەموو بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و کورد دۆستی تری خۆرهەڵات، کە هەموو ژیانیان گرێ دراوە بەو هەستانەوە، بە دڵنیاییەوە زۆر ئاسان تر ئەم کۆچەیان هەزم و قبووڵ کرد، چون ئاکامی کۆچەکەی من جێگەیەک بوو کە سەری ئەوانی لە ناو کۆمەڵگە بەرز دەکرد، دەنا ئەگەر کۆچی من بۆ شوێنێکی دیکە بووایە بە دڵنیاییەوە هیچ پشتیوانیان نەدەکرد بەڵکو پشتیان تێ دەکردی بۆ هەمیشە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە و هەموو بنەماڵەکانمان فێرن بە تۆراندنی ڕۆحی یاخی و ئامانجی تاکەکەسی مناڵەکانیان بەتایبەت کە ئەو ئامانجانە زۆر جێگەی پەسەندی کۆمەڵگەی سونەتی نەبن. |
| E.5 | تا ئەو کاتەی هاتمە باشووری کورستان خێزانەکەم یا کەسە نزیکەکانم هەر نەیانزانی. ئەگەر زانیان زۆر پێیان ناخۆش بوو، گوشاریان دەکرد کە بچمەوە. سەرەتا زۆر زەحمەت بوو تا بەرە بەرە هەوڵم دا بە قەناعەتیان بگەیەنێم. بەڵام دوای ئەوەی کە زانیان شوێنم باشە و بەتایبەتی لە ڕووی ئەمنیەت و شوێنی ژیانەوە دڵنیابوون کە شوێنم باشە ئیتر وەک جاران نەبوون. ئەگەرچی سەرەتا حەزیان نەدەکرد کەس بزانێت، بەڵام بەرەبەرە شتەکە لایان ئاسایی بووەوە. قوربانیدانەکەم غەریبی و دووربوون بوو لە کەسەکانم. |

| | |
|---|---|
| F. 6 | خێزانەکەم سەرەڕای ئەوەی زۆر دینداربوون، بەڵام بەجوانترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵ حاڵەتەکە کرد، چونکە زۆر بە باشی منیان دەناسی و چەند جار لە ناو خێزانەکەم و تایفەکەمان من کارگەلێکی جیاواز و هەستیارم کردبوو کە قەدەغە بوون، دەیانزانی کارێک کە بمەوێ بیکەم دەیکەم و هیچ شتێک پێشم پێ ناگرێت و بەتەواوی هەستیان بە بوێری من کردبوو. |
| G.7 | بنەماڵەکەم کاتێک زانیان بە کۆچی من زۆر نارەحەت بوون، وەک هەر خێزانێکی دیکە دڵنگەرانی منداڵەکەیان بوون کە لیان دوور بێ لە شوێنک بێت، کە دوور لە ئەمنیەتە شەڕە، مان و نەمانە هەرچەند پێشمەرگایەتی بەلایانەوە پیرۆز بوو، بەڵام وەک بنەماڵە دڵنگەرانی من بوون، بەجۆرێکی دیکە ئەوان خەونێکی دیکەیان بۆ من هەبوو، بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەو شتانە ئەوان دەیانزانی من پابەندی بڕیاری خۆمم و پشتگیرم بوون تا بەئەمرۆش پشگیرمن .<br><br>لە لایەن کۆمەڵگەشەوە هەرکەس لەڕووی دیدی خۆیەوە دەیڕوانیە هاتنەکەم، جا بە باش و بەخراپ، بەڵام چون بنەماڵەم لە پشتم بوون ئەو خەسار و قسانەی کە دەکرا لە لایەن کۆمەڵگەوە هەبێ کەمتر بوو. |

ئەم پرسیارانەی خرایەڕوو پەیوەندی بە ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە بوو. سەبارەت بە هۆکارەکانی کۆچکردنی ئەوان و ئەو دۆخەی کە ئەوان بڕیاریان دابوو. بە گشتی بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە خۆیان بڕیاریان داوە، بەڵام بڕیارەکە خۆنەویست بووە و لە ناچاری ئەو بڕیارەیان داوە. ئەوان لەو کاتەدا ئەم بڕیارەیان بە باشترین بژاردە زانیووە. بەشێکی زۆری وەڵامی لێتوێژراوان پەیوەندی بە لایەنی سیاسی و ئەو ستەمکارییەی کە بەرامبەر نەتەوەکانی دیکە لە ئێران، بەتایبەتی نەتەوەی کورد دەکرێت. بەشێکی دیکەشیان بە هۆی هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئەو داب و نەریتەی کە کەمترین ڕۆڵ دراوە بە کچان بۆیە ئەوان لە ناچاری ئەم بڕیارەیان داوە بۆ ئەوەی خۆیان و تواناکانیان بسەلمێنن. تەنها یەکێک لە نمونەکان پەیوەندی بە لایەنی ئابووری هەبووە. کە ئەویش بە هۆی نەبوونی دەرفەتی کار و داهاتی باش ناچار بە کۆچکردن بووە.

بۆیە بۆمان دەردەکەوێت کە سەرجەم بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە ئەگەرچی

خۆیان بڕیارەکەیان داوە، بەڵام خۆنەویست و بە ناچاری بووە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لە ئێران ژنان کەمترین دەرفەتیان هەیە و بە دوای دۆزینەوەی خۆیان و ئاوات و ئامانجانەکانیان بووە کە لە ئێران دەستەبەر نەدەبوو بۆیان. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەتی لە نێو خێزانەکان لە بواری سیاسی تێگەیشتوویی هەیە، بەڵام دیسان بە سەر دوو بەشی هەڵسوکەوتدا دابەش دەکرێت، ئەوەی کە دەوێرێ پاڵپشتی کچ یا ژنی ئەندامی بنەماڵەکەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەرچەشنە ڕەفتارێکیدا بکات و ئەوەی کە ناوێرێت و نایەوێت. هەروەها دەریدەخات ژنانی ڕۆژهەڵاتی دواجار لەلایەن ئەو بنەماڵانەش کە ئاستی هۆشیاریان باشترە دەکرێنەوە قوربانی هەتاکو ڕوخساری بنەماڵەکە لە نێو کۆمەڵگەی نەریتیدا بە باشی بهێڵنەوە.

**ئامانجی دووەم: خستنەڕووی ئەو ئاڵنگاریانەی لەمیانی کۆچکردن ڕووبەڕووی ئەو ژنانە دەبێتەوە**

یەکەم: سەبارەت بە سەرەکیترین ئەو ئاڵنگاریانەی کە لە کاتی کۆچکردندا ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە و چۆن بەسەر ئەو ئاڵنگاریانە زاڵ بوون کە لە میانی کۆچکردنەکە ڕووبەڕووی بوونەتەوە بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە بەم شێوەیە وەڵامیان داوەتەوە کە لە خشتەی ژمارە (٤) دەخرێتەڕوو:

| کۆد | وەڵام |
|---|---|
| A.1 | لە میانی کۆچکردنمدا ڕووبەڕووی هیچ گفتێک نەبوومەتەوە. |
| B.2 | لە میانی ڕێگە و کۆچکردنەکەم گرفتێکی وام تووش نەبوو، بەڵام دواتر بۆ ماوەی شەش مانگ تووشی خەمۆکی بووم و بەمەبەستی باشتربوون سەردانی دکتۆر و تراپیستم دەکرد. |
| C.3 | لە کاتی کۆچکردن و چوون بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە زۆر شت هەیە کە ڕەنگە لە کۆمەڵگەکەی خۆت ئاسایی بێت، بەڵام لە کۆمەڵگەی دیکە کە بۆی چووی و تێدا ژیان دەستپێدەکەیت ئاسایی نەبێت. بۆیە تا عورف و نۆرمەکانی ئەو شوێنە نوێ وەردەگریت زۆر زەحمەتە و بەردەوام هەوڵ دەدەیت بە ئاگاداریەوە ڕەفتار بکەی کە تووشی دۆخی ناخۆش نەبیت. هەروا شارەزا نەبوون لە سایکۆلۆژیای تاکەکانی ئەو کۆمەڵگە نوێیە و چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیان ناخۆش بوو. |

| | |
|---|---|
| گەورەترین گرفتەکان دۆزینەوەی لینک و کەسانێکی پەیوەندیدار بەو بابەتانەن و چۆنیەتی متمانە کردن بەو کەسانە چون ئیتر تۆ بە متمانەوە تەواوی خۆت دەخەیتە خزمەتیان کە لەو ڕێگەیە دەربازت بکەن، ئیتر با بمێنێ کە لەو ڕێگە تووشی دەستدرێژی جنسی و ڕۆحی دەبێت و ئەم ڕووداوانە دەبنە گەورەترین تراژیدی و تراومای ژیانت کە لە پێناو گەیشتن بە ئازادییەکی نمیچە ئازاددا بەسەرت دێن. | D.4 |
| بارگرانییەکی زۆری هەبوو، جاری واهەبوو سەیرکردنی خەڵک و بەکەم سەیر کردن ئازارت دەدات. یا کەسانێک دەیانویست بەلارێتدا بەرن و توشی هەندێک کێشەی ئەخلاقیم بکەن. بۆیە ئەستەم بوو کە بزانی کێ ڕاستە و کێ دەیەوێت زیانت پێ بگەیەنێت. ژنێک بەتەنیا کۆچ بکات قەد بە ڕوانگەیەکی باش سەیری ناکەن، ئەمەش زۆر ئازاری دەدام. | E.5 |
| دەتوانم بڵێم قورسترین گرفتێک کە ڕووبەڕووی بومەتەوە دووریم لە بنەماڵەو کەسوکارم بووە و نەگەڕانەوەم بۆ زێد و شاری خۆم، بەڵام بەڕای من تەنها ڕێگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەبەرامبەر ئەو هەستە قورس و بێ بڕانەوە ئەوەیە کە بەخۆم بڵێم من هاتم بۆ گەورەبوون، بۆ خۆناسین بۆ بوون بە کەسێک لەسەر پێی خۆی بێت، لێرە من کچەکەی جاران نیم، بە باوک و باپیرمەوە ناناسرێم، بەڵکو خودی خۆمم ئەوەی لە ڕۆژهەڵات نەیاندەهێڵا ببم و سەرکوتیان دەکرد، لێرە کەسایەتی، هەڵسوکەوت، توانایی و بەهرەی من ڕۆڵ دەگێڕێ چ لەبواری سیاسی، چ کۆمەڵایەتی، چ پیشەیی. دروستە کە بنەماڵەم و پەروەردەی بنەماڵەم بناغەی ئەو کەسایەتییەی ئێستای منن، بەڵام ئایا لە ڕۆژهەڵات من دەمتوانی ئەوەی کە منی پێکهێناوە بیخەمە ڕوو؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر، بۆ خۆیان دروستت دەکەن و بۆخۆیان دەڵێن دەبێ نەبیت، ڕۆژهەڵات بۆ من وابوو. | F. 6 |
| لە کاتی کۆچکردنەکەم ڕووبەڕووی ئاستەنگێکی وانەبووم بڵێم کە زۆر سەخت بووە بۆم ، تەنیا ئاستەنگێک کە هەبووە سەختی ڕێگەکە بووە کە لە خۆمم ڕادەدی. | G. 7 |

لە میانی وەڵامەکان بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی ئەو ژنانەی ڕێگەی کۆچ هەڵدەبژێرن، بە ڕێگەیەی ئاسایی و یاسایی دا تێپەڕ نابن و ئەویش بە هۆی ئەوەی کە دەبێت بە دزییەوە ڕێگەکە بپێون و بنەماڵە یا کەس و کاریان ئاگاداری ئەم بابەتە نەبن، بۆیە تەنیایی و زۆرینەیان بۆ یەکەمجار خۆیان لە ڕێگەیەکی دەرەوەی شار دەدەن و ئاستەنگی زۆر توشیان دێت، لەگەڵ ئەوەشدا بۆیان دەردەکەوێت ئەو جیهانە پڕ زرق و برقەی هیوایان لەسەری هەڵچنیوە بەو شێوەیە نییە کە چاوەڕوانی دەکەن.

دووەم: سەبارەت بەو پرسیارەی کە؛ وەک ژنێک پێتوایە ئەزموونی کۆچکردنت جیاواز بووە لە ئەزموونی پیاوانی کۆمەڵگەکەت و ئاڵنگارییەکانی بەردەم ژنان بە بەراورد بە پیاوان چی بووە؟ وەڵامی بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە بەم شێوەیە بوو کە لە خشتەی ژمارە (٥) خراوەتەڕوو:

| کۆد | وەڵام |
| --- | --- |
| A.1 | پێموایە جیاوازە. چونکە گۆشارەکانی کۆمەڵگە و بنەماڵە زۆرتر لەسەر ژنانە و کەمتر لەسەر پیاوانە. بۆ ئەو وەڵاتەش کە بۆ دەچی هەر ڕاستە گۆشارەکانی ئەو کۆمەڵگەیەش لەسەر ژنان زیاترە تا پیاو. مەبەستم وڵاتانی دەوروبەرە زیاتر. بەتایبەت کە ژنێکی تەنیا بیت و لەگەڵ بنەماڵەکەت نەبیت. |
| B.2 | ئەگەر لە ڕەگەزی نێر بیت زووتر و باشتر دەتوانی لەگەڵ کۆمەڵگە نوێیەکە تێکەڵ ببیت. هەروەها بەداخەوە بە هۆی کۆمەڵێک کچ کە دێننە باشوور و گرنگی بە هیچ نۆرم و بەهایەکی ئەخلاقی نادەن ئەمەش وایکردووە کە ڕوانگەیەکی نەرێنی بە گشتی لەسەر کچانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. بۆیە ناچاری هەوڵی زیاتر بدەی بۆ ئەوەی خۆت بسەلمێنی کە تۆ دەتەوێت خۆت و کەسایەتی خۆت دروست بکەی و ئامانجێکت هەیە دەتەوێت هەوڵی بۆ بدەیت. |
| C.3 | لای خەڵک ئاسایی نەبوو کە کچێک بە تەنها بژیت و ئەگەر باسم دەکرد کە کار دەکەم پێیان سەیر بوو. لای خەڵک قبوڵکراو نەبوو، ئەمەش لای من ناخۆش بوو چون پێیان وابوو کە دەرکراوم لە ماڵ و تەنانەت هەندێک کەس دەیانەویست کە لێم نزیک ببنەوە بۆ ئەوەی تووشی کێشەم بکەن و کەسایەتی بشکێنن. |

| | |
|---|---|
| D.4 | وەک باسم کرد بە دڵنیاییەوە جیاوازە لەبەرئەوەی لانیکەم پیاوان بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر کەم بەرەو ڕووی ئەو مەترسی دەستدرێژیانە دەبنەوە و لە ئەگەری هەر ڕووداو و هۆکارێکدا کە ببێتە هۆی ئەوەی دەرباز نەبن، پیاوان زۆر ئاسان تر دەتوانن بچنەوە ناو بنەماڵە و کۆمەڵ و درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن، بەڵام بۆ ژنان بە هیچ شێوازێ وا نییە. |
| E.5 | بە دڵنیاییەوە جیاوازە، بەتایبەتی ئەگەر من لە ڕوانگەی بنەماڵەی خۆمان باسی بکەن کۆچکردنی ژن عەیبە و پەڵەیەکی گەورەیە و تەنانەت پەراوێزخستنی ژنەکەیە، بەڵام بۆ پیاوان هەوڵ دەدەن پشتیوانی مادی و مەعنەوی بکەن و هاوکار و هاوخەمین. |
| F. 6 | بەڵێ ڕوون و ئاشکرایە کە جیاوازی هەیە، بۆ نمونە من وەکو خۆم زۆر زۆر چەرمەسەریم کێشاوە هەر لەغەریبیەکەی بگرە هەتا نەبوونی و ماڵەوماڵ کردن و وڵاتەو وڵات و خەمی منداڵبوون و بەخێوکردنی منداڵێکی بێ باوک و... بە بۆچوونی من ئەگەر دایک و باوکم لەجێگەی من کوڕێکیان هاتبا بۆ ئەم غوربەتە تەنانەت سەڵتیش بووبا بەدڵنیاییەوە قەرزیان بۆ دەکرد و بەرەو وڵاتی سێیەم بەڕێیان دەکرد، تا بگات بە ئاسوودەیی، ئەوە نمونەیەکی زۆر سادە. |
| G. 7 | بەدڵنیایەوە ترس و دڵەڕاکێیەک کە بۆ کچ هەیە بۆ پیاو نییە هەر بۆیە دەکرێت ئەزموونێکی جیاوازمان هەبێ کچ مەترسی زیاتری لەسەرە بە هۆی ئەوەی کە کچە بەڵام بۆ کوڕ وانییە هەر بۆیە پێموایە ئەزموونی ژن دەکرێت لە کۆچکردندا سەختتر و پڕکێشەتر بێ لە پیاوان. |

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت بە شێوەیەکی سەیر هەموو بەشداربووان لە ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ کێشەکان باس لە جیاوازی ڕەگەزی دەکەن، کاتێک لە وڵاتێک بە هەر ئامانجێک و بە هەر هۆکارێک هەڵدێن یان کۆچ دەکەیت، ئەوەی ڕووبەرووی دەبیتەوە کە تۆ ژنی و ئەگەر ژن نەبوایت، ئەو کێشانەی بینیوتە ئەوەندە قووڵ نەدەبوونەوە، ئەمە دەری دەخات کۆمەڵگەی دووهەم یا سێهەم بە هەر ئاستێک لە وشیاری کۆمەڵایەتی کە پێدەچێت لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و ئێرانی پێشکەوتووتر بێت،

تا ئێستا نەیتوانیوە بەو ئاستە لە تێگەشتنی یەکسانی و بەرابەری بکات.

سێیەم: سەرەتا پرسیار لە لێتوێژراوان کرا سەبارەت بەو گۆڕانکارییانەی لە ڕۆڵی ئەو وەک ئەندامی خێزانێک ڕووی داوە لە میانی کۆچکردنەکەیان و ئەو بەرپرسیارێتی یا چاوەڕوانیانە چی بوون کە لێتوێژراوان بەم شێوەیە وەڵامیان داوەتە، لە خشتەی ژمارە (٦) خراوەتەڕوو:

| کۆد | وەڵام |
|---|---|
| A.1 | بەڵێ زۆر کاریگەری داناوە. بەرپرسیارێتیم زۆر بووە، چاوڕوانییەکان زۆر بوونە لە من. پەیوەندیەکانیش هەر گۆڕانکاری بەسەردێت، چونکە خۆت ئیتر خۆتی پێشوو نیت. زۆر حەز دەکەم لە ئاوێنەیەک دا خۆم ببینم کە ئەگەر کۆچم نەکردبا ئێستا لە هەمان ئەو دۆخەیا دەبووم یان زۆر شت جیاواز دەبوو؟<br><br>بێگۆمان ئەو وڵاتەی کە کۆچی بۆ دەکەیت زۆر گرنگە و زۆر ڕۆڵ دەبینێ، لە وەلاتێک دا بژیت کە مافی هاووڵاتی بونت ناداتێ، مافی خوێندنی باڵات ناداتێ، مافی دامەزراندنت ناداتێ، مەترسی ژیانت هەیە، کار بە ئاسانی دەستناکەوێ، چونکە خەڵکی ئەوێ نیت، دۆخەکەت زۆر بۆ زەحمەت دەکات. |
| B.2 | سەختترین بەشی ئەوەیە کە لەگەڵ کۆمەڵگە نوێیەکە خۆت بگونجێنیت، کولتووری ئەو شوێنەی لێوەی هاتبووم جیاواز بوو لەگەڵ کۆمەڵگە نوێیەکە، بۆیە تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگەی نوێ بە کولتوور و داب و نەریتی جیاواز بەڕای من قورسترین بەشی کۆچکردنەکەم بوو. |
| C.3 | لەبەرئەوەی خێزانەکەم پاڵپشتم بوو لە ڕووی پەیوەندییەکانم نەک هیچ کاریگەری نەرێنی نەبوو، بەڵکو کاریگەری ئەرێنی هەبوو و زیاتر خۆشەویستیان بۆم هەبوو کە کەسێکم دەتوانم لەسەر پێی خۆم بم و تەحەمولی ژیانی تەنیایی بکەم و بەرپرسیارێتی نوێ و زیاتر هەڵبگرم. |

| | |
|---|---|
| D.4 | چوون بۆ شوێنێکی پیرۆز لای کۆمەڵگە هاتووم بۆیە خۆشەویست بووم و جێگەی شانازی بووم و چاوەڕوانیەکانیان هەر لەم سۆنگەیەوە زیاتر دەبوو بەرامبەر ئەرکەکانی من لە ڕێگە و جێگەدا کە دەبێ سەدی خۆم بۆم ئەم ڕێگە تەرخان بکەم و لە لای ئەوانیش باس و پرسی پەیوەندیدار بە کوردایەتی و کوردبوون، ئەگەر جاران زۆر سنووردار تر و کەمتر بوو ئەمجارە ئیتر هەر زۆر ڕاشکاوانە و ئاشکرا دەبوو. بەس چاوەڕوانییەکانی بنەماڵە و کۆمەڵگەی ئێمە تەنیا لەو چوارچێوەیەدایە و ئەگەر لەو چوارچێوە بترازێ ئەوا هەم بنەماڵە و هەم کۆمەڵگە خۆشەویستیان کەمڕەنگ دەبێتەوە بۆت. |
| E.5 | بەرپرسیارێتم زۆرتر بووە، لە بنەماڵەیەکی نەریتی بووم، پێویستە زۆر ئاگاداری هەنگاوەکانم بم بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی ئەوان نەبم. هەروەها چاوەڕوانییەکان زۆر بوون. |
| F. 6 | کۆچکردنی من لانی کەم ئەو کاریگەرییەی هەبوو، کە ئەو یاسا و ڕێسا قورسانەی لەکاتی من لەبنەماڵەم هەبوو یان نەمێنن یان بڕێک ئاسانتر بنەوە، و دەرکەوتنی کەسایەتی من دوور لەوان دەری خست بۆ بنەماڵەم کەمن شتێکی هەڵەم نەویستوە و تەنها ڕوانگەم بۆ بابەتەکان جیاواز لەڕوانگەی ئەوان بووە و لەهەرکوێ بم و هەر ئایدۆلۆژیایەکم بێت بۆ ژیانی خۆم هەر کچی ئەوانم و ئەگەر نەبمە هۆکاری سەربەرزی بۆیان نابمە هۆکاری سەرشۆڕی و خەجاڵەت بۆیان، لەبەرئەوە هیچکات پەیوەندییان لەگەڵم ئەوندە ناکۆک و ناجۆر نەبووە کەبۆم جێگەی نیگەرانی بێت تەنها سەرەتاکانی هاتنم نەبێت بڕێک دڵگران بوون لێم. |
| G.7 | کەسێک کە کۆچ دەکات بەرپرسایەتی هەمووشتێک دەکەوێتە سەر شانی هەر ئەو بەرپرسیاریەتیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بنەماڵە چاوەڕوانیەکانیان لە جاران کە لە نێوماڵێکدا لەگەڵ ئەوان دەژیای بەرفراوانتر بێت، سەبارەت بە پەیوەندیش دەکەێتە سەر ئەو چوارچێوەی ئەو بنەماڵەیە، کە چۆن دەڕواننە پەیوەندی ڕاستە دوور بووم لە بنەماڵەم و کەم دەیانبینیم، بەڵام بەواتای کەمڕەنگ بوونەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئەندامی خێزانەکەم نەبووە، دەتوانم بڵێم پەیوندییەکان و ئاگالێبوونەکان زیاتر بووە. |

دەتوانین بڵێن وەکو یاسای هەمیشەیی ژیان، کات هەموو شت تێپەر دەکات. کۆچکردنی

ژنێک لە نێو کۆمەڵگەی کولتووری قبووڵکراو نییە، تەنانەت ئەگەر بنەماڵە زۆر تێگەیشتوو بن بە ڕاشکاوانە باس لە بابەتی کۆچی کچی بنەماڵەی ناکەن، بە تێپەڕبوونی کات و هێوربوونەوەی هەستیارییەکان ئەم توندییە نامێنێت، کچ و ژنی کورد جاری دیکە ئەم ئەزموونەی لە ڕەدوو کەوتن بینیوە، کە کات تێپەڕ دەبێت، بنەماڵەی کچی ڕەدوو کەوتوو ڕەفتاریان لەگەڵی ئاسایی دەبێتەوە.

حەوتەم: لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئەستەمترین بەش لە دەستپێکردنەوەی ژیان دوای کۆچکردن چی بووە و چۆن ڕووبەڕووی ئەو دۆخە نوێیە بوونەتەوە؟ وەڵامەکان بەم شێوەیە بوو کە لە خشتەی ژمارە (٧) خراوەتەڕوو:

| کۆد | وەڵام |
| --- | --- |
| A.1 | تێکەڵبوون بە کۆمەڵگە، ڕاهاتن لەگەڵ کولتووری نوێ و... چونکە هیچ شتێک لە ژیانتدا وەک خۆی نامێنێت و دەبێ وەک منداڵێک سەر لە نوێ دەسپێبکەی. ڕۆژانە دوای شەڕێکی دەروونی و دوای ئەوەی کە دەزانی مەجبوری و ژیانت لە دۆخی ئاسایی بۆتە خۆت ئارام دەکەیتەوە. بە موتاڵعەیەکی زۆریش لەسەر خۆم کار کرد. کە دۆخەکەی قبوڵ بکەیت و لەگەڵ واقعیەتی ژیان ڕووبەڕوو بیت زۆر شت ئیتر بۆت ئاسانتر دەبێ. |
| B.2 | خۆ گونجان لەگەڵ کۆمەڵگەی نوێ سەختترین شتە. هەروەها دوورکەوتنەوە لە خزم و کەست زۆر ناخۆشە |
| C.3 | ئەوەیە کە بەرپرسیارێتی هەموو شت لە ئەستۆی خۆتە. |
| D.4 | ئاشنابوون بە شوێن و خەڵکانێکی تر و جوگرافیایەکی تر خۆی زۆر قورسە بەتایبەت کە سەرەتاکان نائاشنای بە تاکەکانیش، ئەوانیش لەبەر کچ بوونت هەر لە بیری نزیکبوونەوەن بە مەبەستی سێکسی یا هەر شتێکی لەو بابەتانە و هیچ کەسێک بە مانای ڕاستی پشتیوانت نییە و هەر کەس لەبەر مەنفەعەتێک نزیکت دەبێتەوە و لێرەدا کچێکی کەم تەمەنی دنیا نەدیوی بێ ئەزموون ئیتر سەرەتای قوورساییەکانی ژیانییەتی، کە چۆن بەرگری لە خۆی بکات لەم چوارچێوەدا. |

| | |
|---|---|
| E.5 | بەردەوام نیگەران بوون لەوەی نەکا توشی کێشەیەک بم. هەروەها خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگەی نوێ. هەوڵم داوە ژنانی سەرکەوتوو چیرۆکەکانی سەرکەوتنیان بکەمە بنەمایەک بۆ فێربوون لەوان و هەوڵ بدەم منیش وەک ئەوانە سەرکەوتوو بم و خۆم لە ئاستی بەرزتر ببینمەوە. |
| F. 6 | ڕاستییەکەی ئەستەمترین بەش بۆمن نەگەڕانەوەم و نەبینینی دووبارەی شارەکەم و کەسوکارم بووە، بەڵام سەرەتا خۆشەویستی و ئەوینم بۆ هاوژینەکەم وای کرد برێک ئاسانتر وەریبگرم و بۆشایی هەموو نەبوونییەکانی بۆ پڕ کردمەوە و دواتریش چەرمەسەری ڕەزالەت و نەهامەتییەکانی ناو ژیانم هەر نەیهێشت بیر لە شارو بنەماڵە بکەمەوە. |
| G.7 | ئەستەمترین بەش لە دوای کۆچکردنم خۆ گونجاندنم بوو لەتەمەنێکی کەمدا کە ڕووبەڕووی کێشە دەبوومەوە هەرخۆم بوو چۆنیەتی مامەڵەم لەگەڵ بابەتەکان نەدەزانی هەر بۆیە خەساری زۆر هەبوو بەهۆی بێ ئەزموونی و تەمەنی کەم، بەڵام هەموو ڕۆژە سەختەکان فێربوونی خۆی تێدا بوو بەشێک بوو لەو ڕێگەیە. بەڕێوەبردنی سەختییەکان دەگەڕاوە سەر باگراوندێک کە من سەبارەت بەشۆڕش لە مێشکمدا سازم کردبوو، هەر لە نێوەکەیدا دیار بوو بۆیە دەبووایە شۆڕشگێڕانە لەگەڵ کێشەکان بدوێم هیوای خۆمم قەت لەدەستنەدەدا هەوڵم دەدا هەمووکات بیرۆکەی نێگەتیڤ لە مێشکم دەربکەم تا بتوانم مودیرەیەتی حاڵەتێکی نائاسایی بکەم. |

**ئامانجی سێیەم: زانینی چۆنیەتی ئەو میکانیزم و شێوازانە بۆڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی لە میانی کۆچکردنی ڕووبەڕووی لێتوێژراوان دەبێتەوە:**

یەکەم: پرسیار کرا لە لێتوێژراوان ئەگەر کات بگەڕێتە دواوە، دوبارە هەمان بڕیار دەدەیتەوە؟ وەڵامەکان لە خشتەی ژمارە (٨) خراوەتەڕوو:

| کۆد | وەڵام |
|---|---|
| A.1 | مرۆڤی ناچار بژاردەی تری لەبەردەست نییە. لە پێش هەموو شتێکدا مرۆڤ پێویستی بە کەرامەتە. هیچ مرۆڤێک لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی کەرامەتی نییە. بەڵێ هەمان بڕیار دەدەم، چونکە ناتوانم لە ڕۆژهەڵات بژیم و بێدەنگ بم کە بێدەنگیش نەبی ئیتر خۆتان دەزانن کە کۆماری ئیسلامیی چی بەسەر ئەوان دەهێنێت. |
| B.2 | ئەو کاتەی کە تازە کۆچم کردبوو دەموت خۆزگە قەد قەد ئەو بڕیارەم نەدابایە، بەڵام ئێستا کە توانیومە خۆم بگونجێنم و بەسەر سەختییەکانی ژیان زاڵ بووم، بەتایبەتی کە دۆخی ئابووری ئێران دەبینم بەتایبەتی لەبەر لایەنی ئابووری بەڵێ هەمان بڕیارم دەدا. |
| C.3 | بە دڵنیاییەوە هەمان بڕیار دەدەم. |
| D.4 | زۆر جار ئەم پرسیارە لە خۆم دەکەم یا لێم دەکەن، بەڵام هەمیشە دەڵێم بە دڵنیاییەوە سەرەڕای ئەوەی کە ڕەنج و ژانێکی یەکجار زۆرم بینی چ لە ڕێگەی هاتنمدا و چ لە پرۆسەی ژیانی ئێرەدا و ئێستاش هەر سێبەری تاریکی ئەو دەرد و ڕەنجانە بەسەرمەوەیە، بەڵام دیسان ئەو ڕێگە هەڵدەبژێرمەوە و ئەوەم پێ باشترە تا مانەوە لە کۆمەڵگەیەکی ژن خەسێن و درۆزن و بیر تەسک و داپڵۆسێنەردا. |
| E.5 | ناچار بووم ئەو بڕیارە بدەم، خۆزگە دۆخەکە بەو شێوەیە نەدەبوو. ئەگەرچی لە ڕووی ناچاری بوو، بەڵام پەشیمان نیم. |
| F. 6 | بەڵێ بە دڵنیاییەوە بێ دوودڵی هەمان بڕیار دەدەمەوە و هەمان ڕێگە دەپێوم. |
| G.7 | بەدڵنیایەوە ئەگەر بگەڕێمەوە دواوە دیسان بڕیاری کۆچکردنم دەدەم، ڕاستە کێشە هەبووە، بەڵام بڕیارێک بووە کە ژیانێکی پڕ لە ئەزموون و فێربوون و بەهێزبوونی فێری من کرد بەهەموو کەم و کووڕی و سەختییەکانەوە دیسان لەسەر بڕیاری خۆمم. |

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت لێتوێژراوان پەشیمان نین لەو بڕیارەی داویانە و سەرەڕای ناچاربوون، بەڵام بڕیارەکەیان بەلاوە دروستبووە. ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕزگاربوون لە دۆخی ناهەمواری ڕابردوو و هەوڵدان و سەرکەوتوو بوون لە دۆخی نوێ.

دووەم: وەڵامی لێتوێژراوان سەبارەت بەوەی چۆن مامەڵەت لەگەڵ ئەو گەشارە سۆزداری و دەروونیانەدا کردووە کە لەگەڵ کۆچکردندا ڕووبەڕووت بوونەتەوە لە خشتەی ژمارە (٨) خرراوەتەڕوو:

| کۆد | وەڵام |
|---|---|
| A.1 | زۆر قورسە وەڵامەکان. چونکە لەمێژبوو گوێم لەناخی خۆم نەگرتبوو. ڕووبەڕووبووەنەکە دەزانی چۆنە؟ فێر دەبیت لەگەڵی ڕا بێیت. برینداری بەڵام برینەکە تا نەتکوژێ تۆ نامری. هەمیشە هەوڵم داوە لەگەڵ خۆم سەڕرای هەموو سەختیەکانی پەنابەریتی باش و نەرم و نیان بم. خۆم دەرک بکەم و کات بەخۆم بدەم. لە ئاوارەبۆنە کە هێشتا خۆتت نەدۆزیتەوە و هەر لەگەڕان بەدوای خۆتدایت هەر هەستێکی سۆزداری سەرکۆت دەکەیت. |
| B.2 | بە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ بنەماڵەکەم کۆچم کردبوو، بەتایبەتی لە ڕووی سۆزداری بۆ خێزانەکەم زۆر سەخت نەبوو، بەڵام دووربوون لە هاوڕێیەکانم زۆر ئازاری دەدام. بەڕاستی سەرەتای کۆچکردنم نەبوونی هاوڕێ کچ بوو و بۆیە ناچار بووم بچمە لای ڕاوێژکاری دەروونی |
| C.3 | هەوڵم دەدا زۆر خۆم بە ئیشکردنەوە مەشغوڵ بکەم تا بیر لە شتەکان نەکەمەوە و بەو شێوەیە هەستەکانی خۆمم سەرکوت دەکرد. دەنا زۆرجار دڵتەنگ دەبووم، بەڵام هەوڵم دەدا بەسەر ئەو هەستانەم زاڵ ببم. |
| D.4 | هیچ کات ئەو بەشی سۆزداری و بێ کەسیە پێناسە ناکرێ بە تەواوی و هەمیشە وەک بەشێکی ناتەواوی ژیانت بە دواتەوەیە، بەڵام لە پێناو خەونێکی گەورەتردا ناچاری کۆمەڵێک خەمی تر تا کۆتایی ژیانت لەگەڵ خۆت هەڵگری. |
| E.5 | |

| | |
|---|---|
| F. 6 | هەبوون و بینینی ڕۆژ بەڕۆژ و سات بەساتی کوڕەکەم سەرەکیترین هۆکاری زاڵ بوون بەسەر ئەو هەستە تاڵەیەدا بووە و دواتر بەهێزبوونی خۆم و بەرنامەکانی مێشکم بۆ داهاتوی کوڕەکەم!... تازە ئەوەی کەڕۆی لەدەستچوو، هەوڵ دەدەم بۆ داهاتوم ڕەنج بکێشم کە بەفیڕۆی نەدەم. |
| G.7 | کاتێک ڕووبەڕوی گوشارێکی دەروونیی دەبیت، چۆنیەتی مامەڵە کردن زۆر سەختە، زۆرجار نەمدەزانی چ بکەم، بەڵام لەکاتی ئاوارەبووندا بوونی کەسانی باش وەک بنەماڵە و هاوڕێ؛ بوونە<br><br>هیوایەک بۆم تا ئەوەی کە بتوانم لەگەڵ ئەو حاڵەتە غەریبە وەک ئاوارەیی ڕابێم و خۆشم باوەڕم وابوو کە تێدەپەڕێ . |

**سێیەم: ئامۆژگاری چی دەکەیت بۆ ئەو ژنانەی تر کە بیر لە کۆچکردن دەکەنەوە یان ڕووبەڕووی ئاوارەبوون دەبنەوە؟ چ وانەیەک لە ئەزموونەکەت یارمەتیدەردەبێت بۆیان؟**

| کۆد | وەڵام |
|---|---|
| A.1 | کەسەک کە ناچارە ناتوانی هیچی پێ بڵێیت، چونکە لە پێش هەموو شتێک گیانی مرۆڤ گرنگە و لە ناچاری ئەم ڕێی دەگرێتە بەر. ئارام بن، خۆتان خۆش بوێ و لەگەڵ خۆتان زیاتر لەگەڵ هەموو کەسێک میهرەبانتر بن. مەهێڵن تەنیایی بەچۆکتان بێنێ و بەدوای ئامانجەکانتان برۆن و ئێوە زۆر بەهێزن. |
| B.2 | دەبێت کەسەکە لەخۆی ڕا ببینێ کە بتوانێ بەرگەی ئازارەکان بگرێت، بەتایبەتی ژیان کردن لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرپرسیارێتیت دوو بەرابەرە. هەموو شتێکت لەسەر خۆتە باری دروونی و ئابووری. بۆیە دەبێت زۆر بەهێز بیت. |
| C.3 | تا ئەو جێگەیەی دەتوانن پیشەیەک فێر ببن و بتوانن لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بن، چونکە خاڵی ئەساسییە بۆ سەرکەوتوو بوون. |

| | |
|---|---|
| D.4 | بێ گومان هیچ بنەماڵەیەک وەک یەک نین، بەڵام بەڕاستی ئەوانەی کە بەربەستێکی زۆر لە بەردەمیان نییە و ئاسان تر دەتوانن سەربەخۆ بن لە ژیانیان و بڕیارەکانیان زۆر لە بیری کۆچکردن بەو ڕێگە سەخت و جوبران نەکراوە و کۆمەڵێک بژاردەی باشتر لە بەردەستیانە، بەڵام بۆ کەسانی تر کە ژیانیان لەو کۆمەڵگە هیچ جێگەی خۆشی و ئارامی نییە، پێموایە باشترین بژاردە هەر ئەم شێوە کۆچەیە بەو مەبەستەی بتوانن بە بێ دەستی زۆرەملێی بنەماڵە و کۆمەڵگە و یاسای باو، ژیانێکی نوێ و هەلی فێربوونێ ئەزموون بکەن. |
| E.5 | |
| F. 6 | ١٠-هیچ تێبینییەکم نییە، چونکە لەوانەیە هەرکەسەو بەرنامەیەکی تایبەت بەخۆی هەبێت بۆ کۆچکردن و لەوانەیە کوچکردنی هەموو کەس وەک هی من دژوار و قورس لەسەریان ڕانەوەستێت و شانسی ژیانیان لە شانسی ژیانی من باشتربێت، بەڵام بۆ ئەوانەی بارودۆخیان وەک من وایە پێیان دەڵێم هەر هەنگاوێک کە بەرەو پێش داتاننا مەیگەڕێننەوە بۆ دواوە و بێ دودڵی هەنگاوەکانتان و ڕێگەی هەنگاوەکانتان هەڵبژێرن، پێیان دەڵێم سەربەستی و خۆ بوون چێژێکی تێدایە کەلە دەوڵەمەندترین کۆیلایەتییەکاندا نییە جا کۆیلەی باوک و دایک و برابیت یان کۆیلەی مێرد یان کۆیلەی پارە یان هەرچیتر، بۆ جارێک سەربەستی تاقی بکەنەوە و تام و چێژی ژیان بکەن تەنانەت بە نەهامەتی. |
| G.7 | کۆچکردن و ئاوارەیی دوو ئامۆژگاری جیاواز دەگرێتە خۆی ،ژنێک کە دەیەوێ کۆچ بکات دەبێ خۆی بۆ هەموو بەربەستێک ئامادە بکات، ڕیسکی کۆچکردنەکە بگرێتە ئەستۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر سەقامگیری بڕیارەکەی.<br><br>بۆ کەسێکیش کە ئاوارەیە ئامۆژگاریم ئەوەیە کە هیوای خۆی لەدەس نەدا باوەڕێ وابێ کە ئاوارەبوون قۆناغێکی سەختە لە ژیانی بەڵام تا سەر نییە کاتییە چون لە کاتی ئاوارەیدا هەستەکان وان کە هەمووشتەکان بەڕەش دەبینی، بەڵام دەکرێ بگۆڕدرێ .<br><br>من وەک خۆم بە پێی ئەزموونێک کە هەمبووە باوەڕم وایە کۆڵنەدەربوون و بوونی ئومێد و هیوا دەتوانێ هەموو ئاستەنگێک ببەزێنێ و بەسەر هەموو بارودوخێکدا زاڵت بکات. |

## دەرئەنجامەکان:

لە میانی ئەو زانیاریانەی کە لە میانی چاوپێکەوتنەکان کۆکرایەوە سەبارەت بە ئەزموونە جێندەرییەکانی کۆچکردنی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، توێژەران بە چەند خاڵێک دەرئەنجامەکان بەم شێوەیە دەخەنەڕوو:

١. **گوشاری سیاسی و یاسایی:** ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەڕووی ستەمێکی سیاسی و هەڵاواردنی یاسایی بەرچاو دەبنەوە، ئەمەش پاڵنەری هەندێکیان بۆ کۆچکردن و گەڕان بەدوای ئازادییە کەسی و سیاسییەکان.

٢. **دۆخی ئابووری:** نەبوونی دەرفەتی ئابووری لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران پاڵ بە زۆرێک لە ژنانەوە دەنێت کە کۆچ بکەن بۆ ئەو ناوچانەی کە ئاسۆی کار و سەقامگیری داهاتیان باشترە.

٣. **هۆکاری کۆمەڵایەتی و کولتووری:** چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، بە هۆی نەریتی بوونی کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەتی لەسەر بنەمای جێندەری وایکردووە کۆت و بەندەکان بۆ سەر ژنان بەتایبەتی زیاتر بێت. ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی زۆرێک لە ژنان کۆچ بکەن و هەوڵ بدەن خۆیان لە ژینگەیەکدا ببیننەوە کە بتوانن زیاتر ئەزموونی سەربەخۆیی و یەکسانی بکەن.

٤. **هۆکارە پەروەردەییەکان:** لە میانی چاوپێکەوتنی لێتوێژەراوان بۆمان دەردەکەوێت کە هۆکاری پەروەردەیی نەبۆتە هۆی کۆچکردن و کۆچکردنەکەیان لەسەر بنەمای ئەوە نەبووە کە بیانەوێت کە دەرفەتی باشتری خوێندن بە دەست بێنن.

## سەرچاوەکان:

UNHCR (2020). Global Trends: Forced Displacement in 2020. United Nations High Commissioner for Refugees, https://www.unhcr.org/dach/wp-content/uploads/sites/27/2022/06/UNHCR-global-trends-report_2020.pdf

King, R. (2012). Theories and Typologies of Migration: An Overview and a Primer. Malmö University, Available at this link: file:///C:/Users/TechLine/Downloads/WB3.12.pdf

Massey, D. S., Arango, J., Hugo, G., Kouaouci, A., Pellegrino, A., & Taylor, J. E. (1993). Theories of International Migration: A Review and Appraisal. Population and Development Review, 19(3), 431–466. https://doi.org/10.2307/2938462

Castles, Stephen (2003), Towards a Sociology of Forced Migration and Social Transformation, Published in Sociology, 37(1), 13-34.

- Castles, S., de Haas, H., & Miller, M. J. (2014). The Age of Migration: International Population Movements in the Modern World (5th ed.). Palgrave Macmillan.

International Organization for Migration (IOM). (2019). *Glossary on Migration*. IOM. Available at this link: https://publications.iom.int/books/international-migration-law-ndeg34-glossary-migration

یساقی، فاطمه پاسندی و علمی، زهرا (٢٠٢٣) بررسی عوامل مؤثر بر مهاجرت زنان از ایران با تأکید بر شاخص فلاکت و کنترل فساد، مجله اقتصاد باثبات، ٥ (٢)، صص ٩٣-١٢١.

«<2938462.pdf>.»

## پەراوێز

١ . یساقی، فاطمه پاسندی و علمی، زهرا (٢٠٢٣) بررسی عوامل مؤثر بر مهاجرت زنان از ایران با تأکید بر شاخص فلاکت و کنترل فساد، مجله اقتصاد باثبات، ٥ (٢)، صص ٩٣-١٢١.

2 . King, R. (2012). Theories and Typologies of Migration: An Overview and a Primer. Malmö University, Available at this link: file:///C:/Users/TechLine/Downloads/WB3.12.pdf

3 . King, R. (2012). Theories and Typologies of Migration: An Overview and a Primer. Malmö University, Available at this link: file:///C:/Users/TechLine/Downloads/WB3.12.pdf

4 . Castles, S., de Haas, H., & Miller, M. J. (2014). The Age of Migration: International Population Movements in the Modern World (5th ed.). Palgrave Macmillan.

5 . BUSSO, M., CHAUVIN, J. P. & HERRERA L, N. 2021. Rural-urban migration at high urbanization levels. Regional Science and Urban Economics, 91, 103658.

6 . Massey, D. S., Arango, J., Hugo, G., Kouaouci, A., Pellegrino, A., & Taylor, J. E. (1993). Theories of International Migration: A Review and Appraisal. Population and Development Review, 19(3), 431–466. https://doi.org/10.2307/2938462

٧ . یساقی، فاطمه پاسندی و علمی، زهرا (٢٠٢٣) بررسی عوامل مؤثر بر مهاجرت زنان از ایران با تأکید بر شاخص فلاکت و کنترل فساد، مجله اقتصاد باثبات، ٥ (٢)، صص ٩٣-١٢١.

8 . King, R. (2012). Theories and Typologies of Migration: An Overview and a Primer. Malmö University, Available at this link: file:///C:/Users/TechLine/Downloads/WB3.12.pdf

9 . UNHCR (2020). Global Trends: Forced Displacement in 2020. United Nations High Commissioner for Refugees, https://www.unhcr.org/dach/wp-content/uploads/sites/27/2022/06/UNHCR-global-trends-report_2020.pdf

10 . Castles, Stephen (2003), Towards a Sociology of Forced Migration and Social Transformation, Published in Sociology, 37(1), 13-34.



# ئێران و ئیسرائیل

## لە دوو دەوڵەتی هاوپەیمانەوە بۆ دوو دژبەر

توێژەر:

د. یاسین عزەم



**بەرایی**

سەربارى بتەوى پەيوەندييەكانى ئێران و ئيسرائيل، لە سەردەمى دەسەڵاتى محەمەد ڕەزاشا، بەڵام دواى سەركەوتنى شۆڕشى گەلانى ئێران لە ساڵى ١٩٧٩، كۆتايى بەو پەيوەندييانە هات، چونكە دەسەڵاتى تازەى ئێران بڕياريدا وەك دەوڵەت دان بە ئيسرائيلدا نەنێن، تەواوى پەيوەندييەكانى خۆشى لەگەڵ ئەو وڵاتە ڕاگرت. بڕياريدا هاوكارى گرووپە فەلەستينييە بەرهەڵستكارەكانى ئيسرائيليش بكات، بۆ ئەو مەبەستە هەر لەسەرەتاكانى سەركەوتنى شۆڕش ياسر عەرەفات، سەرۆكى ئەوكاتى بزووتنەوەى ڕزگاريخوازى فەلەستينى سەردانى تارانى كرد و بيناى باڵيۆزخانەى ئيسرائيليان خستە خزمەت بۆ ئەوەى وەك نووسينگەيەكى تايبەتى بزووتنەوەكەى بەكارى بهێنێت. ئيتر لەو قۆناغە بەدواوە پەيوەندييەكانى هەردوو وڵات لەو پەڕى خراپيدايە، بە جۆرێك ئێران لە ڕێگەى يارمەتيدانى گرووپە نەيارەكانى ئيسرائيلەوە بەردەوام كێشە بۆ ئاسايشى ئەو وڵاتە دروست دەكات. هێرشى ئيسرائيل بۆ سەر بنكەو بارەگاكانى هێزى قودسى سوپاى پاسداران لە سووريا، ناكۆكييەكانى ئێران و ئيسرائيلى قووڵتركردەوە، بەڵام ئەوەى كێشەى نێوان ئەم دوو دەوڵەتەى بەرەو بەريەككەوتنى ڕاستەوخۆ برد، هێرشەكانى ئەمدواييەى ئيسرائيل بوو بۆ سەر كونسوڵخانەى ئێران لە ديمەشق، دواتريش كوشتنى ئيسماعيل هەنيە لە خاكى وڵاتەكەى لە لايەن ئيسرائيلەوە، جگە لەوەش، كوشتنى حەسەن نەسروڵڵا و عەباس نيلفروشان لە بەيروتى پايتەختى لوبنان، وايكرد ئێران هێرشى ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئيسرائيل ئەنجام بدات.

ئەم نووسينەى بەردەست بۆ گفتوگۆكردنى هۆكارەكانى پەرەسەندنى گرژى و ئاڵۆزييەكانى نێوان ئێران و ئيسرائيل، هاوكات ئەگەرەكانى بەردەم ڕێگريكردن لە بەردەوامى و قوڵبوونەوەى ناكۆكييەكانى نێوان هەردوو وڵات.

## کورتەیەك دەربارەی پەیوەندییەکانی ئێران و ئیسرائیل، دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل

لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٧، محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی، هاوشێوەی دەوڵەتانی ناوچەکە، کە زۆرینە مسوڵمانبوون، ئامادە نەبوو ئیسرائیل وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ بناسێنێت. بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل هاوکات بوو لەگەڵ دەیەی یەکەمی دەستبەکاربوونی محەمەد ڕەزاشا وەك فەرمانڕەوای ئێران، کاتێك لە لایەن ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل خرایە دەنگدانەوە، شانبەشانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، ئێرانیش ئامادەنەبوو دەنگی پێبدات. ئەو هەڵوێستەی ئێران لەو کاتەدا بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە شای ئێران نەیدەویست ڕووبەڕووی پیاوانی ئایینی ببێتەوە لە ناوخۆی وڵات، ئەوە جگە لەوەی کە خێزانەکەی خەڵکی وڵاتی میسر و خوشکی مەلیك فاروق بوو، بۆ ڕازیکردنی دڵی وڵاتانی عەرەبی ئەو هەڵوێستەی نواند. هەڵوێستی نەرێنی ئێران، دەربارەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەکاتێکدابوو، کە وڵاتانی وەك یەکێتی سۆڤییەت و ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا دەنگیان بە دامەزراندی دەوڵەتی ئیسرائیل دا.

لە ڕاستیدا ئەو هەڵوێستەی ئێران دڵخوازی محەمەد ڕەزاشا نەبوو، چونکە ئەو خۆی دەرچووی خوێندنگاکانی وڵاتی سویسرا بوو، لە ئەورووپا خوێندنی تەواو کردبوو، نەیدەویست لە کاروانی پێشکەوتووخوازی وڵاتانی ئەورووپی بەجێبمێنێت. هەربۆیە دوو ساڵ دوای ئەوە، ئێران وەك دووەمین دەوڵەتی زۆرینە مسوڵمان، لە دوای دەوڵەتی تورکیا، بڕیاریدا دەوڵەتی ئیسرائیل بە فەرمی بناسێنێت. شای ئێران پێیوابوو دانانان بە دەوڵەتی ئیسرائیل دەرفەتێکی زێڕینە بۆ ئەوەی ئێران بتوانێت لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەك دەوڵەتێکی پیشکەوتووخواز بناسێنرێت و لە لایەن وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکاوە پشتگیری دەکرێت. هاوکات دەبوایە خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی پیاوانی ئایینی لە ناوخۆی وڵات و سەرکۆنەی وڵاتانی عەرەبی مسوڵمان لە ناوچەکە ئامادە بکات، چونکە بە بڕوای ئەوان دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر خاکی فەلەستینی زۆرینە مسوڵمان، بەمانای داگیرکردنی خاکی فەلەستین دەهات لە لایەن ئیسرائیلەوە، ئەوەش لە لایەن

وڵاتانی عەرەبی و پیاوانی ئایینی ئێرانەوە بە تاوان دادەنرا.

هەرچەندە شای ئێران بڕیاریدا باڵەخانەیەك لە ئیسرائیل بکڕێت و نوێنەرایەتی ئێرانی تیادابکاتەوە، بەڵام بە هۆکاری نارەزایەتی پیاوانی ئایینی و بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی ئێران و هەڵوێستی توندی دەوڵەتانی عەرەبی هاوسێی ئێران، ناچاربوو دوای دوو ساڵ لە کردنەوەی نوێنەرایەتی وڵاتەکەی لە ئیسرائیل دابخات. هەرچەندە ئێران واینیشاندا کە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل کەمکردۆتەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئێران و ئیسرائیل لەسەر ئاستی ئابووری و سیاسی و سەربازی پەیوەندییەکانیان تا دەهات ڕووبە گەشەسەندنبوو. شاردنەوەی ئەو پەیوەندییانە تەنها بۆ ڕازیکردنی دڵی پیاوانی ئایینی و وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی بوو.

دوای ئەوەی نەوتی ئێران خۆماڵیی کرا، ئیسرائیل بوو بە یەکێك لە کڕیارە گەورەکانی نەوتی ئێران و لە بەرامبەریشدا ئێران پێداویستییە سەربازییەکانی خۆی لە ئیسرائیلەوە دابیندەکرد. لە کاتی جەنگی «عەرەب-ئیسرائیل»، ئێران بەردەوام بوو لە پێدانی نەوتی خاو بە ئیسرائیل، ئەو بڕە نەوتەی کە لە لایەن وڵاتانی عەرەبییەوە بڕیاری ڕاگرتنی درا، لە لایەن ئێرانەوە پڕکرایەوە. ئەوە لەکاتێکدابوو، کە ئێران بێلایەنی خۆی ڕاگەیاند لەو شەڕە، بەڵام بە بڕوای چاودێران ئەو کارەی ئێران بە مانای لایەنگری ئیسرائیل لەقەڵەمدرا.

لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستەم پەیوەندییەکانی ئێران و ئیسرائیل چەندجارێك بەرزو نزمی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی لەسەروبەندی خۆماڵیکردنی نۆکەندی سوێس، کاتێك بەریتانیا و فەرەنسا هێرشیان کردە سەر میسر، هاوکات ئیسرائیل چووە پاڵ ئەو دوو وڵاتە دژ بە مسر، ئێران لایەنگری میسری کرد دژ بە ئیسرائیل و تەواوی ڕۆژنامەکانی ئێران دژ بەو هەنگاوەی ئیسرائیل وەستانەوە. لەشەستەکانی سەدەی بیستەم، شای ئێران پێیوابوو پیاوانی ئایینی ناتوانن وەك جاران ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، هەربۆیە بەشێوەیەکی ئاشکرا کەوتە بەستنی پەیوەندی ئابووری و سیاسی و سەربازیی لەگەڵ ئیسرائیل.

بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، هاوکاری زۆری شای ئێرانی کرد، بۆ ئەوەی لەسەر تەرزی دەوڵەتی ئیسرائیل ئێران پێشبخات، بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاریدا شارەزایانی ئیسرائیلی

بانگهێشتی وڵاتەکەی بکات بۆ ئەوەی ئێران ببێتە وڵاتێکی پێشکەوتوو وەك ئیسرائیل لە ناوچەکەدا. بە بڕوای محەمەد ڕەزاشا ئەو پێشکەوتنەی ئێران بە بێ ئیسرائیل بەدی نایەت، هەربۆیە چاوی لە ئێسرائیل بوو بۆ ئەوەی بتوانێت ئەویش هەنگاوی هاوشێوە بنێت.

لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەم پەیوەندییەکانی ئێران و ئیسرائیل لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، بەڵام سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ و کەوتنی دەسەڵاتی پەهلەوی لە ئێران، کۆتایی بە پەیوەندی لە مێژینەی نێوان ئێران و ئیسرائیل هێنا. ئەوانەی کە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان دامەزراند، بە هەموو شێوەیەك ڕەتیان کردەوە ئامادەبن دان بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا بنێن، تەنانەت بینای باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە تاران، پێشکەش بە یاسر عەرەفاتی سەرۆکی بەرەی شۆڕشگێڕی ئەوکاتی فەلەستین کرا، لە لایەن سەرانی شۆڕشی ئێرانەوە.

ئایەتوڵڵا خومەینی کە بوو بە ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران نەك ئامادە نەبوو دان بە ئیسرائیلدا بنێت، بەڵکو بانگەشەی بۆ ئەوە دەرکرد، کە ئەو دەیەوێت ئیسرائیل لەسەر ڕووی زەوی بسڕێتەوە و ئەو خاکەی داگیریکردووە لێیبسەندرێتەوە. هەربۆیە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩، ئێران و ئیسرائیلی لە دوو دۆستی گیانی بە گیانییەوە کرد بە دوو دووژمن، کە لە کەیمنندان بۆ سڕینەوەی یەکتری.

لەماوەی دەسەڵاتی ئایەتوڵڵا خومەینی و دواتریش هاتنەسەرکاری عەلی خامنەیی، دژایەتی ئێران بۆ ئیسرائیل بەردەوام بوو، بەردەوام لە ڕێگەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانەوە هەڵوێستی خۆیان دەربارەی دەوڵەتی ئیسرائیل دەربڕی، کە لە هوتافەکانیان مردن بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا بەرزدەکرایەوە

هەرچەندە لەسەردەمی سەرۆکایەتی محەمەدی خاتەمی، گرژییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل تاڕادەیەك خاوبووبوویەوە، بەڵام بە هاتنەسەرکاری ئەحمەدی نەژاد، جارێکی دیکە گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە پەرەی سەند، بە جۆرێك ئیسرائیل پێیوابوو ئێران دەیەوێت مووشەکی ناوەکی دروست بکات و هێرش بکاتە سەر وڵاتەکەی. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە سەرۆك کۆماری ئێران، ئەحمەدی نەژاد نییەتی خۆی بۆ لەناوبردنی

ئیسرائیل نەدەشاردە و لە کۆڕ و کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا بە ئاشکرا بانگەشەی بۆ سڕینەوەی ئیسرائیل دەکرد.

هەرچەندە پەیوەندییەکانی ئێران و ئیسرائیل لە دەیەی یەکەم و دووەمی سەدەی بیست و یەك، لەوپەڕی خراپیدا بوو، بەڵام هیچکام لەو دوو وڵاتە هێرشی ڕاستەوخۆیان بۆسەر یەکتری ئەنجام نەدا. ئێران لە ڕێگەی سوپای قودسی پاسداران و ئەو هێزە لایەنگرانەی (فاطمیون، زەیدییەکان حوسییەکان،حەشدی شەعبی و حیزبوڵڵا)، کە لە سووریا و عێراق و لوبنان و یەمەن، دروستی کردبوون، بەردەوام کێشەی بۆ ئیسرائیل دروست دەکرد، ئیسرائیلیش ناوبەناو هێرشی بۆ سەر ئەو هێزانە ئەنجام دەدا، بەو شێوەیە ئەو دوو وڵاتە ئیدارەی ناکۆکییەکانی نێوانیان دەدا.[١]

## هێرشی ئیسرائیل بۆسەرکونسوڵخانەی ئێران لە دیمەشق ووەڵامی ئێرانییەکان

لەکاتێکدا فشارێکی گەورە لە لایەن ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە لە ئیسرائیل دەکرا بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی غەزە، لە پیشهاتێکی چاوەڕواننەکراودا، ئیسرائیل هێرشێکی مووشەکی بۆ سەر کونسوڵخانەی ئێران لە دیمەشقی پایتەختی سووریا ئەنجامدا. بەپێی بنەما یاساییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کە لەسەری ڕێککەوتوون، هێرشێکی لەو جۆرە بەمانای پێشێلکردنی تەواوی ئەو یاسایانە دێت، کە لە لایەن وڵاتانی ئەندام لە ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دەرکراوە و دەبێت پابەندبن پێوەی. پاراستنی بینای کونسوڵخانە و باڵیۆزخانەکان لە هەر وڵاتێکدابێت، دەبێت لە لایەن وڵاتی خاوەنماڵەوە پارێزگاری لێبکرێت، هاوکات ئەنجامدانی هێرشەکەی ئیسرائیل بە مانای هێرشی ڕاستەوخۆی ئەو وڵاتە دەهات بۆ سەر خاکی ئێران.

بە وتەی حسەین ئەکبەری باڵیۆزی ئێران لە سووریا، لە لایەن فڕۆکەی شەڕکەری ئێف٣٥ی ئیسرائیلی لە بەرزاییەکانی جۆلانەوە بە شەش مووشەك بینای کونسوڵخانەی ئێرانیان، لە دیمەشق کراوەتە ئامانج. هەرچەندە باڵیۆز و خانەوادەکەی سەلامەت بوون، بەڵام یەکێك لە فەرماندە باڵاکانی سوپای قودسی پاسداران بەناوی محەمەد ڕەزا زاهیدی لە ئەنجامی هێرشەکە کوژرا، ئەوە سەرباری کوشتنی چەند کەسێکی دیکە و برینداربوونی چەندین کەس. ئامانجی سەرەکی ئیسرائیل لە ئەنجامدانی هێرشەکە کوشتنی فەرماندەکەی

سوپای قودسی پاسداران بوو، چونکە بە بڕوای ئیسرائیل ئەو فەرماندەیە ڕۆڵی هەبووە لە یارمەتیدانی حیزبوڵڵا و حەماس و هەر ئەوەش پاڵنەری سەرەکی کوشتنی بووە لە لایەن ئیسرائیلەوە. جگە لەوەش ئیسرائیل بەو هەنگاوە ویستی ئەوەبداتە بەرگوێی دوژمنەکانی کە ئەوان جددین لە هێرشکردنە سەر نەیارەکانیان لە هەرجێگە و پێگەیەکدابن.

لە دوای ساڵی ٢٠١٥، ئیسرائیل چەندین جار هێرشی مووشەکی بۆ سەر گرووپە لایەنگرەکانی ئێران لە خاکی سووریا ئەنجامداوە، تەنانەت چەند جارێك هێرشی بۆ سەر بنکەی سەرەکی هێزەکانی سوپای قودسی پاسدارانی ئێران لە سووریا ئەنجامداوە، بەڵام ئێران جگە لە دەربڕینی هەڵوێستی توند هیچ کاردانەوەیەکی هاوشێوەی ئەنجانەداوە، پەنای بۆ هێرشی مووشەکی ڕاستەوخۆی وڵاتەکەی بۆ ئیسرائیل نەبردووە. بەڵام بەردەوام لە ڕێگەی هێزە لایەنگرەکانییەوە لە سووریا و لوبنان، هەوڵی ئەوەیداوە تۆڵەی خۆی لە ئیسرائیل بکاتەوە. بە بڕوای ئیسرائیل، هێرشەکەی بزووتنەوەی حەماس لە حەوتی ئۆکتۆبەر، ئێران لە پشتییەوە بووە، هەربۆیە ویستی پەیامی تۆڵەسەندنەوەی خۆی بە ئێرانییەکانیش بدات.[٢]

دوابەدوای هێرشەکەی ئیسرائیل نوێنەری ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان سکاڵانامەیەکی ئاڕاستەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی ئیسرائیل بەرامبە بە وڵاتەکەی. هاوکات ئەوەشیان بۆ زیادکردبوو کە وڵاتەکەیان مافی وەڵامدانەوەی ئەو هێرشانەی هەیە. لەڕاستیدا پێشتر و دەیان جار ئیسرائیل هێرشی کردبووە سەر گرووپە لایەنگرەکانی ئێران لە سووریا، بەڵام هەرگیز، تاران پەنای بۆ وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆ نەبردبوو. ئەوەی ئێرانی ناچارکرد بەو شێوە توندە بکەوێتە پڕوپاگەندەی وەڵامدانەوەی ئیسرائیل، بە بڕوای چاودێران بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لە ئەگەری وەڵامنەدانەوەی، ئیتر هێزە لایەنگرەکانی ئێران لە وڵاتانی ناوچەکە ئومێدیان بەوە نامێنێت کە ئێران دەتوانێت پشتگیریان بکات، چونکە ئەوەتا ناتوانێت کونسوڵخانە و باڵیۆزخانەکەشی لە هێرشی ئیسرائیل بپارێزێت.

دوابەدوای هێرشە مووشەکییەکەی ئیسرائیل، وەزیری دەرەوەی ئێران، ڕایگەیاند ئەوان پەیامێکیان بۆ ئەمریکا ناردووە، سەبارەت بە دەستدرێژییەکانی ئیسرائیل، سەبارەت

بە ناردنی پەیامەکەیان بۆ ئەمریکا لە بری ئیسرائیل، جەختی لەوە کردەوە، کە «ئەوە ئەمریکایە پارێزەری ڕژێمی داگیرکەری سەهیۆنییە، ئەگینا ئەوان ناتوانن دەستدرێژی لەو شێوەیە ئەنجامبدەن». سەبارەت بە پەیامەکەی ئێران، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند» کە ئەوان لە ئێستادا لێکۆڵینەوە لەو ڕوداوە دەکەن و دەیانەوێت بگەنە ڕاستی ڕوداوەکە و هۆکارەکانی ئەنجامدانی و نایانەوێت کێشەکە لەوە زیاتر پەرە بسێنێت». وتەبێژەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا جەختی لەوە کردەوە کە ئەوان نایانەوێت ناوچەکە ڕووبەڕووی گرژی و ئاڵۆزی گەورە ببێتەوە و دەیانەوێت کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەربکرێت.

هاوکات بە شێك لە وڵاتانی ناوچەکەش هێرشەکەی ئیسرائیلیان سەرکۆنە کرد، لە ناویاندا عەرەبستانی سعودی، لە بەیاننامەی وەزارەتی دەرەوەیاندا سەرکۆنەی هێرشەکەی ئیسرائیلیان کرد و جەختیان لەسەر پاراستنی دامەزراوە دیبلۆماسییەکان کردەوە لە تەواوی وڵاتانی جیهان.[٣] لای خۆشیەوە دەوڵەتی سووریا بە توندترین شێوە سەرکۆنەی هێرشە مووشەکییەکەی ئیسرائیلی کرد بۆ سەر کونسوڵخانەی ئێران لە وڵاتەکەی. لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە جەخت لەوە کرایەوە، کە ئەو هێرشە تەواوی یاسا نێودەوڵەتییەکانی پێشێلکردووە، هەربۆیە سووریا شانبەشانی ئێران ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیلە، هاوکات جەختیشی لەوە کردەوە کە ئێران مافی ئەوەی هەیە وەڵامی ئەو هێرشانەبداتەوە و هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئیسرائیل ئەنجامبدات.[٤]

ئێرانییەکان بەڵێنیاندا تۆڵەی ئەو هێرشە لە ئیسرائیل بکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستە کەوتنە دارشتنی پلانی هێرشی مووشەکی بۆ سەر خاکی ئیسرائیل، ئەوە لە کاتێکدابوو کە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکاش داوایان لە ئێران کرد دان بەخۆیدا بگرێت و هێرشی مووشەکی بۆ سەر خاکی ئیسرائیل ئەنجام نەدات، چونکە لەوەها دۆخێکدا ڕەنگە ئیسرائیل وەڵامی بۆ هێرشەکانی ئێران هەبێت و بەوەش قەیرانەکە زیاتر پەرە دەسێنێت. ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەوەوە نەوەستا، بەڵکو پەیامێکی هەڕەشەئامێزی ئاڕاستەی ئێرانییەکان کرد و پێی ڕاگەیاندن کە لە ئەگەری هێرشی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل،

ئەوا وڵاتەکەی پشتی ئیسرائیل دەگرێت و بەتەنیا بەجێی ناهێڵێت. هەربۆیە ئێران لەوە تێگەشت، کە دەبێت هێرشەکانی بە جۆرێك بێت نەبێتە مایەی نارەزایەتی ئەمریکا و کارێك نەکات ئەمریکا پەلکێشی ململانێکە بکات.[٥]

ئێران بەڵێنی خۆی کرد بە کردار و لە خاکی وڵاتەکەیەوە بە دەیان مووشەك و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئاڕاستەی خاکی ئیسرائیل کرد، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتە بڵاویان کردەوە کە لە تۆڵەی هێرشی مووشەکی ئیسرائیل بۆ سەر کونسوڵخانەی وڵاتەکەیان لە دیمەشق، ئێران بە دەیان مووشەك و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئاڕاستەی خاکی ئیسرائیل کردووە. ئەوە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی کۆماری ئیسلامی کە لە خاکی وڵاتەکەیەوە بە شێوەیەکی ڕەسمی هێرش بۆ سەر خاکی ئیسرائیل ئەنجام بدات، چونکە پێشتر هێرشەکانی ئێران لە ڕێگەی هێزە لایەنگرەکانییەوە بوو. هەرچەندە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێرانەوە هێرشەکە زۆر بە گەورە و کەمەرشێکن ناوبرا، بەڵام ئیسرائیل ڕەتی کردەوە کە هێرشە مووشەکییەکەی ئێران زیانێکی ئەوتۆی بە وڵاتەکەی گەیاندبێت. سوپای ئیسرائیل لە ڕاگەیەندراوێکیاندا ئەوەی دووپات کردەوە، کە ئێران نزیکەی ١٧٠ فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و ٣٠ مووشەکی کروز و ١٢٠ مووشەکی بالستی، ئاڕاستەی خاکی وڵاتەکەیان کردووە. جگە لە بەشێك لە مووشەکە بالستیکەکان، هیچ کام لە مووشەکە کروز و فڕۆکە بێفڕۆکەواەکان نەگەیشتوونەتە سەر زەوی ئیسرائیل و بە ئاسمانەوە لەناوبراون.

دوای هێرشی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا سەرکۆنەی هێرشەکەی ئێرانیان کرد. نوێنەری ئیسرائیل لە نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە ئەنجومەنی ئاسایش کرد، کە کۆبوونەوەیەکی بەپەلە سەبارەت بە هێرشەکەی ئێران ئەنجامبدات و داوای کرد سوپای پاسداران بخرێتە لیستی تیرۆرەوە. هەرچەندە بەشێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بە هێرشەکەی ئێران وەستانەوە، بە ڵام وڵاتی چین، هەڵوێستێکی جیاوازی هەبوو، داوای لە ئێران و ئیسرائیل کرد کارێك نەکەن لەوە زیاتر ناوچەکە دووچاری قەیرانی گەورەتر ببێتەوە، هاوکات داوای کۆتاییهێنان بەشەڕی ئیسرائیل و غەزەشی کرد.[٦]

## کوشتنی ئیسماعیل هەنیە و حەسەن نەسروڵڵا و عەباس نیلوفورشان، لە لایەن ئیسرائیل و هەڵوێستی ئێران لەو بارەیەوە

دوای کوشتنی ئیسماعیل هەنیە، بەرپرسی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی حەماسی فەلەستینی لە تارانی پایتەختی ئێران لە لایەن ئیسرائیلەوە. ئێران بەڵێنیدا وەڵامی ئەو هێرشەی ئیسرائیل بداتەوە، هەنیە لەسەر بانگهێشتی ئێران و بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی سەرۆك کۆماری نوێی ئێران، مەسعود پزیشکیان لە تارانی پایتەختی ئەو وڵاتە بوو. بەڵام لە لایەن ئیسرائیلەوە لە جێگەی مانەوەکەی لە ئوتێلێکی ئەو شارە لە شەوی ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤، کرایە ئامانج و کوژرا. دوای کوشتنی هەنیە، دواتریش لە ٢٧ی سێبتەمبەردا لە هێرشێکی مووشەکی بۆ سەر شاری بەیروت هەریەکە لە حەسەن نەسروڵڵای ئەمینداری گشتی حیزبوڵلا و عەباس نیلفورشان، جێگری فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکان لە سوپای پاسدارانی ئێران، کوژران.[٧]

هەرچەندە دوای کوشتنی ئیسماعیل هەنییە، ئێران بەڵێنیدا تۆڵەی خوێنی ئەو سەرکردە فەلەستینییە بکاتەوە، بەڵام هەڕەشەکانی ئێران هیچیان نەبوون بە کردار، بەشێك لە سەرچاوەکانی هەواڵ باسیان لەوە دەکرد کە دواکەوتنی وەڵامی ئێران بۆ هێرشە مووشەکییەکەی ئیسرائیل پەیوەندیدارە بە فشارە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئێران و داواکاری دان بەخۆداگرتن، ئەوە لە لایەك و بەڵێنی هاوکاریکردنی ئێران بۆ گەڕانەوەی ئەمریکا بۆ ڕێکەوتنی ناوەکیی و وەستاندنی شەڕی غەزە. هەموو ئەو باس و خواسانە لەسەر مێزی گفتوگۆی لایەنە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بوو، بەڵام ئێرانییەکان لە زاری سەرچاوە سەربازییەکانەوە سووربوونی وڵاتەکەیان بە هێرش بۆ سەر ئیسرائیل و تۆڵەی کوشتنی هەنیە دەکردەوە. بارودۆخەکە بەو شێوەیە بوو تا ئەوکاتەی ئیسرائیل لە هێرشێکی چاوەڕوان نەکراودا ئەمینداری گشتی حیزبوڵڵا و فەرماندەیەکی باڵای سوپای قودسی پاسدارنی لە بەیروت کوشت. ئیتر ئەوە ئێرانییەکانی زیاتر هاندا بۆ ئەوەی بە خێرایی و لە ماوەیەکی کەمدا وەڵامی ئەو هێرشەی ئیسرائیل بدەنەوە.[٨]

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە سوپای پاسدارانی ئێران بە ڕۆژنامەی ئیعتیمادی ڕاگەیاند، کە کوشتنی حەسەن نەسروڵڵا و نیلفروشان لە لایەن ئیسرائیلەوە بەمانی بەزاندنی هەموو هێڵە سوورەکانی ئێران دێت، هەربۆیە وڵاتەکەی لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا وەڵامی ئەو هێرشەی ئیسرائیل دەداتەوە، ڕۆژنامەی کەیهانیش ئەوەی بڵاوکردەوە کە ئێران

سەرقاڵی خۆئامادەکردنە بۆ ئەنجامدانی هێرشی مووشەکی بۆ سەر خاکی ئیسرائیل و چەند جێگەیەکیش لەناویاندا ژێرخانی ئابووری ئیسرائیل و چەند ناوچەیەکی سەربازی بۆ ئەوەی ببێتە ئامانجی هێرشە مووشەکییەکانی ئێران. ڕۆژنامەکە جەختی لەوە کردەوە کە وڵاتەکەی دوودڵ نییە لە ئەنجامدانی هێرشە مووشەکییەکە و ئەوە تەنها دیاریکردنی کاتی ماوە و بە دڵنیاییەوە ئێران هێرش بۆسەرخاکی ئیسرائیل ئەنجام دەدات.[٩]

لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠٢٤/١٠/١، ئێران بە نزیکەی ١٨٠ مووشەکی بالیستی، هێرشی بۆ سەر ئیسرائیل ئەنجامدا، لە ڕاگەیەندراوێکی سوپای پاسدارانی ئێراندا، ئەوەیان دووپات کردەوە کە هەڵدانی ئەو مووشەکانە بە ئاراستەی خاکی ئیسرائیل، لە تۆڵەی کوشتنی ئیسماعیل هەنیە و حەسەن نەسوڵڵا و عەباس نیلفورشان بووە. هاوکات لە بەیاننامەکەیاندا سوپای پاسداران جەختیان لەوە کردەوە لە ئەگەری وەڵامدانەوەی ئیسرائیل، ئەوا ئێران زۆر لەم جارە بەهێزتر وەڵامی ئیسرائیل دەداتەوە.[١٠] هەرچەندە ئێران هێرشەکەی ناونابوو«وعد صادق٢» و لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە زۆر بە کاریگەر پیشان دەدرا، بەڵام ئیسرائیل ڕەتیکردەوە کە هێرشەکەی ئێران زیانێکی ئەوتۆی پێگەیاندبن، هاوکات جەختیشیان لەوە کردەوە کە بە دڵنیایی وەڵامیان بۆ هێرشەکەی ئێران دەبێت.

دوای هێرشە مووشەکییەکانی ئێران، ئیسرائیل ڕایگەیاند ئەوان لە ماوەیەکی نزیك وەڵامێکی توندی ئێرانییەکان دەدەنەوە، سەرچاوەکانی هەواڵ لە زاری لێپرسراوانی باڵای ئیسرائیلەوە ئەوەیان ئاشکرا کرد، کە ئەو وڵاتە چەند ناوچەیەکی دیاری کردووە بۆ ئەوەی هێرشیان بکاتە سەر، لەناویاندا دامەزراوە ناوەکییەکان و دامەزراوە نەوتییەکان بوونیان هەیە. ئەوە سەرباری دامەزراوە سەربازییەکان کە یەکێکە لە هەڵبژاردەکانی ئیسرائیل بۆ ئەوەی هێرشی بکاتە سەر. هەرچەندە ئەمریکا دژایەتی ئەنجامدانی هێرشی سەربازی ئیسرائیلی نەکرد، بەڵام داوای لەو وڵاتە کرد، کە لە هێرشەکانیاندا دامەزراوە نەوتی و ناوەکییەکان نەکەنە ئامانجی هێرشەکانیان. وەك سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن ئیسرائیل بە پەنهانی بەڵێنی بە ئەمریکادابوو کە هێرش ناکەنە سەر ئەو دامەزراوانە و تەنها دامەزراوە سەربازییەکان دەکەنە ئامانج.[١١] هەڕەشەکانی ئیسرائیل لە کاتێکدابوو، کە ئێرانییەکان بەردەوام هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد لە ئەگەری هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر وڵاتەکەیان، بە دڵنیایی وەڵامی دەدەنەوە عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی ئێران، لە چاوپێکەوتنێکیدا ئاماژەی بەوە کرد هێرشی ئیسرائیل بۆ

سەر خاکی وڵاتەکەی بەمانای بەزاندی هێڵی سووری ئێران دێت، هەربۆیە هەر هەوڵێکی لەو شێوەیە بێگومان بێ وەڵام نابێت، هاوکات ئاماژەی بەوە کرد، ئەگەر ئیسرائیل هێرش بۆ سەر دامەزراوە ناوەکییەکان بکات بێگومان وەك خۆی وەڵامی دەدەینەوە.[١٢]

سەرچاوەکانی هەواڵ سەبارەت بە ئەگەری ئەنجامدانی هێرشی سەربازی ئیسرائیل بۆ سەر خاکی ئێران ئاماژەیان بەوە کرد، کە هێرشەکە پێش هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ئەنجام دەدرێت، هەرچەندە نزیکەی چەند هەفتەیەك بەسەر هێرشەکانی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل تێپەڕی بوو، بەڵام ئیسرائیل لە ئامادەکاری ئەنجامدانی هێرشەکەیدابوو. لێپرسراوێکی باڵای ئەمریکا لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی واشنتن پۆست ئاماژەی بەوە کرد، کە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، سەرۆکی ئەمریکای ئاگادارکردووە لە کات و شوێنی ئەنجامدانی هێرشەکەی بۆ سەر ئێران و بەڵێنی بە سەرۆك بایدن داوە کە دامەزراوە سەربازییەکانی ئێران بکاتە ئامانج، هاوکات ئەوەشی خستەڕوو هێرشەکە پێش هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ئەنجام دەدرێت، پاساوی ئەوەشی بۆ ئەوەگەڕاندەوە کە ڕەنگە ئێرانییەکان ئەوە بە نیشانەی لاوازی ئەمریکا و ئیسرائیل بزانن. هەربۆیە ئیسرائیل بە شێوازی خۆی ئەو کارە ئەنجام دەدات.[١٣]

دوای تێپەڕینی سێ هەفتە لە هێرشەکەی ئێران لە ڕۆژی ٢٦ی ئۆکتۆبەری٢٠٢٤، هێرشی بۆ سەر خاکی ئێران دەستپێکرد، لە ڕاگەیەنراوی فەرمی سوپای ئیسرائیل ئەوە هاتبوو کە وڵاتەکەی لەڕێگەی هێزی ئاسمانییەوە هێرشێکی بەرفراوانی کردۆتە سەر ئێران. سوپای ئیسرائیل ئەوەشی دووپات کردەوە کە لە هێرشەکەیاندا چەند بنکەیەکی سەربازی ئێرانیان لە چەند ناوچە و شارێکی جیاواز کردۆتە ئامانج. ئەو فڕۆکە شەڕکەرانەی کە چالاکییەکەیان پێسپێدرابوو، بە سەلامەتی گەڕانەوە خاکی وڵاتی ئیسرائیل و ئامانجەکەیان پێکا. وتەبێژی سەربازی سوپای ئیسرائیل لە ڕاگەیەنراوێکیدا ئەوەی دووپات کردەوە، کە هێرشەکە لەسەر ڕاسپاردەی کەسایەتییە سیاسییەکانی ئیسرائیل بووە، لە تۆڵەی هێرشەکانی ئەمدواییەی ئێران بۆ سەر وڵاتەکەیان.

دوابەدوای هێرشەکەی ئیسرائیل، لێپرسراوێکی باڵای ئەمریکا ئەوەی ئاشکرا کرد، کە هێرشی ئیسرائیل کۆتاییپێهاتووە، هەربۆیە داوا لە ئێران دەکەم دان بەخۆیدا بگرێت و وەڵام نەداتەوە، بۆ ئەوەی دۆخی ناوچەکە لەوە زیاتر بەرەو ئاڵۆزی هەنگاو نەنێت. چونکە لە

ئەگەری وەڵامدانەوەی ئێران، ئەوە جارێکی دیکە ئیسرائیل هێرش دەکاتەوە سەر ئێران، ئەوەش ڕەنگە لێکەوتەی خراپی هەبێت بۆ ئێران و ناوچەکەش.[١٤]

هەرچەندە لێپرسراوانی باڵای سەربازی ئێرانی ئەوەیان ئاشکرا کرد، کە هێرشەکەی ئیسرائیل بە جۆرێك بووە، کە شایەنی باسکردن نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیان بەوەکرد وڵاتەکەیان مافی وەڵامدانەوەی ئەو دەستدرێژیانەی ئیسرائیلی هەیە. لەگەڵ ئەوەی بەشێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێران لە هەوڵی کەمکردنەوەی کاریگەری هێرشەکانی ئیسرائیل، لەسەر ئێران بوون، بەتایبەتی ئاژانسی هەواڵی تەسنیم، ئەوەی بڵاوکردەوە کە بانگەشەکانی ئیسرائیل سەبارەت بە ئامانجگرتنی ٢٠ بنکەی سەربازی ئێران دوورن لە ڕاستییەوە و ئاماژەی بەوە کرد، هێرشەکان زۆر لەوە کەمتر بوون کە ئیسرائیل ئاماژەی بۆ دەکات.[١٥]

عەلی خامنەیی ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران، دوای ڕۆژێك لە هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر وڵاتەکەی ڕایگەیاند، کە نابێت ئەو هێرشانەی ئیسرائیل بە کەم سەیر بکرێن، هەروەك چۆن نابێت لە قەبارەی خۆی زیاتریش گەورە بکرێن، ئەو لێدوانەی خامنەیی لە وەڵامی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتەکەیدا بوو، کە لە قەبارەی هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر وڵاتەکەیان کەمکردەوە. خامنەیی جەختی لەوە کردەوە، کە ئیسرائیل هەڵەی کردووە لەو حساباتەنەی کە بۆ هێرشی سەر ئێران کردوویەتی. ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران باسی لە هێز و توانای خەڵکی ئێران و سوپاکەی کرد، ئاماژەی بەوەش کرد لێپرسراوانی ئێرانی دەزانن، کە چۆن ئیسرائیل تێبگەیەنن، لەو هەڵەیەی کە کردویەتی.

هەرچەندە هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەو ئاڕاستەیە، کە داوا لە ئێران دەکەن، دان بەخۆیدا بگرێت، بەڵام تاران جەخت لەوە دەکاتەوە کە مافی خۆیەتی وەڵامی بۆ هەر دەستدرێژییەکی ئیسرائیل هەبێت. سەرۆك کۆماری تازە هەڵبژێردراوی ئێران، مەسعود پزیشکیان، لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی هەوڵ بۆ ئەوە نادات کە بکەوێتە شەڕەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئامادەی وەڵامدانەوەی هێرشەکانی ئیسرائیلە بۆ سەر وڵاتەکە. لە بەرامبەریشدا سوپای ئیسرائیل هەڕەشەی ئەوە دەکات لە ئەگەری وەڵامدانەوەی ئێران، ئیسرائیل وەڵامی دەبێت، ئەوەش جارێکی دیکە بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەبات.[١٦]

## ئەنجام

– لەگەڵ ئەوەی دوای ساڵی ٢٠١٥، سوپای ئیسرائیل چەندینجار هێرشی مووشەکی بۆ سەر هێزە لایەنگرەکانی ئێران لە سووریا و تەنانەت هێرشی بۆ سەر سوپای قودسی پاسداران کە بنکەکەیان لە سووریا بوو ئەنجامدا، هیچ کاتێك ئێران وەڵامی ئەو هێرشانەی نەدایەوە، تەنها بە دەربڕینی بەیاننامە و لەسەر ئاستی ڕۆژنامە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بوو. بەڵام کاتێك ئیسرائیل هێرشی بۆ سەر کونسوڵخانەکەی ئەنجامدا، ئێرانییەکان بڕیاریاندا بۆ یەکەمین جار لە ڕێگەی خاکی وڵاتەکەیانەوە هێرشی مووشەکی بۆ سەر ئیسرائیل ئەنجامبدەن، چونکە لەوە دڵنیابوون وڵاتانی ناوچەکە و بەشێك لە زلهێزەکان هاوهەڵوێستی ئێرانن، چونکە ئیسرائیل هێرشی بۆ سەر بنکەیەکی دیبلۆماسی کردووە کە لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە دەبێت ئەو بنکانە پارێزراوبن.

– هەرچەندە ئێران شەڕی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئیسرائیلدا نییە، بەڵام بەردەوام لە ڕێگەی گرووپە لایەنگرەکانییەوە لە ناوچەکە گرفت بۆ ئیسرائیل دروست دەکات، ئەوش پاڵ بە ئیسرائیلەوە دەنێت ناوبەناو هێرش بۆ سەر ئەو گرووپانە ئەنجام بدات.

– کوشتنی هەنیە و نەسروڵلاو نیلفروشان، بەلای ئێرانەوە بەزاندنی هێڵی سوور بوو، هەربۆیە بڕیاریدا هێرشی مووشەکی لە وڵاتەکەیەوە بۆ سەر ئیسرائیل ئەنجام بدات. بە بڕوای چاودێران هێرشەکانی ئێران بەجۆرێك بوون، کە نەبێتە مایەی تووڕەکردنی ئیسرائیل کە وەڵامێکی وەهای ئێران بداتەوە ناوچەکە دووچاری شەڕێکی گەورەی نێودەوڵەتی ببێتەوە، هاوکات وەڵامی هێرشی ئیسرائیل بۆ ئێرانیش بە جۆرێك بوو ئێران بتوانێت تاڕادەیەك دان بەخۆیدا بگرێت و وەڵامی ڕاستەوخۆی نەداتەوە. بەڵام ئەو هەنگاوانە گرووپە لایەنگرەکانی ئێران ناوەستێنێت و بەردەوامدەبن لە هێرش و پەلامارەکانیان بۆ سەر خاکی ئیسرائیل.

– لە قۆناغی ئێستادا هیچکام لە ئیسرائیل و ئێران لە بەرژەوەندیاندا نییە، شەڕەکە بە جۆرێك فراوانبێت، نەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت. ئێران لە ئێستادا لە دۆخێکی ئابووری سەختدایە و نایەوێت وڵاتەکەی دووچاری شەڕێکی گەورەی دەرەکی ببێتەوە. ئیسرائیلیش نایەوێت بەرەی شەڕەکەی لە ئێستادا فراوانبێت و توانای کۆنترۆڵکردنی نەمێنێت. ئەوە سەرباری نارەزایەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئەگەری کردنەوەی بەرەی شەڕی گەورە و بەرفراوان لە نێوان ئێران و ئیسرائیل.

## پەراوێزەکان

١. بیش از چهار دهه مناقشه، ایران و اسرائیل چه خواهد کرد؟ لەماڵپەڕی independentpersian.www. com، لە بەرواری ٢١/١٠/٢٠٢٤، بڵاوکراوەتەوە.

٢. کیوان حسینی، حمله به کنسولگری ایران در سوریه؛ اسرائیل به دنبال چیست؟، لە ماڵپەڕی https://www.bbc.com/persian/articles، لە بەرواری ١٤/ فروردین ١٣٠٣ بڵاوکراوەتەوە.

٣. حمله هوایی به کنسولگری ایران در دمشق؛ تهران خواستار نشست فوری شورای امنیت شد، لەماڵپەڕی https://www.bbc.com/persian/articles، لە بەرواری ١٣/فروردین ١٣٠٣ بڵاوکراوەتەوە.

٤. سوریه: حق پاسخگویی برای جمهوری اسلامی ایران محفوظ است، لە ماڵپەڕی https://www. mehrnews.com/news، بەرواری سەردان ٥/ آبان ١٤٠٣.

٥. پیام ایران به واشنگتن: پاسخ به اسرائیل حتمی است اما نه عجولانه و تنش‌زا، لەماڵپەڕی https:// parsi.euronews.com/2024/04/12/irans، لەبەرواری ١٦/٤/٢٠٢٤، بڵاوکراوەتەوە.

٦. سپاه پاسداران با صدها موشک و پهپاد به اسرائیل حمله کرد؛ تل‌آویو از مهار ٩٩ درصدی حملات ایران خبر داد، لەماڵپەڕی https://parsi.euronews.com/2024/04/13/iran-began.

٧. الردع بلا حرب: كيف سترد إسرائيل على هجمات «الوعد الصادق ٢» الإيرانية؟، لە ماڵپەڕی https:// epc.ae/ar/details/scenario، لە بەرواری ٩/اوتبر/٢٠٢٤، بڵاوکراوەتەوە.

٨. حنان عزيزى، الصحافة الإيرانية... دعوات لاستهداف البنية التحتية في إسرائيل، لە ماڵپەڕی https://www.majalla.com/node، لە بەرواری ١٢/اوکتوبر/٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.

٩. حنان عزيزى، الصحافة الإيرانية... دعوات لاستهداف البنية التحتية في إسرائيل، لە ماڵپەڕی https://www.majalla.com/node، لە بەرواری ١٢/اوکتوبر/٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.

١٠. وزارت خارجه ایران: پاسخ ترور نیلفروشان را می‌دهیم، لە ماڵپەڕی https://farsi.alarabiya.net/ iran، لە بەرواری ١٤/اکتوبر/٢٠٢٤، بڵاوکراوەتەوە.

١١. واشینگتن‌پست: نتانیاهو به بایدن گفت قصد دارد به تاسیسات نظامی ایران حمله کند، لە ماڵپەڕی https://www.iranintl.com/، لە بەرواری ٢٣/مهر/١٤٠٣.

١٢. عراقچی: اسرائیل پاسخ متناسب به هر حمله علیه ایران را دریافت خواهد کرد، لە ماڵپەڕی https://farsi.alarabiya.net/iran> لە بەرواری ٢٠/اکتوبر/٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.

١٣. مسؤول أميركي يكشف لواشنطن بوست موعد الرد الإسرائيلي على إيران وطبيعة الأهداف، لە ماڵپەڕی https://www.alhurra.com/israel، لە بەرواری ١٥/اکتوبر/٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.

١٤. إسرائيل تشن هجوما على إيران وانفجارات تهز طهران، لە ماڵپەڕی https://www.aljazeera.net/ news> لە بەرواری ٢٦/اکتوبر/٢٠٢٤، بڵاوکراوەتەوە.

١٥. ماذا قالت إيران وإسرائيل وأميركا بعد الهجوم الإسرائيلي على إيران؟، لە ماڵپەڕی https://www. aljazeera.net/news، لە بەرواری ٢٦/١٠/٢٠٢٤، بڵاوکراوەتەوە.

١٦. نتنياهو يؤكد أن الهجوم على إيران «حقق أهدافه»، وخامنئي يعلّق: لا نضخّم ولا نقلل من الرد الإسرائيلي، لە ماڵپەڕی https://www.bbc.com/arabic، لە بەرواری ٢٧/اکتوبر/٢٠٢٤، بڵاوکراوەتەوە.



# سیاسەتی ئێران لە ئاسیای ناوەڕاست

## لەسەردەمی حەسەن ڕۆحانیدا [٢٠١٣-٢٠١٧]

تەحسین وسو عەبدوڵڵا

خوێندکاری دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان

## پوختە

لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، ئێران پێویستی بە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دراوسێ نوێیەکانی هەبوو بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە ئەمنی و سیاسی و ئابوورییەکانی. لەم ڕوانگەیەوە تاران، کاری کرد لەسەر سیاسەتێکی دەرەکی پراگماتیکی سەربەخۆ لە "ناسنامەی شۆڕشگێڕانەی" خۆی لەم ناوچەیەدا، بۆ ئەوەی وەڵامی کاردانەوەکان بداتەوە بەرامبەر بە شوناسی شۆڕشگێڕی-پێداچوونەوەخوازی خۆی لە ئاسیای ناوەڕاستدا. ئەم ستراتیژەی سیاسەتی دەرەوە لە بنەڕەتدا؛ ئامانجی سنووردارکردنی دەستێوەردانەکانی ڕۆژئاوایە لە ناوچەکە، هەروەها ناوچەکەش تاران وەک هاوبەشێکی متمانەپێکراوی یەکسان لەگەڵ ئەکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی دیکە. ئێران بە گرتنەبەری ڕۆڵی ناوبژیوان لە ململانێکانی ناوچەییدا هەوڵی داوە وێنەی خۆی لە چاوی وڵاتانی ناوچەکەدا بگۆڕێت.

تێڕوانین بۆ "نا دڵنیایی" و "دەوردان" کە لەگەڵ دەستێوەردانی ئەفغانستاندا سەریهەڵدا، وەک فاکتەری کاریگەر لە پێداچوونەوەی ئێران بە ستراتیژییە ناوچەییەکانیدا، ئێران بە ئامانجی شکاندنی گۆشەگیریی سیاسی لە چوارچێوەی ڕێکخراوە ناوچەییەکان، ئامانجی زیادکردنی یەکگرتنی ناوچەیی و چوونە ناو پەیوەندییە بازرگانییە چالاکترەکانە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا.

**وشە سەرەکییەکان:**

ئاسیای ناوەڕاست، سیاسەتی دەرەوە، ئاسایش، ستراتیژی نوێی هەرێمایەتیکردن.

**بەرایی**

ئێران پەیوەندی مێژوویی و فەرهەنگی لەگەڵ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست هەیە، ئەمەش بنەمایەکی بەهێز بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان دەستەبەر دەکات. ئێران جگە لە پەیوەندی مێژوویی و فەرهەنگی، هەڵکەوتەکەی لە گۆڕەپانی نێوان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست، ئەو سوودە جوگرافییەی هەیە کە نزیکە لە زۆرێک لە یەدەگی وزە ناسراوەکانی جیهان، وەک نەوت و گازی سروشتی.

لەم چوارچێوەیەشدا، ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ئێران بە کەڵک وەرگرتن لە قازانجەکانی، هەوڵ دەدات کایەی نفوز لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست زیاد بکات لە دوای ڕووخانی سۆڤیەت، بە تایبەتیش ئامانجی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی بکاتە بەشێک لە سیاسەتی دامەزراندنی پێگە و نفوزی خۆی لە ناوچەکەدا.

ئەگەرچی سۆڤیەت کۆمەڵگەکانی ئاسیای ناوەڕاستی گۆڕی بوو بۆ کۆمەڵگەی سێکۆلار و مۆدێرن، ئەمەش بەهۆی بوونی درێژخایەنی لە ناوچەکە و کۆنترۆڵی بەهێزی حکومەت بەسەر دامەزراوە ئایینییەکان و کۆمەڵگە و تاکەکاندا. ئەم گۆڕانکارییە لە کاتێکدا کە دیدگای وڵاتانی ناوچەکە بەرامبەر ئێران دەگۆڕێت بۆ ئاڕاستەیەکی نەرێنی، هەڵوێستێکی نائارامیش لە بەرامبەر دەستپێشخەرییەکانی ئێران بەرامبەر بە ناوچەکە دروست دەکات.

تاران بە بەدیهێنانی پێکهاتەی عەلمانی نوخبەی سیاسی لە دەوڵەتە نوێیەکاندا هەوڵیدا سیاسەتی دەرەوەی ئەولەویەتی ئایینی و سیاسی خۆی بەرامبەر بە ئاسیای ناوەڕاست کەم بکاتەوە. هەر بەم هۆیەشەوە ئێران دەیەوێت دەستپێشخەرییەکانی لە سەرانسەری ناوچەکەدا بە سیاسەتێکی دەرەکی پراگماتیک زیاتر بکات نەک سیاسەتێکی دەرەوەی شۆڕشگێڕانە. بەکارنەهێنانی ئیسلام و شۆڕشی ئێران وەک فاکتەرێکی شەرعیەتدان لە ناوچەکەدا، دواجار تێگەیشتنی هەڕەشەی لەناو وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست کەم کردەوە.

بە درککردن بە پۆتانسێلی داینامیکییەت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست، ستراتیژی بنەڕەتی ئێران لەو بارەیەوە ئەوەیە؛ جەختکردنەوە لە سیاسەتی دەرەوەدا، بە دەگمەن باسی هەناردەکردنی شۆڕشی بۆ ناوچەکە دەکرد، بە کورتی، سیاسەتێکی دەرەکی پراگماتیکی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناوچەکەدا گرتەبەر؛ سەرەڕای ئەوەش، بە جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندییە کولتووری و زمانەوانییەکان ، پەرەپێدانی

پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا بە هەمان قەبارە، کردۆتە ئەولەویەتی ستراتیژییەتی خۆی.

ئەم پەیپەرە بەدوای وەڵامی چەند پرسیارێکدا دەگەڕێت، لەوانە؛ چاوەڕوانییەکانی ئێران لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست لە ئاستی سیاسیدا چییە؟ هەروەها، چۆن فاکتەرە جیهانییەکان و ڕێبازە ئەمنییەکان لە ناوچەکەدا ستراتیژی ئێران بەرامبەر بە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست دادەڕێژن.

زیادبوونی نیگەرانییە ئەمنییەکان سەبارەت بە ئاسیای ناوەڕاست، بە تایبەت لەگەڵ داگیرکارییەکانی ئێران بۆ سەر ئەفغانستان و بەرژەوەندی سیاسی و ئابووریی زلهێزە جیهانییەکانی وەک ئەمریکا و چین لە ناوچەکەدا، ستراتیجی ئێرانی بەرامبەر ناوچەکەی گۆڕیوە. لە چوارچێوەی ستراتیژی نوێدا، لێکۆڵینەوەکە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێت کە ئێران چۆن مانا بۆ گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە دەستەبەر دەکات و لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا دەتوانێت چی بەدەستبهێنێت. وێڕای تاوتوێکردنی ستراتیژییەکانی ئێران بەرامبەر بە ئاسیای ناوەڕاست، تا چەند پراکتیزەکردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی دیکەی بەرژەوەندخوازی ناوچەکە ڕێگری لە ستراتیژییەکانی ئێران دەکەن، ئەمەش لەژێر ناونیشانی فاکتەرە جیهانییەکاندا ڕوون دەکرێتەوە.

### تەوەری یەکەم: تاران و ستر اتیژییەتی ناوچەیی لە ئاسیای ناوەڕاست

ئەو سزایانەی بەسەر ئێراندا سەپێنراون لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە لەسەرووی هەموویانەوە ئەمریکا، تاران دەیەوێت لە ڕێگەی ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانییەوە لەسەر ئاستی هەرێمی ئەو کاریگەرییانە کەم بکاتەوە کە لە دەرەنجامی سزاکانەوە لەسەری کەوتوون. ئاسیای ناوەڕاست بۆ ئێران یەکێکە لە ناوچە گرنگەکانی لە ڕووی ستراتیژییەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە خۆی بخزێنێتە نێو یارییە جیهانییەکان لە ناوچەکەدا. بە کورتی دەتوانین بڵێین ئێران «ئەڵقەی ونبووی گرنگە لە یەکگرتنی ناوچەییدا. هەرچەندە ئێران لە ڕاستیدا توانیویەتی پەیوەندییەکانی کاریگەریی درێژخایەن و شەراکەتی پراگماتیک لەگەڵ دراوسێکانی دابمەزرێنێت، بەڵام پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بە هۆی ترسی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست نەیتوانیوە سیاسەتێکی کاریگەر لە سەر وڵاتانی ناوچەکە پەیڕەو بکات ، کە پێیان وایە تاران پشتیوانی لە پەرەپێدانی

«ئیسلامی سیاسی» لە ناوچەکەدا دەکات(١).

بە پەیڕەوکردنی سیاسەتە کاریگەرەکانی ڕووسیا لە ناوچەکەدا، واتە چالاکییەکانی وەک (چاکسازیی زمان، چاکسازی لە پەروەردە، سەرکوتکردنی دامودەزگا ئیسلامییەکان) بەتایبەت لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی جاران هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی ئێران بتوانێت پایەکانی هەژموونی خۆی لە ڕووی کولتووری و ئایینییەوە لەوێ دابکوتێت، ئەمەش لە ڕێگەی دروستکردنی پیاوانی ئایینی مسوڵمان و ناسنامەی ماکرۆی نەتەوەیی سۆسیالیستی، ئاسیای ناوەڕاست بەقەد مسوڵمانانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قبوڵکردنی ئیسلامی سیاسییان نەدەبوو و بەمجۆرە تاران نەیدەتوانی ڕادیکالیزمی ئیسلامی لە ناوچەکەدا پێشبخات»(٢).

لەگەڵ دارمانی سۆڤیەت، دیمەنی جیۆپۆلەتیکی لە قۆناغی جەنگی ساردا گۆڕانی بەسەردا هات و بەمجۆرە، پێویست بوو پێش بە ئەگەری تەشەنەکردنی بیرۆکەی شۆڕشگێڕانەی ئێران بۆ ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز بگیرێت.

دەبینرێت ئەو وڵاتانەی پەیوەندییان لەگەڵ ناوچەکە هەیە، دەیانەوێت لە قۆناغی نوێدا جێگەی خۆیان بۆ خۆیان بەدەستبهێنن(٣). ئەمەش بەو مانایەیە کە ئێران بەبێ ململانێ ناتوانێت سەرکەوتنێک لە ناوچەکەدا بەدەست بهێنێت.

لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا، سەرەڕای سەدەیەک لە نزیکیی کولتووری، ئێران بیرۆکەیەکی ڕوونی نەبوو کە دەیەوێت لە ئاسیای ناوەڕاست چی بکات. ئەوەی کە کێشەی سەرەکی ئێران بوو بریتیبوو لە باشترکردنی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کە لە شەڕی عێراقدا بەجێماوە، ئەمەش وایکرد کە تاران نەتوانێت ئاسیای ناوەڕاست وەک بوارێکی ئەولەویەت ببینێت. هەر بەو هۆیەشەوە کەمال خەرازی وەزیری پێشووی دەرەوەی ئێران تەنها لە ساڵی ٢٠٠١دا ڕایگەیاند کە ناوچەکە یەکێکە لە ئەولەویەتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران(٤).

لە کاتێکدا وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بوونی ئێرانیان بە سەرنجڕاکێش زانی لە پێناو کەمکردنەوەی نفوزی ئێستای ڕووسیا و زیادکردنی فرەچەشنی ئابووری، هەوڵیاندا وریا بن لە دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمێکی ئیسلامیدا. جگە لەوەش، ڕەنگە حکومەتەکانی ناوچەکە ڕووبەڕووی فشارەکانی ئەمریکا ببنەوە، کە هەوڵدەدات ڕێگری لە ئێران بکات بە زلهێزێکی ناوچەیی.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە کاریگەری لەسەر ستراتیژییەکانی ئاسیای ناوەڕاستی ئێران هەیە، تێگەیشتنی ئێرانە وەک دەوڵەتێکی ئیسلامی، بەتایبەتی وەک وڵاتێک کە خاوەنی ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕی/پێداچوونەوەگەرایی ناسەقامگیرکەر و هەڕەشەئامێز لەلایەن کۆمەڵێک ئەکتەری ناوچەیی و نێودەوڵەتییەوەیە. هەروەها تێڕوانینی سازکراوەگەرایی/کۆنستراتیڤیزم بۆ ئێران لە دیاریکەرە سەرەتاییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانە، پێش هەموو شتێک، وێڕای دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی خۆی بەرامبەر بە ئاسیای ناوەڕاست، ئێران ئاگاداری سنوورداربوونی خۆی بوو لە هەناردەکردنی مۆدێلی «شۆڕشگێڕی» خۆی لەسەر ئاستی ناوچەکەدا. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش جەختی لەسەر پەیوەندییە کولتوورییەکان و مۆدێرنیزاسیۆن دەکردەوە، نەک لایەنی سیاسیی شوناسی ئیسلامی-مەزهەبگەرایی/شیعەگەرایی(٥). تاران لەو بڕوایەدابوو کە جەختکردنەوە لەسەر «ئیسلامی کولتووری»، لەگەڵ پەیوەندییە کولتوورییە دوورەکان لە پەیوەندییە سیاسییەکان، دڵەڕاوکێی دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست کەم بکاتەوە و ئێران وەک هێزێکی ناوازە بۆ نزیکبوونەوە لەسەر ئاستی ناوچەکە بەد دەکرێت(٦). هەروەها، سیاسەتی ئێرانی ئاسیای ناوەڕاست جەختی لەسەر ئاسایش دەکردەوە. بنەمای ئەم نیگەرانیانە، ململانێی نەتەوەیی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا، شەڕی ناوخۆی تاجیکستان و کێشە ئەمنییەکان بوو کە لە ئەفغانستانەوە سەریان هەڵدا. هەر لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە لەم ڕوانگەیەوە دەست بکەین بە ئاوڕدانەوە لەو ستراتیژانەی کە ئێران لە بەرامبەر ئەو کێشانە بەرهەمی هێناوە و ئاستەنگ یان دەرفەتەکان لەسەر ئاستی جیهانی(٧).

یەکەم ئەزموونی ئێران کە توانای جێبەجێکردنی پراگماتیزمی لە پێش ئایدۆلۆژیای ئیسلامی لە کۆمارە نوێیەکاندا نیشان دا، هەوڵی ناوبژیوانی ئاشتی نێوان ئەرمەنستانی مەسیحی و ئازەربایجانی مسوڵمان بوو لە ناکۆکیەکانیان لەسەر قەرەباغ. ئەم دۆخە پەیوەندی بە نیگەرانییە ئەمنییەکانی ئێرانیشەوە هەبوو، چونکە سەرکەوتنی هەر لایەک وێنەیەکی نەرێنی بۆ ئێران دەکێشێت(٨).

ئێران و ئەرمینیا لە سەردەمی سۆڤیەتەوە پەیوەندییەکی دۆستانەی نافەرمییان هەبووە. گرنگترین هۆکاری ئەمەش بوونی دانیشتووانی ئەرمەنییەکی زۆری ئێرانە (بە پێی سەرچاوە بەردەستەکان مەزندە دەکرێت لە نێوان یەک ملیۆن و نیو بۆ دوو ملیۆن کەس) کە زۆربەیان لە پارێزگای ئازەربایجانی تاران و ئیسفەهان(٩). ڕاستەوخۆ دوای جەنگی جیهانی

دووەم، بەشێکی زۆر لە ئەرمەنییەکانی ئێران بەرەو یەکێتی سۆڤیەت ڕۆیشتن، بەڵام ئەم گرووپە بەردەوام بوون لە سەردانی ئێران و پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ کەسوکاریان لە ئێران، بە سیاسەتی فەرمی ئێران هاندانی ئەو جۆرە سەردان و پەیوەندییانە، هەردوو وڵات لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا چەندین ڕێککەوتنی بازرگانی و ئابووریيان واژۆ کردووە. بەڵام کاتێک سەیری دەکرێت، بە ئاشکرا ئەوە بەدی دەکرێت کە پەیوەندییە بازرگانییەکان گرنگترە؛ ئێران و ئەرمینیا بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی هاوبەشیان لە ئاسیای ناوەڕاستدا پاراست و هەردووکیان هەوڵیاندا کەمترین کاریگەریی سیاسی تورکیا لە ناوچەکەدا، بە تایبەت لە کۆماری ئازەربایجاندا کەم بکەنەوە(١٠).

ئێران نیگەران بوو لەوەی تورکیا بتوانێت نەتەوەی تورک لە کۆماری ئازەربایجان بۆ زیانگەیاندن بە ئێران کەڵک وەربگرێت. بۆیە بینینی ئەوەی کە ئێران نفوزی سیاسی تورکیا لە ئاستێکی نزمدا دەهێڵێتەوە، بووەتە یەکێک لە توخمە جەوهەرییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران. لە کۆتایی وتووێژەکاندا داوای لە هەردوو ئازەربایجان و ئەرمینیا کرد کە بە دانوستان ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکەن و ڕێگە نەدەن ڕکابەرییە نەتەوەییەکانیان ناسەقامگیری ناوچەکە تێکبدات.

ئەو ڕاستییەی کە گۆڕینی نیگەرانییەکانیان سەبارەت بە ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕانەی ئێران بۆ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست ئاسان نابێت، بووژانەوەی ئیسلامیی لەگەڵ ئێران لە شەڕی ناوخۆی تاجیکستاندا زیاتر دەرکەوتووە. بەڵام تاران هەمیشە ڕەتیدەکاتەوە هیچ ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی لە شەڕی چەکداری تاجیکستان هەبێت و بانگەشەی ئەوە دەکات کە شەڕی ناوخۆی نێوان خێڵە ناوچەییەکانە و شەڕێکی پیرۆز نییە بەناوی ئیسلامەوە و ڕۆڵی نێوەندگیری لە شەڕەکەدا بینیووە(١١). بەم هەڵوێستە نێوەندگیرییە دەکرێ بڵێین ئێران هەوڵ دەدات هەڵوێستی لایەنگری ئاشتەوایی پیشان بدات نەک شۆڕش بۆ ناوچەکە هەناردە بکات. لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٩٥، ئیماملی ڕەحمانۆڤ، سەرۆک وەزیرانی تاجیکستان و عەبدوڵڵا نوری، ڕێبەری بزووتنەوەی ئیسلامی تاجیکستان بانگهێشتی تاران کران و بە یاوەری ڕەفسەنجانی سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران، ڕێککەوتنێکیان واژۆ کرد بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و ناکۆکییەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە، نەک لە ڕێگەی شەڕی چەکدارییەوە(١٢). بڕیاری تاران بۆ کۆتایهێنان بە شەڕە ناوخۆییەکان و جەنگ، ڕۆڵی بنیاتنەری لە خێراکردنی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی لە تاجیکستان بووەتە هۆی ئەوەی

ئێران ناوبانگی نێوەندگیری ڕاستگۆ و وڵاتێکی دۆست بەدەستبهێنێت.

تاران جگە لە ستراتیژییەکانی، نەیدەویست دەستوەردان لە سوننیزمی تەقلیدی گەلانی ئەفغانستان و ئاسیای ناوەڕاست بکات، بەڵکو هەوڵیدا تووندی خۆی لە بارەی بڵاوبوونەوەی سەلەفیزم پاراست، کە بە تەعریبکردنێکی ئایدیۆلۆژیی دەیزانی کە زیانی بۆ هاوسەنگییە ناوچەییەکان هەبوو(١٣).

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئێران لەسەر بنەمای پەیوەندییە ئەمنییەکان لە دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست نزیکتر بووەوە؛ چونکە ئەم دەوڵەتانە کەمتر پشتیان بە پشتیوانی سەربازی ڕووسیا بەست و هەوڵیان دا هێزی سەربازی خۆیان دابمەزرێنن. سەرەڕای ئەمەش هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ زیادکردنی نفوزی خۆی لە ناوچەکە و دواتر شەڕی ئەفغانستان کێشەیەکی نوێی بۆ ڕۆڵی ئێران لە ئاسیای ناوەڕاست دروست کردووە. بۆ ئێران ئەمە بەو مانایەیە کە زلهێزێکی نوێی دەرەکی بەرەو بوارێک پێشڕەوی دەکات کە ئێران کاریگەری ستراتیجی و ئیعتباریی پەرەپێداوە.

بۆ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست، هەڵکەوتەی جوگرافیای ئێران ڕۆڵێکی گرنگی لە گەشەسەندنی ئابوورییەکانیاندا هەبوو. ئێران هەوڵیداوە ئەم دۆخە بکاتە دەرفەتێک بە دەستپێشخەری جۆراوجۆر، بەتایبەتی بە واژۆکردنی چەندین گرێبەستی بۆری گازی سروشتی بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئێرانەوە لە ئاسیای ناوەڕاست هەناردە بکرێت بۆ ئەورووپا. سیاسەتمەدارانی ئێران جگە لەم سوودە جوگرافییە، لێکچوونە کولتوورییەکانی ناوچەکە و ئێرانیان وەک هۆکارێک هێناوەتەوە بۆ ویستی خۆیان بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی نزیکی ئابووری(١٤).

**تەوەری دووەم: کاریگەری فاکتەرە جیهانییەکان**

سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر بە ناوچەکە هاوکاتە لەگەڵ پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، گرنگی بە پەرەپێدانی ستراتیژی نوێ دەدات لە دژی ململانێی ڕووسیا، ئەمریکا، چین و تورکیا بۆ کاریگەری لە ناوچەکەدا. ئێران لە کاتێکدا لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا هەوڵ دەدات بۆ گۆڕینی ئەو وێنە شۆڕشگێڕە- پێداچوونەوەگەراییەی کە لە وڵاتانی ناوچەکەدا بەجێی هێشتووە و بۆ پەرەپێدانی ستراتیژی ئەڵتەرناتیڤ بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە پێکهاتەی نێودەوڵەتیدا، هاوکات هەوڵدەدات بە ئەندامێتی لە

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە ناوچەکەدا کاریگەر بێت، وەک ئەندام بوون لە (ڕێکخراوی هاریکاری ئابووری Economic Cooperation Organization «ECO»، کۆمیتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئاسیا و زەریای هێمن Economic and Social Commission for Asia and the Pacific « ESCAP») و چوونە ناو ڕێکخراوی هاوکاری شەنگەهای (Shanghai Cooper-ation Organization « SCO ») وەک ئەندامێکی چاودێر(١٥).

لە دوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەتەکانەوە، مۆسکۆ هەوڵی داوە بەردەوام بێت لە ڕۆڵی پێشەنگی دەسەڵات لە خاکەکانی سۆڤیەتی پێشوودا. ڕووسیا هەوڵیدا سیاسەتی ئەڵتەرناتیڤ دابڕێژێت بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە هاتنە ناوەوەی زلهێزەکانی دیکە بۆ ناوچەکە بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی دەسەڵات کە ڕاستەوخۆ دوای داڕمانەکە سەریهەڵدا. وەک لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا هاتووە، پەرەپێدانی هاوکاریی دوولایەنە و فرەلایەنە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە بەستێن و پەیوندی قووڵیان هەیە لەگەڵ مۆسکۆ، بووەتە ئاڕاستەیەکی ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا. ڕووسیا کە نزیکبوونەوەی ئێران لە ناوچەکە بە مەترسیدار بۆ خۆی دەزانێت، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئێران بە بڵاوکردنەوەی بیرۆکەکانی شۆڕشی ئیسلامیی بۆ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و پارەدارکردنی ناسیۆنالیزمی ناوخۆیی، پشتیوانی لە بزووتنەوە ئایینییەکان دەکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی شەڕانگێزانە نفوزی خۆی لە قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاستدا بڵاوبکاتەوە. لە ڕوانگەی مۆسکۆ ئەم ئاڕاستەیە لە سیاسەت و ستراتیجیەتی تاران زیان بە پێگە و نفوزی خۆی دەگەیەنێت.

لەگەڵ هەڵوێستی ئێران لە شەڕی ناوخۆی تاجیکستان کە پێشتر باسمان کرد، کە لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکانەوە دەستی کرد ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆئەوەی تاران وەک هاوبەشێکی یارمەتیدەر نەک وەک هەڕەشەیەکی ئایدیۆلۆژی سەیر بکرێت. مۆسکۆ ڕایگەیاندووە کە سیاسەتی ئێران بۆ پرسە ناوچەییەکان هاوشێوەی ئاڕاستەی سیاسەتەکانی ڕووسیایە؛ تاران وەک هاوبەشێکی گرنگ بۆ ئاسیای ناوەڕاست و حەوزی خەزەر دەبینێت. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئێران لە دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست نزیکتر بووەوە، بەو پێیەی وڵاتانی ناوچەکە کەمتر پشتیان بە ڕووسیا و پاڵپشتییەکانی دەبەست. لە لایەکی دیکەوە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ڕووسیا و ئێران بە هۆی پێکهاتە

ئابوورییەکانیان کە لەسەر بنەمای هەناردەکردنی وزە و لێکچوونەکانی ئەو کاڵایانە کە ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەرەکی دەکەن، ناکۆکییان هەیە. پێدەچێت کێبڕکێی نێوان هەردوو وڵات لەسەر ڕێگەکانی گواستنەوە و بازاڕەکان کە ڕاستەوخۆ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاستیش دەگرێتەوە، لەگەڵ هەڵگرتنی سزاکانی سەر ئێران زیاتر بەدی کراوە(١٦).

ئەمریکا کە لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە، لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ئاسیای ناوەڕاست، پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی لەگەڵ ناوچەکە پەرەپێداوە، بۆ سنووردارکردن و هاوسەنگکردنی کاریگەرییەکانی ئێران، چالاکییەکانی لە ناوچەکەدا بەردەوام بووە. لە لایەکی دیکەوە ئێران، هاوکارییە سەربازی-تەکنیکییەکانی ئەمریکا لەگەڵ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست و جموجۆڵە ناوچەییەکانی ناتۆ و خواستی جیهانیی ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵکردن و زاڵبوون بەسەر هەرێمی خەزەر وەک بەشێک لە هەوڵەکانی بۆ گەمارۆدان و گۆشەگیرکردنی ئێران دەبینێت(١٧). لە ماوەی پێش ١١ی سێپتەمبەردا، گەمارۆ ئابوورییە جۆراوجۆرەکانی ئەمریکا و سنووردارکردنی دارایی لە دژی ئێران، کاریگەریی خوازراویان نەبوو. لەسەر ئاستی ناوچەیی، میلیتاریزەکردنی هەرێمی خەزەر و خێراکردنی پێشبڕکێی چەک، وڵاتانی خەزەری گەیاندووەتە لێواری شەڕی «سەرچاوە»، کە لە ژێر کاریگەری کێبڕکێی ئەمریکا و ڕووسیا لە بواری سەرچاوەکانی وزەدا بوون(١٨). هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر و دەستێوەردانەکانی دواتر لە ئەفغانستان بووە هۆی تێکچوونی ژینگەی ئەمنی ئێران لە ئاسیای ناوەڕاست.

لە ئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان لە ماوەی دوای ٢٠١٤ نیگەرانییەکانی ئێران کەمی کرد. لە کاتێکدا کە قازانجی ئەرێنی کشانەوەی ئێران لە سیاسەتەکانی ناوچەکەدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، هەروەها جەخت لەسەر دەرەنجامە نەرێنییەکانی کشانەوەی ئەمریکا دەکرێتەوە. دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ئابی ٢٠٢١ ، تاڵیبان و بزووتنەوە توندڕەوەکانی دیکەی سوننە زاڵ بوون بەسەر هەموو یان بەشێک لە ئەفغانستان؛ مەترسییەکی ڕوونە کە ئێران، ڕووسیا و دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست ناچار دەبن چارەسەرێک بدۆزنەوە(١٩).

ئەم ڕووداوانە کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەسەندنی ئاسیای ناوەڕاست هەبووە، بە پلەی یەکەم بەدیهێنانی پڕۆژەی گرنگی بۆری و گواستنەوە-پەیوەندی کە دەستڕاگەیشتن بە بازاڕەکانی جیهان بۆ کەرەستەی خاو و بەرهەمە نیشتمانییەکان دابین دەکات. بە

تایبەتی هەوڵی ئەمریکا بۆ پێگەی ئەفغانستان وەک بەدیلێک بۆ ڕێڕەوی ترانزێتی ئێران، کە بازاڕەکانی پاکستان و هیندستان بە بازاڕەکانی ڕووسیا و چینی ئاسیای ناوەڕاستەوە دەبەستێتەوە، تارانی نیگەران کرد.

پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ چین لە چوارچێوەی ستراتیژییەکانی ناوچەکەدا گرنگی تایبەتی هەیە. ئێران لە پێناو هاوسەنگکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ئاسیای ناوەڕاست لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی چین و پاراستنی پەیوەندییە سەقامگیرەکان لەو ناوچەیەی کە کاریگەریی کولتووری-مێژوویی هەیە، سەرنجی لەسەر هاوکارییە سودبەخشەکانی هەردوولایە. لە کاتێکدا هەردوو وڵات لە چوارچێوەی ئاسایشدا پشتیوانی لە دامەزراندنی سەقامگیری و ئاوەدانکردنەوە لە ئەفغانستان دەکەن، ئێران هەوڵ دەدات هاوسەنگییەکی ستراتیژی لە ناوچەکەدا دروست بکات بە دامەزراندنی هاوبەشی لەگەڵ زلهێزێکی جیهانی وەک چین، ئەمەش وەک کاردانەوەیەک بۆ زیادکردنی کاریگەرییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا (٢٠). لە چوارچێوەی ئابووریدا، زیادبوونی کاریگەریی چین لە ناوچەکەدا؛ دەکرێ وەک یەکێک لە ئاستەنگەکانی ستراتیژییەکانی ئێران بەرامبەر بە ناوچەکە سەیر بکرێت. پێش هەموو شتێک بەرهەمە ئێرانییەکان کە دەچوونە ناو بازاڕەکانی ئاسیای ناوەڕاست نەیانتوانی بەرەنگاری کێبڕکێی چینی ببنەوە و مەحکوم بوون بە نەمان. لەلایەکی دیکەوە، پەکین ئاسیای ناوەڕاستی وەک ناوەندێکی ترانزێتی هایدرۆکاربۆنی ناوچەیی سەیر کردووە کە کۆنترۆڵی ڕۆیشتنی نەوت و گاز دەکات(٢١). بەدەستهێنانی کاریگەری لەسەر هەرێمەکە بە واتای کۆنترۆڵکردنی بازاڕی وزەی ناوچەکە دێت و وەک بەشێک لە ستراتیژی (ڕێگەی ئاوریشمی نوێ) دادەنرێت، کە کۆمەڵەیەکی تێکەڵاو لە دەستپێشخەرییەکانی یەکگرتنی ئابوورییە کە هەوڵدەدەن ڕۆژهەڵات و ئاسیای ناوەڕاست بەیەکەوە ببەستنەوە. بەڵام پێگەی ئێران لە ڕێگەی گەیشتن بە چین بۆ ئاسیای ناوەڕاست، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕێڕەوی ئابووری چینەوە هەیە. ئەم دۆخە ڕەنگە دەرفەتێک بۆ بەرژەوەندییە ناوچەییەکانی ئێران بخوڵقێنێت، چونکە لە ئەنجامی فراوانبوونی پیشەسازیی بەرفراوانی ئێران، بەکارهێنانی وزە و پشتبەستنی چین بە سەرچاوەی دابینکردنی دەرەکی زیادی کردووە. بۆیە دەکرێت بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئامانجی سەرەکی دیپلۆماسی چین بەرامبەر بە ئاسیای ناوەڕاست و ئێران جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی وەک ناوەندی مۆدێرنیزاسیۆنی ئابوورییە. هەر لەبەر ئەوەشە کە بەرژەوەندییە سەرەکییە ئابوورییەکانی چین لەسەر بنەمای

دەستراگەیشتن بە نەوت و گاز دامەزراوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی وزە کە بە خێرایی گەشە دەکات(٢٢).

ئێران لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا ئامانجی پێشکەوتنێکی نێودەوڵەتی بوو بە بوون بە ئەندامی دامەزراوەی کۆنفرانسی ئیسلامیی. لە ساڵی ١٩٩٢ وڵاتانی تازە سەربەخۆ لە ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز داوای هاوکاری و پشتیوانییان لە ئێران کرد بۆ ئەندامبوون لە ڕێکخراوی هاوکاری ئابووریی فراوانکراو (ECO)(٢٣). ئەو کات ئامانجە سەرەکییەکانی ڕێکخراوەکە بریتی بوو لە زیادکردنی بازرگانی لە ناوچەکە، نەهێشتنی ئاستەنگ و کێشەکانی بازرگانی ترانزێت، یەکگرتنی زیاتری وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بە ئابووری جیهانی و زیادکردنی هاوکاری لە بەکارهێنانی سامانە سروشتییەکان و وزە. بەڵام کەمترین ئاستی هاوبەشی ئابووری، کولتووری و سیاسی کە پێویستە بۆ سەرکەوتوویی کارکردنی ڕێکخراوی ناوچەیی لە ئیکۆدا لە نێو دەوڵەتەکاندا بوونی نییە(٢٤). بۆ ئێران، ئیکۆی فراوان و بەهێز تەنیا دەتوانێت گۆشەگیری لە ناوچەکە کەم بکاتەوە و لە فشارەکانی ئەمریکا ڕزگاری بێت و یەکگرتنی ئێران بە ئابووری جیهانی مسۆگەر بکات. ئیکۆ توانی بتوانێت ئامادەیی ئابووری خۆی لە ئاسیای ناوەڕاستدا بپارێزێت بە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ تاران بۆ تاوتوێکردنی داڕشتنی داهاتووی خۆی لە ناوچەکە لەگەڵ وڵاتانی ئەندام(٢٥).

دەستپێشخەرییەکی دیکە کە سوودێکی جیۆستراتیژی بۆ ئێران دەڕەخسێنێت، چالاکییەکانیەتی بۆ پەیوەستبوون بە «SCO». بۆ تاران، بەبێ گوێدانە بەرژەوەندییە ئابووری، سیاسی و ئەمنییەکانی دیکە، بوون بە ئەندامێکی تەواو لە ڕێکخراوی هاوکاری شەنگەهای «SCO» یارمەتی دەدات بۆ بەرپەرچدانەوەی هەوڵەکانی خۆگرتن و بەدوای کاریگەریی ناوچەییدا(٢٦).

ئێران کە لە مانگی تەمموزی ٢٠٠٥ لەگەڵ هیندستان و پاکستان «پلەی چاودێری فەرمی» لە ڕێکخراوەکەدا بەدەستهێنا، لە مانگی نیسانی ٢٠٠٧دا داواکارییەکی فەرمی بۆ ئەندامێتی پێشکەش کرد، لە مانگی ئازاری ٢٠٠٨دا جارێکی دیکە داوای ئەندامێتی تەواوەتی کرد. ئەم بڕیارە بەپەلەیەی خواستی ئێران بۆ پەیوەست بوون بە هاوپەیمانییەکی دامەزراوەیی ئاشکرا دەکات. لە هەمانکاتدا ئاڕاستەکردنی ‹ڕوانگەی ڕۆژهەڵات› لە سیاسەتی دەرەوەی سەردەمی ئەحمەدی نژاد و بڕیاری ئەندامبوون لەو ڕێکخراوە، ئەولەویەتەکانی سیاسەتی دەرەوەی پەیوەندیدار بوون[*](٢٧). بەربەستی سەرەکیی ئێران

بۆ ئەندامبوون ئەوە بوو کە وڵاتانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بڕیاریان دا کە ئەندامێتی تەواو بە هیچ دەوڵەتێک نادەن کە کەوتۆتە ژێر گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. ڕێککەوتن لەسەر پرسی ئەتۆمی و لابردنی گەمارۆکان، هەڵوێستی تارانی بەرامبەر بە ئەندامێتی تەواو نەرم کردووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئێران ستراتیژییەکانی خۆی لەسەر ئاستی جیهانی جێبەجێ دەکات. تاران بەتوندی پشتیوانی لە هیواکانی یەکێتی ئاسیا کردووە کە ڕووسیا، هیندستان، چین و وڵاتانی دیکەی ئاسیا تێیدا بەشداربن. ئامانجەکە هاوکاری نەک تەنها لە سەرچاوە سەرەکییەکانی جیهان - نەوت و گاز - بەڵکو بیرۆکەی دروستکردنی سەنگێکی بەرپەرچدانەوەی بۆ ڕۆژئاوا، بە تایبەت ئەمریکا، بە کۆکردنەوەی کۆمەڵگەکان بەرەوپێش برد. ئەحمەدی نەژاد لە هەوڵی دروستکردنی یەکگرتوویی بچووک لە ناوچەکەدا، لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٠، «کۆنفرانسی وڵاتانی فارسی زمان»ی سازکرد، کە سەرۆک کۆماری ئێران، ئەفغانستان و تاجیکستانی کۆکردەوە. بە پشتبەستن بە هەموو ئەو هەڵسەنگاندنانە، ئێران وەک ئەندامی ڕێکخراوە فرەلایەنەکان؛ ئامانجی دەستەبەرکردنی تێکەڵبوونی خۆی بوو لە ناوچەکەدا، ڕێگریکردن لە سنووردارکردنی ئێران لەلایەن ڕۆژئاواوە و هاندانی فراوانبوونی فرەلایەنی(٢٨).

### تەوەری سێیەم: پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان

کاتێک سەیری پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتە نوێیەکانی ئاسیای ناوەڕاست دەکەین، بە ئاشکرا ئەوە بەدی دەکرێت کە تاران دەرفەتەکان بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە پێناسەکردنی ڕۆڵی سەرکردایەتی هەرێمی خۆی لە سەر ئاستی ناوچەکە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی دەرەکی گشتگیر و گۆڕانکاری لە پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان جێ بکاتەوە.

بوونی ئایین و کولتوورێکی هاوبەش، لە بابەتی جۆراوجۆردا لێکتێگەیشتنی هاوبەش بە دوای خۆیدا دێنێت. لەم خاڵەوە گرنگە بزانین نەک هەر هاوبەشی زمانێکی هاوبەش کە لەگەڵ ئەفغانستان و تاجیکستان هەیەتی، بەڵکو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێران مێژوویەکی هاوبەش و کولتوورێکی هاوبەش و تەنانەت چارەنووسی هاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست هەیە. بۆ تێگەیشتن لە زمان، کولتوور و لێکتێگەیشتنی هاوبەش، گرنگە بە خێرایی ئاماژە بە ئاستی پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە بکەین.

**یەکەم: ئێران – ئازەربایجان**

ئێران، هەوڵی دروستکردنی چەمکێکی نوێی بەهەرێمبوون دەدات بۆ زیادکردنی نفوزی خۆی لە ناوچەکانی دراوسێی وەک قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاست و کاردانەوە و کاریگەری دوو لایەنە. ئێران بۆ ئەوەی پەیوەندی و نفوزی خۆی لە ناوچەکەدا زیاتر بکات، ستراتیژێکی سیاسەتی دەرەکی گرتۆتە بەر کە ئەولەویەت دەدات بەو وڵاتانەی کە لەگەڵیاندا تووشی کێشەی مێژوویی بووە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ئێران لە ستراتیجی «بەناوچەگەرایی نوێ»دا هەوڵی باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئازەربایجان دەدات(٢٩). بە تایبەت لە سەرچاوەی پەیوەندییە کێشەدارەکان لەگەڵ ئازەربایجان؛ لەوانە بەردەوامی ململانێی نەتەوەیی لە قەرەباغ، نائومێدی ئازەربایجان لە ئێران و ناکۆکی لەسەر نەوتی خەزەر. ئەم کێشانە؛ گومان کردن لە یەکتر، تۆمەت خستنە پاڵ یەکتر لە دەستوەردان لە کێشە ناوخۆییەکانی، بەشداری کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕۆژئاوا لە کەرتی ئازەربایجانی دەریای خەزەر و نیگەرانییەکانی ئێران سەبارەت بە هاوکاری قووڵی سەربازی و ئابووریی ئازەربایجان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل بەدوای خۆیدا هێنا(٣٠).

بە گوێرەی ئازەربایجان، ستراتیژیەتی ئێران بەرامبەر بە هاوپەیمانییەکانی ئازەربایجان؛ «ئێران دەیەوێت لەگەڵ دۆست و دۆست، لەگەڵ دوژمنانی دوژمن بێ». پەیوەندییەکان لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا بە تایبەت لە ژێر ڕۆشنایی ئەم گوتارەدا گرژ بوون. هەردوو وڵات بەرەو ڕووی یەکتر بوونەوە لەسەر ئاستی گوتاری سیاسییدا، کاتێک لە ئێران هەندێک لە شاعیر و ڕۆشنبیرانی ئازەربایجان دەست بەسەرکران ، هەروەها بەیاننامە سیاسییەکانی تاران لە دژی سەردانی شیمۆن پێرێس، سەرۆکی پێشووی ئیسرائیل بۆ باکۆ (٣١).

دوای هەڵبژاردنی ڕۆحانی بۆ سەرۆک کۆمار و پێشکەوتنی دانوستانە ئەتۆمییەکانی نێوان ئێران و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، پەیوەندییەکانی ئێران و ئازەربایجان کەوتنە سەر ڕێگەی ئاساییبوونەوە، لە یەکەمین سەردانی ڕۆحانی بۆ باکۆ لە ساڵی ٢٠١٥ کۆڕێکی بازرگانی ڕێکخرا بۆ هەم قووڵکردنەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکان و هەم پشتیوانی لە پرۆژە سودبەخشەکانی هەردوولا. لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٤، ئیلهام عەلییێف، سەرۆک کۆماری ئازەربایجان سەردانێکی فەرمی بۆ ئێران ئەنجامدا بوو. لەم سەردانەدا، ڕۆحانی جەختی لەوە کردەوە کە هیچ بەربەستێک لە فراوانکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیاندا نییە،

ئێران نایەوێت ئازەربایجان لە زیادبوونی هاوبەشی بازرگانی و وزە و بڕیارە ستراتیژییەکان کە لە ئەنجامی دانوستانەکان سەبارەت بە توێژینەوە ئەتۆمییەکان دەدرێن، بەدەر بێت(٣٢).

بە گشتی سەرەڕای بەستێنی نەتەوەیی و ئایینی نێوان ئازەربایجان و ئێران؛ لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییە دووقۆڵییەکان هەمیشە ئاڵۆز و گوماناویین، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئازەربایجان و ئێران دەرفەتی ئەوەیان هەیە بە دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی گومان و دژایەتی کە زاڵن بەسەر پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانیاندا، بەشێوەیەکی ڕیشەیی سروشتی پەیوەندییەکانیان بگۆڕن.

**دووەم: ئێران – تاجیکستان**

لەسەر بنەمای پەیوەندییە کولتوورییە هاوبەشەکان، ئێران پەیوەندیی کولتووری بەهێزتری لەگەڵ تاجیکستان هەیە بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی ئاسیای ناوەڕاست. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش تاجیکستان وەک هاوبەشی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا بەدی کراوە. ئەم هاوبەشییەش لە لایەن ئەحمەدی نەژاد سەرۆک کۆماری پێشووی ئێرانەوە بە سیاسەتی «یەک ڕۆح لە دوو جەستە» وەسف کراوە(٣٣). هەروەها زیادبوونی پەیوەندییەکانی نێوانیان لە بەڵگەنامە فەرمییەکان و وتارەکانی سەرکردەکانی تاجیکستان و وێنەی ئێران لە نێو جەماوەردا بە گشتی ڕەنگ دەداتەوە. ئەم جەختکردنەوەیەش لەسەر وێنەیەکی کولتووری هاوبەشدا بە تەواوی زاڵە. ئیمامەلی ڕەحمان، سەرۆکی تاجیکستان لە وتاری ساڵانەی ساڵی ٢٠٠٥دا جەختی لەسەر ئەم دۆخە کردەوە و وتی: «ئێمە پەیوەندییە مێژوویی، کولتووری و مەعنەوییەکانی نێوان تاجیکستان و ئێران بە میراتێکی گەورە و بەنرخی ڕابردوو دەزانین، بەهێزبوونی زیاتر ئەم پەیوەندییانەش بە قازانج بۆ هەردووکیان دەزانین». گوتاری پتەوکردنی پەیوەندییەکان کە لە لوتکە ئاسایی و چەندین ڕووداوی دیکەدا ئاماژەی پێکراوە (٣٤).

لە سەردەمی سەرۆک کۆماری پێشوو ڕۆحانیدا، پەیوەندییەکانی تاجیکستان و ئێران دەستکەوتی زیاتری بەدەستهێنا. لە دوشانبێی پایتەختی تاجیکستاندا ڕێککەوتننامەی هاوکاری لە لایەن هەردوو سەرۆک کۆمارەوە واژۆ کرا، دواتر ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان وەزیرانی ناوخۆی هەردوولا، ڕێککەوتنی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی مادەی هۆشبەر، ڕێککەوتنی هاوکاری نێوان ژوورەکانی بازرگانی ئێران و تاجیکستان، دامەزراندنی

ئەکادیمیای فارسی ئێران و... لیژنەی زمان و چاکسازی تاجیکستان ئیمزا کرا. بەهۆی خواستی زیادکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان، بازرگانانی ئێران هەندێک دەستپێشخەری شەراکەتیان لە تاجیکستان کردووە و بۆ ڕێککەوتنە بازرگانییەکان، ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئێران و تاجیکستان لە ساڵی ٢٠١٤دا ٢٢٨ ملیۆن دۆلاری تێپەڕاند(٣٥).

**سێیەم: ئێران – تورکمانستان**

پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ تورکمانستان تاڕادەیەک فراوانترین و سەرکەوتووترین پەیوەندییەکانی بووە. لە ساڵی ١٩٩١ ئێران بووە یەکەم وڵات کە تورکمانستانی وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ ناساند؛ تاران، ئاشق ئابادی پایتەختی تورکمانستانی بە «دەروازەی ئاسیای ناوەڕاست»ی ئێران وەسف کرد. ئێران تورکمانستانی وەک هاوپەیمانی سەرەکی خۆی لە ئاسیای ناوەڕاست بینیووە کە سنوورێکی بە درێژایی ٩٠٠ کیلۆمەتر لەگەڵیدا هەیە و هەردوو وڵات سیاسەتی پەناگە و بێلایەنی ئەمنییان گرتەبەر(٣٦).

جگە لە هەموو ئەو فاکتەرە ئەرێنیانە، ئاستەنگیش لە باشترکردنی پەیوەندییەکانی ئێران و تورکمانستانیشدا هەیە. تۆمەتی زوڵم و چەوساندنەوە لە دژی پێکهاتە شیعەکان لەناو تورکمانستان و سنووردارکردنی پراکتیزە ئایینییەکانیان هەندێک کات ساردی لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکان دروست کردووە. ستراتیژییە ئەمنییەکان کە ئەوەندە گرنگن کە لایەنە کێشەدارەکانی پەیوەندییەکان پشتگوێ بخەن، دەکرێ بڵێین ئەم ڕەهەندە ئەمنیەتییە لە پەیوەندییەکان لەگەڵ سەرۆکایەتیی ڕۆحانیدا فراوانتر بووە و گوتارەکانی سەرکردەکانی هەرووڵا بە گشتی لەسەر بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان کە ناوەڕۆکی فراوانبوونەکە پێکدەهێنن و هەڵوێستێکی هاوبەش لەگەڵ توندڕەوی ئیسلامیدا چڕ بووەتەوە. ئێران ترسی لە بزووتنەوە توندڕەوەکانی سونی کە سەقامگیری ناوچەکە بخەنە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە، بۆیە سەقامگیری ئاسیای ناوەڕاستی بە گرنگ دەزانێت بۆ بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی خۆی. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، لە کۆبوونەوەکانی سەر ئاستی وەزیرانی دەرەوە، ئێران هۆشداری دا لە بڵاوبوونەوەی توندڕەوی ئیسلامی کە دەبێتە هۆی تایفەگەری لە ئاسیای ناوەڕاست. لە کاتێکدا تورکمانستان نیگەران بوو لە ئەگەری هەڕەشەکردن لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان بۆ سەر ڕژێم. (٣٧).

## چوارەم: ئێران – کازاخستان

پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ کازاخستان لە لایەنی ئابووری ستراتیژییەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیدا دێتە پێشەوە؛ لێرەدا خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە کازاخستان گەورەترین ئابووری لە ئاسیای ناوەڕاستدا هەیە. لە ئاهەنگی ٢٥ ساڵەی سەربەخۆیی کازاخستان، ڕۆحانی جەختی لەسەر ئەم بابەتە کردەوە و ڕایگەیاند کە ئێران گرنگییەکی زۆر بە پەرەپێدانی هاوبەشی لەگەڵ کازاخستان دەدات: «سیاسەتەکەمان هەمیشە ئامانجی بەهێزکردنی پەیوەندییە باشەکانی دراوسێیەتی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بووە»(٣٨). نەزەربایێف سەرۆکی کازاخستان لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە بە هەمان شێوە جەختی کرد کە ئێران وڵاتێکی گرنگ و دۆستە بۆ کازاخستان لە جیهانی ئیسلامیدا. نەزەربایێف ئاماژەی بە گەشەسەندنی خێرای ئابووری ئێران دوای لابردنی گەمارۆکان کرد و جەختی کردەوە لەوەی کە ئێران بەشدارییەکی گەورەی لە پرۆسەی داماڵینی چەکی ئەتۆمیدا کردووە و هیوای خۆی دەربڕی کە سیاسەتی ئێران کاریگەریی ئەرێنی لەسەر هەموو دەوڵەتانی قەزوین دەبێت. لە ڕووی هاوکاریی ئابوورییەوە، پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی، بەتایبەتی گواستنەوەی کەلوپەلی بازرگانی و گواستنەوەی نەوت، دەرفەتی دەستپێکردنەوە یان پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە چەند پرۆژەیەک دەڕەخسێنن. کازاخستان لە پلەی یەکەمدایە لە هەناردەکردنی دانەوێڵە بۆ ئێران، و هیوادارە بە دامەزراندنی تێرمیناڵی گواستنەوەی دەریایی و دانەوێڵە لە بەندەرەکانی ئاکتاو و ئێران، ئامادەبوونی خۆی زیاد بکات(٣٩).

## پێنجەم: ئێران – ئۆزبەکستان

لە چوارچێوەی ستراتیژی نوێی بە هەرێمبووندا، یەکێک لەو وڵاتانەی ناوچەکە کە ئێران لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکاندا تووشی کێشە دەبێت، ئۆزبەکستانە. هەرچەندە پەیوەندییەکانی ئۆزبەکستان و ئێران هەوڵدەدەن ڕەگ و ڕیشەی لە پەیوەندییە کولتووری و مێژووییەکانی نێوان دوو وڵاتدا دابڕێژێت، بەڵام ئۆزبەکستان ئەو وڵاتەیە کە زۆرترین ئامادەیی لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندایە و هۆکاری زۆریش بۆ ئەمە هەیە. سەرەتا بۆ ئۆزبەکستان پەیوەندی لەگەڵ ئێران بە واتای هاتنە ناوەوەی بیرۆکەی ئیسلامی بۆ ناو ئۆزبەکستان و بڵاوبوونەوەی نفوزی ئێران لەو وڵاتەدا. دووەم: ئۆزبەکستان

پەیوەندی دووری خۆی لەگەڵ ئێران بە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا نیشان دا بە وتنی "ئۆزبەکستان: هەوڵ دەدات وەک «قەڵایەک بۆ بەرەنگاری بڵاوبوونەوەی ئێران و کاریگەریی ڕووسیا لە ناوچەکەدا بێت» خستەڕوو(٤٠).

ئیسلام کەریمۆڤ سەرۆکی پێشووی ئۆزبەکستان، سیاسەتی دژایەتیکردنی ئێرانی گۆڕی و حەزی لە هاوکاری لەگەڵ ئێران بوو. ئەم پێشهاتانە چەندین سەردانی دوولایەنەی شاندەکانی حکومەت و ڕاوێژکاری بەردەوام لە نێوان وەزیرانی دەرەوە و بەرپرسانی باڵای دیکەدا بەدوای خۆیدا هێنا. هەردوولا هانی فراوانکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان داوە لە چوارچێوەی ئابووریدا؛ ئێران و ئۆزبەکستان؛ ڕێککەوتن لەسەر پەرەپێدانی هاوکاری لە بواری کشتوکاڵ، گواستنەوە، بەرهەمهێنانی نەوت و گاز، بیناسازی، بەرهەمهێنانی دەرمان و بواری بانکییدا(٤١).

**شەشەم: ئێران – قیرقزستان**

لە نێو وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستدا، ئەو دەوڵەتەی ئێران لاوازترین پەیوەندی دوو قۆڵی لەگەڵدا هەیە، قرغیزستانە. بەهۆی ئەو سزایانەی بەسەر ئێراندا سەپێنراون، پەیوەندییە بازرگانییەکانی تاران و بیشکەک نەگەیشتوونەتە ئاستی خوازراو. لە میانەی سەردانە فەرمییەکاندا، بەرپرسانی باڵای ئێران و قیرغیزستان پێداچوونەوەیان بەو هەنگاوانە کرد کە بۆ باشترکردنی هاوکارییە ئابوورییەکان گیراونەتەبەر و بەو پێیەش ئامانج ئەوە بوو کە قەبارەی بازرگانی نێوان ئێران و قیرغیزستان کە لە ئاستی ٥٠ ملیۆن دۆلاردا بوو، بۆ دوو ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دۆلار بەرزبکرێتەوە. جگە لەوەش پەرەپێدانی پەیوەندییە کولتوورییەکان وەک یەکێک لە ستراتیژییەکانی زیادکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات سەیر دەکرێت(٤٢). ڕۆحانی یەکەم سەردانی وڵاتی بیانی بۆ قیرغیزستان ئەنجامدا بۆ بەشداریکردن لە لوتکەی SCO. ئەم سەردانە سەرەتای پێشهاتە گرنگەکان بوو. ساڵی ٢٠١٥ ڕۆحانی پێشوازی لە ئەلمازبەک ئاتامبایڤ، سەرۆکی قیرغیزستان کرد و بڕیاردرا لە بوارەکانی کشتوکاڵ، بازرگانی، گواستنەوەی ئاسمانی و وشکانی نێوان هەردوو وڵات هاوکار و هەماهەنگی یەکتر بکەن. ڕۆحانی جەختی لەوە کردەوە کە قیرغیزستان بنکەی ئەمریکای لە ماناس داخست و تیشکی خستەسەر ئەوەی کە هاوکاریی نێوان هەردوو وڵات لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا زیاتر دەبێت(٤٣).

## دەرەنجام

• سیاسەتی ئێران لە ئاسیای ناوەڕاست، هاوشێوەی لایەنە گرنگەكانی دیكەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، بەشێكی دانەبڕاو لە ستراتیژی گشتیی ئەو وڵاتدا. لە ئەنجامی ئەم ستراتیژییەتە تاران توانیویەتی هەندێک ئەنجام لە ئاسیای ناوەڕاست بەدەست بهێنێت.

• لە ئەنجامی هەوڵەكانیدا بۆ كەم كردنەوە و لابردنی گەمارۆ نێودەوڵەتییەكان و دانوستانە ئەتۆمییەكان، ئێران ئەو دەرفەتە لەدەست نادات كە خۆی بخاتە سەر شانۆی ڕوادوە سیاسییەكان لەناوچەكە، لێرەدا ڕەنگە تاران بتوانێت هاوبەشییە كولتوورییە بەرفراوانەكانی لەگەڵ ناوچەكەدا هەڵسەنگێنێت و لە هەمان كاتدا پەیوەندییە ناوچەییەكانی لە چوارچێوەی هێزی نەرمدا پەرە پێبدات.

• ئێران پێداچوونەوە بە ستراتیژییە ئەمنییەكانی خۆیدا دەكات لەسەر ئاستی ناوچەكە، لەم ڕوانگەیەوە بە پلەی یەكەم پشتگیری لە دامەزراندنی ڕژێمی سەقامگیر لە ئەفغانستان دەكات لە بەرامبەر ئەو بۆشاییەی دەسەڵاتدا كە بە كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا و قورسایی ئەكتەرەكانی وەک چین و ڕووسیا دروست بووە، دەیەوێت ڕۆڵێكی چالاكتر لە ئاوەدانكردنەوەی ئەفغانستان لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە.

• ئێران كێبڕكێی ناوچەیی خۆی لەگەڵ ئەكتەرەكانی وەک ڕووسیا و توركیا بە هۆكارێكی گرنگ دەزانێت كە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەكەی و پەیوەندییەكانی ئاسیای ناوەڕاست لە قاڵب دەدات. هەرچەندە هێشتا پێگەی تاران لە بواری داڕشتنەوەی جیۆپۆلەتیكی ناوچەییدا دیاری نەكراوە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵی پەیوەندیكردن بە ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكانەوە دەدات، هەم پەیوەندییەكانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا زیاتر كردووە و هەم هەوڵدەدات پێگەیەكی پتەوتر بۆ خۆی لە ناوچەكەدا بەدەستبهێنێت.

• لە كۆتاییدا، هەرچەندە ئێران گرنگی بە پەیوەندییە ئەمنییەكانی ناوچەكە دەدات، بەڵام پەیوەندی بازرگانی، گواستنەوەی وزە لەگەڵ ناوچەكەدا بە پایەی سەرەكی پەرەپێدانی پەیوەندییەكان دادەنرێت. هەر بەم هۆیەشەوە پەیوەندییە بازرگانییەكانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ناوچەكە ڕەوتێكی ئەرێنی نیشان دەدات. جگە لەوەش، بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران، هاوكاری ئابووری نەک وەک كۆتایی، بەڵكو وەک ئامرازێک بۆ بەرپەرچدانەوەی پەرەسەندنی ئامادەبوونی ئەكتەرانی دەرەوەی ناوچەیی سەیر دەكرێت.

# لیستی سەرچاوەکان


1. Sebastien Peyrouse, "Iran's Growing Role in Central Asia? Geopolitical, Economic and Political Profit and Loss Account", Aljazeera, April 2014 https://shorturl.at/vIGrl (last visited: 15.09.2024)
2. Adam Tarock, "Iran Policy in Central Asia", Central Asia Survey,1997, 16:2 s.190.
3. Shireen Hunter, "Iran's Pragmatic Regional Policy," Journal of International Affair, 2003, 56: (2) pp. 133-147.
4. Vladimir Mesamed, "Iran: Ten years in post-Soviet Central Asia," Central Asia and the Caucasus 1, 2002, No. 13:1.
5. Mohiaddin Mesbahi, "Iran and Central Asia: paradigm and policy", Central Asian Survey, 2004, No.23:2, p.117.
6. Meshabi, ibid, p.117.

1. تەحسین وسو عەبدوڵلا، «فاکتەرە کاریگەرەکانی ناکۆکی نێوان ئێران و ئازەربایجان»، وەرزنامەی ئێراناسی ژمارە (٩)، ساڵی سێیەم، ٢٠٢٣.

2. تەحسین وسو عەبدوڵلا، پراگماتیزم و دۆگماتیزم لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، ناوەندی چاویکورد، کانوونی دووەمی ٢٠٢٣. https://shorturl.at/iX7Kh (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٤/٩/١٥)

7. Tarock, ibid. p.190.
8. Tarock, ibid. p.188.
9. Tarock, ibid. p.191.
10. Mohiaddin Mesbahi, "Tajikistan, Iran and the international politics of the 'Islamic factor", Central Asian Survey, 1997, sayı.16:2 pp.141-158.
11. Adam Tarock, "Iran Policy in Central Asia", Central Asia Survey, 1997, sayı. 16:2 p.190.
12. R. Shanahan, "Bad Moon Not Rising: The Myth of the Gulf Shia Crescent," Lowy Institute Analysis Paper, 2008.

13. Rollie Lal, “Central Asia and it’s Asian Neighbors: Security and Commerce at the Crossroads”, RAND Cooperation, 2006, p.11.

14. Tahseen W. Abdullah & Ahmad B. Ahmad, The Challenges of the Islamic Republic of Iran’s Foreign Policy in Central Asia, Polytechnic Journal of Humanities and Social Sciences (Polytechnic J. Hum. Soc. Sci.), Vol.4 No.1 (2023).

3. تەحسین وسو عەبدوڵلا، پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست: بەشی دووەم، ناوەندی چاویکورد، کانوونی دووەمی ٢٠٢٣. https:// shorturl.at/1Q8cD (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٤/٩/١٦)

15. Guli Yuldasheva, “Geopolitics of Central Asia in the context of Iranian Factor”, Caucasian Review of International Affairs, 2008, No. 2:3, p.133.

16. Yuldasheva, ibid. p.134.

17. Mark N. Katz, Russia, “Iran, and Central Asia: Impact of the U.S. Withdrawal from Afghanistan”, Iran Regional Forum, 2013, No.3, p.3.

18. Guli Yuldasheva, Iranian- Chinese Relationship in the Central-Asian Policy context, Latvian Institute of International Affairs, September 2014.https://shorturl.at/BVLlv (last visited: 18.09.2024)

19. Nikolay A. Kozhanov, “Iran in Struggle for Influence in post-Soviet Central Asia: main goals and driving factors”, The Washinton Institute for Near East Policy, Augustus 2012. https://shorturl.at/fzg9T (last visited: 19.09.2024)

20. Shuja, Sharif. 2005. “China, Iran and Central Asia: The Dawning of a New Partnership.” Contemporary Review 1676: p. 145–151.

21. Pierre Pahlavi, Afshin Hojati, “Iran and Central Asia: The Smart Politics of Prudent Pragmatism” ed.Emilian Kavalski, The New Central Asia: Regional impact of International Actors, World Spesific Publising, 2010, p.232.

22. Anita Sengupta, “Region, Regionalization, regionalism: The Myth of Tsentralnaya Azzia Revisted” ed. K. Warikoo& M. Singh, Central Asia since Independence, New Delhi: Shipra, 2004, pp.273-275.

23. Pahlavi, Hojati, ibid, p.233.

4. (*) ئێران لە مانگی تەموزی ساڵی ٢٠٢٣ لە لوتکەی بیست و سییەمینی ڕێکخراوکە بووە ئەندامی تەواو لە ڕێکخراوی هاریکاری شەنگاهای، کە ژمارەی ئەندامی تەواو لە ڕێکخراوەکە (١٠) دەوڵەتن، ئەوانیش؛چین، کازاخستان، قیرغزستان، ڕووسیا، تاجیکستان، ئۆزبەکستان، هیند، پاکستان، ئێران و بیلاروسیا.

24. Pierre Pahlavi, "The place of Shi'ism in Iranian grand strategy". Défense nationale et sécurité collective, 2008, 8/9, pp.43-52.

25. Shahram Akbarzadeh, "Iran and the Shanghai Cooperation Organization: Ideology and Realpolitik in Iranian Foreign Policy", Australian Journal of International Affairs, 2014, No.69:1, p.102.

26. Richard Weitz, "Iran and the SCO: new opportunities, new challenges", The Central Asia- Caucasus Analyst, Augustus 2015, https://shorturl.at/IPD5C (last visited: 21.09.2024).

27. Stephen Blank, Is Iran Making a Comeback in Central Asia? The Central Asia- Caucasus Analyst, October 2014, https://shorturl.at/lNuNB (last visited: 21.09.2024).

28. Fariz İsmailzade, "A breakthrough in Iran-Azerbaijan Relations?", Central Asia- Caucasus Issues, February 2016, https://shorturl.at/lRwn3 (last visited: 23.09.2024).

29. Alan Salahzadeh, "Iran's Domestic and Foreign Policies", National Defence University, Department of Strategic and defense Studies Series 4, 2013, No 49, p.30.

30. Sabir Askeroğlu, İlham Aliyev'in Tahran Ziyareti: Azerbaycan-İran İlişkileri, İran Araştırma Merkezi İRAM, Mart 2017, https://shorturl.at/5GiCt (erişim tarihi: 24.09.2024).

31. Ahmadinejad sees no limit to expansion of ties with Tajikistan, Mehr New Agency, 17 Ocak 2006, https://rb.gy/ukm62l (last visited: 24.09.2024).

32. Tajikistan president website, https://rb.gy/hb8f37 (last visited: 25.09.2024).

33. Islamic Republic of Iran, Ministry of Foreign Affairs, Iranian, Tajik FMs dis-

cuss mutual relations, cooperation, October 2021, https://rb.gy/jkggw9 (last visited: 25.09.2024).

34. Samuel Ramani, Has Iran Finally Found a Security Partner in Central Asia? The Diplomat, May 2016, https://rb.gy/z5hd8c (last visited: 27.09.2024).

35. Ramani, ibid, 2016.

36. Ruhani: İran her alanda Kazakistan ile ilişkilerini geliştirmek istiyor, Pars Today, Haziran 2018, https://rb.gy/pp6qh8 (erişim tarihi: 27.09.2024).

5. تەحسین وسو عەبدوڵڵا، پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست: بەشی یەکەم، ناوەندی چاویکورد، کانوونی دووەمی ٢٠٢٣. https://shorturl.at/YUX4a (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٤/٩/٢٧)

37. Bruce Pannier, "Central Asian states look to Iran as they seek to expand regional transit corridors", Middle Institute, July 2024. https://shorturl.at/HEeOE (last visited: 27.09.2024).

38. President Rouhani to visit Kyrgyzstan, Islamic Republic News Agency IRNA, September 2015, https://shorturl.at/FaBs9 (last visited: 27.09.2024).

39. Mustafa Melih Ahıshalı, İran'ın üyeliğinin önündeki engeller kalkmıştır, Anadolu Ajansı, Eylül 2015, https://shorturl.at/3wB6a (erişim tarihi: 27.09.2024).



# جەنگی دووەمی قەڕەباغ و

## ناکۆکییەکانی نێوان ئێران - ئازەربایجان

توێژەر: م. هەڤاڵ ئازاد محی الدین

ماستەر لە زانستە نێودەوڵەتییەکان



## پوختە

ناوچەی قەرەباغ لەدوای لکاندنی بە یەکێتی سۆڤیەت دەبێت بە ناوچەیەکی کێشە لەسەر لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان، ئەرمەنستان بەردەوام لە رێگەی ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە ویستویانە ناوچەکە بکەن بە بەشێک لە خاکی وڵاتەکەیان. ئەمەش دەبێت بە هۆکاری چەندین جەنگی گەورە لە نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان. جەنگەکانی قەرەباغ کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران–ئازەربایجان. ئەگەرچی ئێران لە جەنگەکانی قەرەباغدا هەوڵیداوە رۆڵی نێوەندگیری بگێرێت، بەڵام لە لایەن ئازەربایجانەوە بە هاوکاریکردنی ئەرمەنستان ناسێنراوە. سەرەرای هەوڵەکانی تاران بۆ نێوەندگیری، بەڵام ئێران پەراوێز دەکرێت گفتوگۆکانی ئاگربەستی جەنگی دووەمی قەرەباغ، لەگەڵ پەراوێزخستنیدا رێککەوتن لەسەر چەندین مادده دەکرێت، کە بەجێبەجێکردنی هەژموون و ستراتیجی ئێران لەناوچەکەدا کاڵدەبێتەوە، ئەمەش سەرەتایەک دەبێت بۆ ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی ئێران-ئازەربایجان. دوای ئاگربەست و سەرکەوتنی ئازەربایجان و گەشەسەندنی هەستی ناسیۆنالیزمی و پێشخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندییەکانی ئێران–ئازەربایجان زیاتر پاشەکشێ دەکات. کە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە تیشک بخرێتە سەر جەنگی قەرەباغ و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی ئێران-ئازەربایجان.

**کلیلە وشە:**

ئێران ، ئازەربایجان، ئەرمەنستان، جەنگی قەرەباغ، رێرەوی زەنگەزوور

## پەیوەندییەکانی ئێران – ئازەربایجان پێش جەنگی دووەمی قەرەباغ

ئێران و ئازەربایجان لەگەڵ ئەوەی بە سەدان کیلۆمەتر سنووری هاوبەشیان هەیە، هاوڵاتیانی هەردوو وڵات لە پەیرەوکارانی ئایینزای شیعەن، ئازەربایجان لە دوای ئێران دووەمین گەورەترین پەیرەوکارانی شیعەن. خاوەنی پەیوەندییەکی مێژوویی بەهێزن، هەردوو وڵات نزیکییەک و تێکەڵاوییەکی قووڵیان لە ڕووی کولتوورەوە هەیە، لە هەمانکاتدا بۆ چەندین سەدە هاوڵاتیانی هەردوو وڵات پێکەوە ژیاون.[١] سەبارەت بە پەیوەندییە فرەلایەنەکانی هەردوو وڵات، تا پێش لکاندنی ئازەربایجان بە یەکێتی سۆڤیەتەوە پەیوەندییەکی تۆکمەی هەمەچەشن لە نێوان ئێران و ئازەربایجاندا هەبوو. بەڵام دوای لکاندنی ئازەربایجان بە یەکێتی سۆڤیەتەوە پەیوەندییەکانی نێوانیان سنووردار دەبێت. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ وابەستەبوونی ئازەربایجان بە یەکێتی سۆڤیەتەوە بەتایبەتی لە دارشتن و پەیرەوکردنی سیاسەتی دەرەوەیدا. بە لێکدانەوەیەکی تر پەیوەندییەکانی ئێران و ئازەربایجان ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی و سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت دەبێت.[٢] بەڵام لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و دروستبوونی چەندین دەوڵەتی نوێ لە هەناوی یەکێتی سۆڤیەت، کە ئازەربایجان یەکێک دەبێت لەو دەوڵەتانە، ئێران ڕاستەوخۆ لە یەکەمین وڵاتان دەبێت کە بەفەرمی دان دەنێت بە سەربەخۆیی ئازەربایجاندا، هەروەها بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی سیاسی، ئابووری و دیبلۆماسی لەگەڵ ئازەربایجان دەست پێدەکات.[٣] سەرۆک کۆماری ئێران هاشمی ڕەفسنجانی وەزیری دەرەوەی ئێران عەلی ئەکبەر ویلایەتی ڕایدەگەیەنن کە ئێران ئامادەی هەرجۆرە هاوکارییەکە بۆ ئازەربایجان. لەم قۆناغەدا هەردوو وڵات هەوڵدەدەن چەندین ڕێکەوتننامەی گرنگ واژۆ بکەن.[٤] تەنانەت ئێران هەوڵدەدات کە ڕۆڵی نێوەندگیری بگێڕێت لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان سەبارەت بە کێشەی قەرەباغ.[٥]

پەیوەندییەکانی ئێران–ئازەربایجان لە سەردەمی ئەبولفەیز ئێلچی بەی ڕابەری بەرەی نەتەوەی ئازەربایجان، گۆڕانکاری ڕیشەیی بەخۆیەوە دەبینێت. ئێلچی بەی سەرکردەیەکی نەتەوەی دژ بە ئێران بوو، بەردەوام لەهەر لێدوانێکیدا ئاماژەی بەوە دەکرد کە پێویستە ئازەربایجانی باکوور و باشوور یەکبگرن، ئەو پێیوابوو کە ئەم یەکگرتنە دەبێت لە ماوەی فەرمانڕەوای خۆیدا جێبەجێ بکرێت. ئەم لێدوانانەی ئێلچی بەی مایەی نیگەرانی کاربەدەستانی ئێران بوو، وەک مەترسییەک بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و یەک پارچەیی خاکی

ئێران دەیان بینی. بۆیە لەم قۆناغەدا پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئازەربایجان ڕوو لە ئاڵۆزی دەکات.[٦] بەڵام لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵاتی ئازەربایجان لە لایەن حەیدەر عەلی یەڤ لە کۆتاییەکانی ١٩٩٣ پەیوەندییەکانی ئێران و ئازەربایجان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە دەبینێت، عەلی یەڤ بە پێچەوانەی ئێلچی بەی هەوڵدەدات سیاسەتێکی نەرم لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە جێبەجی بکات. عەلی یەڤ لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا چەندین جار سەردانی ئێرانی کردووە، تەنانەت لەسەر داوای عەلی یەڤ ئێران سەرکۆنەی ئەو هێرشانەی کردووە کە لە دژی ئازەربایجان ئەنجامی داوە.[٧]

پەیوەندییەکانی ئێران–ئازەربایجان لە سەردەمی ئیلهام عەلی یەڤ بەهەمان شێوەی سەردەمی حەیدەر عەلی یەڤ پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت و چەندین سەردانی فەرمی لە ئاستی لە باڵا لە نێوان هەردوو وڵاتدا ئەنجام دەدرێن. دەرئەنجام چەندین ڕێککەوتننامەی گرنگ لە سێکتەرە جیاوازەکاندا واژۆ دەکرێت.[٨]

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران–ئازەربایجان سیاسەتی دەرەوە، بەرژەوەندی باڵا و ئاسایشی نەتەوەیی هەردوو دەوڵەتە. بۆیە بوونی سیستەمێکی سیکۆلار و ناسنامەیەکی تورکی لە ئازەربایجان و پەیوەندییەکانی ئازەربایجان لەگەڵ وڵاتانی ئەمریکا، ئیسرائیل و ناتۆ مایەی نیگەرانی ئێرانن و هەمیش ئێران وەک هەڕەشەیەک بۆ ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەڕوانێتە ئازەربایجان. هەروەها بوونی ئازەرییەکانی ئێران و هاوسۆزییان بۆ ئازەربایجان، گریمانەی بەکارهێنانی ئەم کەمینانە لە لایەن ئازەربایجانەوە لە دژی ئێران، پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەرمەنستان دەکرێت یەکێکی تر بێت لەو هۆکارانەی کە ئاستەنگ بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئازەربایجان دروست دەکات.[٩]

لەگەڵ خواستی ئازەربایجان بۆ نزیکبوونەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە هەمانکاتدا ستراتیجی هێڵی غازی سروشتی ئازەربایجان کاردەکەنە سەر پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئازەربایجان، چونکە ئەم سیاسەتەی ئازەربایجان دەبێتە هۆکاری لاوازبوونی باڵادەستی ئێران لە دابینکردن و هەناردەکردنی غازی سروشتی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا.[١٠] بۆیە چەند دەرفەت هەبێت بۆ پێشخستنی پەیوندییەکانیان هێندەیش ئاڵەنگاری دەبێت بۆ پاشەکشەکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات. کە دەکرێت یەکێک لە گەورەترین لەمپەرەکان کێشەی قەرەباغ بێت.

## مێژووی ئاڵۆزییەکانی قەرەباغ

ناوچەی قەرەباغ لە کۆندا سنووری جیاکەرەوەی هەر یەک لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، سەفەویی و ڕووسیا بووە. دوای بەهێزبوونی ڕووسیا و فراوان خوازییەکانی لە ناوچەکانی قەوقاز و تێکشکاندنی هەر یەک لە عوسمانی و سەفەوییەکان لە جەنگەکاندا توانی ناوچەکە بخاتە سەر ئیمپراتۆریەتییەکەی خۆی.

پێش لکاندنی ناوچەی قەرەباغ بە ڕووسیای قەیسەرییەوە، ناوچەکە لە لایەن چەند بنەماڵەیەکەوە فەرمانڕەوای دەکرا. دواتر لە لایەن ڕووسیاوە ناوچەکە داگیرکرا و کۆتایی بەفەرمانڕەوایی ئەم بنەماڵانە هێنراو ناوچەکە بوو بە ویلایەتێکی سەر بە ڕووسیا. لە دوای لکاندنی بە ڕووسیاوە ئەرمەنییە کریستیانییەکان دەستیان بە کۆچکردن بۆ ناوچەکە کرد،[١١] لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانیشەوە ئەرمەنییەکان بەردەوام لەگەشەکردندا بوون بەراورد بە ئازەرییەکان. بەجۆرێک لە ساڵی ١٨٣٢ ئەرمەنییەکان لە ٣٤٪ دانیشتوانیان پێک دەهێنا، بەڵام بەپێی چەندین سەرژمێری کە لە سەدەی بیستەمدا ئەنجامدراوە ڕێژەی هاوڵاتیانی ئەرمەنی لە قەرەباغ بۆ سەرو لە ٪٧٠ ی دانیشتوان بەرزدەبێتەوە. لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩٢٣ قەرەباغ دەکرێت بەهەرێمی سەربەخۆ. لە پێش هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت دانیشتوانی قەرەباغ چەندین جار هەوڵیانداوە لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە بلکێنرێن بە ئەرمەنستانەوە، بەڵام ئەم هەوڵانە لە لایەنی ئازەربایجان و خودی یەکێتی سۆڤیەتیشەوە ڕەتکراوەتەوە.[١٢] یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێگەی درێژەدان بە ئاڵۆزییەکانی قەرەباغ ویستویەتی هەیمەنەی خۆی بەسەر ئەرمەنستان و ئازەربایجان درێژەپێبدات.[١٣]

لەگەڵ ئەوەی ئەرمەنییەکان قەرەباغیان وەک نیشتمانی خۆیان بینیوەو بەردەوام لە هەوڵدابوون تەواوی نیشتمانەکەیان یەک بخەن و بەڕێوەی بەرن، ئازەرییەکانیش ناوچەکە بە نیشمانی ڕەسەنی خۆیان دەزانن و ئاماژە بەوە دەکەن کە بە پلانێکی سیاسی ڕێکخراو ئەرمەنییەکان لە ناوچەکەدا نیشتەجێ کراو و ئازەرییەکان ناچار بە کۆچکردن کراوان. دەرئەنجامی هەوڵەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان ئاڵۆزییەکی مێژووی دەکەوێتە نێوانیانەوە. هەردوو وڵات دوچاری چەندین جەنگ دەبنەوە.[١٤] کە ئەوانیش جەنگەکانی قەرەباغی یەکەم و دووەمە. جێگەی سەرنجە ئاڵۆزییەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان لەسەر ناوچەی قەرەباغ کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات لەگەڵ دراوسێکانیان. یەکێک لەو وڵاتانەش بێگومان کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

## جەنگی یەکەمی قەرەباغ و سیاسەتی ئێران

قەرەباغ وەک ناوچەیەکی کێشە لەسەر لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان، لە سەرو بەندی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە ڕوو لە زیادبوون دەکەن، تا دەگات بە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا. لە کۆتاییەکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کاتێک کە ئەرمەنییەکان ویستییان ناوچەی قەرەباغ بکەن بە بەشێک لە ئەرمەنستان، ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە گەشتە ترۆپک و بوو بە کێشەیەکی قوڵ و درێژ لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستاندا.[١٥] لە جەنگی یەکەمی قەرەباغ زیاتر لە ٣٠ هەزار هاوڵاتی گیانیان لەدەستداو بە سەدان هەزار هاوڵاتی تریش ئاوارەبوون. ئەرمەنستان توانی لەجەنگەکەدا جگە لە قەرەباغ چەندین ناوچەی تری گرنگ کۆنترۆڵ بکات.[١٦] دواجار دوای چەندین هەوڵی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەتایبەتی هەوڵەکانی ڕێکخراوی یەکێتی ئاسایشی ئەورووپا لە ڕێگەی دروستکردنی گرووپی (Minsk)توانرا لە ساڵی ١٩٩٤ ئاگربەست لە نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجاندا ڕابگەیەنرێت. یەکێک لەو وڵاتانەی لەسەرەتای جەنگەکەوە هەوڵیداوە نێوەندگیری بکات، کۆماری ئیسلامی ئێران بوو. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاڵۆزییەکانی قەرەباغ ئێران کێشەکەی وەک کێشەیەکی یەکێتی سۆڤیەت دەبینی و پێیوابوو دەبێت یەکێتی سۆڤیەت چارەسەری بکات، بەڵام دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و قووڵبوونەوەی ئاڵۆزییەکان و دروستبوونی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئێران و ئازەربایجان، ئێران هەوڵیدا لەڕێگەی دیبلۆماسییەوە ئاڵۆزییەکانی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان چارەسەر بکات. لەم پێناوەدا وەزیری دەرەوەی ئێران عەلی ئەکبەر ویلایەتی سەردانێکی فەرمی بۆ ناوچەکە ئەنجامداو دواتر لە شوباتی ١٩٩٢ لەسەر بانگهێشتی تاران سەرۆکانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە تاران ئاگربەستیان ڕاگەیاند. بەڵام تەمەنی ڕێککەوتنەکە درێژ نەبوو، کێشەکان دووبارە سەریان هەڵدایەوە. ئێران جاریکی تر هەوڵیدا نێوەندگیری بکاتەوە، لەم پێناوەدا سەرۆکی کاتی ئازەربایجان، سەرۆکی ئەرمەنستان و سەرۆک کۆماری ئێران لە تاران کۆبوونەوە و دوبارە ئاگربەستیان ڕاگەیاند، ئەوەی جێگەی سەرنجە دوبارە هەوڵەکانی ئێران بۆ ئاگربەست کاتیی بوون، تەمەنی ئاگربەستی دووەم بە نێوەندگیری ئێران زۆر نەبوو، دوبارە ئاگربەست پێشێلکرا و ئاڵۆزییەکان دەستیان پێکردەوە.[١٧]

## جەنگی دووەمی قەرەباغ و ئێران

لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢٠ جارێکی تر ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان زیاتر دەبێت و لە کۆتایدا جەنگی دووەمی قەرەباغ لە نێوانیاندا سەرهەڵدەدات. دەرئەنجامی جەنگەکە بە گشتی لە بەرژەوەندی ئازەربایجان کۆتایی دێت و دەتوانێت چەندین ناوچەی گرنگ کۆنترۆڵ بکات کە دەبن بە هۆکاری گۆڕانکاری گەورەی جیۆپۆلەتیکی لە ناوچەکە، کە ئەمەش هۆکارێک دەبێت بۆ ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی ئازەربایجان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران. لە سەروبەندی جەنگی دووەمی قەرەباغ ئێران سیاسەتێکی جێگیری پەیڕەو نەدەکرد، لە لایەک کاربەدەستانی باڵای ئێران هەوڵی نێوەندگیریان دەدا، لە لایەک جەختیان لە سەروەری و یەکپارچەیی خاکی هەردوو وڵات دەکردەوە، لە لایەکی تریشەوە ڕابەری باڵای ئێران خامەنەیی ئاماژەی بەوە دەکرد کە ئازەربایجان لە پێناو مافی ڕەوای خۆیدا دەجەنگێت و پێویستە هەموو ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکاتەوە کە لەلایەن ئەرمەنستانەوە دەستی بەسەردا گیراوە.(١٨) هەروەها ئێران بەوە تۆمەتباردەکرا کە هاوکاری ئەرمەنستان بووە لەجەنگەکەدا، بەڵام کاربەدەستانی باڵای ئێران ئەو دەنگۆیانەیان ڕەتدەکردەوە.(١٩) دەرئەنجام لەشەوی٩ لەسەر ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ لە ئەنجامی کۆبوونەوەیەکی ئۆنلاینی سەرۆکانی ڕووسیا، ئازەربایجان و ئەرمەنستان، ئاگربەست ڕاگەیەنرا.(٢٠)

ئەوەی جێگەی سەرنجە دەرئەنجامی جەنگەکە دڵخۆشکەر نەبوو. لە لایەک ئێران وەک یەکێک لە دەوڵەتە گرنگەکانی ناوچەکە و هاوسنووری هەر یەک لە ئەرمەنستان و ئازەربایجان، سەرەڕای هەوڵەکانی تاران بۆ نێوەندگیری نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان، بەڵام لە لایەن ڕووسیاوە هەوڵەکانی تاران بێ ئەنجام مانەوە و تەنانەت لە دانوستانەکانی ئاگربەستیشدا بەشداری بە تاران نەکرا. کە ئەمەش شکستێکی گەورەی سیاسی و دیبلۆماسی تاران بوو لە ناوچەکەدا. هەروەها دەرئەنجامەکانی ئاگربەست نەک لە بەرژەوەندی تاران نەبوون، بەڵکو بوون بە سەرەتایەک بۆ لاوازکردنی هەژموونی ئێران و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئازەربایجاندا.(٢١) دەکرێت پەراوێزخستنی تاران لە پرۆسەی ئاگربەستی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان، لە لایەن تورکیا، ڕووسیا و ئازەربایجانەوە بووبێت کە مەبەستیان بووبێت چارەسەرێکی تاڕادەیەک ڕیشەی بۆ

کێشەکانی قەرەباغ فەراهەم بکەن. چونکە لە دەرئەنجامی ئاگربەست ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هەوڵدەدرێت هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا لاواز بکرێت و بە تەواوی لە ئەرمەنستانی داببڕن، وەک ئەوەی ئێران بەشێکی سەرەکی بێت لە ئاڵۆزییەکان. دەکرێت لە ڕێگەی لاوازکردنی هەژموونی ئێران لە ناوچەکە و پچڕاندنی پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەرمەنستان تاڕادەیەک ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە کەم ببێتەوە.

**دەرئەنجامەکانی جەنگی دووەمی قەرەباغ و ئاڵۆزییەکانی ئێران – ئازەربایجان**

جەنگی دووەمی قەرەباغ دەرفەتێکی مێژوویی بوو بۆ ئازەربایجان کە توانی دەستبگرێتەوە بەسەر بەشێکی زۆری ئەو خاکانەی کە ئەرمەنستان لە جەنگی یەکەمی قەرەباغدا دەستی بەسەردا گرتبوو. دوای زیاتر لە مانگێک جەنگ، ڕووسیا سەرکەوتوو بوو لەوەی کە بتوانێت هەردوو وڵات بێنێتە سەرمێزی گفتوگۆ و ئاگربەست ڕابگەیەنن. یەکێک لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی جەنگەکە گۆڕانکاری بوو لە سنووری نێوان ئێران، ئەرمەنستان و ئازەربایجان. لە دوای جەنگی دووەمی قەرەباغ ئێران و ئازەربایجان سنوورەکانیان فراوان تربوو. کە ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ گۆڕانکاری جیۆپۆلەتیک لە ناوچەکەدا. یەکێک لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی جەنگەکە، گۆڕانکاری بوو لە ڕێڕەوە ئابوورییەکانی ناوچەکە. بەجۆرێک هەموو بەربەستەکانی هاتوچۆی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان کۆتایی پێهێنرا. تەنانەت لە ڕێککەوتننامەی ئاگربەستدا پێشنیاری چەندین ڕێڕەوەی نوێ کرا بوو. بەم شێوەیە ئێران ئەو ڕۆڵە گەورەیەی کە لە ترانسفێری ناوچەکەدا دەیگێڕا لە دەستی دەدات. کە ئەمەش هۆکار دەبێت بۆ کەمبوونەوەی هەیمەنەی ئابووری و سیاسی ئێران لە ناوچەکەدا.[٢٢]

یەکێک لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی جەنگی دووەمی قەرەباغ کە کاریگەری قووڵی کردۆتە سەر پەیوەندییەکانی ئێران – ئازەربایجان، پێشنیاری دروستکردنی ڕێڕەوەی زەنگەزوور بوو، کە لە ماددەی نۆی ڕێککەوتننامەی ئاشتی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستاندا دیاری کراوە. بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە ڕێڕەوێک دروست دەکرێت لە نێوان ئازەربایجان و نەهچیڤان، لەم ڕێگەیەوە نەهچیڤان دەبەسترێتەوە بە ئازەربایجانەوە، کە ئەمەش دەرچەیەک دەبێت بۆ نەهچیڤان بۆ کرانەوە بە ڕووی دەرەوەدا. هەروەها

ڕێڕەوێکی گرنگی بازرگانی دەبێت و ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە گواستنەوەی سامانی سروشتی ئازەربایجان و ڕووسیا بە وڵاتانی دەرەوە. لە هەموو گرنگترین دەبێتە هۆکاری پچڕاندنی ئێران و ئەرمەنستان لە یەکتری.[٢٣] دروستکردنی ڕێڕەوی زەنگەزوور بەواتای گۆڕانکاری جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە دێت، ئێران ئەم گۆڕانکارییە بە هێڵی سوور ناودەبات و بە هەموو شێوەیەک لە دژی ئەنجامدانی پرۆژەکەیە لە دوای جەنگی دووەمی قەرەباغ، ئێران لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکی جیۆپۆلەتیکی و بە مەبەستی ترساندنی ئازەربایجان چەندین جار مانۆڕی سەربازیی ئەنجامداوە.[٢٤] وەزیری دەرەوەی ئێران عەباس عراقچی لەپۆستێکی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس ڕایگەیاندووە کە ئێران بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابێت بە گۆڕانکاریی لە سنووری وڵاتان و ئەنجامدانی پرۆژەی زەنگەزوور.[٢٥] تەنانەت ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئێران داوای لە ڕووسیا کردووە کە پرۆژەکە نەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. هاوکات ڕابەری باڵا خامنەیی لە تەمووزی ٢٠٢٢ لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک کۆماری تورکیا ئەردوغان، بە ڕوونی ئەو پەیامەی دابوو بە ئەردوغان کە ئێران بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نادات بە دروستکردنی ڕێڕەوی زەنگەزوور. بە هەمان شێوەی ڕابەری باڵا، سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی ئازەربایجان ئیلهام عەلی یەڤ لە ئەستانە، ڕایگەیاندبوو کە ئێران بە هەموو شێوەیەک پرۆژەیەکی لەو جۆرە ڕەتدەکاتەوە کە دەبێتە هۆکاری پچڕاندنی سنوورەکانی ئێران لەگەڵ ئەرمەنستان و گۆڕانکاری جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە.[٢٦]

یەکێکی تر لە دەرئەنجامەکانی جەنگی دووەمی قەرەباغ بێگومان بەهێزبوونی ئازەربایجانە لە ڕووی سیاسی، سەربازیی و ئابوورییەوە، کە ئەم بەهێزبوونەی ئازەربایجان هاوکات دەبێت لەگەڵ هەڵکشانی ناسیۆنالیزمی ئازەریی لە ناوچەکەدا، کە تورکیا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لەم ڕووەوە. هەربۆیە لە دوای جەنگی دووەمی قەرەباغ سەرۆک کۆماری تورکیا بەشداری ڕێپێوانی سەرکەوتنی ئازەربایجان دەکات و پارچە شعرێک دەخوێنێتەوە کە ئاماژەیە بۆ داگیرکاری ناوچەکە لە لایەن ئێرانەوە. هەر بۆیە ئەم پێشهاتانە فاکتەرێکی دیار دەبێت لە ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران–ئازەربایجان. چونکە بەهێزبوونی ئازەربایجان و هەڵکشانی ناسیۆنالیزمی لەو وڵاتە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ئاسایشی نەتەوەی ئێران.[٢٧]

فاکتەرێکی تر کە ڕۆڵی دەبێت لە ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران-ئازەربایجان، پەیوەندییەکانی نێوان ئازەربایجان و ئیسرائیلە. دوا بەدوای جەنگی دووەمی قەرەباغ و تا ڕادەیەک ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئازەربایجان، ئازەربایجان بەمەبەستی گەشەپێدانی کەرتی ئابووری و سەربازیی، هەوڵیدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل پێشبخات، لەم پێناوەدا لە ئازاری ٢٠٢٣ باڵوێزخانەی خۆی لە تەلئەبیب کردەوە.[٢٨] لە دوای کردنەوەی باڵوێزخانە وەزیری دەرەوەی هەردوو وڵات لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایانگەیاند کە هەردوو وڵات لەبەردەم مەترسییەکانی ئێراندا، پێویستە هەردوو وڵات دەست لەدەست بن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران. کاربەدەستانی ئێرانیش لەگەڵ ئەوەی ڕایانگەیاند کە هیواخوازن ئازەربایجان نەکەوێتە تەڵەی دوژمنەوە، ئاماژەیان بەوەشدا کە ئێران بێکاردانەوە نابێت، ئەگەر لە خاکی ئازەربایجانەوە ڕووبەڕووی هەر مەترسییەکی ئیسرائیل ببێتەوە. هەروەها پەرلەمانی ئێرانیش سەرکۆنەی پەیوەندییەکانی ئازەربایجان و ئیسرائیلی کرد. وەک کاردانەوەیەکیش پەرلەمانی ئازەربایجانیش ئاماژەی بەوە کرد کە ئێران مافی ئەوەی نییە دەست بخاتە کاروباری نێوخۆی ئازەربایجانەوە، چونکە ئەوە مافی سروشتی ئازەربایجانە و بەشێکە لە سەروەری وڵات.[٢٩]

لەگەڵ ئەم پێشهاتانەدا باڵوێزی ئازەربایجان لە تاران ڕووبەڕووی هێرشێکی چەکداری بوویەوە، کە دەسەڵاتدارانی ئێران ڕایانگەیاند کە هێرشەکە هێرشێکی شەخسی بووە. بەڵام دەکرێت کۆدەکانی هێرشەکە ئەوەبێت کە ئازەربایجان نابێت ببێت بە مەترسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، پەیامێکیش بووبێت بۆ ئەوەی ئازەربایجان بیر لەوە نەکاتەوە کە ئێران بکات بە دوژمنی خۆی لە سیاسەتی دەرەوەیدا.[٣٠]

## سەرچاوەکان


1. Raagini Sharma, 2023, Azerbijan – Iran History of Relations and Challenges, Research Institute for Auropean and American Studies, p. 1-4. and Azerbijan – Iran Relations: Challenges and Prospects , https://www.belfercenter.org/publication/azerbaijan-iran- relations-challenges-and-prospects ، ١٥ \ بەرواری سەردان
2. Elçin Neciyev ve Teymur Gasımlı, Temmuz 2020, Azerbijan – İran İlişkileri (1991-2018), Anemom Muş Aıparslan Üniersitesi Sosyal Bilimler Dergisi, 2020 8 (4), s. 1268.
3. Elnure Celilova, 2019, Güvenlik Politika Bağlamında Azerbijan – İran İlişkileri, Yüskesk Lisans Tezi, Bursa Uludağ Üniversitesi, s. 78.
4. Taghi Davoodi, 2016, Friendly Relations Between Iran and Azerbaijan, Mediterranean Journal of Social Sciences, Vol 7 , No 5, p 260.
5. Elçin Neciyev ve Teymur Gasımlı, Temmuz 2020, Azerbijan – İran İlişkileri (1991-2018), Anemom Muş Aıparslan Üniersitesi Sosyal Bilimler Dergisi, 2020 8 (4), s. 1268.
6. Ahmet Sapmaz, 2022, İran'ın Azerbican'a Yönelik Dış Politikası : İkinci Karabağ Savaşı'nın Belirleyiciliği, SAE Akademi Dergisi, Cilt 2, Sayı 4, s.22. ve Etibar Guliyev, 2020, Azerbijan – İran İlişkileri Türkiye Faktörü, İran Araştırmalar Merkezi, s. 7.
7. Elif Yıldız Yüce, 2023, 1940'Dan Günümüze Azerbijan – İran Münasebetleri, Young Academics Union Jornal of Social Sciences, Vol: 3 Num : 1, s. 86-87.
8. Elif Yıldız Yüce, 2023, 1940'Dan Günümüze Azerbijan – İran Münasebetleri, Young Academics Union Jornal of Social Sciences, Vol: 3 Num : 1, s. 88-89.
9. Elnure Celilova, 2019, Güvenlik Politika Bağlamında Azerbijan – İran İlişkileri, Yüskesk Lisans Tezi, Bursa Uludağ Üniversitesi, s. 78-79.
10. Elnure Celilova, 2019, Güvenlik Politika Bağlamında Azerbijan – İran İlişkileri, Yüskesk Lisans Tezi, Bursa Uludağ Üniversitesi, s. 71.
11. Fahir Armaoğlu, 20. Yüzyıl Siyasi Tarihi 1914-1995, 19. Baskı, Timaş Yayınları, İstanbul, s. 830.
12. Bahar ÖZSOY, 2024, Birinci Dağlık Karabağ Savaşı ve Azerbijan Türkiye Si-

uyasi İlişkileri, Abant Sosyal Bilimler Dergisi, 24 (2), s. 764-765.

13. Etibar Guliyev, 2020, Azerbijan – İran İlişkileri Türkiye Faktörü, İran Araştırmalar Merkezi, s. 6.

14. Tahir ALLAHVERDİYEV, 2010, Azerbijan ve Armenistan Arasındaki Karabağ Sorunu, Uludağ Üniversitesi, Yüksek Lisans Tezi, S. 60-62.

15. Mehmet Emin Erendor, Mehmet Fatih Öztarsu, 2019, IRANIAN RELATIONS WITH AZERBAIJAN AND ARMENIA: A COMPARATIVE APPROACH IN THE CASE OF PRAGMATIST POLITICS, BAIBÜ Sosyal Bilimler dergisi, Cilt 19, Sayı 1, s. 168. Ve Fahir Armaoğlu, 20. Yüzyıl Siyasi Tarihi 1914-1995, 19. Baskı, Timaş Yayınları, İstanbul, s. 830-831.

16. BBC Site, Nagorno-Karabakh profile, https://www.bbc.com/news/world-europe-18270325#:~:text=1992%2D94%20%2D%20First%20Karabakh%20war,Lachin%2C%20linking%20Karabakh%20and%20Armenia. , 15\10\2024.

17. Seriyye Genceliyev Tamer, Uluslararasi İran Türkleri Düiünce Platformu, 2017, Ankara, s. 250-251.

18. Bayram Sinkaya, 2024, Azerbaijan-Iran Relations under the Shadow of Pan-Turkist Challenges, Arap Center for Research and Policy Studies, file:///C:/Users/HP/Desktop/azerbaijan/azerbaijan-iran-relations-under-the-shadow-of-pan-turkist-challenges.pdf , 15,10,2024.

19. Elif Yıldız Yüce, 2023, 1940'Dan Günümüze Azerbijan – İran Münasebetleri, Young Academics Union Jornal of Social Sciences, Vol: 3 Num : 1, s. 89.

20. Ömer Lütfi Taicıoğlu, 2023, İKİNCİ KARABAĞ SAVAŞI VE SONUÇLARI, Trakya Üniversitesi Sosyal Bilimler Dergisi, Cilt 25 Sayı 2, s. 555.

21. Ahmet Sapmaz, 2022, İran'ın Azerbican'a Yönelik Dış Politikası : İkinci Karabağ Savaşı'nın Belirleyiciliği, SAE Akademi Dergisi, Cilt 2, Sayı 4, s.22. ve Etibar Guliyev, 2020, Azerbijan – İran İlişkileri Türkiye Faktörü, İran Araştırmalar Merkezi, s. 30-31.

22. Ahmet Sapmaz, 2022, İran'ın Azerbican'a Yönelik Dış Politikası : İkinci Karabağ Savaşı'nın Belirleyiciliği, SAE Akademi Dergisi, Cilt 2, Sayı 4, s.22. ve Etibar Guliyev,

2020, Azerbijan – İran İlişkileri Türkiye Faktörü, İran Araştırmalar Merkezi, s. 30-31.
23. Ayşe Süreyya Pekçetın, 24,10,2023, Zengezur Koridoru'nun Azerbijan ve Rusya Açısından Önemi, Ankara Kriz ve Siyaset Araştırmalar Merkezi Sitesi, https://www.ankasam.org/anka-analizler/zengezur-koridorunun-azerbaycan-ve-rusya-acisindan-onemi/ erişim Tarihi , 29,10,2024.
24. Fehim Taştekim, 11 Nisan 2023, BBC Sitesi, İran ve Azerbaycan arasında gerilim neden arttı?, Erişim Tarihi, 29,10,2024.
25. BBC Sitesi, 6 Eylül 2024, https://www.bbc.com/turkce/articles/cvgr711370eo , Erişim Tarihi, 29,10,2024.
26. Fehim Taştekim, 11 Nisan 2023, BBC Sitesi, İran ve Azerbaycan arasında gerilim neden arttı?, Erişim Tarihi, 29,10,2024.
27. Yalçın Sarıkaya, 2021, İRAN'IN İKİNCİ KARABAĞ SAVAŞI TUTUMU:TAKKE DÜŞTÜ KEL GÖRÜNDÜ, Giresun Üniversitesi İktisadi ve İdari Bilimler Dergisi, 7 (1), s. 94-95. Ve Mayis Alizade, 28 Ocak 2023, 10 soruda Azerbaycan-İran ilişkileri: Azerbaycan'ın Tahran'daki büyükelçiliğine saldırının amacı ne?, INDEPENDENT Sitesi, https://www.indyturk.com/node/604396/d%C3%BCnya/10-soruda-azerbaycan-i%CC%87ran-ili%C5%9Fkileri-azerbaycan%C4%B1n-tahrandaki-b%C3%BCy%C3%BCkel%C3%A7ili%C4%9Fine , Erişim Tarihi, 29,10,2024.
28. Biswarup Baidya , 16 June 2023, Challenges in Iran-Azerbaijan Relations: Implications for the region, Indian Council of World Affairs, https://www.icwa.in/show_content.php?lang=1&level=1&ls_id=9514&lid=6169 , 29,10,2024.
29. Fehim Taştekim, 11 Nisan 2023, BBC Sitesi, İran ve Azerbaycan arasında gerilim neden arttı?, Erişim Tarihi, 29,10,2024.
30. Mayis Alizade, 28 Ocak 2023, 10 soruda Azerbaycan-İran ilişkileri: Azerbaycan'ın Tahran'daki büyükelçiliğine saldırının amacı ne?, INDEPENDENT Sitesi, https://www.indyturk.com/node/604396/d%C3%BCnya/10-soruda-azerbaycan-i%CC%87ran-ili%C5%9Fkileri-azerbaycan%C4%B1n-tahrandaki-b%C3%BCy%C3%BCkel%C3%A7ili%C4%9Fine , Erişim Tarihi, 29,10,2024.



# كۆریدۆری زنگزور؛

## گورزێکی ستراتیجیی لە ئێران


توێژەر : میران حسێن

خوێندکاری دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان




## بەرایی

كۆماری ئیسلامیی ئێران، ستراتیجی جۆراوجۆری لە ناوچەكە و جیهان هەیە، بۆ هەر ناوچەیەكی جوگرافی لە جیهاندا ستراتیجێكی تایبەت خۆی هەیە، كە بەشێكن لە ستراتیجێكی گشتی كە بە تێكڕا خزمەت بە بەرژەوەندییە باڵاكانی كۆماری ئیسلامیی دەكات. ستراتیجییەكانی ئێران سەبارەت بە ناوچە جیاجیاكانی جیهان پێكدێن لە كۆمەڵێك ئامانج و ئامرازی جیاجیا و بەپێی بارودۆخی سیاسی، ئابووری و نێودەوڵەتی گۆڕانكاری بەسەردا دێت و بەشێوەیەكی قۆناغبەندی ئامانجەكانی جێبەجێ دەكات. ئامرازەكانیشی پێكدیت لە كۆمەڵێك ئامرازی بەهێز، نەرم، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ جێبەجێ دەكرێت.

پاش ڕووخانی یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو لە ساڵی ١٩٩١، دەرفەتێكی نوێ بۆ ئێران بۆ سوودوەرگرتن لە بۆشایی جیۆپۆلیتیكی دروستبوو، لە ئەنجامی نەمانی یەكیتی سۆڤیەت، بەدەستهێنانی چەك، پێداویستی سەربازی، تەكنەلۆژیا، پیشەسازی و بازاڕی ئازاد بوون بە بەشێک بێت لە هەژموونی ئێران. ئێران ستراتیجێكی دیاریكراوی داڕشت بەمەبەستی بەهێزكردنی پەیوەندییەكانی لەگەڵ كۆمارەكانی یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی لەگەڵ ئێران هاوسنوور بوون و بوون بە بەشێك لە زۆنی ژێدەری كۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەو وڵاتە لەهەوڵی ئەوەدابوو كە هەژموونی خۆی بەسەر دانیشتوانی ئەو وڵاتانە بسەپێنێت، كە تێكەڵەیەكن لە نەژاد، ئاین و ئایینزای جۆراوجۆر كە بەشێكیان بە فارسی ئاخاوتن دەكەن یان ئایینزای شیعەن.

بەڵام هەوڵە ستراتیجییەكانی سەبارەت بە كۆمارەكانی یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو بێ لەمپەر و بێ كێشە نەبوون، بەهۆی بوونی چەندین ڕكابەر لە ناوچەكە وەكو توركیا، ئیسرائیل، ئەمریكا، چین و پاش دەركەوتنی ڤلادیمیر پۆتین وەكو سەركردە لە ڕووسیا قۆناغ بە قۆناغ هەوڵی ئەوەی دا هەژموونی خۆی بسەپێنێت بەسەر هەموو كۆمارەكانی یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو تەنانەت ئەگەر هەنگاوەكانیشی دژی هاوپەیمانەكانی بێت. كردنەوەی كۆریدۆری زەنگزور یەكێكە لە هەوڵەكانی ڕووسیا بە هەماهەنگی لەگەڵ توركیا بۆ سەپاندنی هێز بەسەر ناوچەكە، دروستكردنی ئەم كۆریدۆرە خزمەت بە بەرژەوندییەكانی هەردوولا دەكات، بەڵام لەبەرامبەردا گورزێكی سیاسی و ستراتیجی لە كۆماری ئیسلامیی ئێران دەدات.

ئێران پێیوایە دروستکردنی ئەم کۆریدۆرە دژی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، ڕێککەوتنی هەریەك لە ڕووسیا، تورکیا، ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر جێبەجێکردنی زیان بە بەرژەوەندییەکانی دەگەیەنێت، جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە هێڵی سوورە بۆ ئێران و نابێت ئەو پرۆژەیە بەهیچ شێوەیەك بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە .

## کۆریدۆری زنگزور

یەکێکە لە پرۆژە ستراتیجییەکان کە بیرۆکەی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، ڕێگەیەکی ستراتیجی ئابوورییە لە نێوان دوو بەشی خاکی ئازەربایجان، کە وڵاتی ئەرمینیا جیای دەکاتەوە و پێکدیت لە هێڵێکی ڕێگەی خێرا و هێڵی شەمەندەفەر کە لە تورکیاوە دەستپێدەکات و سەرجەم وڵاتانی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست دەگرێتەوە، تا دەگاتە سنووری چین و مەبەست لێی گواستنەوەی کەلوپەلە لە نێوان سەرجەم وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز بەرەو تورکیا، بەپێچەوانەوە وەکو هەنگاوێکی یەکەم دواتر ئەم پرۆژەیە چین بە ئەورووپاوە دەبەستێتەوە [1] . ئەم کۆریدۆرە بەناوچەی سوینیکی ئەرمینیا تێپەڕ دەبێت. بەڵام لەژێر کۆنترۆڵی ئەرمینیادا نابێت و، درێژی ٤٠ کیلۆمەترە و لەژێر چاودێری هێزەکانی پاسەوانی ڕووسی دەبێت. ئەم پرۆژەیە لە کۆمەڵێك هێڵی شەمەندەفەر و ڕێگەی خێرا پێکدێت، تورکیا و ئەورووپا بە ئاسیای ناوەڕاست دەبەستێتەوە، واتا پرۆژەکە چین بە ئەورووپاوە دەبەستێتەوە(٢)، پێشبینی دەکرێت هێڵی گواستنەوەی نەوت و غازیشی بۆ زیادبکریت.

لە ساڵی ١٩٩٢ تورکیا پشتگیری پرۆژەی ڕێڕەوی دوو ئاڕاستەی کرد، کە لە لایەن پۆل جۆبلوە پێشکەشکرا، کە بەپێی ئەو پرۆژەیە ئازەربایجان دەستبەرداری بەرزاییەکانی کاراباخ دەبێت کە دەخرێتە سەر ئەرمینیا، لەبەرامبەردا ئەرمینیا دەستبەرداری ڕێرەوەی زەنگزور دەبێت کە ناخچوان دەبەستێتەوە بە ئازەربایجانەوە. لە ساڵانی ٢٠٠١ و٢٠٠٢ هەریەك لە ئازەربایجان و ئەرمینیا تاوتوێی پێشنیاری ئاشتییان کرد، کە هەمان بیرۆکەی پێشوو زیندوو بکرێتەوە کە بەپێی ئەو پرۆژەیە ئازەربایجان دەستبەرداری بەرازییەکای کاراباخ و ڕێڕەوی لاچین بێت، کە ئەرمینیا دەبەستێتەوە بە کۆماری ئارتساغ و ئەو ناوچانە دەخرێتە سەر ئەرمینیا. لە بەرامبەردا ئەرمینیا دەستبەرداری کۆریدۆری زەنگزور دەبێت

کە ناخچوان دەبەستێتەوە بە ئازەربایجان، بەڵام دەنگە نارازییەکانی لەناو هەردوو وڵات دژی جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیە بوون[٣].

دروستکردنی ئەم کۆریدۆرە لەسەر داواکاری ئازەربایجان و تورکیا بوو، بەڵام پێشتر ئەرمینیا ڕازی نەبوو ئەو کۆریدۆرە دروستبکرێت، ئەویش بەهۆی فشاری ڕووسیا و لاوازبوونی پێگەی ئەرمینیا بەرامبەر بە ئازەربایجان، ئەرمینیای ناچار کرد دواجار ڕازی بێت لەسەر کردنەوەی. بەپێی بەندی نۆیەم لە ڕێکەوتننامەی ئاگربەستی نێوان هەردوو وڵات کە مانگی تشرینی دووهەم ٢٠٢٠ واژۆکرا و کۆتایی بەجەنگی ٤٤ ڕۆژەی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا لەسەر هەرێمی ناگۆرنو کاراباخ هێنا، یەکێك لە بەندەکانی ئەرمینیا ڕازی بوو لەسەر کردنەوەی ڕێڕەوێکی زەمینی لە نێوان ئازەربایجان و هەرێمی ناخچوان خاوەن حوکمی زاتییە[٤].

## کۆریدۆری زنگزور و ئێران

جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە، جێگەی مەترسییە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، چونکە پێیوایە جێبەجێکردنی دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست لەبەر چەندین هۆکار :-

١- جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە ڕێگە بە تورکیا دەدات بگاتە سەرجەم کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز و پێکەوە دەیانبەستێتەوە، ئەمەش دژی خواستەکانی ئێرانە، تورکیا دەست واڵا دەکات لە ئاسیای ناوەڕاست و پێگەی بەهێز دەکات لەو ناوچەیە کە ڕکابەرێتی ئێران دەکات .

٢- جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە سنووری هاوبەش لە نێوان ئەرمینیا و ئێران ناهێڵێت بەمەش ئێران سنووری زەمینی نامێنێت لەگەڵ ئەورووپا، چونکە ئەم کۆریدۆرە لەسەر سنووری هاوبەشی نێوان ئێران و ئەرمینیا جێبەجێ دەکرێت و لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێری ئەرمینیا نابێت، بەڵکو ئازەربایجان و ڕووسیا و تورکیا سەرپەرشتی دەکەن. بەمەش ئەم کۆریدۆرە دەبێتە بەشێك لە خاکی ئازەربایجان نەك ئەرمینیا، لەهەمانکاتیشدا ئێران سنووری هاوبەشی نامینێت لەگەڵ ئەرمینیا کە دراوسێیەکی گرنگە بۆ ئێران لە ڕووی ئابووری، ستراتیجی و گواستنەوەوە[٥].

٣- ئێران مەترسی ئەوەی هەیە ئیسرائیل و هاوپەیمانێتی ناتۆ و ئەمریکای باکوور ئێران کۆنترۆڵ بکەن و هەژموونیان بگاتە ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز کە مەترسییە بۆ سەر ئێران لە ڕێگەی ئازەربایجانەوە کە دۆستێکی گرنگە بۆ ئیسرائیل و تورکیاش ئەندامی ناتۆیە [٦].

٤- جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە دەبێتە ئەڵتەرناتیڤێك بۆ پرۆژەی ئاوریشمی نوێ، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چین و ئێران پێگەیەکی کارای تیایدا دەبینن، کۆتایی بە پرۆژەی شمال جنوب و شەرق و غەرب ئێران دەهێنێت کە ئێران بەنیاز بوو ئاسیای ناوەڕاست و ڕووسیا بە زەریای هیندییەوە ببەستێتەوە و ئاسیای ناوەڕاست و ئەفغانستان و پاکستان بە دەریای سپیەوە ببەستێتەوە [٧].

٥- ئێران ئەم کۆریدۆرە تەواوکارییە بۆ پرۆژەیەکی گەورەتر بۆ ئابلۆقەدانی پاش گەڕانەوەی تاڵیبان بۆ ئەفغانستان و جێبەجێکردنی پرۆژەی هیندی-ئیماراتی—ئیسرائیلی و جێبەجێکردنی هێڵی وزەی ئەفغانی- پاکستانی - هیندی و فشارەکانی بۆ سەر هاوپەیمانەکانی لە لوبنان و غەززە.

٦- ئێران ئەم پرۆژەیە دەبێتە مایەی بەهێزبوونی ئازەربایجانی نەیاری ئێران، کە سەرچاوەی هەڕەشەیە بۆ سەر خاکی ئێران بەهۆی کێشەکانی نێوان هەردوولا کە پەیوەندی هەیە بە بوونی ئازەربایجانی شەرقی کە بەشێکە لە خاکی ئێران.

لەلای خۆیەوە ئیبراهیم عەزیزی سەرۆکی لیژنەی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتەکانی دەرەوە لە ئەنجومەنی شورای ئێران وتی دروستکردنی کۆریدۆری زەنگزور هێڵی سوورە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئاماژەشی بۆ ئەوە کرد ئەو بابەتانەی کە تایبەتن بە گۆڕانکاری جیۆسیاسی لە کۆریدۆری زەنگزور لە بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەکە نین، ئێران بەتوندی ڕەتی دەکاتەوە و دژایەتی دەکات، ئەم کۆریدۆرە کۆریدۆرێکی خەیاڵی و درۆینە وەسفی کرد، هەوڵ هەیە بۆ کەمکردنەوەی هێزی سەربازیی و سیاسی ئێرانیی لە ناوچەکە، هەر لە ڕێگەی دروستکردنی ئەم کۆریدۆرە و هۆشداری دا ئەو هەنگاوانە ئەو بڕیارانە سزا و لێکەوتەی خراپی دەبێت لەسەر ئەنجامدەرانی [٨].

هەندێك سەرچاوەی ئێرانی ئاماژە بەوە دەکەن کە باسکردنی ئەم بابەتە لە لایەن

ڕووسیاوە و پشتگیریکردنی دروستکردنی کۆریدۆری زەنگزور بە مەبەستی بەستنەوەی باکۆی پایتەختی ئازەربایجان بە هەرێمی ناخچوان وەکو دیارییەکی ڤلادیمێر پۆتین سەرۆکی ڕووسیا بۆ هاوپەیمانەکانی لە تورکیا و ئازەربایجان وایە(٩). بەشێوەیەکی فەرمی وەزارەتی دەرەوەی ئێران باڵیۆزی ڕووسیای لە تاران ئاگادار کردۆتەوە کە ئێران نیگەرانە سەبارەت بە لێدوانەکانی بەرپرسە ڕووسەکانی سەبارەت بە کۆریدۆری زەنگزور لە ناوچەی قەوقاز.

وزارەتی دەرەوەی ئێران لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران داوای لە باڵیۆزی ڕووسیا کردووە، بەمەبەستی ئەنجامدانی کۆبوونەوە سەبارەت بە هەڵوێستی ڕووسیا بەرامبەر بە کۆریدۆری زەنگزور لە تاران سەردانی وەزارەتی دەرەوە بکات [١٠].

سەبارەت بە کردنەوەی ئەو کۆریدۆرە، .ئێران تۆمەتبار دەکرێت کە فشار دەخاتە سەر ئەرمینیا بۆ جێبەجێ نەکردنی ئەو بەندەی لە ڕێکەوتننامەی ئاگربەست لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان کە بە نێوەندگیری ڕووسیا واژۆی لەسەر کرابوو. هەرچەندە وەزیری پێشووی دەرەوەی ئێران حسین عەبدولاهیان لە ٢٠ ئەکتۆبەری ٢٠٢٢، لە میانی سەردانەکەیدا بۆ ئەرمینیا هۆشداری دا کە ئێران هەرگیز ڕێگە نادات بە ڕوودانی گۆڕانکاری لە سنوورە جیۆسیاسییەکان و کۆریدۆرە مێژوییەکان لە باشوور قەوقاز و ئەم بابەتە هێڵی سوورە[١١].

## ئێران و بەریەککەوتنی زۆنە ژێدەرییەکان

ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز یەکێکە لەو ناوچانەی کە زۆرترین ململانێ تیایدا هەیە لە نێوان دەوڵەتە گەورەکان و، گۆڕەپانێکە بۆ زۆنی ژێدەری ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتەکان بەهۆی ئەم خاڵانەی خوارەوە:-

یەکەم: پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیت لە ساڵی ١٩٩١ بۆشاییەکی هێز دروستبوو لە سەرجەم وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەت کە تازە سەربەخۆییان ڕاگەیاندبوو، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی دەرفەتێك بۆ ژمارەیەك وڵات، کە هەوڵ بدەن پێگەی خۆیان لەو کۆمارانە دروستبکەن.

دووەم: دانیشتوانی ئەو کۆمارانە تێکەڵاویەکە لە ژمارەیەك نەتەوە، ئایین و ئایینزا، کە هەندێکیان بەزمانی نزیك لە زمانی تورکی ئاخاوتن دەکەن، هەندێکیان بە زمانی

ڕووسی و هەندێکیان بەزمانێکی نزیك لە فارس، بەهەمان شێوە تێکەڵاوی یەکن لە نێوان ئیسلامی سوننی و ئیسلامی شیعی و مەسیحی ئەرسەدۆکسی، ئەمەش فاکتەریك بوو بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئێران، تورکیا و ڕووسیا لە ناوچەکە.

سێیەم: یەکێك لە هاندەرەکانی بایەخی هەریەك لە ئێران، تورکیا و ڕووسیا بەو ناوچەیە، بوونی سامانێکی گەورە لە گازی سروشتی و نەوتە لەو کۆمارانە و یەدەگی نەوت خاو لە کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست ١٥٠ ملیار بەرمیل نەوتە واتا، ٢٧٪ کۆی یەدەگی جیهانی لەنەوتی خاو، خاوەن ٧٥ هەزار ملیار مەتر سێجا لە غازی سروشتییە واتە ٣٤٪ هەموو یەدەگی جیهانی لە غازی سروشتی [١٢] و بەشێك لەو کۆمارانە دەکەونە سەر دەریای قەزوین کە بایەخێکی ستراتیجی و ئابووری زۆر گەورەی هەیە.

چوارەم: سەرجەم ئەو کۆمارانە داخراون یان نیمچە داخراون واتا دەرچەی ئاوییان نییە بتوانن سامانی غازی سروشتی و نەوت لە ڕێگەیەوە هەناردە بکەن[١٣].

پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و دروستبوونی بۆشایی هێز لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز کە پێکدێت لە ژمارەیەك کۆمار کە پێشتر بەشێك بوون لە یەکێتی سۆڤیەت، دەرفەتێکی زێرین بۆ هەریەك لە تورکیا و ئێران دروستبوو، کە هەژموونی خۆیان بەکاربهێنن لەو ناوچەیە. هەریەك لە تورکیا و ئێران لە ململانێیەکی زۆر بەهێزدا بوون بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لەو ناوچانە دروستبوون. هەریەك لەو دوو وڵاتە لە کێبڕکێدا بوون بەمەبەستی ئەوەی بتوانن ئەو وڵاتانە بخەنە ژێر هەژموونی خۆیان، بە هەمان شێوە چەندین وڵاتی دیکەش لەهەوڵدان پێگەی خۆیان هەبێت لەو ناوچەیە.

بەڵام پاش بەهێزبوونەوەی ڕووسیا و دوبارە دەرکەوتنەوەی وەکو هێزێکی باڵادەست لە جیهاندا، ڕووسیا دەستیکردەوە بە سەپاندنەوەی هەژموونی بەسەر زۆربەی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، ئەمەش گورزێکی زۆر گەورە بوو بۆ هەریەك لە تورکیا و ئێران. سەرەڕای ئەوەی ئێران هاوپەیمانێکی سەرەکی ڕووسیایە، بەڵام ئەو ناوچانە ڕووسیا بەبەشێك لە زۆنی ژێدەری ڕووسیا لە قەڵەمی دەدات و ڕێگە نادات تەنانەت بە هاوپەیمانەکانیشی دەستێوەردان لەو ناوچانە بکەن و زۆر بەتووندی دژی هەر هەوڵێك دەوەستنەوە، وەکو ئەوەی ڕوویدا لە جۆرجیا و ئۆکرانیا بەپێی سیستەمی (دراوسێی نزیك)

کە ڕووسیا بەکاریدەهێنێت بۆ ئەو وڵاتانە [١٤].

لە لایەکی دیکەوە ئیسرائیل لە هەوڵی ئەوەدایە پەیوەندی زۆر بەهێز لەگەڵ وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز دروست بکات، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی پەیوەندی ئابووری و سەربازیی و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ژمارەیەك دەوڵەت لەو ناوچەیە، کە دیارترینیان ئازەربایجانە[١٥]. بە هەمانشێوە ئەمریکا لە هەوڵی ئەوەدایە بەرژەوەندی هەبێت لەناوچەکە لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەی سەربازیی و ئابووری وەکو ئۆزبەکستان و قەرغیزستان. ڕووسیا پێیوایە بوونی ئەمریکا لەو ناوچەیە هەوڵێکی ئەمریکایە بۆ ئابلۆقەدانی ڕووسیا [١٦]. جگە لەم وڵاتانەش چەندین وڵاتی دیکەش لە هەوڵی ئەوەدان، کە ڕۆڵیان هەبێت لەو ناوچەیە وەکو چین، هیند، بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا.

لە ئەنجامدا ململانێیەکی توند هەیە لە نێوان دەوڵەتە گەورە و ئیقلیمییەکان لەناوچەی ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز بە مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایی هێز لەو ناوچەیە و سوود وەرگرتن لەسامانەکانی و پێگەی جوگرافی. ئەوەی تێبینی دەکرێت کە ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا پاشەکشێ دەکات، لەبەرامبەردا ڕووسیا هەژموونی خۆی بەسەر زۆربەی وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەت سەپاندووە و بەهێز کردووە و تورکیا لەهەوڵی ئەوە دایە کە پێگەی خۆی لەدەست نەدات و، کەمترین زیان بکات بەهۆی زیادبوونی هەژموونی ڕووسی لەناوچەکە، تەنانەت ئەگەر بەهاوبەشیش بێت لەگەڵ ڕووسیا.

## کۆریدۆری زنگزور و تورکیا

تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ئامانجی زۆر گەورەی هەیە لە ئاسیای ناوەڕاست بەتایبەتی پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشووی. تورکیا هەمیشە کار دەکات لەسەر دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ ئەو و ڵاتانە و سوود وەرگرتن لەوەی دانیشتوانی ئەو وڵاتانە بەشێکن لە میلەتە تورك زمانەکان و یەك ڕەچەڵەك کۆیان دەکاتەوە . ئامانجی تورکیا لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو و ڵاتانە ئەوەیە تورکیا ببێت بە دەروازەیەك بۆ هەناردەکردنی نەوت و غاز و بەرهەمی ئەو وڵاتانە، هاوردەکردنی پێداویستییەکانیان لەجیهان، بەهۆی ئەوەی سەرجەم ئەو وڵاتانە داخراون و دەروازەی ئاویان نییە. لە لایەکی دیکەوە تورکیا هەمیشە خەون بەوە دەبینێت کە ببێت بە وڵاتێك بۆ کۆکردنەوەی

نەوت و غازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست و دوبارە هەناردەکردنەوەی بۆ هەموو جیهان.

دروستکردنی هێڵێك بۆ هەناردەرکردنی نەوت و غازی سروشتی ئاسیای ناوەڕاست نوێ نییە، بەڵکو لە ساڵی ٢٠١١ تورکیا بە هاوبەشی لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپا پرۆژەی نابۆکۆی ڕاگەیاند، کە ئامانجی سەرەکی کۆکردنەوەی هەموو غازی سروشتی ئاسیای ناوەڕاست، ئێران و هەرێمی کوردستان بوو. هەناردەکردنەوەی بەرەو ئەورووپا ئەو کات لەژێر فشاری ڕووسیا پرۆژەکە شکستیهێنا[١٧]. هەندێك لە چاودێران پێیانوایە دروستکردنی ئەم کۆریدۆرە ئەجێندایەکی نەتەوەیی تورکیایە لەسەر بنەمای یەك نەتەوە و یەك ڕەچەڵەك لە نێوان سەرجەم ئەو کۆمارانە لەگەڵ تورکیا و خزمەت بە هەوڵەکانی تورکیا دەکات وەکو هێزێکی سەرەکی لە ئاسیای ناوەڕاست دەرکەوێت[١٨]، کە پاڵپشت دەبێت بۆ ڕێکخراوی دەوڵەتە تورك زمانەکان کە پێکدێت لە هەریەك لە تورکیا، ئازەربایجان، کازاخستان، ئۆزبەکستان و قیرغیزستان کە ئەندامن و تورکمانستان تیایدا چاودێرە[١٩].

## کۆریدۆریان پرۆژەیەکی ئابووریی نوێ

هەندێك لە توێژەرەکان پێیانوایە کردنەوەی ئەم کۆردیدۆرە دەستپێك دەبێت بۆ دروستکردنی پرۆژەیەکی ئابووریی نوێ لە جیهاندا، پرۆژەیەکی ئابووری نوێ هەیە بە ناوی دەستپێشخەری ئابووری دەریای قەزوین یان ناوی کۆریدۆری ناوەڕاست کە چین، ئاسیای ناوەڕاست، دەریای قەزوین، قەوقاز، ئازەربایجان، جۆرجیا و تورکیا بە ئەورووپاوە دەبەستێتەوە[٢٠]. ئەم پرۆژەیە ڕکابەرێکی چەندین پرۆژەی ئابووری دیکە دەکات، کە هاوکات لەگەڵ دروستکردنی ئەم کۆریدۆرە، وەکو پرۆژەی ئاوریشمی نوێ، کە لە لایەن چینەوە جێبەجێ دەکرێت و پرۆژەی هیندی – ئیماراتی - ئیسرائیلی کە لە لایەن ئەمریکاوە پاڵپشت دەکرێت، پرۆژەی شیمال، جنوب، شەرق و غەربی ئێرانی، پرۆژەی هێڵی وزەی ئەفغانی – هیندی و ڕێگەی گەشەپێدان لە نێوان عێراق و تورکیا و چەندین پرۆژەی دیکە لە جیهاندا جێبەجێ دەکرێت، هەموویان لە هەوڵی ئەوەدان کە کیشوەری ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا و ئەفریقا بەیەکەوە ببەستنەوە.

## ڕۆڵی ڕووسیا

ڕووسیا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دروستکردنی ئەم کۆریدۆرە، بەهۆی ئەوەی ڕووسیا سەرپەرشتی ڕێککەوتننامەی ئاگربەستی لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان کرد، کە بەپێی بەندی نوێ، ئەو ڕیککەوتننامەیە دەبێت دەروازەیەکی زەمینی لە نێوان ئازەربایجان و ناخچوان دروست بکرێت، ئەرمینیا ڕازی بووە ئەو کۆریدۆرە دروستبکرێت، بەپێی ڕێککەوتننامەی دروستکردنی ئەو کۆریدۆرە هێزە سەربازیی ڕووسی بەشێکن لەو هێزەی کە سەرپەرشتی پاراستنی ئەو ڕێگەیە دەکەن . لە میانی سەردانەکەی بۆ ئازەربایجان لە ١٨-١٩ ئابی ڕابردوو سەرۆکی ڕووسیا ڤلادیمێر پۆتین ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئازەربایجان مافی ئەوەی هەیە، ڕێڕەوێکی زەمینی هەبێت لە نێوان ئازەربایجان و هەرێمی ناخچوان[٢١].

لە لایکی دیکەوە ئەم پرۆژەیە هەژموونی ڕووسیا بەهێز دەکات لەسەرجەم وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست، قەوقاز و جێبەجێکردنی پرۆژەی ئۆراسیای نوێیە کە لە لایەن بیرمەندی ڕووسی ئەلیکسەندەر دۆگین و ڕاوێژکاری تایبەتی ڤلادیمێر پۆتین ئاماژەی پێکراوە، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ڕووسیا هەژموونی باڵای هەبێت بەسەر سەرجەم کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو.

هەندێك لە چاودێران پێیانوایە کە پشتگیری ڕووسیا لە کردنەوەی کۆریدۆری زەنگزور بەشێکە لە هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ ڕزگاربوونی لە سزا ئابوورییەکان بەهۆی جەنگی ئۆکرانیا، لە ڕێگەی کردنەووی بازاڕی نوێ بۆ ئابووری ڕووسیا و بەهێزکردنی هەژموونی لە باشووری قەوقاز [٢٢].

## ئەرمینیا دۆستێکی بێهیوا

دروستکردنی کۆریدۆری زنگزور یەکێکە لە لێکەوتەکانی دواین جەنگی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان کە ماوەی ٤٤ ڕۆژی خایاند لەساڵی ٢٠٢٠ کە لە ئەنجامدا ئەرمینیای تووشی شکستێکی زۆر گەورە کرد. پاش ئەوەی ئازەرییەکان توانیان بە پاڵپشتی تورکیا ناوچەی ناگۆرنۆ کاراباخ داگیر بکەن، ئەرمینیا نەیتوانی بەرگری بکات لەبەردەم سوپای ئازەربایجان، و یەکێك لە بەندەکانی ڕێکەوتننامەی ئاگربەست لە نێوان هەردوولادا کە بە سەرپەرشتی ڕووسیا ئەنجامدرا کردنەوەی کۆریدۆری زنگزور بوو . ئەرمینیا هاوپەیمانی

ئێرانە سەرەڕای ئەوەی مەسیحی ئەرسەدۆکسە، بەڵام هاوپەیمانی ئێرانە کە ئێران هاوکاری دەکرد دژی ئازەربایجانی شیعە مەزهەب کە هاوپەیمانی تورکیای سوننە مەزهەب و دەوڵەتی ئیسرائیلە .

ئێران تۆمەتبار دەکرێت کە وەکو پێویست هاوکاری ئەرمینیای نەکردووە لە جەنگەکە لەگەڵ ئازەربایجان، لەبەرامبەردا تورکیا بەهەموو شێوەیەك هاوکاری ئازەربایجانی کردووە. پاش شکستی ئەرمینیا لە جەنگەکە و بێهیوابوونی لە هاوپەیمانەکانی کە ئێران و ڕووسیا بوون، ناچار کرا واژۆ بکات لەسەر ئاگربەست و کشانەوە لە ناوچەی ناگۆرنۆ کاراباخ کە نزیکەی چوار دەیەیە بەردەوام لە جەنگدا بوون لەگەڵ ئازەربایجان و ناچار بوو کۆماری ئارتساغ هەڵبوەشێنێتەوە کە ئەرمینیا تاك لایەنانە دانی پێدانابوو و ڕەزامەند بوو لەسەر کردنەوەی کۆریدۆری زنگزور و دەستبەرداری سنووری باشووری وڵاتەکەی بێت لەگەڵ ئێران و سنووری نێوان ئەرمینیا و ئێران بە ڕێگەیەکی ستراتیجی کە تورکیا بە ئاسیای ناوەڕاستەوە دەبەستێتەوە.

## ئەنجام

کۆریدۆری زنگزور یەکێکە لەو پرۆژە ستراتیجیانەی کە لە ئەنجامی ڕێککەوتنی هەریەك لە ڕووسیا، تورکیا و ئازەربایجان دروست دەکرێت، یەکێکە لە ئەنجامە ڕاستەوخۆکانی جەنگی ئەرمینیا و ئازەربایجان کە تیایدا ئێران نەیتوانی وەکو پێویست هاوکاری ئەرمینیا بکات لە بەرامبەر ئازەربایجان کە بەهاوکاری تورکیا سەرکەوتووبوو .

جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە گوزریکی ستراتیجی و سیاسیە بۆ ئێران، ئێران زیاتر تووشی گەمارۆ دەکات، و زیانی زۆر گەورە دەگەیەنێت بە بەرژەوندییە ئابووری و ستراتیجییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و پلانەکانی لە ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز، تەنها زیان بە پرۆژە ئابوورییەکانی چین دەگەیەنێت، هەروەها لەسەر ئاستی سیاسی زیان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا دەگەیەنێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەریەك لە تورکیا و ئازەربایجان خراپتر دەکات.

# سەرچاوەکان

١- سەنتەری کارنیجی بەناونیشانی In the South Caucasus, Can New Trade Routes ?Help Overcome a History of Conflict

https://carnegieendowment.org/research/2021/12/in-the-south-caucasus-can-new-trade-routes-help-overcome-a-history-of-conflict?lang=en&center=europe

لە ڕێکەوتی ٤-١١-٢٠٢٤ بینراوە

٢- تورك پرس، ما هى تداعيات افتتاح ممر «زنغزور» على تركيا اقتصادياً؟

https://www.turkpress.co/node/103191

لە ڕێکەوتی ٤-١١-٢٠٢٤ بینراوە

٣- جەزیرە، ممر زنغزور.. معبر حيوى إلى ێسيا الوسگی

/https://www.aljazeera.net/encyclopedia/2023/9/26

لە ڕێکەوتی ٤-١١-٢٠٢٤ بینراوە

٤- تورك پرس، ما هى تداعيات افتتاح ممر «زنغزور» على تركيا اقتصادياً؟

https://www.turkpress.co/node/103191

لە ڕێکەوتی ٤-١١-٢٠٢٤ بینراوە

٥- سایتی ئەسباب، ممر زنغزور عنوان جديد لتصاعد السباق الجيوسياسى بين تركيا وإيران https://www.asbab.com لە ڕێکەوتی ٤-١١-٢٠٢٤ بینراوە

٦- سایتی ئەسباب، ممر زنغزور عنوان جديد لتصاعد السباق الجيوسياسى بين تركيا وإيران

https://www.asbab.com

لە ڕێکەوتی ٤-١١-٢٠٢٤ بینراوە

٧- سایتی ئیرنای ئێرانی بەعەرەبی، رئيس لجنه الأمن القومى: إنشاو ممر زنغزور خگ احمر بالنسبه لايران

/https://ar.irna.ir/news/85589393

لە ڕێکەوتی ٤-١١-٢٠٢٤ بینراوە

٨- سایتی مید ئیست، من الصحافه الإيرانيه: هل أهدى بوتين "ممر زنغزور" لأزربيجان وتركيا؟

https://mdeast.news/ar/2024/09/03

لە ڕێکەوتی ٤-١١-٢٠٢٤ بینراوە

٩- ئەنادۆڵ، گهران تبلغ موسكو انزعاجها من تصريحات روسيه بشأن ممر زنغزور،

https://www.aa.com.tr/ar/ /3320962

لە ڕێکەوتی ٤-١١-٢٠٢٤ بینراوە

١٠- سایتی ئەسباب، ممر زنغزور عنوان جديد لتصاعد السباق الجيوسياسى بين تركيا وإيران

https://www.asbab.com

لە ڕێکەوتی ٤-١١-٢٠٢٤ بینراوە

١١- غدى حسن قنديل،التنافس التركى-الايرانى فى ێسيا الوسگى،مجله الدراسات الايرانيه،السنه السادسه – العدد الخامس عشر – أبريل ٢٠٢٢، لا٧٥

١٢- غدى حسن قنديل،التنافس التركى-الايرانى فى ێسيا الوسگى،مجله الدراسات الايرانيه،السنه السادسه – العدد الخامس عشر – أبريل ٢٠٢٢، لا٧٦

١٣- زهراو كريم حسين المجال الحيوى لروسيا الاتحاديه بعد ٢٠١٢ الفرص والتحديات – تێزی ماستەر- زانکۆی کوفە – ٢٠٢٣، لا٦٩

١٤- د.عبد الرزاق غراف، ممر زنغزور« صراع الجغرافيا والسياسه واالقتصاد: كيف أعاد احياو النزاع فى القوقاز من جديد؟ سەنتەری خەلیج بۆ تویژینەوەکان، لا٣

١٥-غدى حسن قنديل،التنافس التركى-الايرانى فى ێسيا الوسگى،مجله الدراسات الايرانيه،السنه السادسه – العدد الخامس عشر – أبريل ٢٠٢٢، لا٧٤

١٦-ميران حسين، الدور الروسى فى الصراع الدولى فى شرق المتوسگ،مجله مركز الرافدين،لا١٥

١٧- غدى حسن قنديل،التنافس التركى-الايرانى فى ێسيا الوسگى،مجله الدراسات الايرانيه،السنه السادسه – العدد الخامس عشر – أبريل ٢٠٢٢، لا٨٠

١٨- سایتی ئۆراسیا نیت Attacks on Armenia highlight ongoing disputes over "corridor" for Azerbaijan

https://eurasianet.org/attacks-on-armenia-highlight-ongoing-disputes-over-corridor-for-azerbaijan

لە ڕێکەوتی ٤-١١-٢٠٢٤ بینراوە

١٩- ئەلجەزیرە، الممر الأوسگ.. گريق الصين وأوروبا لتجاوز العملاق الروسى

/https://www.aljazeera.net/midan/reality/politics/2023/4/6

لە ڕێکەوتی ٤-١١-٢٠٢٤ بینراوە

٢٠- سایتی ئیستقلال، روسيا تعلن حق تركيا وأذربيجان فى ممر «زنغزور».. لهذا غچبت إيران

https://www.alestiklal.net/ar/article/byn-iyran-wtrkya-wathrbyjan-rwsya-tndhm-lhrb-altsryhat-bshan-mmr-znghzwr

لە ڕێکەوتی ٤-١١-٢٠٢٤ بینراوە

٢١- سەنتەر ڕع بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژییەکان،ما موقع "زنغزور" فى الصراع الجيوسياسى بجنوب القوقاز؟

https://rcssegypt.com/18788 لە ڕێکەوتی ٤-١١-٢٠٢٤ بینراوە


# گفتوگۆی ئێرانناسی

## (١)





# ئێران

## لە گێژاوی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا


د. هەردی مەهدی
شارەزای کاروباری ئێران


د. یاسین تەها
شارەزای کاروباری عێراق


د. ئەژی ئازاد
شارەزای کاروباری ئێران


بارام مەجیدخان
شارەزای کاروباری ئێران


هەورامان فایەق
بەڕێوەبەری گفتوگۆ

### بەرایی

وەرزنامەی ئێرانناسی، لەم ژمارە بەدواوە، لە ڕێگەی تەوەری گفتوگۆی ئێرانناسییەوە شەنوکەوی دۆخی ئێران و پرسەکانی پەیوەست بە ئێران دەکات. لەم گفتوگۆیەدا .کە ٢٠٢٤/١١/٨، واتە سێ هەفتە پێش ڕووداوەکانی حەلەب لە سووریا ئەنجام دراوە. ڕا و بۆچوونی چاودێر و شارەزایانی کاروباری ئێران دەخاتەڕوو. بۆ ئەمجارە، بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە هەنووکەییەکان، دۆخی شڵەقاوی ناوچەکە و لە هەمووی گرنگتر، گەڕانەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆ سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، میوانداری بەڕێزان (م. بارام مەجیدخان، د. هەردی مەهدی، د. یاسین تەها، د. ئەژی ئازاد)ی کردووە. تەوەری ئەمجارەی گفتوگۆ دۆخی نێوخۆیی ئێران، پێکدادانی ئێران و ئیسرائیل و سێبەری شەڕی ئیسرائیل. حەماس لەسەر بەرەی مقاوەمە و کاریگەری هاتنەوەی ترەمپە لەسەر ئایندەی ئێران.

## ئێرانناسی: سەرەتا لە دۆخی نێوخۆیی ئێرانەوە دەستپێدەکەین، دۆخی نێوخۆی ئێران لە دوای هاتنەسەرکاری پزیشکیان و گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەکە چۆن دەبینیت؟

• **د. ئەژی ئازاد: دکتۆرا لە مێژوو و شارەزای کاروباری ئێران**

وەك بەراوردێك، کاتێك ڕۆحانی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری ٢٠١٣ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵێنیکی سەرەکی ئەوە بوو کە دۆسێی ئێران لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بهێنێتە دەرەوە، ئێران بە ڕووی جیهاندا بکرێتەوە و ئابوورییەکی کراوە لە ناوخۆی ئێران بهێنێتەکایەوە. ئەم بابەتە بە ڕادەیەك گرنگ و چارەنووسساز بوو، کە ڕۆحانی لە لێداوانێکیدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە دووساڵی یەکەمی کابینەکەی تەنیا بۆ چارەسەرکردن و بەستنی ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکی (بەرجام) تەرخان کرابوو، هەموو هەوڵەکانی وەزارەتی دەرەوەی کابینەکەی بۆ ئەم بابەت تەرخان کرابوو، ئەوە بوو ڕێکەوتننامەکە لە مانگی حەوتی ٢٠١٥ کرا و دووساڵ دوای ئەوەش سەرکەوتنی گەورەی ئابووری بەدەستهێنا، بە ڕادەیەك کە ڕێژەی هەڵاوسانی ئێران هاتە خوار ڕێژەی ١٠٪ و بووە تاک ژمارەیی، دۆلار لە چوار هەزار تمەن مایەوە، بازاری ئێران جێگربوونێکی بەخۆیەوە بینی کە ئەمە گەورەترین سەرکەوتنی هەشت ساڵی کابینەی ڕۆحانی بوو.

دۆخی کابینەی پزشکیانیش لەم کاتەدا هاوشێوەی سەرەتای هاتنەسەر دەسەڵاتی ڕۆحانی و بگرە ئاڵۆزتر و قوورسترە، شەڕی ئیسرائیل لەگەڵ حەماس و حیزبوڵڵا سەری کێشاوەتە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێراندا، بە دڵنیاییەوە بەشێك لە بودجە و دارایی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ لایەنی سەربازیی خەرج دەکرێت و بەو پێیەی بەشێك لە لایەنەکانی ئێران گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ئێران دەبێت بەرەو دروستکردنی چەکی ناوەکی و موشەکی بەهێزتر وەك بەشێك لە سیاسەتی سڵپێکردنەوە (بازدارندگی) بڕوات، درێژبوونەوەی شەڕەکە دەستی کابینە لە سیاسەتی ئابووریدا دەبەستێتەوە. پەنابردنی کابینە بۆ ڕابەری ئێران بۆ ئەوەی لە سندوقی گەشەپێدانی نیشتمانی (صندوق توسعه ملی) فریای حکومەت بکەوێت، ئاماژەیەکی ڕوونە کە پزشکیان بووەتە میراتگری حکومەتێك کە خەزێنەی بەتاڵە و هەڵاوسان لە بەرزترین ئاستی خۆیدایە و دۆلاریش بە بەردەوامی

لە بەرزبوونەوە دایە. لێدوانە ڕاشکاوەکانی عەلی لاریجانی لە بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیدا بە ڕوونی دۆخی هەنووکەیی کابینەی پزشکیانمان پیشان دەدات، کاتێك لە ئاماژەدانی بە کورتهێنانی بودجە، دۆخی وڵاتی بە ساڵانی کۆتایی شەڕی ئێران و عێراقی چوواند و ئەوەی خستەڕوو کە لە ئێستادا زیاتر لە ٣٠٪ بودجە بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی بودجە تەرخان کراوە. خودی پزشکیان بەردەوام لە لێداونەکانیدا بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت دەیەوێت ئەم دۆخە بۆ خەڵکی ئێران ڕوون بکاتەوە، لە دوایین لێدواندا سەبارەت بە بڕینی کاتی کارەبا لە شارەکاندا، ئاماژەی بەوە کردووەکە ئەم هەنگاوە ناچارییە و حکومەت چارەیەکی تری بۆ نەماوەتەوە، یان لە لێداونێکی دیکەیدا لە بواری بەرهەمهێناندا ڕایگەیاند چیتر وڵاتی تورکمانستان ئامادە نییە لە بورای غازدا چیتر ڕێکەوتنمان لەگەڵ بکات، چونکە دەڵێن ئیمە لەگەڵ دەوڵەتێك کە ڕێکەوتنمان لەگەڵیدا هەیە و پابەند نییە و پارەکەمان ناداتێ ڕێکەوتنی نوێ ناکەین. پزشکیان بە ئەدەبیاتە تایبەتەکەی خۆی ئەوەی ڕوون کردەوە کە ئێمە لەگەڵ وڵاتاندا هاوشیوەی ناوخۆی وڵات مامەڵە دەکەین، بۆ نمونە لەگەڵ وەبەرهێنەرێك ڕێککەوتنێك کراوە بەڵام دوای دوو ساڵ هێشتا پارەکەی نەدراوە. ئەم لێدوانانە دۆخی شپرز و دەستەوەستاوی کابینەی پزشکیان ڕوون دەکاتەوە. یان لە نموونەیەکی تردا، قالیباف، سەرۆکی پەرلەمان، لە لێدوانێکی چاوەڕواننەکراودا لە دانیشتنێکی ئاسایی پەرلەماندا بە ئاماژە بە ناهەوسەنگیی دۆخی وزە لە ناوخۆدا ڕایگەیاند، ئەگەر لە ڕابردووا بە نەفرۆشتنی نەوت وڵامی هەڕەشەکانمان دەدایەوە و وەکو کارتێکی فشار بەکارمان دەهێنا، بەڵام لە ئێستا نە نەوت و نە بازارێکی نەوتمان بۆ نەماوەتەوە و تەنانەت هەڵگرتنی سزاکانیش گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لەم دۆخەدا ناکات.

لە بابەتە هەستیارەکانی وەك FATF و ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکی (بەرجام) کە بە بۆچوونی پزشکیان و ڕاوێژکارە ئابوورییەکانی کابینەکەی، چارەسەربوونی بەشیکی گەورە لە کێشە ئابوورییەکانی ئێران بە یەکلاییکردنەوەی ئەم دوو بابەت بەستراوەتەوە، پشتگیری ناوەندەکانی دەسەڵات و ڕێژەی ئەو دەستکراوەییەی کە بە پزشکیان و وەزارەتی دەرەوە دەیدەن، بۆ چارەنووسی ئەم دوو بابەت گرنگە. نیزام پێشتر لە بابەتی بەرجامدا، لە دوو ساڵی یەکەمی ڕۆحانی تاوەکو دانوستانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا دا کە ڕیکەوتننامەی وزەی ناوەکی بگاتە ئەنجام.

لە بابەتەی کێشەی بوون بە ئەندامی دامەزراوەی FATF، قەناعەتێکی گشتی دروست بووە کە ئێران بەبێ ئەم ئەندامبوونی، کێشە بانکی و گواستەنەوەی پارەی و بەشێوەکی گشتی کاروبارە بازرگانییەکەی چارەسەر نابێت و دەرکەوت کە ئەندامبوونی لە ڕێکخراو و دامەزراوەکانی تری وەك «شانگهای» ناتونێت ڕۆڵی جێگرەوە ببینێت. کێشەی سەرەکی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ئەم دوو دامەزراوە بۆ دوو بابەتی سەرەکی دەگەڕێتەوە، یەکەم؛ ئێران لەگەڵ ئەو پێناسەیە نییە کە ڕێکخراوەکە بۆ بەشێك لە گرووپە چەکدارییەکانی وەك حەماس یان حیزبوڵڵا هەیەتی و پێیوایە بە هیچ شێوەیەك، ئەم گرووپە پرۆکسیانە ناچنە چوارچێوەی گرووپە تیرۆریستەکانەوە، بۆ نمونە ئێران پێیوایە حەشدی شەعبی ناچێتە چوارچێوەی پێناسەی گرووپی تیرۆریستییەوە لەبەر ئەوەی لە حکومەتدا بەشدارن و فەرمانبەریان هەیە و مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە. دووەم؛ مادام بەپێی پێناسەی ڕێکخراوەکە، ئەم گرووپانە مەترسیدار یان تیرۆریستین، بازرگانیکردن لەگەڵ ئێراندا بە مەترسیدار باس کراوە و لە ئەنجامدا ئێران ناتوانێت ببێتە ئەندام، ئەگەر ببێتە ئەندامیش چیتر نابێت لە ڕێگەی ڕایەڵەی بانکییەوە یارمەتی ئەم گرووپانە بدات. ئەگەر بیەوێت بە هەر شێوازێکیش یارمەتیان بدات ئەوا ئەگەری بلۆکبوونی پارەکان لە ئارادایە و وەك ئەوەی بەشێك لە ئوسوڵگەراکان باسی لێوە دەکەن، مەترسی ئەوەیان هەیە لەڕێگەیەوە دەستی ئێران لە یارمەتیدانی گرووپە پرۆکسییەکان ئاشکرا بێت. لە لایەکی ترەوە ئەندامنەبوونی ئێران لە بواری فرۆشی نەوتیش کێشەی بۆ دروستبووە، ئێران نەوت بە چین دەفرۆشێت بەڵام پارەکەی بە ئاسانی وەرناگرێتەوە، یان ئەوەتا لە بەرامبەر نەوتەکەیدا کاڵا سەرەکیی و پێداویستییەکانی نێو ئێران وەردەگرێت. بۆیە ئەم گرێکوێرەی کە ئێستا ئێران لەم بابەتەدا تووشی بووە بە ڕادەی ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکی ئاڵۆزە.

لە ئێستادا چارەنووسی بە ئەندامبوونی ئێران لە FATF دوای چەندین ساڵ دەستاودەستبوونی لە نێوان پەرلەمان و ئەنجومەنی پاسەوانی دەستوور و ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوندییەکانی نیزام، لەم ئەنجومەنەی کۆتاییدا ماوەتەوە و بڕیاری کۆتایی لەسەر نەدراوە. لە دوایین گۆڕانکاریدا، ئامولی لاریجانی، سەرۆکی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، ڕایگەیاندووە لە ٤٢ یاسای دامەزراوەکە، (٤٠)یان جێبەجێ کراوە، هەرچەندە کە پێیوابووە بە هۆی سزاکانەوە، چوونە نێو ئەم ڕێکخراوەکە قازانجێکی

گەورەی بۆ ئێران نابێت.

سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکیش سەرباری لێدوانە بەردەوامەکانی پزشکیان و وەزیری دەرەوەی ئێران کە ئێران پێویستە چارەنووسی ئەم ڕێکەوتنە یەکلایی بکاتەوە و بەمشێوەیە ئێستا کرانەوەی ئابووری ڕوو نادات، بەڵام تا ئەو کاتەی چارەنووسی شەڕی ئیسرائیل لەگەڵ حەماس و حیزبوڵلا یەکلایی نەبێتەوە، سیاسەتی ترەمپ بەرامبەر ئێران ڕوون نەبێتەوە، چارەنووسی ئەم ڕێککەوتننامەیە کە بەشێکی گەورەی ئابووریی ئێرانی پێوە بەستراوەتەوە، یەکلایی نابێتەوە. عێراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران، لە لێداوەنەکانیدا بەردەوام جەختی لە گەڕانەوەی ئێران بۆ ڕێککەوتننامەکە کردووە، بەڵام ئاماژەشی بەوە کردووە چیتر ڕێککەوتنەکە بە شێوەی ڕابردوو نە سوودی ماوە و نە واقیعییە، چونکە نە دۆخی جیهانی و نە ئاستی وەبەرهێنانی یۆرانیۆم و تێڕوانینی ئێران بۆ ڕێککەوتننامەکە وەك ڕابردوو نەماوە. لە لایەکی ترەوە، بەردەوامیی هەڕەشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران یان هەر هەنگاوێك دژ بە ئێران، دۆخی سیاسیی ناوخۆی ڕادیکاڵتر دەکات و دەرفەت بۆ لایەن و گرووپە بەرهەڵستکارەکانی حکومەت دەڕەخسێنیت کە لەژێر دروشمی شۆڕشگێڕانە، دژ بە هەر هەنگاوێکی کابینەی پزشکیان بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆسیانە بووەستنەوە، ئیتر لە ڕێگەی پەرلەمان بێت، یان خۆپێشاندان و مانگرتن یان هەنگاوی تێکدەرانە وەك هێرشکردنە سەر کونسوڵخانەکان بێت، وەك ئەو نموونانەی کە لە سەردەمی سەرۆکایەتی ڕۆحانی بینرا. لە دوایین گۆڕانکاریی تایبەت بەم پرسە، بڕیارنامەی ئەنجومەنی بەڕێوەبەری ئاژانسی وزەی ناوەکی دژ بە پابەندنەبووەکانی ئێران بە ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکی بوو کە لە لایەن بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەمریکا و ئەڵمانیا پێشنیار کرابوو. ئەم بڕیارە وەك زەمینەیەك بۆ مەکانیزکی پەلەپیتکە (Trigger Mechanism) خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، دۆخێك کە تێیدا سزاکانی سەر ئێران دەگەڕێتەوە وەك ئەوەی لە پێش ڕێککەوتننامەکە سەپێندرابوو. کاردانەوەی ئێران بۆ ئەم بڕیارە ئەوە بووە کە ئەوانیش لە بەرانبەردا، ژمارەی سەنتریفیوجەکان بۆ پیتاندنی زیاتری یۆرانیۆم زیاتر دەکەن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم دوو بابەتە بەیەکەوە بەستراون و ئەزموونی دەیەی ڕابردوو ئەوەی دەرخستووە کە بازاڕ و ئابووری ئێران لە دەرەوەی ئەم ڕێککەوتنانە بە ئابووری

جیهانی گرێ نادرێت و ئێران لە گۆشەگیرییەکی جیهانی لە ڕێککەوتننامە جیهانییەکان، کریدۆر و ڕێگە بازرگانییەکان، ئاڵوگۆڕ و مامەڵە بازرگانییەکان بێبەش دەبێت و پشتبەستن بە سیاسەتی «سووڕانەوە بەرەو ڕۆژهەڵات» جگە لە وابەستەبوونی و داخستنی دەرگا ئابوورییە جیهانییەکان، قازانجێکی ئەوتۆ کە ئابووری نەخۆشی ئێرانی پێ چارەسەر بکات، بەدوای خۆیدا ناهێنێت. ئەمە لە کاتێکدا کە ئابووریی ناوخۆی ئێرانیش بە هۆی گەندەڵی سیستماتیك -بابەتێك کە ڕۆژگارێك باسکردنی تاوان بوو- دەناڵێنێت و بە ئوسوڵگەرا و ڕیفۆرمخوازەوە، دان بە بوونی گەندەڵییەکی کوشندە دەنێن، کە لە توانای هیچ کابینەیەك نەبووە و نییە ڕیشەکێشی بکات، یان لانی کەم ڕووبەڕووی بووەستێتەوە. گەندەڵییەکانی وەك ڕانتی نایاسایی و نادادپەروەرانە، مۆنۆپۆڵی کەرتە جیاوازە ئابوورییەکان لە لایەن کەسایەتی و لایەنە دەسەڵاتدارەکانەوە، بازاڕی ڕەش و قازانجی هەندێ گرووپ لە بەردەوامی سزاکانی سەر ئێران، بە وتەی بەشێك لە چاودێران پێویستی بە «نەشتەرگەرییەکی قورس» و بڕیارێکی قورس هەیە، کە زۆر لە توانا و دەسەڵاتەکانی کابینەکانی حکومەت گەورەترە. لە دۆخێکی وەهادا تەنیا چارەسەر، کرانەوە بە ڕووی ئابووری جیهانی لە ڕێگەی چوونە نێو دامەزراوە و ڕێکخراوە جیهانییەکان، ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکی بەبێ وابەستەبوونی بە جەمسەرێکی دیاریکراوە.

**ئێرانناسی: دۆخی کۆمەڵایەتی و بەڵێنەکانی پزشکیان سەبارەت بە ئازادییەکان، بۆ پرسی حیجاب، کێشەی فلتەرکردنی ئینتەرنێت و... چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

کێشە و گرفتەکانی جێبەجێکردنی بەڵێنە کۆمەڵایەتییەکانی پزشکیان لە بەڵێنە ئابوورییەکان کەمتر نییە و ئاڵۆزییەکانی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەوەی لەم چەند مانگەی دوای جێگیربوونی کابینە دەبینرێت، پزشکیان جەختی لەسەر بەڵێنەکانی خۆی دەکات و کاری بۆ هەندێکیانی کردووە، بەڵام زۆر بە هێمنی و بە دوور لە هەڵای ڕاگەیاندن دەیانەوێت زەمینەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ بڕەخسێنن و لە چوارچێوەی دروشمی ڕێککەوتنی نیشتمانی (وفاق ملی)، تا ئەو شوێنەی پێیان بکرێت، کۆدەنگی لایەنە جیاوازەکان بۆ پرسە هەستیارەکان بەدەست بێنن.

لە بابەتی حیجابدا، ئەوەی کە تا ئێستا دەبینرێت و باس دەکرێت بۆ نموونە لە تاران،

چالاکی و گەڕانی ئۆتۆمبێلەکانی ناسراو بە «گشت ارشاد» یان کارمەندانی «امر بە معروف و نهی از منکر» بەشێوەکی بەرچاو کەم بۆتەوە و هەواڵەکانی تایبەت بە ڕێگری و فشاری سەر ئافرەتانی بێحیجاب کەمتر دەبیسترێت. ئەگەرچی تاوەکو ئێستا نیزام بە هۆی ترس لە ئەگەری دووبارببوونەوەی ڕووداوەکانی هاوشێوەی ژینا، لە دەرکردنی یاسای نوێی حیجاب دەستی پاراستبوو، بەڵام هەوڵی ئوسولگەرا توندئاژووەکانی پەرلەمان بەردەوامی هەیە و لە دواییین لێدوانیدا، قالیباف ڕایگەیاندووە پرۆژەی یاسای «عفاف و حجاب» ئامادە کراوە و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەردەچێت، کە یەکێك لە خاڵەکانی ئەوە دەبێت ڕێگری لە ڕووبەڕووی ڕاستەوخۆ و تێکبەربوونێك بگرێت، «گەشتی ئەرشاد» و خستنە بەندینخانە نامێنێت، هەروەها لە پرۆژەیاساکە شێوازی حیجاب بە سێ شێوازی لابردنی حیجاب (کشف حجاب)، حیجابی ناتەواو و نەگونجاو (بدحجاب)، خۆڕووتکردنەوە (برهنگی) دیاری کراوە و سزای دارایی بۆ ڕوونکراوەتەوە. پرۆژەیاساکە ئەگەر بەمجۆرە بێت، هەر لە ئێستاوە کۆمەڵێك کێشە و گرفتی نوێ دەهێنێتەکایەوە بەتایبەتی کە پێوەرەکانی دیاریکردنی ئاستی حیجابی ژنان ناڕوونی پێوە دیارە. ئایا ئەم پرۆژەیاسایە تا چ ڕادەیەك جێبەێ دەکرێت و کاردانەوەی شەقامی ئێرانی چۆن دەبێت؟ بابەتێکە کە پێویستە لە مانگەکانی داهاتوودا چاوەڕێی بین. لەگەڵ ئەمەشدا، ئوسوڵگەرا ڕاستڕەوەکان و بەشێك لە مەرجەعە شیعەکان بەم دۆخە ڕازی نین و لە ڕێگەی پەڕلەمان و هەندێك خۆپیشاندانی بچوك و پەرتەوازەوە دەیانەوێت ئەم دۆخەی ئێستای حیجاب لە دۆخی ئاساییبوون و دیاردەبوون دەربێنن. بابەتی حیجاب بەو پێیەی بابەتێکی هەم شەرعی و هەم دەستوورییە، هەم بۆ بەشێك لە نیزام وەك شووناس و سیمبولی ئیسلامێتی نیزام، لە بەرامبەردا بۆ بەشێك لە کۆمەڵگە وەك ئاماژەیەکی ناڕەزایەتی و ئازادی و بەرهەمی ناڕەزایەتییەکانی ژینای لێهاتووە، چارەسەرکردنەکەی بە هیچ شێوەیەك ئاسان نییە.

لە نێو بەڵێنە سەرەکییەکانی پزشکیان، لابردنی فیلتەری سەر ئینتەرنێت و بەشێك لە ئاپەکانی سۆشیال میدیا وەك ئینستاگرام و تویتەر (X) و خێراکردنی باندی ئینتەرنێت، ئاسانتر و کەم کێشەتر لەوانی دیکە بێت، بەو پێیەی کە دۆخی خراپی ئینتەرنێت و پەیوەستبوونی هەزاران پیشە و کار بە ئاپەکانی وەك ئینستاگرام، ناڕەزاییەتی بەشێکی گەورەی لە ئوسوڵگەراکانیشی بەدوای خۆیدا هێناوە. بەشێك لە پەڕلەمانتاران و ئوسوڵگەراکان، مەرجی ئەویان داناوە کە پێویستە ئەم تۆڕ و ئەپانە پابەندی ڕێنمایی و

چوارچێوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بن، بە واتایەکی تر بەشێك لە نیزام چاوەڕێی ئەوە دەکات کە ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە ڕێگە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بدەن کە چاودێری چالاکییەکانیان لە ناوخۆی ئێران بکات. وەزیری پەیوەندیی و تەکنەلۆژیای ئێرانیش لە دوایین لێدوانیدا بە شێوەیەکی ناڕوون ئەم بابەتەی دووبارە کردەوە، کە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کرا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و سەرباری ئەوەی کە لەم بابەتەشدا هاوشێوەی بابەتەکانی دیکە دەستی پزشکیان بەتەواوی کراوە نییە و لە ئەنجومەنی ناسراو بە «شورای عالی فضای مجازی» -کە بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەم بابەتە دەدەن- دەبێت ڕای ئەرێنی ئەندامەکانی دیکەش وەربگرێت، لادانی فیلتەرینگ تاقیکردنەوەی گرنگە بۆ پزشکیان کە سەرکەوتن تێیدا دەتوانێت پشتیوانییەکی باشی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا بهێنێت. لە ماوەکانی پێشوودا ڕەزامەندی حکومەت بۆ ڕێجستەرکردنی مۆبایلی ئایفۆن سەرباری ڕەخنەکان لە تێچوونە مادییەکەی، وەك زەمینەیەك بۆ کۆمەڵێك کرانەوە لە بورای پەیوەندییەکان و ئەوەی کە «فەزای مەجازی» پێی دەڵێن، خوێندنەوەی بۆ کرا.

لە دەرئەنجامێکی گشتیدا، چارەسەری ئەم بابەتانە پەیوەندییەکی زۆری بەوەوە هەیە کە ناوەندەکانی دەسەڵات لە ئێران (مەبەستم ناوەندە بەهێزەکانی وەك بەیتی ڕابەر و سوپای پاسداران)، تا چەندێک دەیانەوێت لەگەڵ ئەم کابینەیە بڕۆنە پێشەوە و هاوتەریب و هاوکاری بن؛ ئەمان سەرەتا بە جۆرێك دیزاینی (نەك ساختەکاری) هەڵبژاردنەکانیان کرد کە دەرفەت بۆ پزشکیان بڕەخسێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە هەڵبژاردنەکاندا سەربکەوێت، لە دانانی هەندێک بەرپرسی سوننە و کورد، هەروەها تێپەڕاندنی تەواوی وەزیرەکانی کابینە لە پێدانی شیاوێتی پەرلەمان لە ڕێگەی قاڵیبافەوە (سەرۆك پەرلەمان)، ئاسانکاریان بۆ کرد، ڕابەری ئێران تاوەکو ئێستا لە چەندین بۆنەدا پشتیوانی خۆی بۆ کابینە پیشانداوە، سەرجەم ئەمانە ئاماژەگەلێکن کە ناوەندی دەسەڵات پشتیوانی لە پزشکیان و هێنانەکایەوەی دۆخێکی نوێ دەکات، دۆخێك کە تێیدا ئوسوڵگەرا ڕاسترەو و توندئاژۆکانی وەك «بەرەی پایەداری» و ئەوەی کە لە ئێستادا «جەلیلییەکان»یان پێ دەوترێت، تا ڕادەیەك دەستیان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و کابینەی حکومەت کورت بێتەوە. بەڵام ئەم دۆخە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکانەوە و ململانێی گرووپ و لایەنە ناوخۆییەکانەوە هەیە بۆ ئەوەی بەردەوامی هەبێت.

## گرژییەکانی ئێران ـ ئیسرائیل

**ئێرانناسی: ساڵێك زیاتر بەسەرجەنگی ئیسرائیل ـ حەماس، ئیسرائیل حزبوڵلادا تێپەڕیوە. گرژییەکان بە هێرشی ئیسرائیل بۆسەر غەززە و لەناوبردنی سەرجەم سەرکردەکانی حزبوڵلا کەمتر بوونەتەوە، پێتوایە ئاقاری ئەم گرژیانە بەرەو کوێیە و کاریگەری لەسەر ئێران چۆن دەبێت؟**

**• بارام مەجیدخان: شارەزای کاروباری ئێران**

لە کاتێکدا چاوی دنیا لە سەر هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا بوو. ناتانیاهو سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ئەو دەرفەتەی قۆستەوە و یواف گالانت وەزیری بەرگری لە پۆستەکەی دوورخستەوە. ئەوەی کە جێگەی سەرنج بوو لێدوانی گالانت بوو لە سەر داهاتووی شەڕ لە ناوچەکە. ئەو پێیوابوو کە ئەم شەڕە تا چەندین ساڵی تر درێژە دەکێشیت! کێشەکانی نێوان وەزیری بەرگری و سەرۆک وەزیران گەیشتە میدیاکان و کاریگەرییەکانی مەترسی دورستبوونی بۆشایی سەربازی لێدەکرا، کە ئەمە ڕووی نەدا. بارودۆخی ناوخۆیی ئیسرائیل و هەڵبژاردنی دۆناڵد ترامپ وەک سەرۆکی نوێی ئەمریکا و وادەی دەستبەکاربوونی وەک سەرۆکی نوێ، بۆشاییەکی نێودەوڵەتی و ناوچەیی دروستکردووە. کە وەک بۆشاییەک هەم دەرفەتە و هەم مەترسییە بۆ سەر بارودۆخی ناوچەکە. بە تایبەت شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل.

بۆ ئیسرائیلیەکان دەرفەتە بۆ وەشاندنی گورزی سەربازی لە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران و داخستنی ئەو دۆسیەیە بۆ هەمیشە. دۆسیەی ئەتۆمی تاکە چەکی دەستی ئێرانە بۆ گەڕانەوە بۆ ناو سیستەمی جیهانی. ئێران لە ڕێگەی ئەم دۆسیەوە دەتوانێت وتووێژەکانی لەگەڵ وڵاتانی جیهان زیندوو بکاتەوە (لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەیەکی نوێ).

بۆ ئێرانیش دەرفەتە کە لەم مەودایەدا بتوانێت بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، تا داڕێنی هەلومەرجی نوێ تارمایی هێرش و هێرشی پێچەوانە بۆ سەر خاکی وڵاتەکەی دوور بخاتەوە. هێشتا دیار نییە سەرۆکایەتی نوێ لە ئەمریکا بە هەمان میکانیزمی کۆن ئێش دەکات یاخود گۆڕانکاری بنچینەیی بە سەر سیاسەتەکانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێت. ترامپی

نوێ، هەمان ترامپی خولی پێشووتری ئەمریکا نابێت.

باری ئابووری سەختی ناوخۆی ئێران و دابەزینی نرخی دراوی ئێران و ڕێکخستنەوەی ئەو دۆخە سەختە تەحەدایەکی گەورەیە لە بەردەم حکومەتی نوێی پزشکییان. ئێران حکومەتی پزشکییان وەک دەرفەت بەکار دەهێنێت بۆ کەم کردنەوەی گرژییەکان. بەڵام جووڵە دیپلۆماسییەکانی عێراقچی و سەردانی بۆ وڵاتانی ناوچەکە پێناچێت کاریگەری لە سەر دانانی سنورێک بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو هەبێت. ئەوەی گرنگە ئەو ڕووداوانی کە لە داهاتوودا لە ناوچەکە ڕوو دەدەن زۆر قوورستر و گەورەتر دەبن لەوەی کە ئێستا ڕوودەدەن. بەلام ئەگەر پێش دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترامپ ئێران گورزی سەربازی لە ئیسرائیل بوەشێنێت، یاخود ئێسرائیل هێرشی پێشوەخەت بکاتە سەر ئێران ئەوا دۆخی ناوچەکە دەچێتە هێڵی سوور و خوێناوی کە کۆنترۆڵکردنی سەخت دەبێت و عێراق و بەشێک لە ناوچەکە ئەگەری تێوەگلانیان لەو شەڕە هەیە. سروشتی شەڕێکی لەو شێوەیەش بە هەمان پرەنسیپەکانی شەڕی تەقلیدی نابێت، بەڵکو شەڕێکی تەرکیبی و هەمە لایەن دەبێت. واتە جوگرافیای شەڕ فراوانتر و بەکارهێنانی چەکی نوێ و هێرشی چاوەڕواننەکراو.. ئەمەش بارودۆخی ناوچەکە بە کراوەیی دەهێڵێتەوە و پێشبینی بۆ کاتی کۆتایی بە نادیاری دەمێنێتەوە. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا لە پرۆژەی ئیسرائیل و ئەمریکا بەرنامەی ڕوخاندنی حکومەتی ئێران لە ئارادایە؟ دەتوانین بڵێین بە دڵنیاییەوە نەخێر. تا ئێستا هیچ ئەڵتەرناتیڤ و جێگرەوەیەک بۆ حکومەتی ئێران ئێستا نییە.

***

## ئێران و بەرەی مقاوەمە

ئێرانناسی: زۆرێك لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە لە دوای هێرشە سنووداره‌کانی ئیسرائیل بۆ سەر پێگە سەربازییەکانی ئێران لە ٢٩ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤، سیستەمی بەرگری ئێس ٣٠٠ی ئەو وڵاتە بەتەواوەتی لە پەلوپۆ کەوتووە. لە کاتێکدا کە ئێران هەڕەشەی بەرپەرچدانەوی ئیسرائیل دەکرد و تا ئەم چرکەساتە، هیچ جووڵەیەکی نەکردووە و باڵەکانی بەرەی خۆڕاگری لە عێراقەوە ناوەناوە هەڕەشە و هێرش دەکەنە سەر ئیسرائیل، خوێندنەوەت بۆ ئەم پێشهاتە نوێیانە چییە؟

**• د. یاسین تەها: دکتۆرا لە مێژووو شارەزای کاروباری عێراق**

لەپاش گواستنەوەی جەنگی ئیسرائیل لە غەززەوە بۆ لوبنان «بەرەی مقاوەمە»ی ئێرانی کەوتە بەردەم پێشهاتێکی نوێ، لە دوای سەرکەوتنی ترەمپیشەوە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا، دۆخەکە بەتەواوی کەوتە بەردەم گۆڕانکاریی. لەبارەی دۆخی بەرەی مقاوەمە لە وڵاتانی سەر بە میحوەرەکە ئەم خاڵانە دەشێت جێگەی سەرنج و بایەخ بن:

**یەکەم: لوبنان و حیزبوڵڵا**

لە جەنگی لوبناندا سەرکردایەتی کلاسیکی و باڵای «حیزبوڵڵا»ی لوبنان تەسفیەکران لەسەروو هەموویانەوە «حەسەن نەسروڵڵا»ی ئەمینداری گشتی و جێگرەوە گریمانکراوەکەی «هاشم سەفیەدین»، ئەمەش وایکرد سەرکردایەتی نەوە گەنجەکانی حیزبوڵڵا ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە بۆ ئێران بەوپێیەی ئەوانەی ئێستا لە سەرکردایەتی حیزبە جەنگاوەرەکەدا ماون لە لوبنان ئەزموون و شارەزایی ئەوەیان نییە سەرکردایەتی جەنگ و بارگۆڕانە سیاسییەکان بکەن، ئەمەش بۆ ئێران هەم ئامادەیی ڕاستەوخۆیە لەبەرەی جەنگی ئیسرائیل، هەم کێشەی گەورەش دروستدەکات لای لوبنانییەکان و عەرەب و وڵاتانی پەیوەندیدار و پەراوێزە لوبنانییەکەی نێو حیزبوڵڵاش لا دەبات. لە ئێستادا تەنانەت لە ناو شیعەی لوبنان و دەرەوەی لوبنانیش بۆچوون و مقۆمقۆی ئەوە هەیە، کە ناچارکردنی «حیزبوڵڵا» بەبەشداریکردن لە شەڕی پشتیوانی غەززە بڕیارێکی دروست نەبووە، بەوپێیەی ئێستا سەرکردە یەکەمینەکانی «حیزبوڵڵا» لە ژیاندا نەماون، ڕووی ڕەخنەو ناڕەزاییەکان زیاتر ئاڕاستەی ڕێبەری شۆڕشی ئێرانی دەکرێن کە فەرماندەی گشتی «بەرەی مقاوەمە» یە. لەم میانەیەشدا بڵاوکراوەیەکی «سامی کەبارە» زاوای نەبیە بڕی سەرۆکی پەرلەمان و سیاسەتوانی دێرینی شیعەی لوبنان دەشێت وێنەکە ڕوونتر بکاتەوە. سامی کەبارە، باس لەوە دەکات عەلی خامنەیی ڕێبەری شۆڕشی ئێرانی وڵاتی لوبنانی لە جەنگەوە تێوەگلاندووە، ئەمەش ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەی خستوونەتە بەر مەترسی و بازرگانی پێوەکردن، لە بەرامبەریشدا کەس نەچووە بە هانایانەوە و چەك و چۆڵی ئێرانیش نەیتوانیوە بیانپارێزێت. هەر لەبەر ئەمەش لوبنانییەکان بەرەو ئەوە دەچن بەپێی بڕیاری ١٧٠١خۆیان کێشەی خۆیان چارەسەر بکەن. بڕیارە نێودەوڵەتییەکەش

دوورخستنەوە و چەکدارانی حیزبوڵڵایە لە سنووری ئیسرائیل و ئاگربەستی درێژخایەنە و ئەگەر ئەمە سەربگرێت ئەوە حیزبوڵڵا لە باڵکراوەیی و گورزی قورس لە جەنگەکە دەچێتە دەرەوە و جگە لە لەدەستدانی سەرکردایەتی، خاڵەکانی تەماسیش لەگەڵ ئیسرائیل لە دەستدەدات و دەکشێتەوە بۆ ناوخۆی لوبنان.

**دووەم: سووریا**

لە جەنگەکانی ئەمدواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سووریا تاڕادەیەکی زۆر بێدەنگی هەڵبژاردووە و بە گەرمی بەدەم «بەرەی مقاوەمە»وە نەچوو. سووریەکان و ئێرانییەکان پاساو بەوە دێننەوە کە ئەگەر ڕژێمی بەشار ئەسەد، بچێتە جەنگەوە لەگەڵ ئیسرائیل ئەوە لەیەککاتدا بەرگەی بارگرانییەکانی گرووپە چەکدارەکان و سوپای تورکیا و سوپای ئەمریکا و هێرشی ئیسرائیلیش لەیەککاتدا ناگرێت. بەپێی ئەم لێکدانەوەیە وەها باشترە بۆ «بەرەی مقاوەمە» سووریا ئەم دانبەخۆداگرتنە پەیڕەو بکات، بەتایبەت کە پردی گەیاندنی ئێران و عێراقە بە لوبنان لە ڕێگەی وشکانییەوە. بەڵام لە پشت ئەم پاساوەوە هەست بە ساردی زۆر دەکرێت لە نێوان ئەسەدە و «بەرەی مقاوەمە» و «حیزبوڵڵا»ی لوبنان بەتایبەت، چونکە کاتێك ئەسەد کەوتە مەترسی، حیزبوڵڵا بەچەك و خوێن چوون بە هانایەوە و شەڕی زۆریانکرد و قوربانی زۆریان دا، بەڵام «بەشار ئەسەد» تەنیا بە بەیاننامەیەکی درەنگوەخت ئیدانەی کوشتنی ئەمینداری حیزبوڵڵای لوبنانی کرد، بێئەوەی کاردانەوەی تری هەبێت بۆ پاڵپشتی لە بەرەی جەنگی لوبنان. زۆر بۆچوونی دیکە هەن باس لەوە دەکەن لە پاش «حەسەن نەسروڵڵا» چی دیکە ئەسەد گەرموگوڕ نابێت لەگەڵ «حیزبوڵڵا» و هاوشانی ئێرانیش زیاتر بەرەو وڵاتانی عەرەبی دەڕوات و لەگەڵ ڕووسەکان پەیوەندی پتەوە، بەشێوەیەکی گشتییش هەوڵدەدات بە ئاگری جەنگی ئیسرائیل و گەمارۆ و سزای ئەمریکی نەسووتێت.

**سێیەم: یەمەن**

لەپاش گەڕانەوەی ترەمپ کەسیاسەتی جڵەوگیری و هەڕەشەکردن پەیڕەو دەکات پرسیاری زۆر لەسەر توانای حوسییەکان دروستبووە بۆ بەردەوامی لە جەنگی دژە ئیسرائیل و دروستکردنی مەترسی لە دەریای سوور لەسەر کەشتییە بازرگانییەکان.

ئەوەشی زیاتر بارگرانییە بۆ حوسییەکان ئەو هەماهەنگییە پتەوەیە کە لەنێوان شازادەی جێنیشنی سعودی و ترەمپدا هەیە و تێکڕای وڵاتانی کەنداو خۆشبین و گەشبینن بە گەڕانەوەی ترەمپ و پێشینەی مامەڵەکردنیان لەگەڵیدا هەیە، ئەمەش هیچ لە بەرژەوەندی حوسییەکانی یەمەن نییە.

**چوارەم: عێراق**

بۆچوونی زاڵ و بڵاو ئەوەیە پاش گەڕانەوە ترەمپ چیتر ناوچەی خۆڵەمێشی لە عێراقدا نامێنێتەوە بۆ تەراتێنی گرووپە چەکدارەکانی شیعەی سەر بە «بەرەی مقاوەمە» بۆ موشەك هاویشتن. ئەم گرووپانە لە ساڵی ڕابردوودا هەڵمەتی پڕوپاگەندە و چالاکی سنووورداری سەربازییان زۆربووە بۆ پاڵپشتیکردنی غەززە و لوبنان، هەڕەشەی ئەوەشیان دەکرد بازاڕی نەوت پەك بخەن و ١٢ ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە لە ئاوی کەنداو ڕاگرن، بەڵام لەگەڵ گەڕانەوەی ترەمپ و پێشینەی کوشتنی «قاسم سولەیمانی» و « ئەبو مەهدی موهەندیس» دا چی دیکە قوورسە ئەو گرووپانە لە دەوڵەتدا بەشداربن و لە جەنگیشدا «مقاوەمە» بن. هاوکاتی ئەمەش بۆچوونی زاڵ ئەوەیە ترەمپ عێراق و ئێران وەك پاکێج تەماشا بکات و میکانیزمی سزادان و گوشارکردن و بە ئامانجگرتنی سەربازییش پەیڕەو بکات بۆ بەرپەرچدانەوەی باڵە ئێرانییەکانی عێراق.

بە شێوەیەکی گشتییش لە سایەی باڵادەستبوونی ئیسرائیل لە غەززە و لوبنان و بەهۆی بارودۆخی گەڕانەوەی ترەمپەوە بۆ کۆشکی سپی دەکرێت بگوترێت کە چوار ساڵی سەخت چاوەڕوانی «بەرەی مقاوەمە»ی ئێرانی دەکات کە جیاواز دەبێت لە ساڵانی سەردەمی ویلایەتی بایدن و دیموکراتەکانی ئەمریکا، ئەمە جگە لە کێشە و بارگرژییە سیاسی و یاسایی و ئەمنییەکانی پایتەختی بەرەکە (ئێران) لەگەڵ ئیدارەی ترەمپ و هەڵۆکانی حیزبی کۆماری لە ئەمریکا، ئەمەش وا دەکات دۆخەکە بەڕووی ئەگەری جۆراوجۆردا کراوە بێت لەوانەش گەڕانەوە گوشارە توندەکان و واڵاکردنی دەستی ئیسرائیل بۆ بە ئامانجگرتنی بەرژەوەندییە ئێرانییەکان.

# ئایندەی ئێران

ئێرانناسی: ئایندەی ئێران، لە دوای خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران دژ بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی (١٣٨٨)، دۆخی شڵەژاوی ئێران، بەردەوامیی نارەزایەتییەکان لە کابینەکانی دواتر و بەتایبەت لە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» ییەوە، جێگەی مشتومڕ و لێتوێژینەوەی شارەزایان بووە. ترەمپ و بایدن و کامێلا هاریسیش لە کاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردنی ئەمریکا بەردەوام قسەیان لەسەر ئایندەی ئێران دەکرد. دەمەوێت بپرسم لە ژێر سێبەری هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا و بە هاتنەوەی ترەمپ، ئایندەی ئێران بەرەو کوێ دەچێت؟

**د. هەردی مەهدی: دکتۆرا لە مێژوو و شارەزای کاروباری ئێران**

گەرچی لەبارەی ترەمپەوە زۆربەی شرۆڤەکان و توێژینەوەکان بە پیاوێکی پێشبینینەکراو وەسف کراوە، بەڵام ئەگەر کەمێك لەم دێرە کلێشەییە تێپەڕین، دەردەکەوێت کە بەو ڕێژەیەش ناپێشبینی نەکراو نییە. بەڵکو دەکرێت ئەو چوار ساڵەی کە ئەو سەرۆکایەتی بەدەستەوە بووە و ئەو چوار ساڵەی ڕابردووش کە سەرۆك نەبووە لەم نێوەندەدا، بۆیە دەکرێت هەندێك ستراتیجی لێ دەربهێنێرت، هەم بۆ پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ جیهاندا و هەم بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، هەم لەگەڵ ئێراندا. لەبارەی ئێران، دۆخی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێراندا دەبێت لەسەر بنەمای دوو دیدی ترەمپەوە شرۆڤە بکرێت.

یەکەمیان، ترەمپ هیچکات نایەوێت جەنگێکی کراوە لەگەڵ ئێراندا هەڵگیرسێنێت، پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی کە پێیانوایە ئەو فشارانەی کە دەیکات، بۆ جەنگە. چونکە ترەمپ پێیوایە کە دەتوانێت ئێران بهێنێتە سەر مێزی گفتوگۆ. کەوات ستراتیجی یەکەمی بریتییە لەوەی کە ڕووخاندنی ئێران لە ئارادا نییە، بەڵکو چاکسازیکردن لە ڕەفتاری ئێراندا ئامانجییەتی.

ستراتیجی دووەمی ترەمپ ئەوەیە کە ئێران نابێت ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی. کە ئەمە هاوبەشە لەگەڵ سەرجەم سەرۆکەکانی ئەمریکادا. بەڵام لە ڕوانگەی ئەم دوو دیدگایەی

ترەمپەوە، کە دوو دیدگای جێگیر بوون، هەم لە کاتی سەرۆکایەتییەکەیدا، هەم لە کاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردیدا، هەم لەو کاتەشدا کە بایدن و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ ئێراندا تووشی کێشە دەبوون، ئەو هەمان دیدگای دوبارە کردووەتەوە. بۆ گەیشتن بەم دوو خاڵە ترەمپ چەند ستراتیجێکی گرتووەتە بەر. یەکەم لە دەرەوە و لە ڕێگەی فشار بۆ سەر هاوپەیمانەکانی خۆی، بۆ ئەوەی ئاسانکاری بازرگانی بۆ ئێران نەکەن. دووەم کۆنترۆڵکردنی هەوادارە ئێرانییەکان لەیەنگر و پرۆ ئێرانییەکان لە دەرەوەی ئێران لە ڕێگەی حکومەتەکانی خۆیانەوە. بۆ نمونە لەناو عێراق، لوبنان و یەمەن، بەجۆرێك کە بەهێزیان بکات لە پێناو ئەوەی کە پرۆئێرانییەکان لاواز ببن. کەواتە ستراتیجێکی ئەمریکا بەرامبەر ئێران چاککردنی ڕەفتاری ئێرانە لە ڕێگەی لاوازکردنی لە دەرەوەی خۆیەوە.

ستراتیجێکی دیکەی ترەمپ ئەوەیە کە زۆرترین فشار بخاتە سەر ئابووری ئێران و دەستڕاگەشتنەکانی لە دەرەوەی خۆی. بۆ ئەم خاڵەش ترەمپ و کابینەکەی کار لەسەر ئەوە دەکەن کە ڕێژەی هەناردەی نەوتی ئێران کەمتر بکەنەوە وەك چۆن جۆ بایدن بۆی فەراهەم کردبوو. دووەم، بلۆککردنی هەرچی زیاتری پارەکانی ئێران لە دەرەوە، کە خاوەندارییان دەکات، چ بە فرۆش بێت، یان دەستی بەسەردا گیرابێت. بۆیە سزاکان لەسەردەمی ترەمپ دا زیاتر دەبن. بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی کە بیەوێت کۆماری ئیسلامی ئێران بڕوخێنێت. بەڵام لە سنووری خۆیدا دەیەوێت ڕایبگرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا دۆخی ناوخۆیی ئێران وەك ئەو کاتە نییە کە ترەمپ بەجێی هێشتبوو. واتە لەسەردەمی بایدندا هەم لەڕووی نەختینە، هەم فرۆشتنەوە، هەم لەڕووی پەیوەندییەکانییەوە بووژانەوەی بەخۆیەوە بینیوە. ئەوە سێ خاڵی گرنگ کە هاوکاریی ئێرانییەکان دەکەن.

خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە ئەوروپییەکان هەم لە چین و هەم ئەمریکای سەردەمی ترەمپ نیگەرانن. چ لە بواری دۆسییەی ژینگە، چ دۆسییەی تیرۆر، چ پرسی ناتۆ و هاوکاری بێئەندازەی ئەمریکا بۆ ئەوروپییەکان. لەمەشدا لێدوانێکی ئەم چەن ڕۆژەی ڕابردووی ماکرۆن بەڕوونی دەربڕی ئەو نیگەرانییەیە کە گوتی: لەمەودوا دەبێت ئەورووپا خۆی لە نێوان کارکردن بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی و لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی

ئەمریکادا یەکلایی بکاتەوە. واتە ئەورووپا دەبێت بۆ خۆی کار بکات، نەك لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی چین و ئەمریکادا. لێرەوە وادیارە کە ئەورووپییەکانی لەوە تێگەیشتوون کە بوونەتە ئامرازێکی سیاسەتکردن لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە و بەکار دەهێنرێن. ئەمەش دیسانەوە بووەتە خاڵێکی تر کە بە جۆرێك لە جۆرەکان درز دەخاتە نێو ئەو پاکێجە تەواوەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەرامبەر ئەورووپا و ئێران فشاریان دروستکردبوو. بۆیە دەکرێت ئەورووپییەکان هەلێکی نوێ بن بۆ ئێرانییەکان و هەناسەدانێکی دیکەی ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا دۆخەکە هیچکات باشتر نابێت لەسەردەمی بایدن و لەوەدەچێت دۆخەکە لە حاڵەتێکدا ڕابگیرێت، کە حاڵەتێکی لاوازییە.

لەڕووی ناوخۆی ئێرانەوە، بە گوێرەی ئەو بەرنامەیەی کە بەشێکی بەرچاو لە بانگەشەکانی هەڵبژاردن بۆ مامەڵە یان سزادانی ئێران تەرخان کرابوو، بەڕوونی ترەمپ پشتیوانی لە خەڵکی ئێران دەکات نەك پەلاماردانی. بۆ نمونە ئاماژەی بەوە دەکرد کە هاوکاری ئێرانییەکان دەکەین کە حکومەتی شایستەی بە خۆیان بێتەسەر کار، سزا ئابوورییەکان توندتر دەکەین و سزای زیاتری سوپای پاسداران و هێزەکانی تر دەدەین کە بوونەتە هۆکاری ستەمکردنی زیاتر لە خەڵکی ئێران. کەواتە دەکرێت لەسەردەمی ترەمپدا، خۆپیشانەکان بەهێز ببنەوە، نارەزایەتی زیاتر ببێت و ئابووریی ئێران زیاتر داتەپێت. بەڵام ئێران هیچکات ناتوانێت وەك سەردەمی بایدن ڕێگە بە خۆی بدات کە هەڕەشەی کردەیی لە ئیسرائیل بکاتەوە. پەلاماری ئیسرائیل و شوێنێکی تر بدات.

خاڵێکیتر کە ئێرانییەکان خۆیان باشتر دەزانن، ئەوەیە کە بایدن بۆ بڕیاردان هاوپەیمانان و تەنانەت دوژمنەکانیان هاوبەشی پێدەکرد، بۆیە بڕیاردان لە سەردەمی دیموکراتەکاندا هەمیشە درێژخایەن بووە، بەڵام پرۆسەی بڕیاردان لە لایەن ترەمپەوە هەمیشە کورت خایەنە و چل و هەشت کاتژمێر زیاتر ناخایەنێت. بۆیە ترەمپ تاکە شتێك بیکات کە لە بەرژەوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێت بۆ ڕاگرتنی ئێران، ڕاگرتنی جەنگە. ڕەنگە ئەو جەنگ ڕاگرتنە ببێتە یەکێك لە دەستکەوتەکانی ساڵی یەکەمی کابینەی ترەمپ.

**ئێرانناسی: سوپاس بۆ بەڕێزان (م. بارام مەجیدخان، د. هەردی مەهدی، د. یاسین تەها، د. ئەژی ئازاد) بۆ بەشداریتان لەم گفتوگۆیە**

توێژینەوەی وەرگێڕدراو

ئێرانناسی

# نیشتەجێی سەرسنوور بەبێ پیاوان:
# ئێتنۆگرافیای ڕۆژانەی ژنانی هەورامان (١)

نافع باباسەفەری، سەحەر باباسەفەری

وەرگێڕان: عەبدوڵڵا ڕەسوولی

١. نافع باباصفری، سحر باباصفر ی، مرزنشيني بدون مردان: مردمنگاري روزمره زنان هوراما ن، مجله مطالعات اجتماعي ايران، دوره هفدهم، شماره ٤، زمستان ١٤٠٢ ، ص ٢ // :Doi: https doi.org/10.22034/JSS

## پوختە

دەرفەت و قەیرانەکانی سنوور، زیاتر لەوەی کە دەبینرێت بەستراوەتەوە بە ژنانەوە. توێژەران لەبارەی سنوور، توێژینەوەیان لەبارەی بکەرانی پیاوەوە کردووە و زۆربەی کات ژنانی سەرسنوور پشتگوێ خراون. هەورامان وەکو ناوچەیەکی سنووری، وەکو ناوچە سنوورییەکانی دیکەی کوردستان، هەمیشە ڕووبەڕووی دەرفەت و قەیران بووەتەوە. بەشێوەیەك کە لەم ساڵانەی دوایی پیاوانێك لە هەورامانی ئێران وەك «کرێکاری سنووریی کۆچبەر» بە شێوەی هەقدەست، بە دوور لە خێزان لە کوردستانی عێراق کار دەکەن. ئەم توێژینەوەیە بە شێوەی ئێتنۆگرافی و لەسەر بنەمای چەمکەکانی ئێنتەرسێکشناڵیتی (تێکچندراوی) نووسراوە، بۆ ئەوەی شیکاریی ژیانی جیهانی ڕۆژانەی ژنانی هەورامی سەرسنوور بکات. لەسەر بنەمای ئەم توێژینەوەیە دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی، ناوەندنشینەکان و بەشێوەی تایبەت کۆمەڵگەی ئەکادیمی، پێویستی بە وشیاریی زۆرتر لە شێوازی جیاوازی ژیانی ژنانی سەرسنوور هەیە و دەبێت لە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، گرنگی زیاتر بەو ڕێگەیانە بدرێت، کە مەبەستی ژنانی سەرسنوورە و ئەم بابەتە پێویستی بە نزیکبوونەوەی ئاسۆی ژنانی سەرسنوور و گرنگی پێدان بە پێناسەی ژنان لە ژن بوون، شوناس، هەڵاواردن و دڵەڕاوکێیەکانی دیکەی ژیانی ڕۆژانەی ژنانی سەرسنوورە، کە دەبێت زۆربەی ڕۆژەکانی ساڵ بەبێ ئامادەبوونی پیاوان لەنێو خێزان، بە ئازارەوە تێپەڕێنن و باری ژیان لەسەر شان هەڵگرن. ئەنجامی ئەم ئێتنوگرافیایە پیشان دەدات چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەی ژنانی ناوچەی هەورامان، پێش ئەوەی کە ڕووبەڕووی هەژموونی سیستەمی پیاوسالارانە بێتەوە، لەگەڵ هەندێ هۆکاردا دەستەویەخەیە، کە لەمپەری بەردەم بەتوانابوونی نەك تەنها ژنان، بەڵکو لەمپەری بەردەم پیاوانیشە. لەسەر ئەم بنەمایە، چارەسەرکردنی هەڵاواردنی تایبەتی ژنان، بەتەنهایی بەدی نایات لەبەرئەوەی شێوازێکی ئاڵۆز لە هەڵاواردن لەدژی پیاوان تێکچندراوە.

**وشە سەرەکییەکان:**

ژنانی هەورامان، ئێتنۆگرافیا، کرێکارانی کۆچبەری سنووریی، ئێنتەرسێکشناڵیتی.

## بەرایی و پرسی توێژینەوە

لە ژیانی هەنووکەیی مرۆڤی سەرسنووردا، سنوور نیشانەیەکی خلیسکە کە هەمیشە مرۆڤ پەراوێز دەخات. ئەم ڕستەیە لەگەڵ «مرۆڤی پەراوێزنشینی» زیمیل (١٩٥٠، ٤١٣) یش کە «بوونەوەرێکی دووڕەگەیە» هاوچەشنە. مرۆڤێکی پەراوێزنشین کە بە هۆی سنوور لەنێوان کولتووره جیاوازەکان و ڕەنگە «دژیەك» دەژیت و لە هەمانکاتدا کە سەر بە هەر دوو کولتووره سەر بە هیچ یەکیان نییە. یەکێك لە ماناکانی سنوور کە زۆربەی کات بەکار دێت، سنووری سیاسی و جوگرافیاییە. دیاردەی سنوور هاوکات لەگەڵ بیچمگرتنی دەوڵەت نەتەوەی نوێ بە شێوازێکی جیاواز دروستکرا. پێش لە بیچمگرتنی دەوڵەتە مۆدێرنەکان «سەرحەد» دەست نیشانکەری سنووری بەرفراوانی ئیمپراتۆرییەکان بوو. بەڵام بیچمگرتنی دەوڵەت نەتەوە مۆدێرنەکان و برەوپەیداکردنی هزرە ناسیۆنالیستییەکان بارودۆخی بۆ وردبینی کردنی سنوورەکان ڕەخساند. دوای پێویستی ناسیۆنالیزم و هزرە نەتەوەگەراییەکان بۆ سنوور وەك هێمایەکی کولتووری و سیاسی، سنوور و سنوورنشینی وەك هۆکارێکی گرنگ لە «ژیانی ڕۆژانە»ی مرۆڤی ئەمڕۆییدا دروستکرا. هەموو ناوچە سنوورییەکانی ئێران بەهۆی بوونی هاوبەشی لەگەڵ ئەوبەر سنوور، هەمیشە بە مانایەك تووشی «ئەویتربوون» دەبن و لەلایەن ناوچە ناوەندییەکانی دیکەوە وەك «ئەویتر» و «ناخودی» وێنا دەکرێن (سەیری، مری داگلاس، ١٩٦٦ بکەن). داگلاس لەو باوەڕە دایە: «هەر دیاردەیەك کە لە بارودۆخی «ئاسایی» یان باو دەربچێت بەرەو «پەراوێز» دەڕوات و ئەمە دەتوانێت خاوەنی تایبەتمەندی تابۆیی بێت، لەبەرئەوەی جۆرێك نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لە لای مرۆڤ دروست دەکات، کە ئەو لە ناسکبوونی بارودۆخی «ئاسایی» ئاگادار دەکاتەوە. هەندێ ساتی ژیانیش وەکو لەدایکبوون، مردن و دووگیانی، حاڵەتگەلێك لە دەرەوەی ڕێککاریی بەردەوامی ژیانی ڕۆژانەیە و بەم بۆنەوەش تابۆگەلێکی جۆراوجۆر دروست دەکەن. لە ڕوانگەی داگلاسەوە دەرچوون لە بارودۆخی «ئاسایی» لە هەقیقەتدا لەگەڵ چەمکی «ئەویتر بوون»یش لە پەیوەندی دایە» (داگلاس ١٩٦٦، وەرگیراو لە فکوهی ١٣٩٢: ٢٦٣). نیشتەجێبوونی سەرسنوور هەمان دیاردەی «نائاسایی»یە کە دەتوانێت لە شیکاریی پەراوێزکەوتنی سەرسنوورنشینان بەکار بێت. سنوور هەمیشە بۆ

ناوەند هەڕەشەیەکی پەنگراوە، کە دەتوانێت بارودۆخی «ئاسایی» ناوەندنشینەکان لەرۆژێك بکات. لەلایەکی دیکەوە سنوورەکان لە شوێنێك بەدواوە ئیدی پانتاییەك لە گۆی زەوی نین. مرۆڤی سەرسنوور لە شوێنێك بە دواوە، شوێنێك کە هەتا ئێستا هیچ جیاوازییەکی چییەتی لەگەڵ شوێنەکانی دیکەدا نەبووە. لە ژینگەیەکدا دەبینێتەوە کە ئەو لە تانوپۆی خۆیدا بەهەڵواسراوی هێشتۆتەوە. تانوپۆ لە هێمای سنوور کە مرۆڤی مۆدێرن بەپێی پێویستی خۆی ئەوی دروستکردووە و سەیری دەکات. بەباوەڕی گیرتێز «سەیرکردنی ڕەهەندەکانی هێمایی کرداری کۆمەڵایەتی، بەتایبەت هونەر، ئایین، ئایدیۆلۆژیا، زانست، ماف، ئاکار و ئاوەزی باو بە مانای پشتکردن لە دژیەکییەکانی بوونی ژیانی مرۆیی بە بۆنەی جۆرگەلێك لە شێوازە سەرترەکان و سۆزداری سڕاوە نییە، بەڵکو بازدانە بۆ نێو ئەوان. کاری سەرەکی ئەنتروپۆلۆژیای ڕاڤەیی وەڵامدانەوە بە قووڵترین پرسیارەکانی ئێمەی ئەنتروپۆلۆژیست نییە، بەڵکو دەستڕاگەیشتن بەو وەڵامانەیە کە ئەوانیتر لە بوارەکانی دیکەی کولتووری بەو پرسیارانە داویانەتەوە و دواتر گونجاندنی ئەم وەڵامانە لە ڕەوتی تۆمارکردنی ئەو شتەدایە، کە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی شیاوی باس لە گۆشە و کەناری جیهاندا خستوویانەتە بەرباس» (گیرتێز، ١٣٩٨، ٤٧).

لە تیۆرییەکانی ئەم دواییەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سەدەی نۆزدەیەمەوە هەتا ئەمڕۆ، یەکێك لە کێشە گەورەکان کە بیرمەندان و تیۆرڤانان هەمیشە ڕووبەڕووی بوونەتەوە، دووریگرتنی ئەم تیۆری و توێژینەوانە لە ئاستی ورد و ڕەفتارەکان لە ئاستی ڕاستەقینە و لە ماوەی زەمەنی ڕاستەقینە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا بووە. بە شێوەیەك کە گێرتێز دەڵێت: «چەمکی کولتوورێك کە من پەسەندی دەکەم، لە بنەماوە چەمکێکی نیشانە ناسانەیە. لە هاودەنگی لەگەڵ ماکس ڤێبەر، لێکۆڵەران لەو باوەڕەدان کە مرۆڤ ئاژەڵێکە کە لە تانوپۆی نیشانەیی خۆیدا دەور دراوە، هەڵوسراوە و لە ڕاستیدا کولتوور هەمان تانوپۆیە، لەمڕووەوە، شیکاری کردنی کولتووری زانستی ئەزموونێك نییە، کە لە هەوڵی بینینەوەی یاسادا بێت، بەڵکو زانستێکی ڕاڤەییە لە هەوڵی بینینەوەی مانادا» (گیرنز، ١٣٩٨: ١٠-٩). ڕوانگەی گێرتێز بۆ کولتوور بە تێکەڵکردنی هێرمۆنتیکی ڕاڤەیی هایدیگەر و تێکەڵکردنی ئاسۆکانی گادامێر و لەلایەکی دیکەوە ئاڕاستەی ئێتنۆگرافیانە لە

ئاست گۆڕەپان و چالاکان، کلاوڕۆژنەیەکی بێکۆتایی بۆ تاوتوێ کردنی دیاردەکان تەسلیمی توێژەران دەکات. ئەم ڕوانگە بۆ کولتوور، حاڵەتێك لە بکەربوونی چالاکانی تێدایە، کە زۆرتر بە ئاڕاستەی فریدریك بارت (١٩٦٩) لە کتێبی «گرووپە ئێتنیکیەکان و سنوورەکان» لە ئاست پرسی چالاکبوونی بکەران و چۆنیەتی دروستکردنی جیاوازییەکانەوە نزیکە و وا دێتە بەرچاوان کۆمەڵە تێبینییە باسکراوەکان دەتوانێت تێگەیشتن و ڕاڤەی ڕوونتر لە دیاردەی سەرسنووری بەدوور لە جێندەر دەستەبەر بکەن، بەڵام پرسیاری ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی ژیانی جیهانی ڕۆژانەی ژنانی هەورامی سەرسنوورە.

خەڵکی هەورامان وەك بەشێك لە ناوچە سنوورییەکان بە درێژایی سەدەی کۆتایی زیاتر لە پێشوو، ژیانی خۆیان لەگەڵ چەمکی سنوور بە تێکچێندراو بینیوە و بەدرێژایی چەند دەیەی کۆتایی ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن ژیانی خەڵکی هەورامانی گۆڕیوە، بەڵام سەرهەڵدانی ڕوانگە مۆدێرنیستییەکان، بەتایبەت ژیانی ژنانی گۆڕیوە و بۆ ئەوان، لە پاڵ دەرفەتە ڕەخساوەکان، قەیرانی جۆراوجۆریشی وەکو زۆربەی ناوچەکانی جیهان هێناوەتە ئاراوە و بە باوەڕی مەك لارن (٢٠١٧) گۆڕانکاریی پێکهاتەیی لە بوارە جیاوازە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی لێکەوتۆتەوە. بەڵام دیاردەی «سنوور» لە هەورامان، ئەم بابەتانەی زۆر جیاواز کردووە. یەکێك لەو بابەتانەی کە ژنانی ئەم ناوچەیە لە ژیانی ڕۆژانەی هەنووکەیی خۆیان، ئەزموونی دەکەن پرسی «کرێکاری» پیاوانی خێزانە. پیاو دەتوانێت باوك، مێرد یان کوڕی ئەوان بێت. لە هەورامان پیاوانی کرێکار تەنانەت ئەگەر دەرفەتی کار بە شێوەی هەقدەستیان هەبێت ئینتمایەکیان بۆ کار نییە، لەبەرئەوەی بڕە پارەیەك کە دەبێت لە کۆتایی ڕۆژدا وەریبگرن بەهای خۆی لەدەستداوە و بەم بۆنەوە، هەوڵ دەدەن چالاکییە زۆرتر جەستەتەوەرەکانی خۆیان لە دەرەوەی سنوور پێش بخەن و لە شێوازی جیاوازدا کرێکاری و کۆڵبەری سەرپەهەڵداوە. کرێکارانێك کە مەبەستی ئێمەیە، هەمان کرێکارانی سنووری نین لەبەرئەوەی ئەم زاراوەیە زۆرتر بەو کرێکارانەوە بەستراوەتەوە کە ڕۆژانە لە سنوور هاتووچۆ دەکەن و دوای کۆتایی هاتنی کاری ڕۆژانە دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونیان و لە کوردستانی ئێرانیش بەستراوەتەوە بە کۆڵبەرانەوە. کۆڵبەرانێك کە لە دەرەوەی سنوور نیشتەجێ بوونێکی مانگانە و ساڵانەیان نییە. لەلایەکی دیکەوە

کرێکاری کۆچبەریش نین لەبەرئەوەی ناچنە نێو کولتوورێکی دیکەوە. وا هەست دەکرێ بۆ ئەم دیاردە، دەستەواژەی کرێکارانی سنووریی کۆچبەر، شیاوترە. لەبەرئەوە سنوورین و لە بواری کولتوورییەوە لەگەڵ شوێنی نوێ هاوبەشی زۆریان هەیە، بەڵام بە سنووری سیاسی لە یەکتر دابڕاون و کۆچبەر نین لەبەرئەوەی بە شێوەی مانگانە، وەرزی و هەندێ کات ساڵانە لە شوێنی کار نیشتەجێن، بەڵام هەمیشەیی نین. ژمارەیەك لەم کرێکارە سنووریانە زیاتر لە چەند مانگ لە دەرەوەی سنوور و بەدوور لە خێزان دەژین و لە سەرتاسەری ئەم ماوەدا، ژن هەوڵ دەدات ڕۆڵی پیاویش بگێڕێت. گێڕانی دوو ڕۆڵ کە هەندێ کاتیش دژیەك بۆ ژنانی سەرسنوور زۆر دژوارە. ژنانێك کە لە چیندراوی شوێن (سەرسنوور) و کات (ڕۆژانەیی)دا بەندکراون، کە بە شێوەی پێکەوە زیادبوون و بە تەعبیری ئێنتەرسێکشناڵ زیاتر لە پێشوو پەراوێز دەخرێن. چەمکی ئێنتەرسێکشناڵیتی باسێکە لەبارەی ئەوەی کە هۆکارە جیاوازەکان چلۆن لەپەیوەندی لەگەڵ یەکتر دەبنە هۆی هەڵاواردن و نایەکسانی زۆرتر. ژنی سەرسنوور جیا لە هەڵاواردنە تایبەتەکانی سەرسنووری، دیاردەی «ژن بوونیش» ئەزموون دەکات و هەموو ئەم هۆکارانە بە شێوەی تێکچندراو دەبنە هۆی سەپاندن، سەرکوت و هەڵاواردنی زۆرتر. لەنێو ئەو توێژینەوانەی کە هەتا ئێستا لەبارەی پرسی سەرسنووری ئەنجام دراون بە دەگمەن سەرنج دراوەتە ژنانی سەرسنوور و پرسەکانی پەیوەندیدار بەوان و وا هەست دەکرێ لە شوێنێکیش بڕیارە سەرنجی پێبدرێت، پێوەدانگێکی نێوئاخنییە بۆ «ڕزگارکردن»ی ژنانە، بەڵام بەباوەڕی ئەبولقود (٢٠١٣: ١٢٧) کاتێك توانایی تێگەیشتن لەو کولتوورانە نییە، کە ژنان لەودا دەژین و تەنها بە چەمگەلێك وەکو خەبات لە دژی «کوشتنی ناموسی» لە هەوڵی « ڕزگارکردنی ژنان لە دەستی پیاوانین، ئێمە لە تێگەیشتنی توندوتیژی ڕاستەقینە بەلاڕێدا ڕۆشتووین. بۆیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ژنان وەك چالاکانی سەرسنوور بە ڕۆڵگەلێکی ئێزدواجی، هەر جۆرە شیکارییەک ناکارامە و نەزۆکە، لەسەر ئەم بنەمایە تێگەیشتن لەم بابەتە کە ژنانی ناوچەی هەورامان بە چ شێوەیەك بابەتێکی وەها ئەزموون دەکەن لە ژیانیان، پرسیارێکی شیاوی تێڕامانە و شیکاریی کردنی ئەو پێویستییە.

## پێشینەی توێژینەوە

توێژینەوەی جۆراوجۆر لەبارەی پرسی سنوور و کۆڵبەری ئەنجام دراوە، بەڵام ئەوەی کە ئەزموونی گێڕانی ڕۆڵێکی ئێزدواجی (پیاو و ژن) لەلایەن ژنانی سنوورنشینەوە، چلۆن بۆ ژنان دەردەکەوێت بە شێوەی دیاریکراو تاوتوێ نەکراوە، بەم وەسفەوە توێژینەوەگەلێك کە لە دەوری پرسی کۆڵبەری و سنوورنشینی لەنێو کوردەکان ئەنجام دراوە تا ڕادەیەك پەیوەندی بە پرسی ئەم توێژینەوە هەیە و دەتوانن ڕێگاخۆشکەر بن بەتایبەت لە بواری کۆڵبەری، ئەنجامەکانی توێژینەوەی ڕەزا شائابادی، محەمەد (١٤٠٠) لەژێر ناوی تێگەیشتن لە دیاردەی کۆڵبەری لە شارۆچکەی بانە، پیشان دەدات کە دیاردەی کۆڵبەری بابەتێکی پڕ لە مەترسییە و ئەم بابەتە وەك دیاردەیەکی مێژوودار و خاوەن بەستێن، بەرهەمی پەرچەکردار و کارلێکی کۆڵبەران لەگەڵ دەرفەت و سنوورە جوگرافیاییەکان، بژێوی، ئابووری و سیاسییە. هەروەها قادرزادە و غەیاسوەند (١٤٠٢) لە توێژینەوەی کێشمەکێشی ڕەنج و گەنج (ڕێوشوێنەکانی پاراستنی سەرمایە و چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی کۆڵبەری لە گۆڕەپانی بازرگانی سنووری بانە)، نایەکسانییە ئاراییەکانیان ئەنجامی نەبوونی هۆکاربوونی گرووپە ژێردەستەکان دەزانن و لەو باوەڕەدان سەردەستە نادامەزراوەییەکان بە پەنابردنە بە شایستە نوێنی و سرووشتی نوێنی بارودۆخ، نەبینراوی، شکاندنی خۆحەشاردان و پێشڕەوی خشۆك ئاسا هەوڵ دەدەن کۆڵبەری بەردەوام بێت. لەلایەکی دیکەوە ژێردەستەکانیش لە ڕێگەی کۆڵبەرییەوە، وەك ڕێگاچارەیەك بۆ بەردەوامی ژیان، بەردەوامییان بە نۆژەنکردنەوەی جۆرێك ژیانی ئاکاری و بە هۆی پەسەندکردنی سازشگارانە، تەحەمول کردنی بەڵاکانی کۆڵبەری، ئاسایی کردن و خەباتی نێگەتیڤ، درێژەیان بە ئەگەری بابەتی کۆڵبەری و نابەرامبەرییە ئاراییەکان داوە.

محەمەدپوور (٢٠٢٣)یش لە توێژینەوەی خوێن بۆ نان: کار . مەرگ، جەستە بێدەسەڵاتەکان و بارودۆخی بەدەر لە خۆرهەڵات، بەڵگەی بۆ ئەوە هێناوەتەوە کە دیاردەی کۆڵبەری، بەرهەمی هەژموونێکی ئەمنیەتی لە ئاڕاستەی بەردەوامی ئەم بابەتەیە. لە بواری سنوورنشینی لە کوردستانیش، دانش مێهر و هیدایەت (١٤٠٠) لە توێژینەوەیەك لەژێر ناوی «سەرسنووری و پەراوێزکەوتنی بابەتی پەروەردەی ئێتنۆگرافیای دامەزراوەیی


بارودۆخی پەروەردە و فێرکردن لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان» پیشانیان داوە، کە هۆکارگەلێك وەکو زاڵبوونی ئابووری سنووری، کەمی ئیمکانیاتی پەروەردە و نەبوونی پەروەردەیی، بێکاری و کۆڵبەری و دوای ئەو بیچمگرتنی سوژەکانی سەرباز موعەلم. کۆڵبەر و قوتابی. کۆڵبەر، بابەتی پەروەردە لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی پەراوێز خستووە و لەدواییدا بە وازهێنان لە خوێندن و نەخوێندەواری و ڕووبەڕووی دواکەوتوویی ئەم ناوچە بووینەتەوە.

توێژینەوەی دیکەش لە بواری سەرسنوور بوون و کۆڵبەری ئەنجام دراوە، کە هەڵبەتە پەیوەندی کەمتریان لەگەڵ توێژینەوەی هەنووکەییدا هەیە (سەیری: سیاوەش پووری، تاجیك، نەوزەری (١٤٠٢، محەمەدی، موسەوی جەد، ساڵحی، سەلماسی (١٤٠٠) کەریمی و دانش مێهر (١٣٩٨) ئەحمەدی، سەلیمی سوبحان، دێهقانی، و جیهانسوزی (١٣٩٨) بکەن. میرزایی و عەبدزادە (١٣٩٣) چاوخشاندنێکی ڕەخنەگرانەی پێشینەی ئەزموونی ئاماژەپێدراو پیشان دەدات، هەرچەندە پرسی سنوور و چەمکگەلێك وەکو کۆڵبەری و پەروەردە بەباشی سەرنجی پێدراوە، بەڵام پرسی چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ژنان لەگەڵ دیاردەی سەرسنوور بوون و کرێکارانی کۆچبەری سنووری پشت گوێ خراوە و پێویستی بە شیکردنەوە بە ئاراستەیەکی خاوەن بەستێن هەیە.

### میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی ئەم توێژینەوە چۆنایەتییە و لەسەر ئەم بنەمایە شیتەڵکاری جیهانی ژیانی ڕۆژانەی ژنانی هەورامی سەرسنوور کە بە میتۆدی ئێتنۆگرافی ژێر کۆمەڵەی ئەنترۆپۆلۆژیا ڕاڤەدەکرێت، کە بە پێچەوانی ڕوبور (فکوهی ١٣٩٤: ٢١٨) بەستراوەتەوە بە ناوی کلیفۆرد گیرتێزەوە، هەوڵێکە بۆ تاوتوێکردنی ئێتنۆگرافیانە و خاوەن بەستێنی ئەم دیاردەیە. ئەم میتۆدناسییە لەبواری هەوڵدان بۆ کەشفکردنی هاوشێوەیی ئەزموونی ژیانی ژنانی هەورامان لەگەڵ دیاردەناسی یەکتر دەگرن، بەڵام بەسەرنجدان بەوەی کە سنووردار بە هاوشێوەبوون نەبووە و هەندێ جیاوازی تێدا هەیە و هەروەها بینین و ئامادەبوون لە گۆڕەپانیش بەشێك لە پرۆسەی توێژینەوە بووە و لە بواری ئێتیك ڕاڤەی دووبارەی لەبەردەمان دەبێت، لەسەر ئەم بنەمایە، ئێتنۆگرافیا میتۆدی ئەم توێژینەوەیە.

مەیدانی خوێندنەوەش سێ گوندی تا، فارس ئاوا و فەرەج ئاوا لە شارۆچکەی کامیاران، ناوچەی موچەش، گوندەکانی گاوەرۆ لە ناوچەی هەورامانی ژاوەرۆی پارێزگاری کوردستانن. کاری زۆربەی خەڵکی ئەم سێ گوندە باخدارییە و بەناوبانگترین میوەکانی ئەم سێ گوندە، گوێز و شلیکە. خەڵکی گوندەکانی فەرەج ئاوا و فارس ئاوا هەتا ٥٠ ساڵ پێش بەشێك لە دانیشتوانی گوندی تا بوون، بەڵام هاتووچۆی رۆژانە لەنێوان باخەکان و گوندی تا کێشە بووە و لە هەمان ئەو باخانە کە ئێستا گوندە ماونەتەوە، بەم بۆنەوە خەڵکی سێ گوندەکە لەبواری کولتوورییەوە لە ئاست ناوچەکانی دیکەی هەورامان هاوشێوەبوونێکی زۆرتریان هەیە. خەڵکی ناوچەی هەورامان لەبواری ئایینییەوە زۆرتر خۆیان بە سونی و شوێنکەوتووی ئیمام شافیعی دەزانن. ناوچەی هەورامان لە هێڵی کێوستانی خۆرئاوای ئێران و خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان دایە. ئەم ناوچە لە باکوورەوە بە گوندەکانی سۆرانی زمانی شارۆچکەی سەوڵئاوا و سنە، لە خۆرئاوا بە گوندەکانی سۆرانی کوردستانی عێراق لە باشوور بە گوندەکانی سۆرانی شارەکانی پاوە و کامیاران، لە خۆرهەڵات بە گوندەکانی سۆرانی زمانی شاری کامیاران و سنە سنووری هەیە (مەحمودی، ١٣٩٥). زۆرتر دەست نیشانکردنی سنووری هەورامان لەسەر بنەمای جوگرافیای سیاسی ئەنجام دراوە و ئەوەندە گرنگی بە هاوبەشی زمانی و کولتووری دانیشتوانی ئەم سنوورە نەدراوە، بەشێوەیەك کە بەشگەلێکی زۆر لە ناوچەی ناسراو بە هەورامانی کرماشان، لە بنەماوە هەورامی نین و تەنها لە بواری دابەشکردنی جوگرافیایی لە ناوچەی هەورامانی کرماشان دان (باباصفری، ١٣٩٧)، بەم بۆنەوە هەڵبژاردنی ناوچەی توێژینەوە نەك لەسەر بنەمای سنوورە جوگرافیاییەکانی ئێستا، بەڵکو لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی ناوچەی هەورامان لە بەرهەمی بەڕێز بەهمەن سوڵتانی لەژێر ناوی «مێژووی هەورامان» بووە، کە لەودا هەورامان دابەش کراوەتە سەر سێ بەشی هەورامانی تەخت، ژاوەرۆ و لهۆن. (سوڵتانی، ١٣٨٦: ٣٥٦).




**وێنەی ژمارە ١: نەخشەی مەیدانی توێژینەوە**

## زانیارییەکانی توێژینەوە

لەم بەشەدا چەمگەلێکی زۆر کە دەتوانن یەکبوونێك بە زانیارییەکانی ئێمە بدەن و لە ژێر ناوی چەمکەکانی بینین و گێڕانەوەش دەخرێنە بەرباس.

## ژن بوون

بۆ «وەرەتاو» ڕۆشتین. «وەرەتاو» بەمانای خۆرە و ناوی بەشێك لە باخەکانی گوندی تایە. ژنانی «وەوەتاو» بە پێچەوانەی ژنانێك کە لە باخەکانی « شەم» و « نسار» دان بە هۆی نزیکی بە گوندەوە، زیاتر لە هەر شوێنێکی دیکە لە باخدان. بەپێچەوانەی باخەکانی «نسار» خۆر تەواوی ڕۆژ لێدەدات. لەنێوان باخەکانیش تەنانەت ڕوەکێکی هەرزەش نابینیتەوە. تەنانەت لقێکی داری شکاو بە هۆی بەرهەمی زۆرەوە نابینرێتەوە. بنەکانی شلیك ئەوەندە جوان لقوپۆیان کراوە کە هەست دەکەی ئارایشگەرێکی شارەزا قژی کچێکی بڕیبێت. شینایی جوان، خاکی پاك، ئاوی ڕوون. ئەگەر بای پاییزی لەنێو لقی دارەکانەوە لە ئێمەی نەدەدا بێگومان هیچ نیشانەیەك لە هاتنی پاییز لە «وەرەتاو» نەدەبیندرا. ژن

هەمان هێزی وزەی ژیان لە «وەرەتاو» توانیبوو جێگورکێ بە وەرزەکان بکات. لەم باخانە لە دەوری یەك کۆبوونەوە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەیە، ئێمەش چووینە ڕیزی کۆبوونەوەی ئەوانەوە. باخی ئێمە (هانەگەرمەلە) نزیك وەرەتاوە و لەگەڵ خەڵکی وەرەتاو هەستێ هاوماڵیمان هەیە. ژنێك بە عەلاگەیەکی ڕەش و گۆچانێکەوە، بەرەو لای ئێمە هات. بە سەرسووڕمانەوە سەیر یەکمان کرد. ئێمە ئەومان نەدەناسی. بەڵام زۆر زوو تێگەیشتین ناوی مینوە و دراوسێی ژینایە، بەڵام مێردەکەی کرێکاری سنووری نییە و ناچار نییە ڕۆڵی پیاوانەش بگێڕێت. مینو بە پەلە خۆی گەیاندە لامان. ژینا گوتی: «وەرە مینو، وەرە ماندوو بووی، وەرە چاییەك بخۆ». دوایی هەموویان پێکەنین. یەکێك لەوان گوتی: «ئەمڕۆ مامۆ بە گۆچانەکەی لێی نەداوی؟» دوایی هەموویان پێکەنین. مینو چاییەکی سەر خەڵوزی بۆن خۆشی لە ژینا وەرگرت و بە پێکەنینەوە گوتی: «بڵێ پیرەپیاو تۆ کە ناتوانی بڕۆی گوێزەکان بتەکێنی، جڕ و جانەوەر بیخۆن یان ئێمە کۆی بکەینەوە و بیدەینە کونێکی ژیانمان؟» بوونی ئێمە لەوێ ئەوەندە بۆ ئاسایی بوو، کە هەستت دەکرد پێشتر ئاگادار بووە. بێ هیچ ڕاوەستەکردنێك هەموو شتێك وەکو خۆی بوو. پرسیارم کرد: «ئێوەم نەدیوە خەڵکی ئێرە نین، دروستە؟» بە ئارامییەوە چاییەکەی قوت دا و گوتی: «نەخێر، سنەییم، خۆشەویستی منی پەلکیشی ئێرە کرد» دوایی بە پێکەنینەوە گوتی: «ژیانی ئێرە وەك شار ئاسوودە نییە، بەڵام من لە ژیانم ڕازیم و ژیانم بەم سێ ساڵە دەزانم کە لێرەدا بووم». ژینا گوتی: «ئاخر تۆ مێشك لە کەلەتدا نییە، بۆیە وا دەڵێی» دوایی نەزیرە گوتی: «بۆ تۆ هەموو شتێك خۆشییە، لەبەرئەوەی تەنها چوار پێنج مانگ لەنێو باخ دەژی و دوایی دەگەڕێیتەوە سەر ژیانی خۆت لە سنە». بۆ مینو ئەم ئەزموونەی چەند مانگە وەکو هەمان بارودۆخێکە کە لێکۆڵەرێك بۆ تێگەیشتن لە کرێکارانی کورەخانە دەڕوات بۆ کورەی خشت. هەر کاتێك کە ماندوو بوو دادەنیشتێت، کەسێك چاوەڕوانی کاری قوورسی لەو نییە. بەهەمان شێوە کە بۆردیو دەڵێت بینەری هاوبەش «ناتوانێت بە بیروباوەرێك بژیت، کە سەر بە باروخێکی بوونی بەتەواوی جیاوازە، کە بە یارمەتی وێژمان ئەگەری دیسان ژیانەوەی ئەو بە ئەوانیتر نادەن. کەسانێك کە دەیانەوێت باوەڕ بە بیروباوەڕی ئەوانیتر بێنن نە هەقیقەتی بابەتی و نە لە ئەزموونی زەینی ئەم بیرباوەڕە تێناگەن» (جنکینز، ١٣٨٥: ٩٤). مینوش نەیدەتوانی لە ژنانی «وەرەتاو» تێبگات. «ژن بوون» بۆ مینو پێناسەیەکی جیاوازی لە ژنانی دیکەی «وەرەتاو»

هەبوو. ژینا ژنێکی تەنها بوو، کە چەندین ساڵ بوو مێردەکەی کۆچی دوایی کردبوو، دوو کچ و دوو کوڕی بە کارکردن لەهەمان باخ گەورە کردبوو. ژینا چل و حەوت ساڵیەتی و زۆر سەرحاڵە. وا هەست دەکرا هیچ شتێك لە سەرحاڵبوونی کەم نەدەکردەوە. «ژن بوون»ی کەسانێک وەکو ژینا، دروستکراوێکە کە بەرهەمی ئەو شتێکە کە لە سەرتاسەری ژیانی ڕۆژانەی ڕوویداوە. ژینا خودی سنوورە. خۆبوون و نەبوون. هەمان نیوەچڵییە کە لە دواییدا نازانێت سەر بەم کۆمەڵگەیەیە یان نییە؟ هەمان ئەو شتەی کە تەنانەت «ژن بوونیشی» لە تانۆپۆیەك لە ڕووداوەکان بە هەڵواسراوی ماوەتەوە.

ژینا دەڵێت: ”مێردەکەم کە کۆچی دوایی کرد وەك دارێکم پێهات لەسەر ئاوی ڕووبار. بەو مانایە نییە کە پێشتر بارودۆخم زۆر باش بووە، نەخێر! من پێشتر وەکو ئەم ژنانە بووم. ئەم ژنانە کە هەر کارێك بکەن لە دواییدا هەر ژنن. هەر ئەوانەی کە لە دواییدا نازانن هەن یان نین؟ من بە هیچ شێوەیەك نیم. کاتێك مێردەکەم کۆچی دوایی کرد من کۆتاییم هات. من ژنێکی بیست و چەند ساڵە مامەوە بە چوار منداڵەوە. کاتێك مێردەکەم کۆچی دوایی کرد، شەرواڵێکی پیاوانەم لە بەرکرد و گوتم ژینا! هەتا ئێستا ژن بووی لەمە بەدواوە تۆ پیاوی. هەر کاتێك کوڕەکەم دەڵێت دەمەوێت بڕۆم بۆ هەرێمی کوردستان، من لە نێودەچم. هەر جار کە کوڕەکەم دەیەوێت ژن بێنێت من زیاتر لەنێو دەچم. من دوای مێردەکەم مافی ژیانم نییە. منیش لەگەڵ مردنی مێردەکەم کۆتاییم هات. وا بیر دەکەمەوە ئەگەر کوڕەکەم ژن بێنێت و ژنەکەی بڵێت نامەوێ لەگەڵ دایکت بژیم دەبێت من چی بکەم؟ دەزانن سنوور بۆ ژنە تەنهاکان زۆر تۆقێنەرە؟ من وام، چارەنووسم یەکلایی نەبووەتەوە، من هەموو ساتێك نیگەرانی ئەوەم کە ڕۆژەکانی دواترم لە کام لای سنوور دەبم، هەر نائارامی و شەڕێك بۆ من وەکو مردنێکە“.

کوڕەکەی ژینا وەکو کرێکاری سنووری کۆچبەر ئەگەری جێبەجێکردنی کارەکانی باخ و ئاودێری نییە، کارگەلێك کە ئەزموونی ژیانی ئێمە پیشان دەدات، کە تەنانەت سەرتر لە کارێکە کە باوکێك لەگەڵ کوڕەکانی جێبەجێی دەکەن. ئاودێری و کاروبارەکانی دیکەی باخ لە پاڵ قەیرانەکانی بەردەم بێوەژنێکی گەنج، دیاردەیەکی جیاواز لە هەڵواسراوی درێژخایەنی نییە، بەڵام تەنانەت دەرفەتی بیرکردنەوە لەبارەی بارودۆخی ئارایش ناهێنێتە

ئاراوە. مرۆڤێکی هەڵواسراو، کە دەبێت بەبێ ئەوەی بەشوێنێک بەسترابێتەوە، هێز بە ڕووداوەکان بدات و خەبات بکات و بۆ مانەوەی خێزانی شەڕ بکات. هەمان هێزی شەڕکەرە کە مان و نەمانی خێزان بەو بەستراوەتەوە، لێرەدایە کە ژن هەمان ئەو نیوەچڵەیە کە لەسەر لێواری چەقۆی دووەمی «بوون» و «نەبوون» هەنگاو دەنێت. هەمان چالاکێك کە چالاکییەکانی نابیندرێت، بەڵام بەبێ ئەو بوونێك نالوێت. پیاوانی سەرسنوور لە نێوان «بوون» و « نەبوون» لە هاتووچۆ دان، بەڵام ژنان بە هەڵواسراوی لەودان. ژن لە تانۆپۆیەك کە دروستکراوی هەمان هاتوچۆی ڕۆژانەیە بە هەڵواسراوی ماوەتەوە. نیوەچڵێکی بەتەواو مانایە، کە ئەبولقود (١٩٩١) لە نێوەچڵەکان مەبەستیەتی. لێرەدا دروستکراوی « شوناس» لەژێر کاریگەری هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی و تەنانەت ئابووری دایە. لەسەر بنەمای ئاراستەی پۆست پێکهاتەگەرا ناتوانین هیچ سەرباشقەیەکی گشگیر و نەگۆڕ بۆ شوناس (خود و ئەویتر) لەبەرچاو بگرین. ئەویتر لە بارودۆخێکی مێژوویی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی تایبەت بە دانانی مەودا و لەسەر بنەمای جیاوازییەکان لەگەڵ «خود» بیچم دەگرێت. بۆیە شوناس، هەڵواسراو لە تانوپۆیەك لە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی دایە و بەتەواوی پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە، کە «ئەویتر» چلۆن دروست دەبێت. ئەویتر لە کۆمەڵگەی تاوتوێ کراو زیاتر لەوەی کە بەدیاریکراوی سنوورنشین نەبێت و ناوەندنیشین بێت، بەستراوەتەوە بە پەیوەندییەکەوە کە لەودا «ئەویترێك کە سنوورنشین نییە» لە پەیوەندی لەگەڵ دانیشتوانی ئەم ناوچەیە چەندە خۆی بە «خودی» دەزانێت و ئاماژە بەو پارامێترانە دەدات، کە ئەوان بە یەکتر دەبەستێتەوە. میوانی ناسنوورنشین ئەگەر جەخت لەسەر جیاوازییەکان بکاتەوە بۆ دانیشتوان « ئەویتر»ە و ئەگەر جەخت لەسەر خاڵە هاوبەشەکان لە نێوان ئەوان بکات، باسێك لە « ئەویتر» لە ئارادا نییە. بۆیە لەم بارودۆخە تایبەتە مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەدا دانیشتوانی ئەم ناوچانە «ئەویتری جێندەری» بە شێوەیەکی بەرچاو دروست نەکراوە. ژنان لەم ناوچانە بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ پیاوان هەیە و هەست دەکەی لەم بارودۆخەدا دژیەکی بەرژەوەندی جێندەری بەرچاویان لە نێوان ئەوان بەرچاو ناکەوێت. ژنانی ئەم ناوچانە کێشەی بنەمایی دیکەیان هەیە، کە لەگەڵ پیاوان هاوبەشە و چارەسەرکردنی کێشەی پیاوان بە مانای چارەسەرکردنی بەشێك لە کێشەی ئەوانیشە.

ئاسۆ ژنێکی سی و هەشت ساڵەی دانیشتووی فەرەج ئاوایە، کە دە ساڵ پێش ئێستا هاوسەری کۆچی دوایی کردووە و بارودۆخێك کە ڕووبەڕووی بووەتەوە هاوشێوەی بارودۆخی ژینایە ئەویش مێردەکەی لەدەستداوە و ڕۆڵی باوکی لەنێو خێزان لە ئەستۆیە و لە گوند و باخیش ڕۆڵی پیاوی ماڵ دەگێڕێت، ئاسۆ دەڵێت:

" من کاتێك خوالێخۆشبوو مێردم بوو هیچ کاتێك دەستم لە گێرفانی خۆمدا نەبوو. ئێستاش کە کوڕەکانم گەورەبوون، چەند مانگ چەند دەڕۆن بۆ کرێکاریی لە هەرێم. سووکایەتییە ئەگەر من داهاتی باخەکەیان پێ نەدەم. بە خوا تەنانەت قرانێك لەو پارە نانێمە گیرفانی خۆم. ئەوانیش ئەزموونیان نییە، کە جارێك پارەیەك بنێننە گیرفانی من. لەبەر خۆیانەوە دەڵێن هەر شتێکی بوویت بە خۆمان دەڵێت. منیش کە هەزار ساڵ ناڵێم. پێشتر دەرۆشتم گوێزم دەهێنا و کاکڵەکەیم دەردەهێنا کەمێك باش بوو گیرفانم بەتاڵ نەبوو. دوایی کوڕەکان گوتیان خەڵك لە پشت سەرمان قسە دەکەن پارەت دەوێ خۆمان پێت دەدەین ئیدی کار مەکە بۆ ئێمە ناخۆشە".

## دروستکردنی سنوور

سنوور چەمکێکی نەگۆڕ نییە. بەهەر ڕووداوێکی سیاسی و یان هەر دیاردەیەکی کولتووری یان کۆمەڵایەتی، تێگەیشتن لە سنوور بۆ خەڵك و تەنانەت چاودێران و بیرمەندان دەگۆڕێت. لەگەڵ هەر ڕێککەوتنامەیەکی سیاسی و لەگەڵ هەر دوژمن یان هاوپەیمان لەگەڵ سیاسەتمەدارانی دراوسێ، ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری سنوورنشینیش دەگۆڕێت. هیچ شوێنێکی سەرزەمین بە ڕادەی ناوچە سنوورییەکان، لەژێر کاریگەریی ڕووداو و گۆڕانکارییەکاندا نین.

مریەم دانیشتوانی گوندی تایە و بارودۆخێکی دارایی باشتری لە بەراورد لەگەڵ کۆی خەڵکی گوند هەیە، مێردەکەیشی یەکێك لە کرێکارانی کۆچبەری سنووری نییە و تەنها ڕۆڵی دایك و هاوسەری لە ئەستۆیە لەسەر ئەم بنەمایە کاتی پێویستی بۆ جێبەجێکردنی کاروباری کۆمەڵایەتی و خوێندنەوە هەیە ئەویش دەڵێت:

" جارێك یەکێك لە هاوڕێیەکانی مێردەکەم کە ئەسفەهانییە هات بۆ ماڵمان، لەبەرئەوەی مێردەکەم میوەی «بەهێ» گوند لە خەڵك دەکڕێ و بەوانەی کە کارخانەیان

هەیە دەفرۆشێت، پیاوی خاوەن کارخانە بە منی گوت بەهیچ شێوەیەك چاوەڕوانی ئەوە نەبوون خەڵکی ئێوە هەرچەندە خوێندەوارییەکی زۆریان نییە ئەوەندە ئاگایان لە مێژوو و سیاسەت و هەواڵی ڕۆژ هەبێت و وشیار بن. منیش پێم گوت ناچارین بەڕێز ناچار. ئێمە دەبێت هەمیشە یان خۆمان بسەلمێنین لەبەرئەوەی لەبواری زمانی و ئێتنیکی و ئایینزاییەوە جیاوازین یان دەبێت بزانین کە چ بەڵایەك بەسەرمان دێت، یان دەیانەوێت چ سیاسەتێك بۆ ئێمەی خەڵکی سەرسنوور جێبەجێ بکەن. بەخوا هیچ شوێنێك بە ڕادەی ئێمە لە حەوادا نین. کوڕانی ئێمە نیوەی ساڵ لە کوردستانی عێراق دیار نییە کوێین".

کۆمەڵێك لە هۆکارەکانی جیهانی ئەمڕۆ، بەتایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوو، بەستێنێکی هێناوەتە ئاراوە، کە دیسان دیاردەی سنوور بە سیمایەکی جیاوازتر دروست بکرێتەوە. هەرچەندە سنوور دروستکراوێکی مێژووییە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕۆژانە دیسان دروست دەکرێتەوە. سنوورنشینی بابەتێکی ڕێژەییە کە گۆڕانی ئەو لەگەڵ گۆڕانکاریی کولتووری، کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی پەیوەندییەکان، گواستنەوە و زۆر هۆکاری دیکە، بە شێوەیەکی بێکۆتایی درێژەی هەیە. ئەو ناوچانەی کە هەتا چەند ساڵ پێش خۆیان بە سنووری نەدەزانی، هەنووکە تێگەیشتن و پێناسەیەکی جیاوازیان لە خۆیان هەیە. میدیاکان هەموو ڕۆژێك سنووری بوونی ئەوان بە بیریان دێننەوە. کولتوور لەگەڵ هێماکانیان سنوورنشین بیر ئەوان دێننەوە و بە هۆی کارکردی هێمای سنوور بۆ کۆمەڵگە، هەموو ڕۆژێک «ئەویترەکان» و «ناخودییەکان» دەئافرێن. تابلۆکانی بەخێرهاتنی سەر ڕێگەکان، باسی سنوورنشینی دانیشتوانی ئەم ناوچانە دەکەن. بۆ ئەوەی بەم کارە سنوورنشینەکان بە هەڵواسراوی بهێڵنەوە. لە چەند دەیەی ڕابردوو خەڵکی تا فارس ئاوا و فەرەج ئاوا وەك ناوچە سنوورییەکان، بە هۆی بوونی مەودایەکی زۆر لە خاڵە سنوورییەکان خۆیان بە سنوورنشین نەدەزانی. ئەوان بەڕادەی ئەمڕۆ لەژێر کاریگەری دیاردەی سنووردا نەبوون. هەرچەندە دیسان بە هەر ڕادەیەك کە لە سنوور مەودایان هەبێت کەمتر دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە، بەڵام دیسانیش بە دانانی پاشگری سنووری لە پاڵ ژمارەیەك لە پارێزگاکان و گشتگیرکردنی ئەم دیاردەیە، تەنانەت دوورترین ناوچەکانی «پارێزگا سنوورییەکان» خۆیان بە سنوورنشین دەزانن، لەبەرئەوەی لەو پەیوەندیانەی کە لەگەڵ ناوەندنشینەکان هەیانە کوردستان بەتەواوی سنوورە. کرێکارانی سنوور و کۆچبەر و کۆڵبەر پێشتر بەرتەسك

ببووەوە بە هەمان قەڵەمڕەوی سفری سنوور، بەڵام ئەمڕۆ دیاردەی دروستکراوی سنوور، زیاتر لە پێشوو لەم سێ گوندە، باوە. باسەکانی هایدیگەر لەبارەی کاتمەندی و شوێنمەندی دازاین و ئەوەی کە هایدیگەر بە «گوزارشتی دازاین لە ڕۆژانەی ئەودا» ناوی دێنێت، لە ناوچەی توێژینەوەی ئێمە بەباشی هەست پێکراو و شیاوی تێگەیشتنە. ئەوەی کە ئەگەر «تێگەیشتنی بنەمایی و سەرەتایی لە کردار و گوتاری ڕۆژانە، کە تاکەکان خۆیان ئەو پشت گوێ دەخەن و ئەگەر بە بیر ئەوان بێتەوە ئەو دەناسنەوە» (دریفۆس و ڕابینۆ ١٣٩٢: ٥١) سەرنجی پێبدرێت، دەتوانین شیکارییەکی جیاواز و ڕوونتر دەستەبەر بکرێت. گرنگی ڕۆژانەبوون لە توێژینەوە چ لە ڕوانگەی پێکهاتەگەرایی و چ پۆست پێکهاتەگەرایی شیاوی ئینکارکردن نییە. چ بە پەیڕەوی لە پێکهاتەگەراکان لە «دوبارە بوونەوە»ی ڕۆژانە قسە بکەین و لە باسی سوژە بوون و هۆکاربوونی کردەگەرایانی پانتایی ڕۆژانە قسە بکەین، «ژیانی ڕۆژانە سەرەکیترین قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی مانایە. قەڵەمڕەوێك کە لەودا توانایی تاکەکەسی و جەمعییەکان دروست دەکرێت» (لاجوردی،ن ١٣٨٨: ٢٧). لەسەر ئەم بنەمایە هەوڵ دەدرێت بۆ ئەوەی لە ڕۆژانە بوونی خەڵکی گوند بە گوزارشتی هایدیگەری ئەو لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی دیاردەناسانە ئامادەییمان هەبێت و لەلایەکی دیکەوە وەك ئەنتروپۆلۆژیا کە لەپێشتربوون بۆ مەیدانە، دەبێت ڕۆژ و شەوانی زۆرتر لە مەیدانی توێژینەوەدا بین.

لەو ساڵانەی کە ئێمە لە مەیدانی خوێندنەوە دوور بووین، گۆڕانکاریی قووڵ لە ژیانی ڕۆژانەی ژنان و پیاوانی ئەم سێ گوندەدا ڕوویداوە. خەڵکی گوند لە شەوانی دوورودرێژی پاییز و زستان زۆرتر نایانەوێت تەنها بن و تەنها نابن یان بۆ شەونشینی دەڕۆن یان شەونشینی لەماڵیان دەبێت. ئەم شەونشینیانە جیاوازە لەگەڵ ئەو میوانیانەدا کە لە شار ئەزموون دەکرێت. شەونشینییەکان کەشێکی شیاو بۆ توێژینەوەی ئێمە لەبارەی سنوورنشینی بوو. زۆربەی ئەو باسانەی کە لەم شەوە دوورودرێژانەی پاییز باس دەکرا لەو شتانە بوو، کە دانیشتوان کەمتر بیریان لێ کردبووەوە. لێرەدا سنوورنشینی لەو شتانە بوو، کە بەسەر ئەواندا سەپا بوو. زۆربەیان بە سەرسوورمانەوە دەیانپرسی: «مەگەر ئێمەش سنوورنشینین؟» زۆربەی ئەوانیش کە وا هەست دەکرا پێشتر بیریان لەم پرسە نەکردبووەوە و ڕەنگە لە بنەماوە دەرفەتی ئەوەیان نەبوو بیری لێ بکەنەوە بۆ ئەوەی پیشان

بدەن لەوانیتر خوێندەوارترن بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز ڕوو بەوانیتر دەیانگوت: «کەوایە چی کاکە وا بیر دەکەیتەوە تارانیت؟ ئەم هەمووە دەڵێن پارێزگاری سنووری کوردستان، نەتبیستووە؟» چ لە باسەکانی «ژن بوون» و چ « سنوورنشینی»، ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەی ئەوان خاڵگەلێکی تاریکمان بیریان هێنایەوە، کە لەسەر بنەمای کۆمەڵەیەك لە «شێوە خووەکان» (بە تەعبیری بۆردیو) هیچ کات بە پێویستیان نەزانیبوو بیری لێ بکەنەوە. ئێمە لەم پەیوەندییە هاتووچۆیەدا، چ لە لای خۆمان و چ لەلای ئەوان، هەستمان بە گۆڕان دەکرد. هەر وێناکردنێك کە بۆ ئێمە پێشتر لەبارەی سنوورنشینی و ژنانی سەرسنوور لەسەر بنەمای توێژینەوەکانی پێشوو، بیچمی گرتبوو یەك بە یەك تووشی گۆڕانکاری دەبوون و ئەمە تەنها تایبەتی ئێمە نەبوو، بەڵکو ئەوانەش چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا دانیان بەوەدا دەنا، کە ڕوانگەیان گۆڕانی بەسەر هاتووە. ئارامی و بێجووڵەییان هیچ نیشانەیەك لە سنوورنشین بوونی ئەوانی نییە. ئێمە بە توێژینەوەی خۆمان، وەکو زۆربەی هێماکان و نیشانەگەلێك کە پێداگیرین ئەوان بە سنووری دروستکراو دەکەن، بە جۆرێکی دیکە سنوور و هەڵواسراوبوونی تایبەتی ئەوان دروست بکەینەوە. هەرچەندە لە بەراورد لەگەڵ چەند ساڵی دوایی سنوورنشینی بە «بوونی» ئەوان نزیکتر لە پێشووە لە ساڵانی ڕابردوو سنوورەکانی سنوورنشینی ئەوەندە بەرفراوان نەبووە. بەپێی خواست و پێویستی ژیانی مۆدێرن کۆمەڵگە و حکومەت بۆ پێشخستنی ئامانجەکانی خۆی، پانتایی سنوورنشینیان زیاتر لە پێشوو بەرفراوان کردووە.

کێوستان بێوەژنێکە کە نەخۆشی گورچیلەی هەیە و کوڕەکانی تێچوونی دەرمانەکەی دەدەن، لەم بارەیەوە دەڵێت:

" پێم خۆشە بمرم و کوڕەکەم نەڕوات بۆ کۆڵبەری. ڕەنگە ئەگەر نەخۆش نەبام ناچار نەبوو بۆ پارەی زیاتر گیانی بخاتە مەترسی و بڕوات. من بە هیچ شێوەیەك ئاگادار نەبووم ساڵێك دەبێ دەڕوا. من بەم نزیکانە زانیم. هەموو شەوێك خەون دەبینم بە کوڕەکەمەوە تیر لێیداوە و من ناتوانم کارێکی بۆ بکەم. لە خەوا دەقیژێنم و هاوار دەکەم. هەتا چەند ساڵ پێش نەك کوڕەکانی من، کە هیچ کەسێك ڕۆحیشی ئاگادار نەبوو، کە دەتوانێت کۆڵبەری بکات. لەبەرئەوەی پێشتر خەڵك ئەوەندە پەیوەندییان لەگەڵ دەرەوەی گوندەکەیان نەبوو

و لانی زۆر مانگێک جارێک دەڕۆشتن هەتا شاری نزیکیان بۆ کڕینی پێویستی خێزانەکەیان. بەڵام ئێستا مرۆڤەکان ئارام و قەراریان لێ بڕاوە نابەسترێن بە هیچ کوێوە، یەکێکیان ئەم کوڕەی منە. سەردەمەکە سەردەمێکی دیکەیە، من هەتا پێش ئەوەی کوڕەکەم بڕوات بۆ کۆڵبەری بە هیچ شێوەیەك خۆم بە سنوورنشین نەدەزانی، سنوورم بە هەمان مەریوان و نۆدشە و بانە و ئەم جۆرە شوێنانە دەزانی".

## تابۆی سنوور

سنوور «تابۆ»یە، تابۆیەکە کە سنوورنشینەکان دەکاتە «ئەویتر» و ناخودی. سنوور هەمان دیاردەیە کە «ڕێککاریی بەردەوامی ڕۆژانە»ی بابەتی بۆچوونی مێری داگلاس (١٩٦٦) تێك دەدات. هەمان ئەو شتەیە کە «بەرگەنەگری خوو» بۆ ئێمە ئاشکرا دەکات و ئەم دەرچوونە لە بارودۆخی «ئاسایی» لە ڕاستیدا لەگەڵ چەمکی «ئەویتر بوون» لە پەیوەندی دایە. ئەگەر ئێمە لە دانیشتوانی شوێنیکین کە دەمانەوێت خوێندنەوە لەبارەیەوە بکەین، بەڵام بەمەشەوە، ڕەفتاری ئەوان لەگەڵ کەسانێك کە بۆ یەکەمین جار دەبینن، بە باشی لێ تێدەگەین. دانیشتوانی ئەم سێ گوندە، لەگەڵ کەسانی بێگانە وەها ڕەفتار دەکەن کە بەڕاستی هەست دەکەی ئەوان (کەسانی نامۆ) لە هەمان شوێن لەدایکبوون. لێرەدا بە سەختی دەتوانین لە «دوور» بوونی مەبەستی مارگرێت مید و گریگوری بیتسۆن، قسە بکەین. هەموو شتێك لە «نزیکی» یەکی نامۆ لەگەڵ ئەوان دایە. هیچ سنوورێك لە نێوان جیهانی ژیانی ئەوان و ئەوانیتر نییە. «ئەویتر» لەلای ئەم خەڵکە، بوونەوەرێکی نەناسراوی نەبوونی جێگەی متمانە نییە، کە دەبێت «دووری» لەو بگیریت. چۆنیەتی دروستکردنی «ئەویتر» دەربڕینی هێماییە، کە بەو دەتوانین دەستمان بە تێگەیشتن لە سنوور لەم ناوچانە ڕابگات. دروستکردنێکی دیکە لەم ناوچانە زۆر جیاوازە. «ئەویتر» هەتا کاتێك خۆی نەخاتە بەرامبەر ئەوانەوە «خودی» لەبەرچاو ناگیریت. «ئەویتر بوون» چەمکێکی ڕێژەییە کە بەتەواوی بەستراوەتەوە بە پەیوەندییەکەوە، کە بێگانە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوان بیچم دەدات. لەلایەکی دیکەوە بەڕای ئێمە پەیوەندییەکی نزیك لەنێوان «ئەویتر» و «سنوور» لەم ناوچەدا هەیە. بەهەمان شێوە کە گوترا کورتەمێژووی دروستکردنی چەمکی سنوور لەم ناوچە، هەوراز و نشێوی زۆری تێپەڕکردووە. دروستکردنی کۆمەڵایەتی

سنوور ناتوانێت بەدوور لە چێندراوی کولتووری ئارایی درێژە بە خۆی بدات. میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە بوونیان بەستراوە بەم ڕەوتەیەوە، هەر یەك بە شێوەیەکی تابۆیی کە کۆمەڵگەی ناوەندنشین دەئافرێنن بۆ ئەوەی «ڕێککاری بەردەوامی ڕۆژانە» بپارێزێت، دەشکێنن و ناکارکردی دەکەن. ئەوان مانای هێماکان دەڕوخێنن و خۆیان هێما دەئافرێنن. هەندێ کات لە سیمای ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی کوردی بەدەردەکەون و سنوورەکان بە نادادپەروەرانە دەزانن و هەندێ کات لە چوارچێوەی فیکری جیهان نیشتمانی و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە سنووردانانێك بەدەر دەکەون. سنوورەکانیش بەهەمان شێواز بە لاوازکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی و تەنانەت هەندێ کات هاوبەندی کۆمەڵایەتی، بێکاریگەر دەبن و لە حاڵەتی تابۆ دێنەدەر. ڕۆشتنی دیاردەیەك بۆ نێو «ڕێککاریی ڕۆژانە» ژیان بەرهەمی کۆمەڵێك لە بگۆڕەکان و پەیوەندیی ئاڵۆزە، کە لە ڕەوتێکدا بەدی دێت و بانگەشەی شرۆڤەی پۆزیتیڤێستی ئەم بگۆڕانە و ڕەوتی ئارایی هەتا ئێستا چارەسەر نەکراوە، لەبەرئەوەی هەمیشە مانای نەماوە لەبەرئەوەی ئەم دیاردەیە ڕەوتێکە کە نە جارێك ڕوودەدات و نە مانای ئەو هەمیشە یەکسان دەبێت. هەرچەندە ناسیۆنالیزم خۆی بەهێزکەری دەسەڵاتی هێمایی سنوورەکانە، بەڵام بەهۆی بوونی هەستی ناسیۆنالیستی «کوردبوون» کە لەم ناوچەیە بەئاشکرا بەچاو دەبیندرێت و بەر گوێ دەکەوێت، ڕەوتی ناسیۆنالیزم لە دروستکردنی سنوورەکان و بەردەوامی ئەو، بەو جۆرەی کە وێژمانی زاڵ دەیەوێت لەم ناوچەدا ڕۆڵی پێچەوانەی پەیدا کردووە و لە هەوڵی لادانی سنوورە ئارایییەکان لە کوردستانە، بەمەشەوە، ئەم وێژمانەش سنووری تابۆ بوون تێپەڕناکات، لەبەرئەوەی کە تەنها سنووری نوێ دەئافرێنێت. سنوور، دەسەڵاتێکی هێماییە، کە بە هۆی ئێنتزاعی بوونیەوە، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەژموونی ئەو ئاڵۆز و دژوارە، بەڵام لە ئەنجامدا تێپەڕبوونی مێژوویی کوردەکان، چالاکانی بابەتی تاوتوێ کردن وەك بەشێك لەم ڕەوتە مێژووییە، لەو باوەڕەدان کە ئامانجی ناسیۆنالیزمی کوردی ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی ناوەندنشینەکان، ئەو لەژێر ناوێکی دیکەی سنوورنشین پێناسە بکەن و لەسەر ئەم بنەمایە لەم بارودۆخەدا پێیان باشە لە شوناسێکی فرەپارچە بژین و کاتێک کە پرسیار لە ئافراندنی سنوورە سیاسییە نوێیەکان دەکرێت هەمیشە تابۆی سنوور دوادەکەویت و بە شێوەیەك قسە دەکرێت، کە ئەو کات سنوور ئەو شتە نییە کە ئەمڕۆ هەیە و لە سەر

ئەم بنەمایە بەرەو پێشوازیی ژینگەیەکی وەها ڕۆشتوون و لەو باوەڕەدان کە سنوورەکان لە حاڵی دەرچوون لە حاڵەتی تابۆیی خۆیاندان و سنوورنشینەکان لە حاڵەتی «ئەم یان ئەو» کە پیش لەم لەگەڵ سنوورەکان دروست دەبوو دەرچوون. ئەوان وا بیر دەکەنەوە سنوورە ئاراییەکان ژیانی خۆیان لە دەست داوە.

مینو دایەنی دایەنگەی گوندی تاکە دەرچووی کۆمەڵناسییە لەو بارەیەوە دەڵێت: « لێرە کەسێك کە پێشتر خۆی بە ئێرانی دەزانی لەلایەن هاوزمانەکانییەوە بەوە تۆمەتبار دەکرا، کە سیخۆرە، ئەگەریش نەیدەزانی لەلایەن خەڵکێکەوە کە خەڵکی کوردستان نییە بە جودایيخواز دەزانرا. من خۆم هەتا چەند ساڵ پێش لەنێوان بەرزەخی بوون و نەبووندا بووم، لەبەرئەوەی سنوور زۆر دیاردەیەکی دەست نیشانگەر دەهاتەبەرچاو. بەڵام ئێستا زۆربەی براکانم لێرە نین، لەوبەرن. منیش بارودۆخم باشە دەڕۆم و زۆرکەس وەکو منیش گرفتاری ئەم پرسە بوون و چارەنووسی خۆیان یەکلایی کردۆتەوە و لە جیاتی ئەم یان ئەو بوون یان هیچ یەکیان هەڵدەبژێرن و بەتەواوی بۆیان گرنگ نییە و خۆیان بە جیهان نیشتمانی دەزانن و یان هۆیەك نابیننەوە بۆ ئەم یان ئەو شوناس نرخێکی تایبەت بدەن“.

چیمەنیش باسی کچە جوانەکەی دەکات کچێکی ٢٣ ساڵە کە ئەوانی بەجێهێشتووە و ڕۆشتۆتە نێو حیزبی «پارتی ئازادی کوردستان» پاك لەوبەر سنوورەکان لە هەرێمی کوردستان و ئەو دەڵێت: ”سەرەتا بە لای هەر کەسێکدا تێپەڕ دەبووم هەستم دەکرد لەبارەی من و کچەکەمەوە قسە دەکەن. واتە بیرم نەدەکردەوە دڵنیا بووم کە ئێستا دەڵێن چارەڕەشە، ئیدی چۆن دوای هەڵهاتنی کچەکەی سەر هەڵدەبڕێ. بەڵام ئێستا دەڵێم مەگەر کاتێك کچێك دەڕوات بۆ شارێکی دیکە لە نێو هەمان سنوور، کەسێك دەتوانێت شتێك بڵێت؟ باشە چ جیاوازییەك هەیە کچەکەم هێشتا لەنێو سنووری هاوزمان و هاوکولتوورەکانی خۆی دایە. ئەو ژیانی ئەوێی پێخۆشبوو جا چ کێشەیەکی هەیە. ئێستا نیگای خەڵکیش گۆڕاوە لە بەراورد لەگەڵ چەند ساڵ پێش کە کچەکەم ڕۆشتبوو. خەڵك بە هیچ شێوەیەك ئیدی سنووریان بۆ گرنگ نییە. من بیستوومە زۆربەی وڵاتان سنووریان نییە و هەموویان دەتوانن بە ئاسانی بڕۆنە نێو وڵاتێکی دیکەوە، چۆن دەتەوێت لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە بڕۆی“.

## ڕزگارکردنێکی مۆسیۆنێر انه

بارودۆخی گوندی فارس ئاوا جیاوازە لە فەرەج ئاوا، خانووەکان نوێ، ئێمکانیاتی خۆشگوەرانی زۆرتر و بە گشتی و بە ڕای خۆیان بارودۆخێکی کولتووری باشتریان هەیە. لەگەڵ گۆڕینی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری خێزانەکان و پیاوان، بارودۆخی ژنانیش دەگۆڕێت. زۆربەی پیاوانی فارس ئاوا سەرقاڵی کاری بازرگانی وشکەن و بارودۆخێکی ئابووری شیاویان هەیە و بەپێی ئەوەش، ژنانی ئەوانیش قازانجێك لەم ئیمتیازانە دەکەن و لە بەراورد لەگەڵ ژنانی فەرەج ئاوا بارودۆخێکی ئابووری باشتر ئەزموون دەکەن. کە پاییز دادێت هەتا وەرزی بەهار ژنانی فەرەج ئاوا سەرقاڵی شکاندنی گوێز و بە کاکڵەکردن بۆ بازرگانانی فارس ئاوان. هەرچەندە ژمارەیەك لە ژنانی فارس ئاواش هەندێ کات سەرقاڵی ئەم کارەن، بەڵام چۆنایەتی و چەند و چۆنی کارەکە زۆر جیاوازتر لە فەرەج ئاوایە. ژنانی فەرەج ئاوا بۆ یارمەتیدانی شووەکانیان لە دابینکردنی بژیوی ژیانی خێزان کار دەکەن لە کاتێکدا کە ژنانی فارس ئاوا بۆ سەربەخۆبوونی دارایی هەوڵ دەدەن.

لە دوورەوە گوێم لە دەنگی شکاندنی گوێزە و ئارام ئارام بۆنی کەمکۆڵەکانیش دەدا لە لووتم. لەو ژنانە نزیك دەبمەوە کە لە دەوری تەپە گوێزەکان دانیشتوون. ئەوان ئێمە دەناسن و ئێمەش تا ڕادەیەك ئەوان دەناسین. یەکێك لەوان خەڵکی فارس ئاوایە کە بۆ یارمەتی خزم و کەسی فەرەج ئاوای بۆ ئێرە هاتووە. خەڵکی فەرەج ئاوا و فارس ئاوا کە دانیشتوانی گوندی تا بەوان دەڵێن «شولانی» هەمان دانیشتوانی گوندی تان کە لە نزیکی باخەکانیان و پشت کێوی «شولان» نیشتەجێبوون. گرووپێك لە بەشی خوارەووتر کە دواتر ناو نرا فەرەج ئاوا نیشتەجێبوون و گرووپێکی دیکەش لە بەشی سەرەووتر و ناسراو بە فارس ئاوا نیشتەجێ بوون. ژنی فارس ئاوایی زێڕێکی زۆری بە خۆیدا هەڵواسیوە ڕواڵەتێکی ڕازاوەی هەبوو و زۆر سەرحاڵ بوو و هەوڵی دەدا لە پەیوەندی دروستکردن باشتر لە ژنانی دیکە بێت. هەتا کەسێك دەیویست قسە بکات باسی درێژە پێدەدا و لە درێژەی قسەکانیدا دەیگوت: ”دەبێت ژن دەستی لە گیرفانی خۆیدا بێت هەتا کەی بە پیاوەکەت بڵێی یەك قڕان بدە و دوو قڕان بدە. بەخوا من ئەم هەموو زێڕەم خۆم کڕیومە، کاتێك خۆم دەتوانم چ پێویستم بە پیاوە“.

ژنی فەرەج ئاوایی کە براژنی بوو ڕووی لەو کرد و گوتی: ”ڕوناك لە تێریی قسە مەکە خوشکم، ماشەڵڵا ئێوە دەستتان دەگاتە دەمتان. ئێمە چی بکەین کە ئەمڕۆ بۆ سبەینێ قەرز دەکەین سبەینێ بۆ دووبەیانی. بەڕاست هەر ئەم برایەت ئەگەر بڕوا کۆڵبەری بکات و من لە جیاتی ئەوەی لە خەرجی ماڵ یارمەتی بدەم، بیدەمە زێڕ و بیکەمە ملم تەڵاقم نادات بە سێ منداڵەوە؟ بەخوا خۆیشی شتێك نەڵێ خەڵك ئەوەندە دەڵێن ئەمە ژن نییە تۆ خەریك چارەڕەشیت و ئەویش زێڕ بکاتە ملی کە ئیدی ئەویش....“

کاتێك کە تەنانەت بۆ دوو شوێن هەتا ئەم ڕادە نزیك بە یەکتر چ لە بواری کات و شوێنەوە و لە گۆڕەپانی کولتووری هاوبەش، ناکرێت ڕێگاچارەیەك پێشنیار بکرێت، ئایا باسکردن لە « ڕزگارکردنی موسیۆنێرانە» دەتوانێت ڕێگەچارە بێت؟

واقیعی بوونی کێشەی ژنان و بارۆدخی ناجێگیریان لە زۆربەی بوارەکان بابەتێکی ڕوون و ئاشکرایە. بەمەشەوە لەیلا ئەبولقود ئەنتروپۆلۆژیستی ئەمریکی . فەلەستینی لەو باوەڕەدایە کە «ڕوانگە فمێنیستییەکان نەیانتوانیوە خۆیان ئەوەندە لە باوەڕی ڕەها (تەنانەت جۆرێ خۆشباوەڕ و وەهمی) لە ئاست هێڵی گشتی گەشەکردنی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری ئەورووپا و لە ئاست چەمکگەلێك وەکو «پێشکەوتن» و « نوێخوازی» جیا بکەنەوە. باوەڕێکی وەها لەم گرووپەدا و لە مانای گشتیتری، لە لای زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتانە، ڕێگە لەوە دەگرێت کە بتوانن بە نیگایەکی قووڵی ئەنتروپۆلۆژیانە و لە ناوەوە، ژیان و فیکری ژنان لە لای توێژەکانی خەڵك و بە دوور لە ژینگەی بژاردەکان درك بکەن» (فکوهی ١٣٩٩: ٩٦). چەندین ساڵ ئەزموونی ژیان لە هەورامان گرنگترین زانیارییە، کە توێژەرانێك وەکو ئێمە لە بواری ئەنتروپۆلۆژیا دەتوانن هەیانبێت. گیرتێز (١٩٨٣) لەو باوەڕەدایە کە «زانست هەمیشە خۆجێییە» و هیواداریـن ئێمە هەڵگری بەشێك لەم زانستە بین. هەر کەسێکی ناخۆجێی کە دێتە نێو هەورامانەوە یا شەیدای ژیانی سادە و پڕ لە شادی و ئارامی ئەو دەبێت یان گیرۆدەی ڕۆژگاری سەخت و خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو دەبێت. ئێمە خۆجێیەکانی ئەوێ وەکو بەنبازەکان لەسەر هەڵدێری تووڕەیی و ئاشتین و لە هەوڵ داین گرفتاری ئەو داوە نەبین کە ئەبولقود هوشداری داوە. ئێمە بەیانی دڵڕفێن، پێکەنینی منداڵەکان، چایی سەر خەڵوز و دیمەنە بێوێنەکانی هەورامان دەبینین، بەڵام

هەورامان تەنها بەوە نازانین، ئێمە دەستی پینەبەستووی ژنانی ئەوێش دەبینین و دیسان دەزانین مانا لە هەورامان هەمووی ئەمە نییە. ژنانی ئەم سێ گوندە دەتوانن بەشێك لە مانای دروستکراو لە هەورامان هەمدیس نوێنی بکەنەوە. ئەوان واقعیەتی ڕەهای سەرکوت و هەڵاواردنی پیاوەکانیشیانن. ئەوان لە «هەڵاواردنی پێکەوەیی»دا بەندن، کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی پیاوان و هەڵاواردنی تایبەتی ئەوان، چارەسەر ناکرێن. ژنانی ئێرە جیاواز لەو ژنانەن زۆربەی بیرمەندانی فمێنیست باسیان دەکەن. ئێنتەر سێکشنالیتی چەمکێکی یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە هەڵاواردە فرەڕەهەندەکان کە ژنانی سنوورنشینی هەورامی ڕووبەڕووی بوونەتەوە. ژنی سنوورنشین لە بارودۆخی ئارایی پێویستی بە «ڕزگارکردن» لە دەستی پیاوان نییە لەبەرئەوەی ڕزگارکردنی ئەو لە گرەوی ڕزگارکردنی پیاوان دایە. لێرەدا ژنان جیا لە هەڵاواردە تایبەتەکانی «ژن بوون»، سنوورنشینگەلێکن کە تەنانەت بۆ وەرگرتنی مافی سەرەتایی خۆیان ناتوانن داواکاریان هەبێت، لەبەرئەوەی بە تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی، جوداییخوازیی و تۆمەتگەلێکی لەو چەشنە تۆمەتبار دەکرێن. سنورنشینگەلێك کە هەموو ڕۆژێك پەیکەری بێ گیانی کوڕان، باوك و مێردی کۆڵبەریان بە شێوەیەك لەباوش دەگرن، هەست دەکەی دوایین باوەشە. سنوورنشینگەلێك گرفتاری قەیرانی بەردەوامن، کە نازناوگەلێك وەکو «سنوورنشینانی ئازا» ئازاریان چارەسەر ناکات.

بەرپرسی تەندروستی دوو گوندی فارس ئاوا و فەرەج ئاوا ژنێکە لە دانیشتوانی ئەوێ. سەردانی دەکەین. دووگیانە و بە سەختی دەجووڵێت. «ژن بوون» دیاردەیەکی سەیرە. ڕۆژین دەڵێت: "من ژنێکی دامەزراو و دووگیانم، بە ڕای ئێوە من لەگەڵ پیاوێکی دامەزراو کە هیچ بەرپرسیاریەتییەکی لەبەرامبەر ماڵدا نییە شیاو بەراورد کردنم. ئێوە بە من بڵێن بەڕاستی شیاوی بەراوردکردنە؟ سەرەتا مێردەکەم زۆر یارمەتی دەدام بەڵام ئەوەندە ئەم و ئەو قسەیان کرد ئێستا ئەگەر خۆیشی بیەوێت ناتوانێت یارمەتیم بدات. هەرچەندە بە گشتی بۆ من بارودۆخەکە کەمێك باشترە لەبەرئەوەی لە دواییدا مێردەکەم لەلامە. هەموو ئەو ژنانەی کە لێرە دەیانبینی دایکن، منداڵی وردیان هەیە، جیا لە هەموو کارەکانی دیکە کە هەیانە باخداریشن لەبەرئەوەی مێردەکانیان بۆ تێپەڕکردنی ژیان چەندین مانگ دوور لە گوند کار دەکەن و لێرە نین".

بۆچوونی لەبارەی سنوورنشینی ژنان دەپرسین و وەڵام دەداتەوە:

"ژن ژنە، ئەم گوندەی ئێمە ببینن کام ژن توانیویەتی ببێتە کەسێك بۆ خۆی. پیاوەکانیش نابنە شتێك چ بگات بە ژنەکان. من ماڵمان لە یەزد بوو کاتێك بۆ قوتابخانە دەڕۆشتم لێرە کچەکان لە پۆلی حەوتەوە دەبێت نیگەرانی ئەوە بن ئایا ئەمساڵ قوتابخانە بۆ کچان هەیە یان نییە. تێکەڵە یان نییە. ئەگەر تێکەڵە ئایا باوکیان ئیزنیان دەدات؟! لە دواییدا هاوسەرگیری پێش ئەوەی بتوانی بڕۆی بۆ دواناوەندی. ژنی شاری بارودۆخێکی باشتری نییە، بەڵام باشە لانیکەم باشتر لە ژنەکانی ئێرەن، چی بڵێم دەبێت ژن بیت و لێرەدا بژیت بۆ ئەوەی تێبگەی چ خەبەرە»؟

## دەرئەنجام

مارسل موس لە ژێرناوی «دیاردەی ڕەهای کۆمەڵایەتی» پیشانی دا، کە دەتوانین لە هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، شوێن پێیەك لە هەموو دامەزراوە ئایینی، یاسایی، ئاکاری و ئابووری ببینینەوە. بەم شێوە دیاردەی کۆمەڵایەتی «سنوور» و « سنوورنشینی»یش لە ژینگەیەکی لێوانلێو لە هۆکاری جۆراوجۆر لە ئارادایە و جیاواز زانینی بەشێك لەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییە و دانە پاڵی هۆکاری تایبەت بۆ دیاردەی ئاماژەپێدراو، بە جۆرێك داڵەنگاندن دێتە ئەژمار. لەبەرئەوەی جیا لە پرسی سنوورنشینی، لە بنەماوە دەستڕاگەیشتن بە هەموو هۆکارەکانی کردار و مانای ڕەها، بانگەشەیەکی زێدەڕۆیانەیە، لەبەرئەوەی دەستنیشان نەکردنی مانا هەمیشە ئەم ئەگەرە لە توێژەران دەستێنێت و پرسی سنوورنشینی دیاردەیەکی لەو چەشنەیە و تەنانەت وا هەست دەکرێت ئاڵۆزییەکی زۆرتر لە ئارا دایە. لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین هیوادار بین، کە بتوانین کلاوڕۆژنە گەلێك بۆ ئاسۆی مانایی نەناسراوی ژنانی ئەم ناوچە بکەینەوە. ژنانی سنوورنشین لەم سێ گوندەی تاوتوێ کراوی هەورامان لە تانۆپۆی هۆکارگەلێکدا دەژین کە جیاکردنەوەی باسەکانی پەیوەندیدار بە ژنان لەگەڵ باسی تایبەتی پیاوان، لانیکەم لەم ناوچەی کار بەهەڵە دێتە بەرچاوان و لە زۆربەی کاتەکان ئەنجامی ناشیاوی لێدەکەوێتەوە. ژنانی تاوتوێکراو لەم توێژینەوەیە ڕووبەڕووی هەندێ قەیران بوونەتەوە کە یەکترپۆشینی زۆریان لەگەڵ قەیرانەکانی پیاواندا هەیە. ئەوە پیاوانن دەتوانن نەك تەنها باوك، براکان، مێرد و کوڕانی ئەوان بن،

بەڵکو تەنانەت پیاوانی دیکەی گوندیشش پەیوەندییان بە قەیرانەکانی ئەوانەوە هەیە. لێرەدا ژن ژیانێکی سەربەخۆی نەبووە و نییە. هەرچەندە لە چەند ساڵی دواییدا دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە بە ڕادەیەکی کەم ژنان توانیویانە سەربەخۆیی ڕێژەی لە بوارە جیاوازەکان بەدەست بێنن، بەڵام ئەم سەربەخۆییەش بە جۆرێکە بەستراوەتەوە بە پیاوانی ئەوانەوە. ژنان لە نێو دەستی هەڵاواردنی تێکەڵ بە بەندکردن دان، کە بەبێ ناسینی ئەم هەڵاواردنە ئەگەری بینینەوەی ڕێگاچارە نییە. ژنان لەم توێژینەوەدا جیا لە هەڵاواردنە تایبەتەکانی «ژن بوون» تووشی ئەو هەڵاواردنانەنش دەبن کە لەدژی پیاوانیان ئەنجام دەدرێت و هەتا کاتێك ئەم هەڵاوردنانە هەیە بە لاوەنانی ئەم پرسە تەنها قسەکردن لە کێشەی ژنان بابەتێکی بێ سوودە. چارەسەرکردنی «ئەویتری سنوورنشین» لەم ناوچە بە مانای چارەسەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەوانیترە، کە دەرئەنجامی هەمان ئەویترە.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە پیشانی دەدات زۆربەی ژنانی ئەم ناوچەی هەورامانە، بەبێ ئامادەبوونی پیاوانی خێزان، باری ژیان بە هۆی بوونی تابۆی سنوور و تابۆی ژن بوونەوە، سەختتر لەوەی کە وێنادەکرێت بەشان هەڵدەگرن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە پیاوانی خێزان لە بارودۆخێکی باشتردا دەژین بەڵکو بارودۆخی ئارایی بۆ هەموو ئەندامانی خێزان بە شێوەیەکی بەردەوام قەیران خوڵقێنە و لە بارودۆخێکی وەهادا لە هەوڵی «ڕزگار کردنی ژنان»، بارودۆخەکە ئالۆزتر دەکات، لەبەرئەوەی کە «سەرووگێڕانەوەکان» ناتوانن لە بارودۆخی ئارایی ژنانی ئەم ناوچە تێبگەن و پێویستی بە کۆمەڵێك هەوڵی فرەچەشن بۆ چارەسەرکردنی کێشە تایبەتەکانی ژنانی ئەم ناوچە هەیە. ئەوەی گوترا پیشان دەدات «تابۆبوونی سنوور» ئەنتی تزێکی دیاریکراو لەگەڵ «تابۆبوونی ژن» هەیە، کە بە شکاندنی « تابۆی سنوور» و گۆڕینی پەیوەندی «خودی» و « ئەویتر» بە جۆرێك «ژن بوون» وەك «ئەویتری جێندەری» بە شێوەیەکی جیاواز لە ڕابردوو دروست دەکرێت و بە کرداری جیاوازی ژنان لەم ناوچە پێویستی زۆرتر بە چارەسەرکردنی کێشەی ژنانی هەست دەکرێت و ژنان و کێشەی ئەوان لە سێبەری ڕووناکی پیاوان دێنەدەر و لە دواییدا دەتوانین بڵێین کە لە ناوچەی هەورامان، زۆربەی کێشەی ژنان بەستراوەتەوە بە پیاوانەوە و بە چارەسەرکردنی کێشەی پیاوان بەشێکی زۆر لە کێشەیان چارەسەر دەبێت. بەڵام «ئەویتر بوون»ی ژنان لایەنی جیاوازی لەگەڵ پیاوان هەیە. «ژن بوون» دروستکراوی کارلێکی نێوخۆیی وێژمانی جێندەرییە، کە لە ژیانی ڕۆژانە لەژێر ناوی «ئەویتر» دروستکراوە و ئەویتری سنوورنشین خۆی ئافرێنەری هەزاران « ئەویتر»ە کە یەکێك لەوان « ژن بوون»ە.

## سەرچاوەکان:

احمدی، منیژه؛ سلیمی سبحان، محمدرضا، دهقانی، ماندانا، و جهانسوزی، مهري. (۱۳۹۸ ). اثرات بازارچه های مرزی موقت در امنیت اقتصادی و اجتماعی مناطق روستایی مرزنشین (روستاهاي مرزنشین ،شهرستان مریوان) پژوهشنامه جغرافیای انتظامی، ۷ (۲۷)، ۱۰۱-۱۲۲

باباصفري، نافع (۱۳۹۷ ). بررسی مردم شناختی پایداری و دگرگونی منابع هویت در هورامان، رساله دکتری دانشکده علوم اجتماعی دانشگاه تهران.

ثنایی، کامران و رسولی، حسین (۱٤۰۱ ). میسیون کردستان: بررسی فعالیت میسیونرهای لوتری آمریکا در

ساوجبلاغ مکري (از ۱۹۱۱ م/ ۱۲۹۰ ش تا ۱۹۳۷ م/ ۱۳۱٦ ش) (با تکیه بر مطالب ماهنامه کردستان میشنری). جستارهاي تاریخي (فرهنگ)، ۱۳ (۲)، ٤٥-۷۹

جنکینز، ریچارد( ۱۳۸٥ ). پیر بوردیو. مترجم: حسن چاوشیان؛ لیلا جوافشانی. تهران: نشر نی .

دانش مهر، حسین و هدایت، عثمان (۱٤۰۱ )، مرزنشینی و به حاشیه راندگی امر آموزش: اتنوگرافی نهادی ،وضعیت آموزش و پرورش در مناطق مرزی استان کردستان، نشریه مسائل اجتماعی ایران، ۱۲ (۲)،۱۱٥-۱۳٦.

دریفوس، هیوبرت و رابینو، پل( ۱۳۸۹ ). میشل فوکو؛ فراسوی ساختگرایی و هرمونتیک. مترجم: حسین بشیریه. تهران : نشر نی .

زارع شاه آبادی، اکبر، و محمدی، آرزو. (۱٤۰۰ ). درک و فهم پدیده کولبری در شهرستان بانه. جامعه شناسی کاربردي، ۳۲ (۱)، ۱۳٥-۱٥٤.

زیمل، گئورگ (۱۳٦۸ ). ویرانه (مترجم: یوسف اباذری(. نامه علوم اجتماعي، شماره ۳، ٥۹-٦٥

سلطانی هورامی، مظفربهمن (۱۳۸٦ ). تاریخ هورامان. مقدمه. تصحیح و تعلیقات: نادر کریمی سردشتی. تهران: نشر احسان.

سیاوش پوری، مهشین؛ تاجیک، محمدرضا؛ نوذری، حسین علی (۱٤۰۲ ). سیاست و زیبایی شناسی: سوژگی

کولبران در جنبش روزمره، نشریه سیاست پژوهی اسلامی ایرانی، ۲ (۱)، ۸۳-۱۱۱

شهیدانی, شهاب؛ عقیلی, سید احمد (۱۳۹۲ ). بررسی و تحلیل تاریخی حضور و فعالیت میسیونرهای مسیحی از سقوط صفویه تا برآمدن قاجار. فصلنامه تاریخ نامه ایران بعد از اسلام, ٤ (٦)، ۹۱-۱۱٥.

فکوهي، ناصر (۱۳۹۹ ). زنها شیرها روباه ها، تهران: نشرثالث .

فکوهي، ناصر (١٣٩٢ ). تاریخ اندیشه و نظریه های انسان شناسی، تهران: نشرنی .
فکوهي، ناصر(١٣٩٨ ). انسان شناسی: اندیشمندان، نظریه و کنش، تهران: نشر اندیشه.
احسان کریمی، علیرضا؛ و دانش مهر، حسین (١٣٩٨ ). بررسی احساس امنیت در مناطق مرزی (مورد مطالعه شهر مریوان). پژوهشنامه مطالعات مرزی، ٧ (٤)، ١-٢٤.
گیرتز، کیلفورد (١٣٩٨ ). تفسیر فرهنگ ها، ترجمه محسن ثلاثی، تهران: نشر ثالث .
لاجوردی، هاله (١٣٨٨ ). زندگی روزمره در ایران مدرن، با تامل بر سینمای ایران. تهران: نشر ثالث
محمدی، حیدر؛ موسوی جد، سید محمد؛ صالحی، یسرا؛ سلماسی، سمانه (١٤٠٠ ). اشتغال پایدار شهرهای
مرزي؛ تحلیل علل و پیامدهای کولبری در شهر بانه، نشریه توسعه پایدار محیط جغرافیایي.
میرزایی، حسین، و عبده زاده، سیروان. (١٣٩٣ ) بررسی تاثیر بازارچه های مرزی بر کیفیت زندگی روستاییان مرزنشین (مورد مطالعه: بازارچه های مرزی و روستاهای شهرستان مریوان). توسعه محلی روستایی - شهری (توسعه روستایي)، ٦ (٢)، ٢٥٥-٢٧٨.
.Abu-Lughod, Lila (2013). Do Muslim women need saving, Harvard University Press
Douglas, Mary (1966). Purity and Danger: An Analysis of Concepts of Pollution and .Taboo
.Routledge and Kegan Paul
Fredrik Barth, (1969). Ethnic groups and boundaries. The social organization of culture
difference. Oslo: Universitetsforlaget.Geertz, Clifford (1983). Local Knowledge: Further
.Essays in Interpretive Anthropology, Basic Books
Newby, C. Alison (2004). "Ethnography at the Border by Pablo Vila", American Journal of
.Sociology, Vol. 109, No. 4: 1027-1029
McLaren, Anne E (2017). "Ethnography and Identity in China and Southeast Asia", Asian
.Ethnology, Vol. 76, No. 1, Interpreting Sinitic Heritage
Mohammadpour, Ahmad. (2024). "Blood for bread: Necro-labor, nonsovereign bodies, and the
.state of exception in Rojhelat." American anthropologist 126 (1): 120-34

# گریانی بێ فرمێسک:

## ژنانی کوردی کۆڵبەر و سیاسەت-مەرگی جێندەری دەوڵەت لە ئێران

د. ئەحمەد محەمەدپوور  - د. ئاسۆ جەواهیری

وەرگێڕان: گەلاوێژ سۆفی

1. Ahmad Mohammadpour, Aso Javaheri, Weeping without tears: Kurdish female kolbers and gendered necropolitics of state in Iran, https://doi.org/10.1111/gwao.13184

## پوختە

ئەم نووسینە تاوتوێی پەیوەندی نێوان کۆڵۆنیالیزم، قەڵەمڕەوی و سیاسەت-مەرگی جێندەری دەوڵەت لە ئێران و کاریگەری لەسەر ژیانی ژنانی کورد لەسەر سنوور (کۆڵبەر) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) دەکات. بە سوودوەرگرتن لە چەمکی «سیاسەت-مەرگ»ی ئاشیل مبێمبێ، کۆڵبەریی وەک پیشەیەکی کوشندە چەمکسازی دەکەین کە کوردەکان دەخاتە ژێر سزای هەڕەمەکی و گشتی لە ڕێگەی ڕێوشوێنی دیسپلینی مەرگ ئامێزەوە. ئەمەش وادەکات بەردەوام لە دۆخێکی ناجێگیر و پڕ مەترسیدا بمێننەوە. سیاسەت-مەرگی کۆڵبەری ژنانی کورد جەخت لەوە دەکاتەوە کە چۆن مانای مردن وەک مانای ژیان لە (زیندە-سیاسەت)دا بەرهەمدێت، ئاواش لە ڕێگەی توخمە بەرجەستەکراوەکانەوە «جەستە لێی دەکوژرێت و بۆ مردن و گیانکێشان نیشانە دەکرێت. بۆ ئەم مەبەستە وتووێژمان لەگەڵ ١٣ ژنە کوردی ڕۆژهەڵات ئەنجامداوە، کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا خەریکی کۆڵبەری بوون. وتارەکەمان بە زەقکردنەوەی ڕەهەندی جێندەری کۆڵبەری، ئەزموونی ژنانی کۆڵبەر وەک ئەوەی لە»جیهانی مەرگدا« ڕوودەدات، تیۆریزە دەکەین»، جیهانێک کە تێیدا گیانی ژنانی کۆڵبەر هەمیشە لە مەترسیدایە و لەلایەن دامودەزگای دەوڵەتی مەرگ و ڕژێمی پیاوسالاری ‹حەقیقەت›ەوە بێدەنگ کراوە. شیکارییەکەمان جۆرێک لە توندوتیژی دەوڵەت ئاشکرا دەکات کە دەربڕینی جێندەری «سوژە کۆڵۆنیالیزەکراوەکان» بەرجەستە دەکات.

**کلیلە وشەکان**

کۆڵۆنیالیزم، جیهانی مەرگ، ژنە کۆڵبەرەکان، ئێران، سیاسەت، مەرگ، ناجێگیری، ڕۆژهەڵات

بەدەست ئازارێکی زۆری پشتم دەناڵێنم، نازانم تا کەی دەتوانم بەردەوام بم لە کارکردن. هەموو ئەو پارەیەی لە ڕێگەی کۆڵبەرییەوە دەستم دەکەوت، بۆ چارەسەری شێرپەنجەی هاوسەرەکەم دەچوو، بەڵام ئەوەش بەس نەبوو. خانووەکەم و ئەوەی تێیدا بوو: لە فەرش و بەفرگر و جل و بەرگ... فرۆشتم و هەمووی لە نەخۆشخانەکانی تاران سەرفم کرد. لە کۆتاییدا ئەوان تەرمی هاوسەرەکەمیان پێدامەوە. ناچاربووم لەسەر سنوور کار بکەم بۆ ئەوەی بژێوی منداڵەکانم پەیدا بکەم و ڕووبەڕووی بیابانی بێبەزەیی و مەترسی کوژران لەلایەن عەجەمەکان (دەورییەی سەر سنوور) ببمەوە.

## ژنە کۆڵبەرێکی کورد


### بەرایی

کۆڵبەریی زاراوەیەکی کوردییە و باس لە فۆرمێکی سنووربەزاندن دەکات کە تایبەتە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەرانسەری ئێران و عێراق و بەناو «سەرسنوور»ی تورکیا (بڕوانە وێنەی١). کۆڵبەری هەڵگرتنی کاڵایە لەسەر پشت و شانی مرۆڤ لە سنوورە شاخاوییەکاندا، زۆرجار لەژێر بارودۆخی سەخت و دژوار و بەبێ پاراستنی یاسایی. دەستەواژەی ڕۆژهەڵات کە ناوێکی کوردییە بۆ بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا لەژێر دەسەڵاتی ئێراندایە بەکاردەهێنین، بۆ ئەوەی خۆمان لە سەپاندنی کۆڵۆنیالی زانستی نارەسەن و سڕینەوەی مێژووی کوردستان بەدوور بگرین. ڕۆژهەڵات چوار پارێزگا لەخۆ دەگرێت: ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، سنە (پارێزگای کوردستان)، کرماشان و ئیلام. سروشتی سیاسیبوونی سەرژمێری دانیشتووانی ئێران و دوودڵی دەوڵەت لە بڵاوکردنەوەی داتای ورد سەبارەت بە پاشخانی نەتەوەیی و زمانەوانیی و ئایینی خەڵک، لەئەنجامدا بووەتە هۆی ئەوەی کە تەنیا خەمڵاندنی نافەرمی بۆ ژمارەی دانیشتووانی ئێستای دەشتە بەرزەکانی ئێران لەبەردەستدا بێت. بەڵام پێدەچێت ژمارەی کوردانی ڕۆژهەڵات لەنێوان ١٠ بۆ ١٢ ملیۆن کەسدا بێت. ڕۆژهەڵات بە ناوچە شاخاوییەکەی و کەش و هەوا مامناوەند و خۆشەکەی لە بەهار و هاوین و پایزدا ناسراوە. ناوچەکە شانازی بارانبارینی زۆر و بوونی سەرچاوەی ئاو و دارستانی پێبڕاوە. بەڵام سیاسەتە دەوڵەتییەکانی چەندین سەدە لە پەراوێزخستنی ئابووری و سەکوتی سیاسی، ڕۆژهەڵاتی کردووە بە زۆنێکی نائارامی بێبەش

لە هەر ژێرخان و وەبەرهێنانێکی بەردەوام کە پێویست بێت بۆ گەشەپێدانی ناوچەکە. کوردەکان لەسەردەمی هەردوو ڕژێمی پەهلەوی (١٩٢٥-١٩٧٩) و کۆماری ئیسلامیی ئێران، شاهیدی دەستبەسەراگرتنی زەوییەکانیان و تاڵانکردنی سامانیان و دەستگەیشتنیان بە سەرمایە و جووڵەی پەروەردەیی بەتوندی بەرتەسک کرابووەوە. جگە لەوەش، لەژێر نیکرۆپۆلەتیکی فارسی شیعەدا، کورد کەوتە ژێر سیستەمێکی کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆییەوە کەتوانای مانەوەی ئابوورییەکەی لەناوبرد (Mohammadpour, 2023a).


کۆڵبەریی دیاردەیەکە کە سەرچاوەی لە سیاسەتە ئابووری و سیاسی و ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژهەڵات گرتووە، کە گەلی کوردی پەراوێزخستووە و چەوساندووەتەوە، هەرچەندە کۆڵبەران لەوانەیە ناسنامەی حکومییان هەبێت، بەڵام هیچ ماف و پارێزگارییەکی یاساییان نییە و هێزەکانی حکومەت دەتوانن بەئارەزووی خۆیان تەقەیان لێبکەن (بڕوانە Ale-Ahmad, 2023; Moradi et al., 2022; Soleimani & Mohammadpour, 2020). ئەم پێگە یاساییە سنووردارەی کۆڵبەری، بەرجەستەکەری ژیانی سیاسی کوردەکانە لە ئێراندا، لەیەک کاتدا لەناوەو و لە دەرەوەی یاسادا. کۆڵبەریی وەک خودی ژیانی کورد، بەرجەستەکەرێکی ڕوونی «دۆخی هەڵاواردنە» (Mohammadpour, 2023a) کە تیایدا حکومەتی ئێران باری نائاسایی بەکاردەهێنێت بۆ هەڵپەساردنی یاسا بەناوی بەرژەوەندی گشتی، بەتایبەت ئاسایشی سنوورەکان و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی.[١] هاوشێوەی یاساکانی شەڕوشۆڕی نائاسایی «خۆشاردنەوە و ڕاکردن»، ژیانی کۆڵبەر بەندە بە چالاکی و توانای خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم یاسا توندوتیژ و هەڕەمەکی و گۆڕاوانەی لەلایەن حکومەتەوە سەپێنراون. توندوتیژی دەوڵەت لەدژی کۆڵبەران سیستماتیک و دڕندانەیە. بۆ نمونە بەگوێرەی ئاماری مانگانەی قوربانیانی کۆڵبەر کە ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاویکردووەتەوە، لە کانوونی دووەم تا تەموزی ٢٠٢٤، ٢٤٤ کۆڵبەر بریندار یان گیانیان لەدەستداوە. لەو ژمارەیەش ٤٧ کەسیان تەقەیان لێکراوە و ١٩٧ کەسیش بریندار بوون.[٢] (بڕوانە خشتەی ١). بەهەمان شێوە، ڕێکخراوی هانا بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندووە کە لە نیوەی یەکەمی ٢٠٢٤دا زیاتر لە ٣٨٢ هاوڵاتی کورد دەستبەسەرکراون، کە ١٩ کەسیان ژن بوون. جگە لەوەش ٥٧ کەس لە سێدارە دراون و ٢٧١ کۆڵبەر و کاسبکار کوژراون یان بریندارکراون، ٨ هاوڵاتی مەدەنیش بەهۆی تەقینەوەی

مین گیانیان لەدەستداوە یان بریندار بوون.[٣] لێکۆڵینەوەی زانستی سەبارەت بە کوردەکانی ئێران هێشتا لەبواری زانستە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکاندا گرنگی پێویستیان پێنەدراوە. سیاسەتی دەوڵەتی ئێران لە جاودێریکردنی توێژینەوە لە سەر کۆمەڵگەی کوردی (گەلانی کەمینەی نافارس)، ڕوانگەی دەوڵەتگەرایی بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە، بەشێوەیەکی سیستماتیک ئەو زەبروزەنگە پێکهاتەییانەی کە غەیرە فارسەکان، بەتایبەت کوردەکان، ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ڕەتدەکاتەوە و دەشێوێنێت. لەم ڕووەوە، ژنانی کۆڵبەری کورد کەمترین سەرنجیان پێدراوە و زۆرترین ئازاریان چەشتووە وەک یەکەم قوربانی نێو فەزای دامودەزگای سەرکوتکەری دەوڵەت و ڕژێمی پیاوسالاری حەقیقەت کە ئازار و مەینەتییە تایبەتییەکانیان نادیدە دەگرێت.




وێنەی ١ جوگرافیای کۆڵبەری لە سنووری ئێران و عێراق. (سەرچاوە: موڕادی و هاوکارەکانی، ٢٠٢٢)

TABLE 1 Kolbers killed and injured by the state border patrol (2012–2024).



| | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 | 2022 | 2023 | 2024 | Total |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Injured | 29 | 54 | 55 | 19 | 49 | 148 | 226 | 178 | 181 | 167 | 224 | 293 | 197 | 1820 |
| Killed | 44 | 38 | 33 | 51 | 44 | 88 | 126 | 76 | 60 | 54 | 46 | 41 | 47 | 748 |
| Total | 73 | 92 | 88 | 70 | 93 | 236 | 352 | 254 | 241 | 221 | 290 | 334 | 244 | 2588 |

**خشتەی ١ ژمارەی کۆڵبەرانی کوژراو و بریندار لەلایەن دەوریەی سنووری دەوڵەتەوە**

توێژینەوە لەسەر کۆڵبەرەکان، بەتایبەتی ژنانی کۆڵبەر دەگمەن و سنووردارە و لە ئەدەبیاتی خۆڵەمێشی و ڕووماڵی میدیایی ڕووکەشدا قەتیس بوون. لە ڕۆژئاوا ئەم ناوچە سنوورییانە بەگشتی زەوی نەناسراون بۆ توێژەرانی بیانی، چ جای ئەوەی ببنە شوێنی کاری مەیدانی ئەنترۆپۆلۆجی. زۆربەی توێژینەوە ئەکادیمیە بەردەستەکان لەسەر کۆڵبەری، ئاڵۆزیە ئیتنۆ-ئایینی و زمانەوانیەکانی بەشدار لەم دیاردەیە پشتگوێ دەخەن، زۆرجار تەنها وەک ناهاوسەنگییەکی ئابووری نیشانی دەدەن. کۆڵبەرەکانیش وەک تاکی نامۆ و بێدەسەڵات کە خاڵین لەکارامەیی وێنادەکەن، تەنها لەبەر پێویستی و بێچارەیی بۆ مانەوە ڕوو لەم پیشە مەترسیدارە دەکەن. بۆ نمونە، موسا عەنبەری و سیروان عەبدزادە (٢٠٢٠) جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەژاری ئابووری و نەبوونی سەرچاوەی داهاتی جێگرەوە فاکتەرە سەرەکییەکانی پشت کۆڵبەرین. بەهەمان شێوە، کاوە سەلیمی و شەفیعە قودرەتی (٢٠٢٠) کۆڵبەری بە هەڵاواردنی سیستماتیکی ئابووری دژی کوردەکان دەبەستنەوە. هەرچەندە، ئەم توێژینەوانە تا ڕاددەیەکی زۆر پەراوێزخستنی ئابووری و تواندنەوەی بەردەوامی کۆمەڵگەی کوردیان لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگوێخستووە. توێژینەوە

ئیتنۆگرافییە بنەڕەتییەکان وەک ئەوانەی ئەحمەد محەمەدپوور و کەمال سولەیمانی (٢٠٢٠)، سەنان موردای و هاوکارانی (٢٠٢٢)، یوسرا ئەل ئەحمەد (٢٠٢٣)، تێگەیشتنێکی وردتر لە دینامیک و میکانیزمەکانی کۆڵبەری پێشکەش دەکەن، تیشک دەخەنە سەر ئەوەی چۆن سیاسەتەکانی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی دەوڵەت و کاریگەی وێرانکەری لەسەر ژیانی کوردەکان هەیە. بۆ نمونە، محەمەدپوور (٢٠٢٣a) ئەوەی نیشانداوە کە چۆن بەکارهێنانی ڕۆژانەی توندوتیژی کوشندە لەلایەن دەوڵەتەوە ڕۆژهەڵاتی گۆڕیوە بە «جیهانێکی مەرگ بە کەتەلۆگێک لەشێوازەکانی مردن» لە ڕێگەی سەپاندنی دۆخی نائاسایی هەمیشەیی و داگیرکردنی ژیانی ڕۆژانە.

لەم وتارەدا، ژیان و کاری کۆڵبەرانی کوردی ژن لە ڕوانگەی چەمکی سیاسەت-مەرگی ئاشیل مبێمبێ (Mbembe, 2003, 2019)، بە بەکارهێنانی میتۆدی ئیتنۆگرافی و چۆنایەتی لێکۆڵینەوە لێدەکەین. دەسەڵاتی مەرگ لە ڕێگەی ملکەچکردنی ژیان بۆ هێزی مەرگ کاردەکات، تاکەکان ناچاردەکات وەک ئەوەی پێشتر مردبن بوونیان هەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی «جیهانی مەرگ»، کە شێوازی نوێ و تایبەتی بوونی کۆمەڵایەتین کە تێیدا ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان لەهەلومەرجێکدا ژیان دەگوزەرێنن کە دەیانخاتە دۆخی مردووی زیندوو (ل ٤٠). ئەم گۆڕانکارییە نمونەییە جەخت لەسەر کارلێکی ئاڵۆزی نێوان ژیان و مردن و هێز و فەزا لەسەردەمی مۆدێرنەدا دەکاتەوە (Geller, 2021). سیاسەت-مەرگی کۆڵبەری ئەوە ئاشکرا دەکات کە چۆن دەوڵەتی ئێران، لە ڕێگەی داڕشتن و جێبەجێکردنی تەکنیکەکانی ناسەقامگیریەوە، دەسەڵاتی سەروەری خۆی بۆ لەناوبردنی کوردەکان پیادە دەکات، کە وەک نەیار یان قاچاخچی یان هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکەکەی دەیانبینێت. ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەوڵەت بوونی کۆڵبەر بۆ تەنیا بوونێک کەم بکاتەوە، کە دەکرێت بێ هیچ ئاکام یان دانپێدانانێک بکوژرێت، وەک یەکێک لە کۆڵبەرەکان دەڵێت: «ئەوان دەتوانن لە ڕۆژی ڕووناکدا وەک ئاژەڵێک تەقەت لێبکەن و کەسیش بێزار نەکات». بەمشێوەیە، نەکرۆپۆلەتیک ئەو دامەزراوە و سیاسەتانە ئاشکرادەکات، کە مردن بەردەوام دەکەن و کاریگەی قووڵیان لەسەر ژیانی کوردەکان لە ئێران هەیە، کە نەتەوەیەکن لەڕووی نەژادی و زمانەوانی و ئایینییەوە لە کۆمەڵگەی زاڵ جیاوازن. بەکارهێنانی ڕێبازێکی ئیتنۆمیتۆدۆلۆژی، ڕێگەمان

پێدەدات بچینە ناو ئەزموونە زیندووەکانی ژنە کۆڵبەرە کوردەکانەوە کە باری توندوتیژی دەوڵەت بەدرێژایی ئەوەی پێی دەوترێت سنووری ئێران-عێراق هەڵدەگرن. جگە لەوەش، دەوڵەت بەرجەستەکەری سیاسەتی توندڕەوی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی باوکسالارییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆڵبەرە ژنەکان. هەروەها لێکۆڵینەوە لەوە دەکەین کە چۆن دەوڵەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخاکێکی سنووری ناوزەد دەکات، بە ئامانجی گۆڕینی بۆ ناوچەیەک کە تەنها لە ڕێگەی نمایشکردنی بەردەوامی توندوتیژی دژی ژنان و پیاوانەوە دەتوانرێت بەڕێوەببرێت. کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگەی «ستراتیجی بە ئەمنیکردنەوە»، هەوڵدەدات تێڕوانینی خۆی بۆ کورد وەک «ئەوانی دیکە» (بڕوانە Mazzara, 2019) بشارێتەوە لە ڕێگەی وێناکردنی نیشتمانی کورد وەک ناوچەیەکی سنووری (بڕوانە Wright, 2011; dos Ventos Lopes Heimer, 2022; Mohammadpour, 2023a).

بە ئیلهام وەرگرتن لە مبێمبێ، سیاسەت-مەرگی کۆڵبەری بە «کاری مەرگ» پێناسە دەکەین (Mbembe, 2019: p.67) کە کوردەکان بە تاک و کۆمەڵ، ژن و پیاو سزادەدات، نەک تەنها لە ڕێگەی هێزی سەرکوتکەرەوە (وەک نکۆڵیکردن لە زمانەکەیان یان نەبوونی وەبەرهێنانی ئابووری)، بەڵکو لە ڕێگەی تەکنیکەکانی ملکەچکردنیان بۆ جیهانی مەرگ، واتە شێوە ناجێگیرەکانی ژیانی وەک کۆڵبەری. سیاسەت-مەرگی کۆڵبەری ژنانی کورد گرنگە، جونکە وەک مبێمبێ پێشنیار دەکات، واتای مردن هەروەک واتای ژیانە (لە زیندە سیاسەتدا)، لە ڕێگەی توخمەکانی بەرجەستە بوونەوە- لە جەستەکان، کێ دەکوژێت و کێ دەکرێتە ئامانج بۆ مردن و ... چۆن (بڕوانە Mbembe, 2003, 2017, 2019). کەواتە، زیندە سیاسەت لە ئێستادا تێکەڵ بە سیاسەتی مەرگ بووە، چونکە حکومەت ژیانی هەندێک کەس دەپارێزێت بەپاساوی مەرگی ئەوانی تر (بڕوانە Adams, 2017; Haskaj, 2018; Quinan & Thiele, 2019; Rouse, 2021). نەکرۆپۆلەتیکی دەوڵەتی ئێران، سیستەمێکی ڕەگەزپەرستانەی دروستکردووە کە سەروەری فارسی – شیعەی چەسپاندووە و ئیمتیازاتی حوکمڕانی فارسی-شیعە بەردەوام کردووە لە ڕێگەی بەرهەمهێنان و ئاساییکردنەوەی پۆلێنەکانی «جوداخوازانی کورد» (تجزیە طلب) و «یاخیبووابی کورد» وەک «خێڵەکی» و «لۆکاڵی»، بەو هۆیەوە باڵادەستی شیعەی بەهێزکردووە.

لە ئێران، کوردەکان، کە بە درێژایی مێژوو بەرەنگاری دەسەڵاتە بایۆ-دیسپلینە توێنەرەکانی دەوڵەت بوونەتەوە، وەک پێکهاتەی ناتەبا و جوداخواز وەسفکراون، بەم هۆیەوە ڕووبەڕووی تەکنیکەکانی سیاسەت –مەرگی مەرگ بوونەتەوە (بڕوانە Spade, 2015; Verghese, 2021). ئەم کردەوانە لە کوشتنی زمانەوانییەوە تا لەسێدارەدانی نایاسایی دەگرێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا، توێژینەوە سەبارەت بە ژنانی کۆڵبەری کورد نمونەیەکی کاریگەر پێشکەش دەکات، کە چۆن حکومەتی ئێران ڕێوشوێنی نیکرۆپۆلسی بەکاردەهێنێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی کێ دەژی و کێ دەمرێت و، کام کۆمەڵگە زیاتر دەکەوێتە بەر ئەم سیاسەتانە. ژنان لە پیاوان زیاتر ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە لەلایەن دامو دەزگاکانی دەوڵەت و ئەو دۆخە مەترسیدارانەی کە تووشیان دەبێت. وەک برینداری جەستەیی، مردن بەهۆی هەڵگرتنی باری قورس بۆ ماوەیەکی دورودرێژ، بەرکەوتنی کەشوهەوای توند، تەقەلێکردنیان لەلایەن پاسەوانانی سنوور و توندوتیژی سێکسی. ئەم مەترسییانە بەهۆی تایبەتی ئەو ناوچەیەی بە «سنوور» ناودەبرێت، زیاتر دەبن، کە کوردەکان پێیان وایە خاکەکەیان دابەشکراوە و شوناسیان لەهەموو لایەکەوە گەمارۆدراوە. بەم پێیە دەکرێت ئەزموونی کۆڵبەرە ژنەکان وەک ئەوە تێبگەین کە لەناو «جیهانی مەرگ»دا ڕوودەدەن- جیهانێک کە ژیان و «ئەزموونەکانی مردن»یان بە قووڵی لەلایەن هێزە نیکرۆپۆلەتیکییەکانەوە لە قاڵب دراوە (بڕوانە Padilla & Rodriguez-Madera, 2021; Threadcraft, 2023; Wright, 2011).

## ٢| لە سیاسەتی ژیانەوە بۆ سیاسەتی مەرگ

سیاسەت-مەرگ، چەمکێکی وەرگیراوە لە زیندە-سیاسەتی فۆکۆ و سەرنجێکی زۆری لە گفتوگۆ زانستییەکاندا بەدەستهێناوە، بەتایبەتی لە ناوچە نارۆژئاواییەکانی وەک ئەمریکای لاتین و فەلەستین، لەکاتێکدا کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکان لەسەر بنەمای نەتەوە و ئایین و نەژاد خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت (Chakrabrty, 2021; Emerson, 2019; Haritaworn et al., 2014; Quinan & Thelee, 2019, 2021; Snorton & Jin, 2013; Threadcraft, 2017; Valencia & Zhuravleva, 2019; Westbrook, 2023). بۆتێگەیشتنێکی باشتر لە سیاسەت-مەرگ، بەکورتی چەمکی بایۆپاوەری فۆکۆ تاوتوێدەکەین.

فۆکۆ (١٩٧٨، ٢٠٠٣) زیندە-سیاسەت بەو دەسەڵاتە ئەرێنییە بەسەر ژیاندا پێناسە دەکات کە دەتوانێت ببێتە فۆرمێکی کوشندە لە دەسەڵات. بە بڕوای فۆکۆ لە سەدەی حەڤدەوە، دەسەڵاتی ستاندنی ژیان بەرەبەرە ڕێگەی بۆ دەسەڵاتێک چۆڵکردووە کە ژیان بەهێزدەکات یان ڕێگری لێدەکات لە ڕێگەی «بەڕێوەبردنی وردبینانەی ژیان»ەوە (Fou-cault, 1978, p.140). فۆکۆ، هەروەها ڕوونیدەکاتەوە کە بایۆپاوەر جۆرێک لە هێزیش لەخۆدەگرێت کە گەلێکی تەواو بەرەو مەرگ دەبات. تێگەیستنی فۆکۆ بۆ هێزی ژیان لەسەر ئەو ئەزموونە ترسناکانە بنیاتنراوە، کە ڕژێمە نازی و ستالینییەکان تێیدا ژیاون: «دوو دەوڵەتی کوشندە» کە لەناوبردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکیان بەناوی پاراستن و مانەوە وەک نەتەوە یان گەل یان چینێک پاساوداوە (بڕوانە ;Adams, 2017; Arnason, 2012 Cmbell & STZAR, 2013; Cisney & Morar, 2016). ڕەگەز و ڕەگەزپەرستی ناوەندی چەمکی بایۆپاوەری فۆکۆن، کە وەک ئامرازێکی سیاسی لەدەستی حاکمدا کاردەکات بۆ دروستکردنی دابەشکاری بایۆلۆژی لە نێوان ڕەگەزەکانی مرۆڤدا و دابینکردنی مەنتیق بۆ لەناوبردنی «ئایەخ» و «نائاسایی»ەکان کە بە «جینۆسایدی کۆلۆنیالیزم» ناودەبرێت (بڕوانە Dean, 2010; Esposito, 2008; Lemke, 2019). فۆکۆ جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەسەڵاتی بایۆلۆژی و دەسەڵاتی دیسپلینی دوو لایەنی یەک شتن- کە دەسەڵاتی سەروەرە (بڕوانە Murray, 2003; Norris, 2005; Tacacs, 2017)، واتە مافی کۆنی فەرمانڕەوا- لەوەرگرتنی ژیان یان ڕێگەدان بە ژیان – بەتەواوی نەگۆڕاوە، بەڵکو تەواوکراوە بە «مافی نوێ» کە تایبەتمەندە بە «دروستکردن»ی ژیان و «بەجێهێشتنی» مەرگ، بەڵام «تەنها تا خاڵێکی دیاریکراو (Clough & Willse et al., 2011: p. 233). سیاسەتی ئەناتۆمی جەستە یان دەسەڵاتی دیسپلین و دەسەڵاتی بایۆپاوەر بەسەر دانیشتووانەوە پەیوەندیدارن. لەکاتێکدا دەسەڵاتی بایۆ سیاسی «بەڕێوەبردنی ژیانە» (Foucault, 1978, p. 138)، واتە ئامانجی «باشترکردنی» ژیانی دانیشتوانە یان جەختکردنەوەیە لە خاک (Foucault, 1978, p. 139)، دەسەڵاتی دیسپلین ئامانجی بەرهەمهێنانی «جەستەی گوێڕایەڵە» (لە ڕێگەی شوێنە دیسپلینیەکانی وەک قوتابخانە، زیندان و نەخۆشخانەکان) کە دەتوانرێت «ملکەچ بکرێن و بەکاربهێنرێن و بگۆڕدرێن و باشتر بکرێن» (Foucault, 178, p.136).

ئاگامبێن (١٩٩٨-٢٠٠٥)، مبێمبێ (٢٠٠٣-٢٠١٩)، و بەتلەر (٢٠٠٤-٢٠٠٩) لەسەر

بیرۆکەی فۆکۆ سەبارەت بە بایۆپاوەر کاریان کردووە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی چەمکەکانی «هۆمۆ ساکەر» و نیکرۆپۆلەتیک» و «ناجێگیری» بەشێوەیەکی یەک لەدوای یەک. ئاگامبێن (١٩٩٨، ل ١٤٢) دەنووسێت: ‹سەروەر ئەو کەسەیە کە بڕیار لەسەر بەهاداری یان بێبەهایی ژیان بەمشێوەیە دەدات. کەواتە، بڕیارەکانی کوشتن، لەچوارچیوەی «سیستەمی هەڵسانگاندنی دەوڵەت»دا ئەنجامدەدرێن، کە دیاریدەکات ژیانی کێ گرنگە و ژیانی کێ ئەوەندە بێبایەخە کە دەکرێت لێی بسەنرێتەوە و «فڕێبدرێت». دەسەڵاتی سەروەر تەنها پەیوەندی بە توانای بەخشینی مافەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە دروستکردنی «ژیانی ڕووت›ەوە هەیە: بونێکی ڕووت و بەدەر لەگەڵ ئەوەشدا شێوە پارادۆکسی لەخۆدەگرێت تاوەکو دوچاری توندوتیژی ببێتەوە لەلایەن سەروەرییەوە (بڕوانە Norris, 2005; Rain-bow & Rose, 2006; Shorzak, 2019). بەگوێرەی دۆخی هەڵاواردن کە پێشتر باسمان کرد (بڕوانە Swiffen, 2012: p. 351)، ئەم جۆرە لە بوون/ژیان (کردن) «تا ئاستی ئاژەڵ» هێنراوەتە خوارەوە، و لە سیاسەتی «جیاوازی لە کولتووری و سیاسی» دوورخراوەتەوە و بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە (بڕوانە Clough & Willse, 2011: p.34).

مایکرۆپۆلەتیکی مبێمبێ (٢٠١٩-٢٠٢٠) کەڵک لە توخمەکانی فۆکۆ و ئاگامبێن و هەروەها ڕوانگەی دژە-کۆکۆلنیالی فانۆن وەردەگرێت بۆ پێشکەشکردنی شیکردنەوەیەکی وردتر لە دەسەڵاتی بایۆلۆژی لەچوارچێوەی سیستەمی سیاسی نیولیبراڵدا، کە مافی حاکم بەسەر «مردن»دا دەخاتە پێش سیاسەتەوە (بڕوانە Mbembe & Shread, 2020). مبێمبێ پەیوەندی بنەڕەتی نێوان دەسەڵاتی بایۆلۆژی و دۆخی هەڵاواردن و مەرگ لەڕووی شێوازە بایۆلۆژی و فەزاییەکانی سیاسەت-مەرگ لە پێکهاتە کۆلۆنیالییە هاوچەرخەکاندا ڕووندەکاتەوە (بڕوانە Braidotti, 2007; Bose, 2021; Tacacs, 2017). مبێمبێ ڕەخنە لە فۆکۆ و بەپلەیەکی کەمتر لە ئاگامبێن دەگرێت بەهۆی گرتنەبەری ڕوانگەیەکی ئەورووپا-سەنتەری کە نەیتوانیوە بەتەواوی دینامیکە ئاڵۆزەکانی دەسەڵاتی سەروەری لە کۆنتێکستە نارۆژئاواییەکاندا (وەک ئێران) هەڵبووەشێنێتەوە، کە تێیدا زیندە-سیاسەت لە ڕێگەی تۆڕێکی تێکچرژاوی زمان و ئایین و شوناسەوە کاردەکات (بڕوانە Peoples & Voughan-Wil-liams, 2015, pp. 73-74). سەرەڕای ئەوەش، بەشێوەیەکی گونجاو مامەڵە لەگەڵ شێوە تایبەتەکانی بەرەنگاری ڕۆژانەدا ناکات (بڕوانە Butler, 2004; Skorzak, 2019). بۆنمونە.

کەمال سولەیمانی و ئەحمەد محەمەدپوور (٢٠٢٣)، لە توێژینەوەکەیاندا سەبارەت بە توندوتیژی دەوڵەت، بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە تیۆری دەسەڵاتی بایۆلۆژی فۆکۆ لە تێگەیشتنی تەواو لە سەپاندنی زمان و ئایین و نەتەوە و دابەشکاری جێندەری لە دەوڵەتی-نەتەوەییداکە هەوڵی هاوچەشنکردنی دانیشتووانی دەدات، وەک ئێران، تورکیا، یان جینۆسایدی کورد لە عێراق لە ساڵانی ١٩٨٠دا، کورت دەهێنێت. ئەوان پێیان وایە کە ئەمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینە سادەکراوەکەی فۆکۆ بۆ :کۆمەڵگە» کە گریمانەی شوناسێکی تاک و یەکگرتوو دەکات و شێوازێک لە نەتەوەخوازی میتۆدۆلۆژی پەیڕەودەکات (بڕوانە Brubaker, 1992; Chernilo, 2007; Billing 1995).

شێوازی سیاسەت-مەرگی حوکمداریی مبێمبێ لەسەردەمی نیوئیمپریالیزم و نیوکۆلۆنیالیزمدا چاوی لە مەرگ و مردنە (بڕوانە Han, 2019; Mbembe, 2017) کە پێکهاتە کەمینە و لاوازەکانی وەک کورد دەخرێنە ناو دۆخی ژیانی ناجێگیر و جیهانی مەرگی وەک کۆڵبەرییەوە. ئەم بارودۆخە ناجێگیرانە بە تەکنیکی لەناوبردن دادەنرێن بە توخمە هەستیار و فیزیکییەکان (Mbembe, 2003, p.34). مبێمبێ (٢٠٠٣، ل٤٠) پێیوایە کە ئەم جۆرە جیهانی مردنانە فۆرمێکی نوێ و ناوازەی بوونی کۆمەڵایەتین کە تێیدا دانیشتووانێکی زۆر کەوتوونەتە ژێر دۆخی ژیان لەناو مردندا. ئەم گۆرانکارییە بە ڕواڵەت بچوکە، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە بۆ توێژینەوە لە کوردەکان، چونکە جەخت لەسەر یەکتربڕی ژیان و مردن و دەسەڵات دەکاتەوە لە کۆلۆنییە نوێکانی وەک کوردستان و فەلەستین.

سیاسەتی مەرگ دەکرێت بە توندوتیژی جێندەرییەوە ببەسترێتەوە (بڕوانە Chakk-our, 2015; Iselekel, 2022)، وەک شێوەیەک لە چەوساندنەوە کە لە ڕێگەی دروستکردنی «جیهانی مەرگ»ەوە کاردەکات، کە تێیدا هەندێک جەستە، وەک جەستەی کورد و ژنانی کورد، ڕێگەیان پێدەدرێت بمرن یان تەنانەت ڕاستەوخۆ بکوژرێن. ئەم ڕوانگە تیۆرییە تێگەیشتنمان لەو شێوازانە قووڵتر دەکاتەوە، کە چۆن دەوڵەتی ئێران ژنانی کورد دەخزێنێتە نێو دۆخی ژیانی مەترسیداری وەک کۆڵبەری، بەمشێوەیە دۆخی «مردووی زیندوو»ی بەسەردا دەسەپێنێت. هەرچەندە کۆڵبەریی کارێکی پیاوانەیە، لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی کورد بۆ بژێوی خێزانەکانیان ڕوویان لەم کارە

مەترسیدار و دژوارە کردووە (بڕوانە وێنەکانی ٢ و ٣). ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی کۆڵبەران دەبنەوە، بەتایبەت ژنان، بریتین لە ئەگەری برینداربوون یان مردن لەئەنجامی هەڵگرتنی باری قورس و مەترسی دەسگیرکردن یان تەقەلێکردن لەلایەن پاسەوانانی سنوورەوە. بەشداری ژنانی کورد لە کۆڵبەریدا پەیوەندی بە کێشە فراوانترەکانی جێندەر و سێکسواڵیتیەوە هەیە لە چوارچێوەی گوتاری کۆلۆنیالی ناوخۆیی ئێراندا. بەهۆی نۆرم و پێشداوەرییە پیاوسالارییەکانەوە، ژنانی کۆڵبەر لەوانەیە ڕووبەڕووی توندوتیژی زارەکی و جەستەیی و شێوەکانی تری خراپ مامەڵەکردن ببنەوە، ئەمەش وایان لێدەکات دوودڵ بن لە قسەکردن یان ڕاپۆرتکردنی ڕووداوەکانی توندوتیژی و هەراسانکردن. لەئەنجامدا، دەکرێت ئەزموونی ژنانی کۆڵبەر واببینرێت کە لە «جیهانی مەرگ»دا ڕوودەدەن- جیهانێک تێیدا ژیانیان بەردەوام لە مەترسیدایە و ڕووبەڕووی جەوساندنەوەی هەردوو ڕژێمی ئیتنۆ-ئایین و کولتووری پیاوسالاری دەبنەوە. شیکردنەوەکەمان شێوەیەک لە توندوتیژی ئاشکرا دەکات، کە پەیوەندی بە ئەزموونە جێندەرییەکانی «سوژەی کۆلۆنیالی» — واتە ژنە کۆڵبەرەکانەوە هەیە (بڕوانە Gressgard, 2019; Grosfoguel et al., 2015).

## ٣| چوارچێوەی مێژوویی بۆ سیاسەتی مەرگ لە ڕوانگەی ئیتنۆ-ئایینییەوە لە ئێران

لە ئێران، گوتاری سیاسەت-مەرگی دەوڵەت لەڕووی مێژووییەوە ڕەگ و ڕیشەی لەمەعریفەی شوێنەوارناسی ناسیۆنالیستی فارسیدایە، تێگەیشتنەکەشی لە چەمکی دیمۆ/گەلدایە (Mohammadpour & Soleimani, 2022). ئەم شوێنەوارناسییە لەڕووی فیکرییەوە لەسەر بەرزکردنەوەی ئێپستیمۆلۆژی و سەروو مێژوویی زمانی فارسی و داگیرکردنەوەی هەڵبژێردراوەی ڕابردوو و سڕینەوەی ڕەسەنایەتی دامەزراوە. بە پیرۆزکردن و پیرۆزڕاگرتنی زمانی فارسی وەک زمانی شارستانیەت و ‹ئاسایی» لە لیکدانەوەیەکی ڕەگەزپەرستانەی ڕابردووی پێش-ئیسلامی ئێران لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا خۆی دەبینێتەوە. ئەم بیرمەندە سەرەتاییانە، کە بە توندی لەژێر کاریگەری توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی سەبارەت بە تیۆری ئاریایی وەک گۆبینۆ و ئێرنست ڕێنان بوون، ئێرانی پێش ئیسلامیان وەک سەردەمی زێڕینی شکۆی «نەتەوەیی» دەبینی، کە بەدەستێوەردانی عەرەب و نا ئارییەکانی تر پیس نەبووبوو (بڕوانە Matin-Asghari, 2018;

Zia-Ebrahimi, 2016). لەماوەی نیوان جەنگی (١٩١٦-١٩٢٥)، گرووپێک لە نوخبەی ئێرانی ناسراو بە بازنەی بەرلین دەستیان کرد بە داڕشتن و بڵاوکردنەوەی گێڕانەوەیەکی بێهاوتا و ڕەسەنی شوناسی ئێرانی لەسەر بنەمای ستانداردەکانی زمانی فارسی و ئایینی شیعە، کە فارسەکانی وەک تاکە نووسەری مێژووی ئێرانی ناساند.

لەسەردەمی پەهلەویدا، تیۆری ڕەگەزی ئاریایی نازییەکانی ئەڵمانیا بوو بە ئایدۆلۆژیای دەوڵەت. ڕەزا شا بانگەسەی ئەوەی دەکرد کە ئێران و ئەڵمانیا هەمان توخمی ڕەگەزیی و شوناسی ئارییایان هەیە و پەیوەندییەکی ئابووریی و دیپلۆماسی لەگەڵ هیتلەردا دامەزراندووە (بڕوانە Jenkins, 2016:737; Katouzian, 1981: p.134). پڕۆژەی نەتەوەیی پەهلەوی، کە لەدەوری یەکخستنی زمان و کولتوور دەسوڕایەوە، ئامانجی سڕینەوەی تەواوی شوناسی نافارسەکان بوو. ئەمەش لە ڕێگەی پێناسەکردنەوەی شوناس بەشێوەیەک کە لەگەڵ چەمکی فارس-سەنتەری «شوناسی نەتەوەیی» بگونجێت، لەژێر دروشمی «یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک وڵات» (بڕوانە Cronin, 2003; Matin-Asghari, 2021).

مێژوونووسانی دەوڵەتگەرا و شوێنەوارناسان زانیاری مێژوویان بۆ بەستنەوەی زمانی فارسی بە ئیتنی فارسی دابینکرد، کە گوایە لە «ڕەگەزی باڵادەستی ئاریایی»ەوە هاتووە (بڕوانە Mohammadpour, 2023a, 2024a). ڕەزا شا کە بە توندی بەدواداچوونی بۆ بیروبۆچوونە ئارییەکان دەکرد، هەوڵیدا هەموو زمانەکان جگە لە فارسی لەناوببات لە ڕێگەی تاوانبارکردنی بەکارهێنان و ناساندنیان وەک تەنها «زاراوەیەکی سادەی فارسی وەک زمانی باو و فەرمی» نەتەوە. ئەو وشەی «خێڵ»ی وەک شوناسێک بۆ هەموو نافارسەکان، بە نیشانەی دواکەوتوویی و بەربەریەت دەزانی کە دەبوو دەوڵەتی «ئاریاگەرای باڵادەست» لەدژیان بووەستێتەوە (بڕوانە Mohammadpour & Soleimani, 2019; Motadel, 2014). ڕەزا شا لە سیاسەتەکانیدا لەسەرەوە بۆ خوارەوە، بنەمای ڕەگەزپەرستیەکی دامەزراوەیی دانا لە ڕێگەی سەرسامبوونی بە ڕابردوویەکی دووبارە دروستکراوەوە کە ئێرانی وەک نەتەوەیەکی چوونیەک و یەکگرتوو پێناسە دەکرد، کە بە شێوەیەکی ئەفسانەیی بە «میراتی ئاریایی»ەوە بەستراوەتەوە. لەبەرئەوە، «بە ئەمنیەتکردن»ی شوناسی نافارسەکان، بڕبڕەی

پشتی هەڵمەتی دەوڵەتی ئێرانی پێکدەهێنا بۆ لەناوبردنی جیاوزییەکان. ئەم بۆجوونە بە ڕوونی لەلایەن مەحمود ئەفشارەوە دەربڕدراوە، کە یەکێک بوو لە کەسایەتیە دیارەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و دامەزرێنەری ئایدۆلۆژیای ‹پان-ئێرانیزم›»:



وێنەی ٢ ژنە کۆڵبەرێکی کورد. سەرچاوە: ئەم وێنەیە لە ئەرشیفی کۆڵبەرنیوز وەرگیراوە



وێنەی ٣ ژنانی کۆڵبەری کورد لەسەر سنوور. سەرچاوە: ئەم وێنەیە لەلایەن ئیمان فەتحی (٢٩ شوباتی ٢٠٢٠)، ئاژانسی مهرنیوزەوە وەرگیراوە. لە کوردپرێس وەرمان گرتووە.

مەبەستمان لە یەکێتی نەتەوەیی ئێران، یەکێتی سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی ئەو خەڵکەیە کە لە ئێرانی ئەمڕۆدا دەژین. مەبەستمان لە کامڵکردنی یەکپارچەیی نەتەوەیی، باڵادەستی زمانی فارسییە لە سەرتاسەری وڵات یان «مەملەکەت»دا، لەناوبردنی جیاوازییە ناوخۆییەکان لە جل و بەرگ و ئاکار و ...هتد، هەروەها لەناوبردنی سیستەمی مولوک تەوائیفی «سیستەمی نامەرکەزی» کورد، لوڕ، قەشقایی، عەرەب، تورک و تورکمان وەک یەک بن؛ نابێ هیچ کامیان جل و بەرگی جیاواز لەبەربکەن و بە زمانی جیاواز بدوێن ... لەڕوانگەی ئێمەوە، تا نەتوانین هەموو ناوچە جیاوازەکانی ئێران، زمانەکان، ئاکارەکان، جل و بەرگ و نەتەوەکان یەکبخەین، ئەوا سەربەخۆیی سیاسی و یەکپارچەیی نەتەوەییمان هەمیشە لە مەترسیدا دەبێت.

(Afshar, 1925: 5)

وەک هەڵسوکەوتی کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێیبوانی ئەورووپا لەگەڵ نەتەوە ڕەسەنەکان، نەتەوەی سەروەر سیستەمێکی کۆلۆنیالستی دامەزراند کە هەوڵی تواندنەوەی کۆمەڵگە نا-فارسەکانی دەدا بە بیانووی پاراستنی «ڕێکخستنی سروشتی شتەکان» (بڕوانە Ma-tin-Asghari, 2021). بەدرێژایی فەرمانڕەوایی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیی ئێران، زمان و شوناسی فارسی بۆ پێناسەکردنی سەروەریی و بەڕێوەبردنی شەرعی دانیشتووان بەکارهێنراون. لە ئێران، چەمکەکانی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی و نیکرۆپۆلەتیک لەچەندین ڕووەوە یەکتردەبڕن، چونکە هەردووکیان ئەوە دەردەخەن کە چۆن میراتی کۆلۆنیالی هەڕەمی بەهای مرۆڤیان داڕشتووە و جیهانی مەرگی بۆ گەلانی پەراوێزخراو دروستکردووە (بڕوانە Blauner, 1972; Hchter, 1975). هەندێ لە ڕێوشوێنە کۆلۆنیالییە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی ئێران بریتین لە: بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ سەرکوتکردنی داواکاریی کورد بۆ مافە ئیتنۆ-ئایینیەکانیان، ڕێوشوێنی دەرەوەی یاسایی دژی کورد و تواندنەوەی زۆرەملێ و پەکخستنی سیستماتیکی ئابووری ڕۆژهەڵات (بڕوانە Roy, 2016).

ڕێکەوت نییە کە کوردستان (لەگەڵ بەلوچستان) بەرزترین ڕێژەی بێکاری و لەسێدارەدانی هەیە بە بەراورد بە نەتەوە بندەستەکانی تری ئێران. نمونەیەکی تر، گواستنەوەی ئاو و کانزا سروشتییەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ناوچە نا کوردییەکان،

ئابووری ناوخۆیی ڕۆژهەڵاتی پەکخستووە. ئامانج لەمە، ڕامکردندنی کورد بووە و ئەگەر بەرەنگاری بکرێت بە سەرکوتکردنی سیاسی و ئابووری سزا بدرێت. لە گوتارێکی کۆلۆنیالی لەو شێوەیەدا، تاکی فارس وا نیشان دەدرێت کە ڕۆڵی سروشتی خۆی دەگێڕێت، کە پاراستنی یەکێتی خاکە. لە هەمانکاتدا، نا-فارس، کە بە سروشتی خۆی وەک خێڵەکی و ناوچەیی سەیردەکرێت، وەک هەڕەشەیەکی ناوخۆیی بەسەر ئەم یەکێتییە خەیاڵییە دەبینرێت (Mohammadpour & Soleimani, 2019). بەگوێرەی وتەکانی تۆماس هانسن و فین ستێپوتات(٢٠٠٦)، ئەم گوتارە نیکرۆپۆلەتیکییە ڕژێمێکی «ڕاستی» بەرهەمهێناوە کە ئاساییکردنەوەی شوناسی فارسبوونی لەگەڵ سەروەری ئەم کۆمەڵگەیەدا گرێداوە. هەروەها، مافی «تایبەت» و «توانای مێژوویی» ئەوانی بۆ بەکارهێنانی هێز و دەسەڵات بەسەر جەستەی ناسەروەردا ئاسایی کردووەتەوە.

بە ئەمنیەتکردن و بێدەنگکردنی زمان و شوناسی نا-فارسەکان لە ساڵی ١٩٧٩وە و لەژێر سایەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا زیادیکردووە. لە ماددەی ١٥ی دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێراندا هاتووە کە «زمان و ڕێنووسی فەرمی ئێران و زمانی هاوبەشی گەلەکەی، زمانی فارسییە. بەڵگەنامە فەرمییەکان، نامەنووسیی و دەق و پەڕتووکەکانی خوێندن دەبێت بەم زمان و ڕێنووسە بێت، بەڵام بەکارهێنانی زمانی لۆکاڵی و خێڵەکی لە چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی گشتیدا و بۆ فێربوون ئەدەبیاتیان لە قوتابخانەکاندا جگە لە زمانی فارسی ڕێگەپێدراوە. کەواتە، جیاکاری دەوڵەت دژی نا-فارسەکان بەشێوەیەکی دەستووری پشتڕاست کراوەتەوە، تا ئەو ڕاددەیەی کە وەزیری ئیرشادی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕایگەیاند: «کە ئەگەر ئەو سیاسەتە کولتووریانەی کە بۆ پاراستنی زمان و ئەدەبی فارسی دانراون نەتوانن ئەرکەکانیان بە کاریگەری جێبەجێ بکەن، ئەوا ئەم وەزارەتە پەنا دەباتە بەر هێزی پۆلیس بۆ بەرگریکردن لە زمانی «نەتەوە». هەر لێکدانەوەیەک بۆ شیعەگەری وەک شێوەیەک لە نەتەوەپەرستی مەزهەبی کە ڕەگوڕیشەی بۆ دەوڵەتی سەفەوی دەگەڕێتەوە، نیکرۆپاوەری کۆماری ئیسلامی ئێران بەهێزتر دەکات. کۆماری ئیسلامی ئێران، ئیسلامی شیعە وەک ئایینی فەرمی هەموو ئێرانییەکان ڕادەگەیەنێت و بەدیاریکراوی دەڵێت، کە «ئایینی فەرمی ئێران ئیسلام و مەزهەبی شیعەی جەعفەری دوازدە ئیمامە. ئەم بنەمایە بۆ هەتاهەتایە بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە» (ماددەی ١٢). ئەم ماددەیە جیاکاریی پێکهاتەیی

و دامەزراوەیی دژی کۆمەڵگە سوننە مەزهەبەکانی وەک عەرەب، تورکمان، بەلوج و کورد دەچەسپێنێت. سیاسەتی مەرگ پەیوەستە بە بەکارهێنانی هێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ دیاریکردنی ئەوەی کێ دەتوانێت بژی و کێ دەبێت بمرێت. هێزی ئایینی کۆماری ئیسلامیی ئێران، گوتاری ئایینی و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی بۆ بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی ژیانی مەزهەبی کورد بەکاردەهێنێت. سیاسەت-مەرگی ئایینی خۆی لە بە «ئەوی تر»کردن و تاوانبارکردنی کەمینەکان دەردەخات بەتایبەت لەکاتی هەڵاواردندا. کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆنە ئایینییەکان لە ناوچە کوردییەکان ڕێکدەخات بۆ کۆنترۆڵکردن و سنووردارکردنی ئەو مەیلە پیلانگێڕییەی کە گوایە دژی سیستەمی ئیسلامی (نیزامی ئیسلامی) هەن. لە ڕێگەی بەکارهێنانی دامەزراوە ئەمنییەکانی وەک ناوەندی گەورەی ئیسلامی، دەوڵەت بڕیاردەدات کێ دەتوانێت ببێتە ئیمامی نوێژی هەینی لەهەر شارێکی سوننەنشین و ناوەڕۆکی وتارەکانی نوێژی هەینیش دیاری دەکات.[٤] ژنانی کورد لەبەرەی پێشەوەی پیادەکردنی سیاسەت-مەرگی ئایینی کۆماری ئیسلامیی ئێراندان. لەکاتێکدا کۆماری ئیسلامیی حیجابی زۆرەملێ بەسەر هەموو ژنانی ئێراندا دەسەپێنێت، ژنانی کورد لەگەڵ فۆرمێکی زۆر ئاڵۆزتری توندوتیژی جێندەریدا دەجەنگن، کە تەنها لەکۆنترۆڵکردنی جەستەیان لەلایەن دەوڵەتەوە خۆی نابینێتەوە. جەستەی ژنانی کورد بە پرۆسە ئایینی و سیاسییە گەورەترەکانەوە بەستراونەتەوە کە پێگەو خۆشگوزەرانییان بەشێوەیەکی ماددی و جەستەیی لەقاڵب دەدەن و سنوورداری دەکەن. چەوساندنەوەی جێندەریی ژنانی کورد لەگەڵ شوناسی زمانەوانی و ئایینیاندا یەکدەگرێتەوە کەدەیانخاتە ژێر جێبەجێکردنی چەندلایەنەی توندوتیژی نیکرۆڕیۆلەتیک لەسەر بنەمای جیاکاری زمانەوانی و ئایینی بەڕێوەدەچێت (Mo-hammadpour, 2024b). بۆنمونە، بەشی هەڵبژاردن، کە لقیکی دەزگای هەواڵگری ئێرانە، ئەرکی پشکنین و هەڵسەنگاندنی کارمەندان بۆ کارە فەرمییەکان و وەرگرتنی خوێندکاران لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لەسەر بنەمای مەزهەبی پێسپێردراوە. ژنانی کورد زۆرجار لە پۆستە فەرمی، پەروەردەیی و حکومیەکان بێبەش دەکرێن، نەک تەنها لەبەر جیاوازی حیجابیان، بەڵکو بەهۆی شوناسی ئایینیان وەک موسڵمانی سوننە. ئەوان ناچاردەکرێن دڵسۆزی خۆیان بۆ سیستەمەکە بسەلمێنن بە پەیوەندیکردن بە (بسیج-خواهران)، کۆمەڵەی خوشکانی ئیسلامیی، کە لقێکی بەسیجە، کە ڕێکخراوێکی نیمچە سەربازییە

لەئێران لە ساڵی ١٩٨٠وە دامەزراوە. بەسیج لەماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا لقی جیای بۆ ژنان لەدامەزراوە جیاوازەکان دامەزراندووە. کۆمەڵەی خوشکانی ئیسلامی ناوەکەی گۆڕدرا بۆ ڕێکخراوی کۆمەڵەی بەسیجی ژنان (سازمان بسیج جامعه زنان). بەسیج مەودای کاری خۆی فراوانتر کرد بۆ ئەوەی ژنانی هەموو تەمەنە جیاوازەکان بگرێتەخۆ. ئەم ڕێکخراوە لقێکی بەناوی بەسیجی کۆرپە دروستکرد کە بەرپرسە لە پەروەردەکردنی نەوەی نوێی ئەو ئێرانییانەی دڵسۆزن بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران (Golkar, 2015; 45). بەپێی ڕاپۆرتەکانی دەوڵەت، ٦٠٠ ناوەندی کولتووریی لەمزگەوتەکانی پارێزگای کوردستان هەن، لەوانە ٣٠یان بەتایبەتی تەرخانکراون بۆ ژنان. دەسەڵاتدارانی دەوڵەت لە ساڵی ٢٠١٦ ڕایانگەیاند کە ١٧٨٠٠٠ ژنی کورد لەڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامیدا ناونووس کراون و وەرگیراون.[٥] بەهۆی ئەو سیاسەت-مەرگە ئایینییەی کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە جێبەجێدەکرێت، ئەو ژنە کوردانەی بڕیاردەدەن، کە بەشداری لە ڕێکخراوە ئەمنییەکانی دەوڵەت نەکەن، زۆر جار ڕووبەڕووی بەربەست دەبنەوە لە وەرگرتنیان لە زانکۆکان و دەسکەوتنی پۆستە گرنگە پەروەردەیی و فەرمییەکان. ئەم سنووردارکردنە بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێگردەبێت لە دەستگەیشتنیان بە دەرفەتە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی سنووردارکردنی جووڵەی کۆمەڵایەتییان.

گوتاری ناسیۆنالستی ئێران هەم لە سەردەمی پەهلەوی و هەم لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، هاوڵاتیبوونی خەڵکی نا-فارسی نا-شیعەی کردووە بە شتێکی مەحاڵ. هەردوو سیستەمەکە خەڵکیان دابەشکردووە بەسەر کۆمەڵگەی خاوەن سەروەری و ناسەروەردا لەسەر بنەمای زمان و ئایین (بڕوانە Hanasen & Stepputat, 2009). بۆیە، ئەگەر کوردەکان جەخت لەسەر نیشانە کولتوورییەکانی خۆیان بکەنەوە، ئەوا دەگۆڕدرێن بۆ سوژەی ناهاوڵاتی کە دەکرێت لەدەرەوەی یاسا بکوژرێن یان سزا بدرێن یان ببن بە «هۆمۆساکەر» بەگوێرەی دەستەواژەکەی ئاگامبێن (Agamben, 1998, 2005). نکۆڵیکردن مافی نا-فارس/ ناشیعەکان لە دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەیانکاتە ئامانجێکی گونجاو بۆ ‹تەقە بە ویستی خۆت›، کە بەپێی ئەمە هەم ئەندامانی دەوڵەت و هەم چەتەکان ڕێگەیان پێدراوە بەپێی خواستی خۆیان کاربکەن لە جێبەجێکردنی فێرکارییەکانی دەوڵەتدا بەبێ ئەوەی پێویست بکات ڕاوێژ بە سەرووی خۆیان یان دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان

بکەن. زاراوەی محاربە یان شەڕ لەگەڵ خودا، گوزارشت لە هێزی مەرگی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات. ئەمەش تاوانێکە سزاکەی لە سێدارەدانە. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سیفەتی ئیلاهیەت بە خۆی و کردەوەکانی دەبەخشێت لە ڕێگەی ناونانی خۆی وەک ‹سیستەمی پیرۆزی ئیسلامیی»(Soleimani & Mohammadpour, 2023)، بەمەش جەخت دەکاتەوە کە دەبێت گوێڕایەڵی سەروەرییەکی بین، هاوشێوەی گوێرایەڵی سەروەری خودا. کوردەکان، لەبەرئەوەی سەربە زمان و ئایینی «ڕاست» نین، بەئاسانی پۆلێن دەکرێن و وەک «دوژمنی دەوڵەت» مۆریان لێدەدرێت، و بەمەش دەبنە دیارترین و ئامانجدارترین کەس بۆ ئایدۆلۆژیای یاسایی-بایۆ-نیکرۆ-سیاسی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

وەک ئەوەی کە مبێبێ پێشنیاردەکات، میکانیزمەکانی مەرگ و توندوتیژی بەکاردەهێنرێن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە جەستەی ئەو کەسانەی ژێردەستەکراون وەک «ئەوانیتر»ی داگیرکەر پێناسە دەکرێت، کە دەبێت لەناوببرێن (Mbembe, 2019: p.92). لەم ڕوانگەیەوە، کوشتن تەنها لە کوشتنی مرۆڤدا سنووردار نییە، بەڵکو پیویستە «هەرجۆرە کوشتنێکی ناڕاستەوخۆ؛ ڕووداوی ڕەنگدانەوەی مردنی کەسێک، زیادکردنی مەترسی مردن بۆ هەندێک کەس، یان بە سادەیی مەرگی سیاسی، دەرکردن، و ڕەتکردنەوە و هتد» (Fou-cault, 2003: p.256). نمونەیەکی زەق لە مرۆڤایەتی خستنی ژنانی کورد، کەیسی زەینەب جەلالیانە، کە لە ساڵی ٢٠٠٨ بە تۆمەتی «دوژمنایەتی لەگەڵ خودا› سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا، پاش دادگاییەکی ساختە کە تەنیا چەند خولەکێکی خایاند. دواتر لە ساڵی ٢٠١١ سزاکەی بۆ زیندانی هەتاهەتایی کەمکرایەوە. زەینەب سەرەڕای تووشبوونی بە نەخۆشی جۆراوجۆر، بەڵام لەچارەسەری پزیشکی بێبەشکراوە و لەماوەی ئەو ١٤ ساڵەی کە لە زیندان بەسەری بردووە، ڕۆژێکی لەدەرەوەی زیندان بەسەرنەبردووە. نمونەیەکی دیکە دەستگیرکردن و زیندانی کردنی موژگان کاوسی، [٦] مامۆستای زمانی کوردی کە تۆمەتبارە بە «بڵاوکردنەوەی گەندەڵی لەسەر زەوی». دەستگیرکردنی موژگان چینێکی تری ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی ئێرانی ئاشکرا کرد و سەلماندی کە لەم گوتارەدا فێرکردنی زمانی کوردی یان زمانێکی تر جگە لە «زمانی نەتەوەیی» یەکسانە بە بڵاوکردنەوەی گەندەڵی لەسەر زەوی و سزای مەرگی هەیە.

لەماوەی سەدەی ڕابردوودا، دەوڵەتی ناسیۆنالیست و دەستەبژێرانی، بە بەکارهێنانی سوپا و ڕژێمی دەوڵەتی بەرهەمهێنانی مەعریفە، پرۆژەیەکی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆییان بەرەوپێش برد (بڕوانە Matin-Asghari, 2021) بۆئەوەی بەشێوەیەکی سیستماتیکی فرە چەشنی ئیتنۆ-ئایینی و زمانەوانی لە ئێراندا بسڕێتەوە. ئامانج لێی ئەوەیە کە بەتەواوی کولتوورە نا-فارسییەکان لەخۆبگرێت و ئەگەر بەرەنگاری بووەوە، لە ڕێگەی سەرکوتکردنی سیاسی و پەراوێزخستنی ئابووری سزایان بدات. لەسەدەی ڕابردوودا، دەوڵەتی فارس-شیعە و دەستەبژێرانی ڕژێمێکی حەقیقەتی هەتاهەتاییان بۆ پاراستنی باڵادەستی فارسی و پاساودانی مافی تایبەتی خۆیان بۆ سەروەری دامەزراندووە. ئەمەش ڕێگە بە دەوڵەت دەدات ستراتیجیەتێکی سڕینەوەی جیاوازییەکان پەیڕەوبکات، هاوشێوەی ئەوەی کە لە مۆدێلی حوکمڕانی کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێکردندا ڕوودەدات. هەروەها بۆ دۆخێ کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی وەک ئێران دروستە، کە تێڕوانین و جیهانبینی و توێژینەوەکانی گرووپی نەتەوەیی زاڵ وەک زانیاری دادەنرێت و بەکاردەهێنرێت بۆ پاساودان و پاراستنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە نادادپەروەرەکان (Tuck & Wayne Yang, 2012: 2). دۆخی کۆلۆنیالی ناوخۆیی ئێران بەشێوەیەکی بنەڕەتی ڕەگەزپەرستانەیە (بڕوانە، Rawls & Duck, 2020) بەو مانایەی کە «دابەشکردنی مەرگ ڕێکدەخات بەجۆرێک کە دەوڵەت بتوانێت کارە کوشندەکانی خۆی جێبەجێ بکات» وەک مبێمبێ دەڵێت. شێوازی سیاسەت-مەرگی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر بنەمای پۆلێنکردنی دانیشتووان بۆ پۆلێنی بنچینەیی و دامەزراندنی ڕژێمێکی هەرەمی کە تێیدا کۆمەڵگەی فارس-شیعە وەک هاوڵاتی ڕاستەقینە هەژماردەکرێن، لەبەرامبەردا شوناس و مێژووی کۆمەڵگە نا-فارس/نا-شیعەی وەک کورد، ئازەری، عەرەب و کەمایەتییە ئایینیەکانی دیکە لە چوارچیوەی ئەم سیستەمەدا بەنزم هەژماردەکرێن و مافەکانیان هەمیشە پێشێل دەکرێت.

لەژێر گوتاری سیاسەت-مەرگی دەوڵەتی ئێراندا، ژیانی کوردەکان کورت بووەتەوە بۆ بوونێکی بەتاڵ و بەنزیکەیی هیچ بەهایەکی بایۆلۆجی و سیاسی نییە. ئەمە لە حاڵەتی کۆڵبەریدا ئاشکرایە، کە ژیانیان وەک شتێکی سەفەری دەبینرێت و وەک مرۆڤ بێبەشن لە پێگەی ئۆنتۆلۆژی، بەناچاری لە دۆخی سنووردارکراوی سیاسی-ئابووریدا جێهێڵراون. دەبێت جەخت لەوە بکرێتەوە کە سڕینەوەی کەسایەتی و ملکەچکردنی کورد بۆ مردن

لە ڕێگەی ناچارکردنیان بە کاری مەترسیداری وەک کۆڵبەری، نابێت تەنها وەک نمایشێکی سیاسی ببینرێت، بەڵکو دەبێت وەک کردەیەکی فەزاییش ببینرێت کە تییدا دەوڵەت هەم خاک و هەم جەستەی کورد داگیردەکات. وەک لێرەدا دەبینرێت، دەسەڵاتی مەرگ (نێکرۆپاوەر) و هۆمۆساسەر فەزایەکی پەیوەندیدار و هاوبەش دروستدەکەن کە لە تۆپۆلۆژیای دەسەڵاتی نایەکسان پێکهاتووە، کە لەگەڵ تۆپۆگرافیای دەسەڵاتی جوگرافی-ماددی یەکتردەبڕن. ئەم ملکەچکردنە فەزایی و سیاسییە بەشێوەیەکی زەق لە مامەڵەی کۆلۆنیالی ناوخۆیی لەگەڵ ڕۆژهەڵات دەردەکەوێت، کە لە نایەکسانی پێکهاتەیی کە لەلایەن ئایدۆلۆژیای تاک-ئیتنی-ئایینی دەوڵەتی ئێرانەوە بەڕێوەدەبرێت، دەردەکەوێت. توێژینەوەکانی (محمەدپوور و سولەیمانی ٢٠٢٠؛ سولەیمانی و محەمەدپوور، ٢٠٢٠) نیشانیان داوە کە دۆخی سیاسی لە ئێران و دەسەڵاتی دیسپلینی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کۆمەڵگەی کوردی نا-سەروەری کردووە بە سوژەیەکی بە ئەمنیکراو، کە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی کۆڵبەری. پارێزگا کوردنشینەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان، کرماشان و ئیلام بە بەردەوامی لە بەرزترین ئاستی بێکاری و دواکەوتوویی و هەژاریدان (بڕوانە خشتەی٢). ئەم پارێزگایانە ڕێژەی خوێندەواری کەمتر و ڕێژەی کۆچکردنی هێزی کاریان بەرزترە. لە ساڵی ٢٠٢٢دا، ڕێژەی بێکاری بۆ گرووپی تەمەنی ١٥-٢٤ ساڵ لەکوردستان ٤٢.١٪ بوو، لەکاتێکدا ڕێژەی نیشتمانی ١٩.٢٪ بوو. ڕیژەی خوێندەواری لەنێو ژنان لەم پارێزگایانە لە ساڵی ٢٠١٥دا لە خوار تێکڕای نیشتمانییەوە بووە.

توێژەرانی کورد ئالان حەسەنیان و مەنسور سوهرابی (٢٠٢٢) بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان و هێزی کاری ناوچە کوردییەکان لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە وەک «بەڕیوەبردنی کۆلۆنیالی دەوڵەتی ئێران» پێناسە دەکەن. گواستنەوەی ئاو و سەرچاوە کانزاییەکان لە کوردستانەوە بۆ بەشەکانی تری ئێران سوود بە ناوچە ناوەندییەکان و نوخبەی دەسەڵات دەگەیەنێت، لەکاتێکدا ڕۆژهەڵات لەڕووی ئابوورییەوە بە دواکەوتوویی دەمێنێتەوە. دەوڵەت سەرچاوەکانی وەک ئاسن، زینک، کانزای زێڕ، یەدەگی نەوت و دارستانە چڕەکانی لە کوردستان دەرهێناوە، بەڵام ناوچەکە هێشتا لە هەژاریی ئابووری بەردەوامدایە. هەروەها، سەرچاوەکانی ئاویش دەگوازرێنەوە، کە بووەتە هۆی تێکچوونی ژینگەیی توند کە کاریگەری لەسەر تەندروستی گشتی، کشتوکاڵ، هەمەچەشنی

زیندەوەری و کەش و هەوا دەبێت. بۆ نموونە بەنداوی داریان، کە لە ساڵی ٢٠١٨ تەواوکرا، ئاوی ڕووباری سیروانی لە کوردستانەوە بۆ ناوەندی ئێران گواستەوە بۆمەبەستی ئاودێریی و خواردنەوە. ئەم ئیستغلال کردنە زۆرێک لە کوردەکانی ناچارکردووە بۆ پارێزگا ناوەندی و پیشەسازییەکان کۆچ بکەن، کە بووەتە هۆی زیادبوونی کاری نافەرمی. لەساڵی ٢٠٢١دا، ناوەندی ئاماری ئێران ڕیگەیاند کە ٥٩.٢٪ی دانیشتووانی کارکەر لە تەمەنی ١٥ ساڵ و سەرووتر خەریکی کاری نافەرمی بوون، کە ئەم ڕێژەیە بۆ ژنان ٦٣.٤٪ بووە. خێزانە کوردەکان زۆرجار لە کاری چەوسێنەرانەی وەک کۆڵبەری، بیناسازی، کارگەی دروومان، چنین، گۆڵدۆزی چەرم، باخەوانی، کشتوکاڵ، ماڵداری و خزمەتگوزاری منداڵ پاراستن بەشدارن بەبێ پشتیوانی پزیشکی، بیمە، یان گرێبەست. کرێکارانی کورد زۆرینەی کەرتی حەماڵی و کارە کەم داهاتەکان لە تاران پێکدەهێنن. ستار پەروین و هاوکارانی (٢٠١٤)، لە توێژینەوەیەکدا لەسەر ئەزموونی ڕۆژانەی کرێکارانی کێڵگەکانی سەوزە و میوە لە تاران، بۆیان دەرکەوت کە ئەم کرێکارانە ڕووبەڕووی کێشەی وەک کەمی کرێ و دووری لە خێزان و نەبوونی کاتی بەتاڵ و نەبوونی سەندیکای کریکاری دەبنەوە. هەروەها ڕووبەڕووی مامەڵەی سووکایەتی پێکردن لەلایەن هاوڵاتیان و کڕیاران و خۆراکی خراپ و فشاری توندی جەستەیی و دەروونی دەبنەوە. بارودۆخی کارکردن لە باخەکان و کارگەکانی خشت لە ناوەڕاستی ئێران دژوار و نامرۆڤانەیە. کرێکارانی کارگەی خشت زۆربەیان ژن و منالن. کرێکەیان بەگوێرەی ژمارەی ئەو خشتانە وەردەگرن کە ڕۆژانە بەرهەمیدەهێنن. هەموو ئەندامانی خیزان دەبێت حەوت ڕۆژ لە هەفتەدا و لە بەرەبەیابەوە تا ئێوارە کاربکەن، بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەن، ڕەگەز، یان باری جەستەیی و تەندروستی.

**سەمیرە، کۆڵبەرێکی ٣٥ ساڵە، چیرۆکی خۆی بەمشێوەیە دەگێڕێتەوە:**

لە ژیانمدا ڕووبەڕووی چەندین سەختی بوومەتەوە. ساڵانێک وەک خزمەتکار و پاککەرەوە بژێوی ژیانم دابین دەکرد، بەڵام لانیکەم تەنیا دەبوو ئاگام لەخۆم بێت. ئێستا وەک بێوەژنێک، زیاتر هەوڵدەدەم. لێرە هیچ کارێک نییە، بۆیە دەبێت هەفتەی دووجار بەنزین ببەم بۆ سنوور. من خۆم وەک پیاوێک دەگۆڕم بۆ ئەوەی سەلامەت بم و ناسنامەی خۆم بشارمەوە. دەزانم ئەو ژنە گەنجانەی کۆڵبەری دەکەن ئازارێکی زۆر دەچێژن، ئەوان

لەلایەن کارمەندان و پاسەوانانی جیهانێکی دڵڕەقەوە تاڵان و هەراسان دەکرێن. تەنها چەند هاوڕێیەکی باوەڕپێکراو دەزانن من چیدەکەم. خێزانەکەم لە تاریکیدان، دەمەوێت منداڵەکانم بپارێزم و ئایندەیەکی باشتریان بۆ بڕەخسێنم.

TABLE 2 Female unemployment rate among 10-year-olds and above in Kurdistan (2016–2020).

| | 2016 | | 2017 | | 2018 | | 2019 | | 2020 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Province | Rate | Rank | Rate | Rank | Rate | Rank | Rate | Rank | Rate | Rank |
| Countrywide | 20.7 | ×× | 19.8 | ×× | 18.9 | ×× | 17.5 | ×× | 15.6 | ×× |
| Western Azerbaijan | 8.2 | 31 | 15.2 | 22 | 15.9 | 17 | 11.1 | 27 | 9.4 | 27 |
| Kurdistan | 25.8 | 6 | 22.5 | 9 | 21.5 | 8 | 19.9 | 8 | 16.7 | 12 |
| Kermanshah | 23.9 | 9 | 25.8 | 4 | 21.7 | 7 | 19.9 | 9 | 18.9 | 8 |
| Ilam | 22 | 14 | 22 | 11 | 21.4 | 9 | 17.4 | 16 | 14.4 | 19 |

خشتەی ٢ ڕێژەی بێکاری مێینە لەنیوان منداڵانی تەمەن ١٠ ساڵ و سەرووتر لە کوردستان (٢٠١٦-٢٠٢٠)

**میتۆد**

داتاکانی ئەم توێژینەوەیە لەماوەی ٣ مانگی کاری مەیدانی ئیتنۆگرافی ڕاستەوخۆ و ئۆنلاین لەسەر کاری کۆڵبەری ژنانی کورد لە ڕۆژهەلات کۆکراونەتەوە. چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ١٣ ژنی کورد ئەنجامداوە کەلەم ساڵانەی دواییدا کۆڵبەریان کردووە و ژیانیان بە قووڵی لەژێر کاریگەری ئەم پیشە مەترسیدارەدا بووە. پێویستە جەخت لەوە بکەینەوە کە بەهۆی سروشتی ئەمنییەتی ئەم کارەوە، دۆزینەوەی ژنانێک کە ئامادەبن ئەزموونەکانیان باس بکەن زۆر دژوارە. کەواتە، ئەم توێژینەوەیە مەبەستی گشتاندنی دەرەنجامەکان نییە، بەڵکو دەیەوێت ڕاستییە تایبەتەکان و ئەزموونە تاکەکەسییەکانی ژنانی کوردی کۆڵبەر ڕوون بکاتەوە. بۆ دەستەبەرکردنی نمونەیەکی بەرفراوان و جۆراوجۆر، بەشداربووانمان لە شەش شاری سنووریی کوردستان هەڵبژارد کە کۆڵبەری تێیاندا زۆر باوە: سەردەشت، مهاباد، بانە، مەریوان و پاوە. بۆ بەنهێنی هێشتنەوەو پاراستنی ناسنامەیان، ناوی تەواو و وردەکارییە هەستیارەکانی بەشداربووانمان بە نەزانراوی هێشتۆتەوە.

شوناسی ئێمە وەک کورد، و پەیوەندییە شەخسی و پیشەییە فراوانەکانمان لە ڕۆژهەڵات- کە لە ڕێگەی پرۆژەکانی پێشوو و بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی

کوردی پەرەیسەندووە – هاوکاربوون لە دەستڕاگەیشتن بە بەشداربووان کە ئاستی متمانە و تێگەیشتنی هاوبەش و پابەندی هاوبەشی پەرەپێدا کە بۆ توێژینەوەکەمان زۆر گرنگ بوو. یەکێک لە نووسەرەکان کە ژنێکی ئیتنۆگرافەرە، چاوپێکەوتنەکانی ئەنجامداوە. ناسنامەی ئەو و بەشداری درێژخایەنی لە بابەتەکەدا یارمەتیدەر بوو لە بنیاتنانی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە، کە هەستیان بە ئاسوودەیی و کراوەیی دەکرد لە باسکردنی ئەزموون و تێڕوانینەکانیاندا. ئێمە پرسیارمان لە پاشخانیان کرد، لە چ دۆخێکدا بوونە کۆڵبەر، جۆری ئەزموونەکانیان، ماوەی بەشداریکردنیان و هەر چیرۆکێکی تایبەتیش کە ئامادەبوون بیگێڕنەوە. لەم پرۆسەیەدا، بەشداربووان خۆشحاڵ بوون بە بەشداری پێکردنی چیرۆکەکانیان و بەکارهێنانی ئەم توێژینەوەیە بۆ بەرزکردنەوەی دەنگیان و شکاندنی بێدەنگیان. ئێمە چیرۆکە تایبەتییەکانی ئەم کۆڵبەرە ژنانەمان لە لێکۆڵینەوەکەماندا وەک دەقی وەرگیراو و تێڕوانینی شیکارانە و بنیاتنانی ئەزموونی شیاو بەکارهێناون. چاوپێکەوتنەکان بە کوردی ئەنجامدراون و تۆمارکراون و نووسراون وەرگێڕدراون بۆ ئینگلیزی. ئێمە تەنها دەقە دیاریکراوەکان کە لە دۆزینەوەکاندا بەکارهاتوون وەرگێڕاوە. ئێمە داتاکانمان بەشێوەیەکی بابەتی و گوتاری شیکردەوە وەک بەشێک لە پرۆسەیەکی دوبارە و دوپاتکەرەوە لەنێوان و پاش ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە. جگە لەوەش یەکێک لە نووسەرەکان چاودێری بەشداربووانی کردووە بۆ تێگەیشتنی باشتر لە ئەزموونی شیاوی ئەم کۆڵبەرە ژنانە، هەستەکانیان و ئەو چەڵەمانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە.

داتاکانمان بە تێبینیەکانی بەشداربووان و شیکاری داتا لاوەکییەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و سەرچاوە میدیاییەکانی دیکە دەوڵەمەدتر بوون. ئێمە بەشێوەیەکی بەرچاو پشتمان بە داتا و ڕاپۆرتەکانی هەنگاو، تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کورد (//:https en/net.hengaw) و کۆڵبەرنیوز (com.kolbarnews//:https) بەست، کە هەردووکیان ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکانی ڕۆژانەی پەیوەست بە کۆڵبەران. داتاکانی بەردەست بە ئاشکرا لەلایەن ئەم ڕێکخراوە ناحکومیانەوە سەلماندی کە سەرچاوەیەکی جێی متمانەو بێهاوتان بۆ لێکۆڵینەوەکەمان.

٥| فەزای جێندەریی و نمایشی جەستەیی سیاسەت-مەرگ

کۆڵبەری نوێنەری ئاشکرای تێکۆشان و قورسایی کارە لە کوردستان، کە پیشاندەری ئاستی ئەو هەژاریی و سەختییانەیە کە کورد لەژێر حوکمی دەسەڵەتی ئێراندا بەسەریدەبات (بڕوانە Mohammadpour, 2023a; Soleimani & Mohammadpour, 2020). زوو تێکشکانی جەستە و نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەک هەوکردنی جومگەکان، شکان و برینداربوونی دیسکی پشت و مل لەنێو کۆڵبەرەکاندا بەرچاون بەتایبەت لەنێو ژناندا. ئەم مەترسیانە ئاشکرای دەکەن کە مردن بووەتە شتێکی ڕۆژانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەم ناوچەیەیان کردووەتە «جیهانی مەرگ» (بڕوانە Ferrandiz & Robben, 2015; Mbembe, 2019). فاتمە، ژنێکی تەمەن ٦٠ ساڵە، لەدوای مردنی هاوسەرەکەیەوە ماوەی ١٧ ساڵە کۆڵبەرە. هیچ بژاردەیەکی دیکەی نییە، جگە لە کاری کۆڵبەری و بژێوی ژیانی دابین بکات. هێشتا پاژنەی پێی بەهۆی هەڵسوڕانی لە ساڵی ڕابردوودا لە ڕێگەی کۆڵبەری ئاوساوە، بەڵام دەبێت بەرگەی ئازارەکەی بگرێت. کچەکەی فاتمە لەم دواییانەدا هاوسەرەکەی لەدەستدا، ئەویش ناچارە یارمەتی کچەکەی بدات. فاتمە دەڵێت: ئەگەر من کۆڵبەری نەکەم چۆن بتوانم بژیم و یارمەتی کچەکەم بدەم بۆ مانەوە.

لەدەستدان و برینداربوون لەم کارە نامرۆڤانەیەدا سروشتییە. وەک مبێمبێ (٢٠١٨) و فۆکۆ (بڕوانە Dean, 2010; Haskaj, 2018) پێمان دەڵێن، بۆ ئەوەی سەروەر بتوانێت خۆی بخزێنێتە ناو جیهانی زیندووانەوە، دەبێت خۆی سەرنجڕاکێش و ئاشکرا دەربخات. بەبێ دیمەنی مردن، چاندنی سەروەری بە ترس و مەترسی نایەتە بینین. فۆکۆ بانگەشەی ئەوە دەکات کە «بینین» لەیەک کاتدا بەرجەستە دەکات، بیردەخاتەوە، دەهێڵێتەوە و کۆنترۆڵ دەکات (بڕوانە Cisney & Murray, 2003). بەهەمان شێوە، حکومەتی ئێران ئەو نیگایە بڵاودەکاتەوە تا مەرگ دیاربێت. وەک ژنە کۆڵبەرێک دەڵێت «ئەوان لە هەموو شوێنێک و لە هیچ شوێنێک نین، لەژێر هەر بەردێک، لەپشت هەر دارستانێکەوە، هەرگیز نازانیت کەی تەقەت لێدەکرێت». ئەمەش بەشێوەیەکی گونجاو لەلایەن ئێمرسن (٢٠١٩، ل٢٠)ەوە دەربڕاوە، کە دەڵێت: هێزی ڕوانین جەوهەری سیاسەتی مەرگە» چونکە لەو ڕێیەوەیە کە مردووە زیندووەکان دەناسرێنەوە. ئەم ڕوانینە ڕێگە بە دەسەلاتی دیسپلینی

کۆماری ئیسلامیی ئێران دەدات ببینێت بەبێ ئەوەی ببینرێت (Emerson, 2019, p. 205) وەک یەکێک لە کۆڵبەرە ژنەکان دەڵێت:

کاتێک لە نیوە شەودا بە بارێک بەسەر پشتمانەوە دەڕۆین، لە هەر هەنگاوێکدا کە دەینێین، هەستدەکەین لە پشت هەموو دار و درەختێکەوە عەجەمێک خۆی مات و حەشارداوە. تەنانەت لە سێبەری خۆشمان دەترسین. وەک ئەوە وایە هەموو درەختەکان بوو بن بە عەجەم. لەگەڵ هەر دەنگێکی بچوکدا هەزار جار دەمرین و زیندوو دەبینەوە.

ڕێکخستنی دەوڵەت بۆ جەستەی کوردی، بەتایبەت جەستەی ژنان، لە ڕێگەی سەپاندنی ناسەقامگیری و توندوتیژی ڕۆژانە، تەنیا لە چوارچێوەی گوتاری نیکرۆپۆلیتی ئێراندا ڕووندەکرێتەوە، کە سنوورە سیاسی و یاساییەکانی ئەوە دیاریدەکەن کە کێ وەک هاوڵاتییەک شایستەی پاراستنە و کێ شایستە نییە. کۆڵبەری ئاماژەیە بۆ ئەم خواستە نیکرۆپۆلەتیکیە و هێزێک بۆ سزادانی بە کۆمەڵی کوردە ناسەرووەرەکان بەهۆی سەرپێچیکردنی سیاسەتی بە فارسیکردن-بەشیعەکردنی دەوڵەتەوە. توخمە فیزیکی/جەستەییەکانی ئەو سزایە، لە کوشتنەوە تا زەوتکردنی مافە یاساییەکانیان، ئاماژەیە بۆ داگیرکردنی جەستەی کورد لەلایەن دەوڵەتەوە. بەمشێوەیە مردن و برینداربوونی جەستەیی ئامرازن بۆ بەرهەمهێنانی زانیاریی و ڕامکردنی جەستەی «ناشارستانی» و ناشایستە. وێناکردنی سزادانی کورد وەک ڕێوڕەسمێکی سیاسی کاردەکات کە لە ڕێگەیەوە «سەرووەری بریندارکراو» پێکدەهێنرێتەوە (Foucault, 1977: p. 48). وەک فۆکۆ پێشنیاردەکات بۆ ئەوەی سەرووەری بگەڕێتەوە، دەبێت سزای گشتی لە سەرنجڕاکێشترین ئاستیدا بەکاربهێنرێت بۆ دووپاتکردنەوەی سەرووەریی نەبەزێنراو لە چاوی یاخیبووان و تاوانبارانەدا، هاوشێوەی «هاتنە ژوورەوەی پاشا بۆ ناو شارێکی داگیرکراو» [٧] (Foucault, 1977: p.48; Durkheim, 1893). زیندە-سایسەت مردن و چاوتێبڕین پێکەوە کاردەکەن بۆ بەڕێوەبردنی ژیان (Foucault, 1978, pp. 23-35). بۆ نمونە تەرمی ئەبوبەکر مەولانی، [٨] خەڵکی ماکۆ دوای ٧٠ ڕۆژ لە مردنی دۆزرایەوە. ئەم لاشە شاراوانە مەبەستیان چاندنی ترس و دروستکردنی هێڵی دابەشکەرە لەنێوان ژیان و مردندا. بەم پێیە، چاوتێبڕین هەڵگری واتایەکی ئاسایی و ڕێنماییە، زۆر لە نزیکی خۆیەوە، کە دووپاتکردنەوەی

دەسەڵاتی ئیداری، نارکۆ-بایۆ سیاسی بۆ بەرهەمهێنانی مردن و غیابە. پرۆسەی کوشتن و مەرگی کۆڵبەرەکان کە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بەڕێوەدەبرێت، بانگەشەی زانین و جیهان بینییەک بەرهەمدەهێنێت کە دامەزراوەکانی دەوڵەت ئیدیعای تایبەتمەندبوونی دەکەن. دەوڵەت پێگەیەکی تایبەت بە خۆی دەبەخشێت کە دەسەڵاتی سڕینەوەی دۆخی مرۆڤی هەیە و تەرمەکەی بڵاودەکاتەوە بۆ گواستنەوەی نارکۆ-مێسج ( بڕوانە Ferrandiz & Rob-ben, 2015).

وێناکردنی مەرگ یان برینداربوونی جەستەیی توخمێکی جەوهەرییە لە گەیشتن بە کاریگەریی و سزای دەسبەجێ و بەردەوامبوونی دەسەڵاتی سەروەری. کواڵیتی سەرسوڕهێنەری زیانگەیاندن بە جەستە، لە مردنی ڕەهاوە تا تەقەی ڕاستەوخۆ و زیانی هەمیشەیی (وەک ئیفلیجی و کوێربوون)، ئاماژەگەلێکن کە ڕوانینی سەروەری لە هەموو شوێنێکدا نیشاندەدەن. ئەمەش وەک بیرخستنەوەیەکی توندە بۆ کورد کە نابێت هەرگیز وابزانێت کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی سەروەریدایە. دەوڵەت دەتوانێت لە هەموو شوێنێک و لەهەر کاتێکدا ئامادەیی هەبێت. نارکۆ-پەیامی «پەنجەی ئاماژە» هاوڕێ لەگەڵ نمایشە بینراوەکاندا دێن بۆ ڕوونکردنەوەی مەرگ (Emerson, 2019: p.33). زۆرجار تەرمی دەستبەسەرکراو، کوژراو یان برینداریی کۆڵبەرەکان لەبەردەستی دەوڵەتدا دەمێنێتەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لاشە زیندووەکانی کورد کە ماونەتەوە، بەپێی پێوەرەکانی ڕەگەزپەرستی سیاسی و گوتاریانەی دۆخ هەڵسوکەوت دەکەن. فاتمە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە چۆن دەوڵەت دەچێتە ناو گیانی کایەی بوونیانەوە:

هاوسەرەکەم لەکاتی هەڵهاتنی لە دەورییەی دەوڵەت لە بەرزاییەکەوە کەوتە خوارەوە؛ بڕبڕەی پشتی شکا. نەخۆشخانەکان فەرمانی ئەوەیان پێکراوە کە چارەسەری کۆڵبەران نەکەن. تەنانەت دەترسین بچینە نەخۆشخانە، چونکە دەستگیردەکرێین و لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ دەکرێت لەبری ئەوەی چارەسەر بکرێین. ئێمە هیچ بیمە و پشتگیرییەکی داراییمان نییە. هاوسەرەکەم چەند ساڵێکە لەسەر جێگە کەوتووە و ئیفلیج بووە. تەنانەت ناوێرین بڵێین ئەو لە کۆڵبەری برینداربووە.

مەرگی زیندوو لە ڕێگەی دەسەڵاتی دامەزراوەییەوە جێبەجێ دەکرێت و یەکلایی

دەکرێتەوە کە دیسپلین بەکاردەهێنێت و پێوەرەکان دادەنێت. بۆیە هەر مردنێک، بریندار‌بوونێک یان برینێک کە کۆڵبەر توشی دەبێت، پێویستە وەک کردەیەکی دیسپلینی سەیربکرێت کە بەسەر جەستەیاندا سەپێنراوە. بۆژانە[٩] ڕوونی دەکاتەوە کە ژیانی گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هاتووە پاش ئەوەی هاوسەرەکەی توشی ڕووداوێکی ترسناک دەبێت. ئەو بربڕەی پشتی شکاوە و شانەکانی لەجێ چوون کاتێک لە شاخێک کەوتە خوارەوە. هاوسەرەکەی نە بیمەی هەبوو، نە یارمەتی کەمئەندامی، هیچ پاشەکەوتێک یان پشتگیریەکی نەبوو. بوژانە تەمەنی ٣٠ ساڵ بوو کاتێک ناچار بوو کاری هاوسەرەکەی وەک کۆڵبەرێک وەربگرێت. باری قورسی بەسەر سنوورەکاندا دەگواستەوە. بۆ ماوەی ٥ ساڵ بەرگەی ئەم سەختییەی گرت. ئێستا تەمەنی ٣٥ ساڵە، ئەژنۆکانی زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە. بۆژانە هەستدەکات کە لە ژیانی کۆڵبەریدا گیری خواردووە. مانگانە کەمتر لە ٢ ملیۆن تومان (٣٥ دۆلار) داهاتی هەیە، کە بە زەحمەت بەشی ئەوەدەکات بتوانێت بژێوی ژیانی دابین بکات. ئەو کاتێک دەگەڕێتەوە ماڵەوە، پێویستی بە یەک یان دوو ڕۆژ هەیە بۆ ئەوەی برینەکانی چاک ببێتەوە و هێزی بۆ بگەڕێتەوە. ئەو دەڵێت:

کۆڵبەری وەک ئەوە وایە لە دۆزەخدا بژی؛ بەدبەختییە، یان تەقەت لێدەکرێت، یان لە شاخ دەکەویتە خوارەوە؛ ئەگەریش زیندوو بمێنیتەوە، لەکۆتاییدا کەمئەندا دەبیت؛ لێرە لە کوردستان، دەوڵەت هیچ سنوورێکی بۆ کوشتن نییە، ئەوان بە خوێن ساردی دەکوژن. کۆڵبەر دەتوانێت لە هەموو شوێنێک مردن ببینێت و بۆنی بکات و دەستی لێبدات.

وەک لەچیرۆکی بۆژانە دەردەکەوێت، بەرجەستەکردنی مەرگ لە ڕۆژهەڵات جیانەکراوەیە لە ناوچەکە و خاکەکەی. بەرجەستە مادییەکانی دەسەڵاتی مەرگ کە جەستەی کورد بە «نائاسایی» پێناسە دەکات و دەیانخاتە بەردەم کۆنترۆڵ و نوێنەرایەتی. ئەم توندوتیژییە لەسەر بنەمای جێندەریی لەڕووی پێکهاتەییەوە لەشوێنەوارناسی دەوڵەتی ئێراندا لە سیاسەت-مەرگدا چەسپێنراوە، کە پشتگیری لە پێکهاتە تایبەتەکان (یان دوبارە ڕێکخستنەوەی)ی توندوتیژی سنووری دژی ژنانی کۆڵبەر دەکات و چالاکدەکات (بڕوانە (Mbembe, 2003; Quijano, 2000; Wright, 2011.

### ٦| لاشە، سنوور، سنوورەکانی بوون

ئەزموونی ژنانی کۆڵبەر لە کوردستان ئەوە دەردەخات کە چۆن کۆلۆنیالیزم و سیاسەت-مەرگ کاریگەری لەسەر جەستە و ناوچەکانی بەناو «خاکی سنوور»ی هەیە (بڕوانە Mbembe, 2001; dos Ventos Lopes Heimer, 2022). کوردستان خاکی باوباپیری کوردەکانە کە بەزۆرەملێ بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکراوە: ئێران، عێراق، سووریا و تورکیا. بۆ کورد ئەوەی پێی دەوترێت ‹خاکی سنوور›، پرۆژەیەکی کۆلۆنیالیزمیە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەمتر لە سەدەیەک لەمەوبەر. کورد سەرەڕای دابڕانی جەستەیی، هێشتا کوردستان وەک نیشتمانێکی یەکگرتوو وێنادەکات، نیشتمان (ئەوەی جێی سەرنجە، ناوێکە بۆ ژنان). چەمکی هێزی مەرگ لەلایەن مبێمبێوە یارمەتیمان دەدات بۆ دۆزینەوەی چۆنیەتی دروستبوونی فەزای مەرگ، بەتایبەت لە ناوچە دوورە دەستەکانی وەک سنوورەکان، زەوییە ڕەسەنەکان و ناوچە دەوڵەمەنەکان بەسەرچاوە سروشتییەکان. ڕۆژهەڵات نمونەیەکی سەرەکی خاکی فرە سەرچاوەیە کە ئێستا گۆڕاوە بۆ خاکی هەژاری. سنووری ڕۆژهەڵات ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە زیندە-سیاسەتی دەوڵەتدا، چونکە وەک ماتریکسی تۆپۆ-تەکنۆلۆژیا کاردەکات (بڕوانە Padilla & Rodriguez-Madera, 2021; Wright, 2011) کە جەستەی ئەو کۆڵبەرانەی کە فەزاکە دەبڕن بە بریکارە جۆراوجۆرەکانی هێز، کۆنترۆڵ، هەڵاواردن و سوودمەنییەوە دەبەستێتەوە. ئەم تەکنۆلۆژیایە بووەتە هۆی «سنووردارکردنی ڕۆژانەی» ژیانی کورد. لە ڕۆژێکی ئاساییدا لە ڕۆژهەڵات، سەدان کۆڵبەر، گەنج و پیر، ژن و پیاو، بەرەو سنوور بەڕێ دەکەون بۆ هەڵگرتنی بار لە شوێنێکدا کە چەندین دەزگای دەوریبەی دەوڵەت دەوریان داوە بەبوونی مۆڵەتی تەقەکردن لەکاتی بینینیان و بە ئارەزووی خۆیان. دەستەواژەی گونجاوی کاترین ڤێردێری سەبارەت بە «ژیانی سیاسی لاشەی مردووەکان» لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو (Verdery, 1999: p.3) تێڕوانینێکی بەنرخ سەبارەت بە ئاڵۆزی ڕۆژانەی ئەزموونی سیاسەت-مەرگ لە ڕۆژهەڵات پێشکەش دەکات.

لێکۆڵینەوەکەی ڤێردەری سەبارەت بەوەی کە ناوی دەنێت «نمایشی تەرمەکان» پەیوەندی هەیە بە «سەرنجدان بە سیمبۆڵیزمی سیاسی؛ بەڕێوڕەسمی مردن و باوەڕەکان،

وەک بیرۆکەکان دەربارەی ئەوەی کە ناشتنی گونجاو چییە» (Verdery, 1999: p.4). ئەمە هاوئاهەنگە لەگەڵ ژنە کۆڵبەرەکان کە ناچاردەکرێن بەرەو ئەم ناوچە مەترسیدارە بڕۆن کە تیایدا «دۆخی نامرۆڤانەی ڕەها» (Agamben, 1998: p. 166) کۆنترۆڵی فەزا و کات دەکات و تاکەکانی ناوی بۆ ژیانێکی ڕووت کەمدەکاتەوە. ژنانی کۆڵبەر بۆ پاراستنی خۆیان و شاردنەوەی ناسنامەی جێندەرییان، وەک پیاو جل وبەرگ دەپۆشن و دەموچاویان دادەپۆشن بۆ ئەوەی خۆیان لە سەرما و توندوتیژی سێکسی بپارێزن (بڕوانە وێنەی ٣). مەریەم، یەکێکە لەوانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵدا کردووە کە دوای جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی بەهۆی ئالودەبوونەوە، جاودێری کچەکەی دەبێت دەڵێت:

من لەگەڵ دوو براکەم دەچم بۆ چیاکان، دەموچاوم دادەپۆشم و دڵنیادەبمەوە کە کەس تێبینی ئەوە نەکات کە من ژنم. هیچ بژاردەیەکی ترم نییە جگە لەوەی پشتگیری کچەکەم بکەم. لەماوەی ئەو هەشت ساڵەی کەوەک کۆڵبەر کارم کردووە، چەندین ژنم بینیوە، زۆرێک لە ئێمە بەڕێکەوت تێبینی هاوڕێ ژنەکانمان دەکەین چونکە هەموومان هەوڵدەدەین خۆمان بشارینەوە، نەک تەنها لەبەر پیاوان، بەڵکو لەبەرئەوەی شەرم دەکەین لە ئەنجامدانی کارێکی ئاوا نامرۆڤانە.

لەحاڵەتی هێرش یان تەقەکردندا، ژنانی کۆڵبەر چانسی کەمیان هەیە بۆ هەڵهاتن و ڕزگارکردنی ژیانیان. ژنێکی کۆڵبەر گەشتەکەی بۆسەر سنوور بە «پەلەکردن بەرەو مەرگ» وەسفدەکات:

وەک ئەوە وایە بڕۆیت بۆ قەسابخانەیەک. ئێمە ڕاهاتووین گوێمان لە دەنگی تەقە بێت. تەقە دەکەن و دەمانترسێنن و دەمانکوژن، کێ گرنگی پێدەدات؟ سەدان کەسیان لێ کوشتووین؛ ئێمە کەسمان نییە و هیچ شوێنێکمان نییە ڕووی تێبکەین. هەرکاتێک دەچمە کۆڵبەری، دەبینم سەدان کەس جاوەڕێی بارێکن بۆ ئەوەی بچنە قەسابخانە.

مبێمبێ (٢٠٠٣، ل٢٢-٢٥) میتافۆری کەمپەکەی ئاگامبێن بەکاردەهێنێت (Agamben, 2008) بۆ کۆلۆنییە هاوچەرخەکانی وەک ئەو شوێنانەی کە هێزی بایۆلۆجی، دۆخی هەڵاواردن و دۆخی گەمارۆ تێیدا یەکدەگرن بۆ جێبەجێکردنی ویستی دەسەڵات. هاوتەریب لەگەڵ فانۆن، ئەو دەڵێت (Mbembe, 2003, pp. 25-27) کە داگیرکاری کۆلۆنیالی

پەیوەندی فەزایی نوێ دروستدەکات کە خەڵک دابەشدەکات بۆ بەشە جیاوازەکان و داگیرکراوەکان دەخاتە «ناوچەی سێیەم لەنێوان بکەر بوون و بەرکاربووندا» (Mbembe, 2003: p. 26). لەم حاڵەتەدا، بەکارهێنانی دەستەواژەی «کەمپ» بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخی کورد ڕەوایە، کە تێیدا دەسەڵاتی سەروەر چیتر پێویستی بەوە نییە خۆی سنووردار بکات بە بڕیاردان لەسەر دۆخی هەڵاواردن لەسەر بنەمای ڕاگەیاندنی گرووپێکی دیاریکراوی دانیشتووان وەک هەڕەشەیەکی ناوخۆیی.

دۆخی هەڵاواردن لە کوردستان، بەتایبەت پاش شۆڕشی ١٩٧٩وە، نە کاتیی بووە و نە سنووردار لە سەپاندنیدا. خومەینی، هەرزوو پاش هاتنی، کوردەکانی وەک ئەو کەسانە دیاریکرد کە شایەنی تووڕەیی «موسڵمانەکانن»، دواتریش بە شەڕی پیرۆز(جیهاد)- کە لەگوتاری دەوڵەتدا بە فتح (داگیرکار)ی کوردستان ناودەبرا- دۆخی هەڵاواردنی کردە دۆخێکی ئاسایی. بەتێپەڕبوونی کات، ئەم جۆرە تێڕوانینە سەبارەت بە کوردستان چڕتر بووەوە، چونکە دۆخی هەڵاواردن دەبێت وەک ئاسایی بمێنێتەوە تاوەکو کورد بەتەواوی دەتوێنەوە، یان وەک محەمەد بروجێردی، فەرماندەیەکی سوپای پاسداران دەڵێت، «فەتحی کوردستان بە ناتەواوی دەمێنێتەوە تا دڵ و مێشکی کورد داگیر نەکرێت» (بڕوانە Soleimani & Mohammadpour, 2023).

دام ودەزگای نیکرۆپۆلەتیکی دەوڵەتی ئێران، سنوورەکان وەک چەک یان تەکنۆلۆژیان وێرانکردن، وەک قەفەسێکی زەبەلاح، بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی کوردەکان بەکاردەهێنێت (Mohammadpour, 2023a). نمایشی کۆنترۆڵکردنی سنوور کە بریتیە لە بەکارهێنانی نمایشی بینراو و نەبینراوی دەسەڵات بۆ کۆنترۆڵکردن، ڕێکخستن و سزادانی جەستەی کورد- نموونەی دوبارە بەکارهێنانەوەی هێزی مەرگە لەناوچە کوردییەکان. ئەمەش دەتوانێت بەکارهێنانی تەلبەندی کارەبایی لەدەوری ناوچە قەدەغەکراوەکان، جەندین خاڵی پشکنین و بەربەستی فیزیکی دیکە لەخۆبگرێت، هەروەها بڵاوکردنەوەی هێزی سەربازی و پۆلیس بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتە سنوورییەکان. نموونەی هەر نوێ (لە ١٨ی مایسی ٢٠٢٣) گەمارۆدانی ٢٤٠ کۆڵبەر بوو لە سنووری تەتە بۆ ماوەی ٢ ڕۆژ بەبێ دەستگەیشتن بە خواردن و ئاو[١٠]. دەوڵەت هەوڵدەدات ناوچەکە تەنها لە ڕێگەی نمایشی

ڕۆژانەی توندوتیژییەوە بەڕێوەببات. بەستراتیجێکی بە ئەمنیەتکردنی لەو شێوەیە، کۆماری ئیسلامیی ئێران «نمایشی جیاوازبوون»ی کورد لە گوتاری یەکپارچەیی خاک و نەتەوەیی وڵاتدا دەشارێتەوە (بڕوانە Mazzara, 2019).

دەوڵەت و بریکار و نوێنەرە جۆراوجۆرەکانی، ڕێوشوێنی زیندە-سیاسەت لەچوارچێوەی خاکدا پەیڕەو دەکەن بۆ دیاریکردنی هێز و دەسەڵاتیان بەسەر جەستەی کۆڵبەرەکاندا کە بەو ناوچە نەخشە کێشراوانەدا تێدەپەڕن. لێرەدا، سنوور تەنها هێڵێکی خاکی نێوان وڵاتەکان نییە، بەڵکو هێڵێکی زیندە-سیاسییە کە شوێن و دەستڕۆیشتنی جوگرافی – بایۆلۆجی دەسەڵاتی سەروەر دیاریدەکات، وەک مەریەم باسی ئەزموونی خۆی دەکات:

کارەکەمان پڕە لە مەترسی و سەختی. هەرگیز نازانم ئەگەر ڕۆژێکی تر بژیم یان نا. بەدرێژایی ڕێگەکە ڕووبەڕوووی تەحەددایەکی بێشومار دەبمەوە، وەک کەندەڵانەکان، بەردی تیژ، کەوتنی کوشندە، شکانی ئێسک و سەرمای تووند. زۆریک لە کۆڵبەرەکان پەنجەکانیان بەهۆی سەرما یان ئەندامەکانیان بەهۆی مینەوە لەدەستداوە. عەجەم[دەوریەی دەوڵەت] تەنانەت دەرفەتمان پێنادەن بوەستین؛ تەقەمان لێدەکەن. من شایەتحاڵی کەوتنی یەکێک لە کۆڵبەرە بەتەمەنەکان بووم و بەپەلە گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانە. جەستەم پڕە لە برین. من تووشی هەوکردنی جومگەکان بووم؛ دکتۆر پێی وتم کە ئەژنۆم وەک ئەژنۆی ژنێکی ٨٠ ساڵانە نەک ژنکی ٤٠ ساڵ. ئەوەش هەمووی بەهۆی باری قورس و ئەم ڕێگە خراپەوەیە. بۆ ئەوەی بتوانم بڕۆم پێویستم بە حەب هەیە.

ئەگەرچی ناوچەکە ماوەیەکی زۆرە لەڕووی ئابوورییەوە سزا دراوە، و لە سیستەمی یاسایی-سیاسی باویش دابڕاوە، تەنانەت بە پێوەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش. جەستەی «نەشیاو»ی کورد لەڕووی ئیتنی و ئایینییەوە دەخریتە ژێر باری ڕژێمە بایۆ -دیسپلینەکانی دەسەڵاتی سەروەری فارس-شیعە و شێوە بێهاوتا و هەرەمەکییەکانی سزادان. جێگەی سەرسوڕمانە کە دەوڵەت مەرزەبان، پارێزەری «سنووەرەکانی نیشتمان» بەشێوەیەکی سەیر بە کورد دەبەخشێت.


ئەگەر دەسەڵاتی دەوڵەت پێناسە بکەین لە ڕوانگەی «نیکرۆپاوەرەوە»، واتە دەسەڵاتی بڕیاردان لەسەر مردن و ژیان لە چوارچێوەی کات-شوێنێکی هەڵاواردندا (Agamaben,

(2998: p.8; Mbembe, 2003; Robben,2018)، ئەوا دەکرێت هەردوو چەمکی خاکمەندی ژیان و کۆنترۆڵی ڕەهای سەر خاکی نەتەوەیی وەک درێژبوونەوەی شوێنی سەروەری ببینین. وەک مبێمبێ دەڵێت، فەزا- کە لێرەدا سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتە- ‹کەرەستەی خاوی سەروەری و ئەو توندوتیژییەیە کە لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە» (٢٠٠٣: ٢٦).

ناوچەی ڕۆژهەڵات پڕە لە دەیان دەزگای سەربازی و ئاسایسی دەوڵەت کە هەریەکەیان سیاسەت و ڕێوشوێنی تایبەتی خۆی جێبەجێ دەکات کە ڕۆژانە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ئەمەش سنووری سەروەری و ئەزموونی داگیرکردنی ژیانی ڕۆژانەی لە ناوچە سنوورییەکاندا زیاتر کاڵ کردووەتەوە. هێزە ئەمنی و سەربازییە جۆراوجۆرەکان سنوورەکەیان دابەشکردووە و هەریەکەیان لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە بەڕێوەدەبرێن. لەڕاستیدا، ناوچە سنوورییەکە هەم وەک یەکەیەکی تەواو یەک پارچە و هەم وەک چەند پارچەو بەشێکی جیاواز بەڕێوەدەبرێت. ڕێوشوێنە سەرکوتکەرەکانی دەوڵەت لە هەموو شوێنێکی فەزای کولتووری و سیاسی و ژینگەیی دەبینرێن. بۆ نمونە، لە سنووری ڕۆژهەڵات نزیکەی ١٦ ملیۆن مین لە شەڕی ئێران –عێراق بەجێماوە (بڕوانە خشتەی ٣). بۆ زیاتر بە ئەمنیکردنی ناوچەکە، بەتایبەتی لەسەر ڕێگەی کۆڵبەرەکان، مینی زیاتر چێنراون. سورەیا باس لەوە دەکات چۆن لە کاتی کۆڵبەری خەریک بووە مینێکی پێدا بتەقێتەوە:

ڕۆژێکی زستان، کاتێک بەفر دەباری، ناچاربووم بچمە سنوور بۆ وەرگرتنی ئەو پارەیەی کە لەلای کڕیارەکانی عێراق مابووەوە، مناڵەکانم لێم پاڕانەوە کە نەڕۆم، بەڵام من گوتم هیچ شتێکمان نییەو کرێ خانوەکەش دواکەوتووە. بەناو بەفرێکی زۆردا ڕۆیشتم، ڕووبەڕووی پاسەوانی سنوور بوومەوە و لێیان پاڕامەوە کەلوپەلەکەم نەبەن، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردەوە تێپەڕم. هەربۆیە کەمێک گەڕامەوە دواوە و ڕێگەیەکی ترم گرتەبەر، کە زۆر مەترسیداربوو و هەمووان خۆیان لێ لادەدا. لەناو زریان و بەفرەکەدا چاوم بە پیاوێکی کۆڵبەر کەوت. ئەو ئاگاداری کردمەوە کە لەوە زیاتر نەڕۆم لەبەر مەترسی هەرەسی بەفر و ئاژەڵە کێوییەکان. وتم پارەم دەوێت و دەبێت بەردەوام بم. تەنها چەند هەنگاوێکی کەم ڕۆشتبووم کە تیشکی ڕووناکی مینێکم بینی کە چەند سانتیمەترێک لە پێمەوە دوور بوو،هێشتا باوەڕ ناکەم، نازانم چۆن توانیم لە کۆتا خولەکدا مینەکە ببینم و پێی لەسەر دانەنێم.

TABLE 3 The number of landmine victims in Rojhelat (2018–2023).




| | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 | 2022 | 2023 | Total |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Killed | 15 | 4 | 10 | 10 | 7 | 7 | 53 |
| Injured | 44 | 23 | 30 | 28 | 30 | 20 | 148 |
| Total | 59 | 27 | 40 | 38 | 37 | 27 | 201 |

Killed Injured Total

Note: Chart created using data from Hengaw Organization for Human Rights.

**خشتەی ٣ ژمارەی قوربانیانی مین لە ڕۆژهەڵات (٢٠١٨-٢٠٢٣)**

تێبینی/ هێڵکارییەک کە بەبەکارهێنانی داتاکانی ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ دروستکراوە

سیستەمەکانی بە نایاسایی کردن و بە ئەمنیکردن پێویستی بە جۆرە پەیوەندی و ڕەفتاری ناجێگیر و لاواز هەیە و بەدوای ئەوەشدا ‹فەزا› بۆ شێوازە جیاوازەکانی ئیستغلالکردن دەڕەخسێنن (بڕوانە De Genova, 2016, 2022). کوردستان وەک «ناوچەیەکی سنووری»، نوێنەرایەتی ئۆردوگایەکی سیاسەت-مەرگی دەکات کە بەسیستەمێکی چاودێری بەردەوام، پراکتیزەی دەرەوەی یاسایی و سزای جەستەیی بێ کۆتا تایبەتمەندە. بە ئەمنیکردنی ڕۆژهەڵات و پاشەکشەی ئابووری (بڕوانە Roy, 2016)، بووەتە هۆی ئەوەی کە کوردەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە وەک فڕێدراو و نیشانکراو سەیربکرێن، کە دژی دەسەڵاتی سەروەر ڕادەوەستن. ئەو کوردانەی کە لەسەر سنوور نیشتەجێن، نموونەیەکی ڕوونن لەسەر ئەوەی کە چۆن شوناس لەگەڵ ژیان لە سنووردا یەکتر دەبڕن. زاراوەی مەرزەبان و مەرزنشین ئەو دوو فاقیە دەسەلمێنێت. لەکاتێکدا مەرزەبان لە گوتاری دەوڵەتدا بە بەپارێزەری دەوڵەت ناودەبرێن، مەرزنشینەکان (کە لەسنوورەکان دەژین) بە دۆخی تۆپۆگرافی خۆیان ناسراون و بە تاوانباری نەتەوە دادەنرێن. دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم ڕەوانبێژییە ڕۆڵێکی گوتاریی فراوانتر لەچوارچێوەی ئێراندا دەگێڕێت، کە دەوڵەت وەک تەکنۆلۆژیای هێزی

نەرم بەکاریدەهێنێت بۆ بەڕێوەبردنی سنووره «نائارامەکان». چەمکی کەمپی ئاگامبێن لێرەدا هەم وەک خوازە و هەم وەک واقیعی ژیان لە ڕۆژهەڵات. ئاگامبێن (١٩٩٨، ٢٠٠٥، ٢٠٠٨) ڕوونیدەکاتەوە کە کەمپ ناکرێ تەنیا بۆ سنووره فیزیکی و ناوچەییەکانی سنووردار بکرێت؛ بەڵکو دەبێت وەک ماتریکسی پەیوەندیداری هێز و توندوتیژی و بەکارهێنانی جەستە تەماشا بکرێت کە لە فەزای سنوورەکاندا دەجوڵێنرێن و دەخرێنە بەر مردن. لەم چوارچێوەیەدا، ڕۆژهەڵات تەنیا سنووری جوگرافیای پەراوێزخستن پێکناهێنێت، بەڵکو دەبێتە فەزایەکی وجودی کە تیایدا دەسەڵاتی سەروەر ژیان و مردن دەسەپێنێت و بەردەوام سنوورەکانی دەگۆڕێت. ئەم ناڕوونییە سروشتییە کەشێکی نائارام و مەترسی بۆ تاکەکان و ناوچەکانی ناویان یان نزیکیان دروستدەکات، کە وەک هەڕەشەی نزیک تەماشا دەکرێن.

ئەو کوردانەی لە نزیک سنوور دەژین، لەژیانی ڕۆژانەیان و تەنانەت لەدەوروبەریشیاندا ئەم نائارامییە ئەزموون دەکەن. ژنێکی کورد نیگەرانی خۆی سەبارەت بە سەلامەتی منداڵەکانی دەردەبڕێت و دەڵێت: «من هەمیسە نیگەرانم لەوەی منداڵەکانم لە دەرەوە یاری بکەن، بەتایبەتی لە نزیک گوندەکە. خەڵکێکی زۆر بەهۆی تەقەمەنی و مین کوژراون یان بریندارببوون». لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٣، لە گوندی نەشکاش، لە نزیک مەریوان، حەوت منداڵ بەهۆی تەقینەوەی مین بریندارببوون.[١١] لە مانگی نیسانی ٢٠٢٣، دوو منداڵی تەمەن ٩ و ١١ساڵ بەهۆی تەقینەوەی مینێک لەنزیک بنکەیەکی سەربازیی لە ناوچەی سەراب قامیش لە سنە بە سەختی بریندار بوون.[١٢]

٧| جەستەی بەرهەڵستکاران و سنوورەکانی دەسەڵاتی سەروەر

ئاگامبێن پێمان دەڵێت کە سنوور فەزایەکی شاراوەیە کە دەرفەتی نوێ و شێوازی نوێی بوون تێیدا سەرهەڵدەدات. ئەو سنوور وەک شوێنی بەرخۆدان دەبینێت کە تاک و گرووپەکان دەتوانن بەرەنگاری پێکهاتەکانی دەسەڵات ببنەوە و شێوازی نوێی بوون دروست بکەن. بەتلەر (٢٠٠٤) چەمکی کەمپی ئاگامبێن پەرەپێدەدات و ناجێگیری وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ بوون (ئۆنتۆلۆژیا)دەبینێت، نەک تەنها وەک بابەتێکی یاسایی. بەپێچەوانەی ئاگامبێن، ئەو لاوازی وەک هێزێکی تواناساز و بەرهەمهێن دەبینێت. ڕوانگەکەی ئەو بۆ شوێنمەندی کەمپ/ژیانی کەمپ، هەوڵ دەدات دوبارە توانا و نیشانەکانی ژیان و

ژیانـدن لەنـاو فـەزای سیاسـی، کولتـووری، ئەخلاقی و سـۆزدارییەکانی کەمپـدا بدۆزێتـەوە. بە واتایەکی تر، بـوون لـە دۆخێکی مەترسـیداردا بۆخـۆی بەرخـۆدان دروسـتدەکات. کاتێـک سیاسـەتی مـەرگ، ژیـان هێنـدا بێبایـەخ دەکات کـە تەنانـەت شـایەنی ماتەمینیـش نییـە، ئـەوا خـودی مانـەوە دەبێتـە کردەیەکی بەرخـۆدان. ئەمـەش بەتایبەتـی بـۆ کـورد ڕاسـتە، کـە سـەرەڕای سیاسـەتە کوشـندەکانی دەوڵـەت دژ بـە کولتـوور و شـوناسـیان، هێشـتا خۆڕاگـر و بەرهەڵسـتکارن. بۆ زۆرێک لە کۆڵبـەران، کۆڵبـەری تەنها ڕێگەیەک نییە بۆ بردنی «پارووە نانێک» بۆسـەر سـفرە، بەڵکو کردەیەکی بەرخۆدانە بۆ لاوازکردنی ئەو خواسـتەی دەسـەڵات کە دەیەوێت ناچاریان بکات یان خۆیان بەدەسـتەوە بـدەن یان لـە جیهانی مەرگدا بژین،[١٣] وەک خـانم باسـی دەکات:

ئەمـە زێدی منـە، شـوێنی منـەو ڕەگم لێرە داکوتـاوە و خێزانم لێرەیە، لێرە پێدەکەنم و دەگریم، بـۆ کوێ بـڕۆم، بۆچی هەڵبێم؟ نیشـتمانم شـانازی منـە، ناتوانن بمچەمێننـەوە و چۆکم پێدابـدەن.

تیـۆری «ژیانی ناجێگیر»ی بەتلەر (Butler, 2004, p. 20) ڕێگە بە وەکالـەت و ڕووخاندنی ژیانی یەکجار بەکارهێنراو دەدات، تەنانەت کاتێکیش مردن شتێکی حەتمی بێت. چارەنووسی کۆڵبـەران ملکەچی نییە، بەپێچەوانـەوە دەکرێ کارەکانیـان وێنابکرێتـەوە بـۆ ڕێگەدان بـە بەرخـۆدان، هەلومەرجی نوێ، بۆنە، یان سـەنگەری نوێ بۆ تێکدانی دەسـەڵاتی سـەروەریی. ئەم بەرەنگارییە لە مەراسیمی ناشتنی فەرهاددا دەرکەوت، کە منداڵێکی ١٣ ساڵەی کۆڵبەر بـوو کـە لەکاتی کۆڵبەریـدا لـە سـەرمادا ڕەق ببـووەوە. پاش چـوار ڕۆژ گـەڕان تەرمی فەرهاد لەلایـەن هاوڕێکانیـەوە دۆزرایـەوە کـە وەک ئـەو و چەندین دایـک و باوکی تـر چوونـە نـاو دڵی چیاکە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی هێزە کوشـندەکان و دەرهێنانی ژیانیـان لەدەسـتی سیاسـەتی مـەرگ. ئـەوان خۆپیشـاندانێکی داهێنەرانەیان ڕێکخسـت و کولێرەیەکیـان بەدەسـتەوە بـوو وەک هێمایـەک بـۆ شـەڕکردن لەپێنـاو ژیـان.[١٤]

نمونەیەکی دیکەی ئەم بەرەنگارییە، چیرۆکی ئامینەیە کە زیاتر ڕۆشـنایی دەخاتە سـەر سیاسـەت-مەرگی کۆڵبـەری. ئامینـە ژنێکی ٦٥ سـاڵەیە و زیاتر لـە ٢٠ سـاڵە کۆڵبـەری دەکات. کاتێـک کەوتـە داوی هێزەکانی سـنوورەوە سـەرەڕای ترسـی گـەورەی لەدەسـتدانی کەلوپەل

و زیانی دارایی هەڵوێستی وەرگرت و لەبری خۆبەدەستەوەدان، هەوڵیدا بە پێکەنین و قایلکردنیان خۆی لە دەستبەسەراگرتنی کاڵا و ئەگەری توندوتیژی بەدووربگرێت. ئەو بەهێزەکان دەڵێ: «ئێوە شەرم لەخۆتان ناکەن؟ بەمشێوەیە پەروەردەکراون؟ ئایا ئێوە هیچ ویژدان یان ڕێزێکتان نییە بۆ پیرەژنێک؟ دەتانەوێت چیترمان لێ بسەننەوە؟»

نمونەیەکی دیکەی ئەم بەرخۆدانە، چیرۆکی خەدیجەیە کە ئازایەتی و ئیرادەی کۆڵبەرەکان ئاشکرادەکات. خەدیجە پیرەژنێکی ٤٠ ساڵە و ٢ ساڵ لەمەوبەر بەهۆی توندوتیژی سنوورییەوە هاوسەرەکەی لەدەستداوە. چیرۆکەکەی بەم جۆرە گێڕایەوە:

لە دادگا پیم گوترا کە بەقەرەبووی ماددی ئەم بابەتە یەکلایی دەکەینەوە، بەڵام من ڕەتمکردەوە کە وەریبگرم. من ویستم بکوژی هاوسەرەکەم دادگایی بکرێت و لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت. من کۆڵبەری دەکەم، نەک لەبەرئەوەی هیچ هەڵبژاردنێکم نییە، بەڵکو لەبەرئەوەی ناهێڵم تاکە ڕێگەی ژیانمان لێ بسەننەوە. من سواڵ ناکەم! تا لەژیاندا بم کاردەکەم. یان لە شاخدا دەمرم، یان دەمکوژن؛ ئەگەر ئەم خاکە لەدەست بدەین، هەموو شتێک لەدەست دەدەین. من بە لێدان لەچیاکان بژێوی ژیانم پەیدا دەکەم، و ئێستا دەیانەوێ ئەمەش ببەن؛ بەهیچ شێوەیەک!

هاوژین ژنێکی تری کۆڵبەرە، کە شانبەشانی هاوسەرەکەی کۆڵبەری دەکات، کۆڵبەری بەڕێگەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئازارەی بەسەریاندا سەپێنراوە وسفدەکات. هاوژین دایکی سێ منداڵە و تەمەنی ٣٣٥ ساڵە و زیاتر لە ٥ ساڵە کاری کۆڵبەری دەکات، ئەو دەڵێت:

باشە، ئێمە دەمانزانی ناتوانین ڕابردوو یان جیهان بگۆڕین، بەڵام دەتوانین خۆمان بگۆڕین، بۆیە ئێمە تا ئەو جێگەیەی دەکرێت بەرەوپێش دەچین و خۆمان لە ئازار دوورناخەینەوە. هەربۆیە ئێمەش وەک زۆر کەسی تر، کۆڵبەریمان هەڵبژارد بۆ بەردەوامیدان بە ژیان. ئێستا دووەم ساڵە من و هاوسەرەکەم لە سنووره جیاوازەکانی نێوان ئێران و عێراق کاردەکەین؛ هاوسەرەکەم باری قوورستر هەڵدەگرێت بە بەراورد بە من کە سووکتر هەڵدەگرم. ئێمە بەمشێوەیە بژێوی ژیانمان دابیندەکەین. لەسەر ئەم ڕێگە خراپ و مەترسیدارانە، هەموو جۆرە کەسێکم بینیوە، لە خوێندەوارەوە تا بەساڵاچوو، کە هیچ بژاردەیەکی تریان نییە. ئەوان نایانەوێت خۆیان بەدەستەوە بدەن، و بشکێن و لەلایەن ئەم ڕژێمە دڕندەیەوە

بڕوخێنرێن. ئەوان دەیانەوێت ئێمە بمرین، و ئێمەش بە زیندوومانەوەمان بەرەنگاریان دەبینەوە. هەموومان بارگرانی ژیان بەشان هەڵدەگرین. هەربۆیە من شەرم لەکارەکەم ناکەم، لە هەموو هەوراز و نشێوەکانی چیادا، بەهیوای ڕۆژانی باشتر بۆ خۆم و هاوسەر و منداڵەکانم و هەموو کوردان ڕێدەکەم.

وەک بەتلەر ئاماژەی پێدەدا، تایبەتمەندی سەرەکی بەرەنگاربوونەوەی نیکرۆپۆلەتیکی لە هەماهەنگی کردەوەکاندایە، بەتایبەتی کاتێک دەربڕی ئامانجێکی بەکۆمەڵە کە پێکهاتە نایەکسانەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە (Butler, 2004, p. 139). وەک ئامینە و خەدیجە ئاماژەیان پێدا: ئەگەر کەسێک ژیانێکی باشی بووێت، ئەوا تەنها لەگەڵ ئەوانی تردا دەبێت. ئەم کردەوە بەرخۆدانانە فۆرمی کۆمەڵایەتی نوێیان داهێناوە، تەنانەت لە دۆخە سەخت و مەترسیدارەکاندا. ژنە کۆڵبەرەکان پلان و کردەوەکانیان پێکەوە ڕێکدەخەن بە پێشێلکردنی «ڕێکخستنی شتەکان» بۆ دروستکردنی ڕێکخستنێکی نوێ، جارجار بە جووڵان، جارجار بە وەستان و هەندێک جاریش بە کۆبوونەوە (Butler, 2004, p. 140). زۆربەی ژنە کۆڵبەرەکان سەرۆک خێزانن. هەندێکیان لەگەڵ هاوسەرەکانیان کاردەکەن: کرێی ژنە کۆڵبەرەکان زۆر کەمترە لە پیاوان بەپێی یاسای نەریتی کە لە کاری فەرمیشدا کرێی ژنان زۆر کەمتر دەدات لە پیاوان. لەکۆمەڵگەیەکی نەریتیدا کە ژن بوون یەکسانە بە ڕەگەزی دووەم، لەبارودۆخێکدا کە کۆڵبەری خۆی ئامرازێکە بۆ بەرەنگاربوونەوە و کۆنترۆڵی ژیان، ژنانی کۆڵبەر بەرامبەر بەم نایەکسانییەی کرێ بێدەنگ نابن، وەک چۆن مانیان گرتووە بۆ کرێی کەمیان و لە کۆتاییدا خاوەنکارەکانیان کە زۆربەی کات دەلاڵن، ناچار کردووە کرێکانیان زیاد بکەن. بەتلەر و مبێمبێ پێشنیاردەکەن کە مردووی گەڕۆک زیندوون تا ئەو کاتەی بەرەنگاری ژێردەستەیی خۆیان دەبنەوە و بۆ دەرفەتی نوێنەرایەتی و قسەکردن لە کایەی گشتیدا خەبات دەکەن (Butler, 2004, p. 20; Mbembe, 2003, p. 40). ئەم ئامادەبوونە ڕاگەیەنراوە نیشانی دەدات کە بێدەنگ نەکراون و هێشتا دەتوانن داوا و داخوازی بکەن. جەستەی ژنانی کۆڵبەر دووپاتی بوونی دەکاتەوە و دەڵێن بەم ئاسانییە ناتوانن بسڕدرێنەوە. بەرکەوتنی جەستەیان بەم بارودۆخانە، وادەکات فەرمانڕەوا بزانێت کە ژیانیان وا بەئاسانی داگیر ناکرێ و ناسڕدرێتەوە.

## ٨| تێبینی کۆتایی

ئەم توێژینەوەیە تاوتوێی ئەوەی کردووە کە چۆن ڕژێمی ئێران سیاسەت-مەرگ بەسەر جەستەی ژنانی کۆڵبەری کورددا جێبەجێ دەکات بۆ سەپاندن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی بایۆ-هەرێمی خۆی. سیاسەت-مەرگ ئاماژەیە بۆ «بەرزترین شێوەی دەربڕینی سەروەری» کە بریتیە لە دەسەڵاتی «ژێردەستەکردن و کۆنترۆڵکردن»ی گرووپێکی دیاریکراو بۆ مردن، ئازار، یان پشتگوێخستن (Mbembe, 2003: p. 161). ئێمە پێمان وایە سنووری نێوان ئێران-عێراق شوێنی پیادەکردنی توندوتیژی سیاسەتی مەرگە، کە تێیدا جەستەی ژنانی کورد وەک «خاکی لکێنراوی هەڵاوێردوو» نیشان دەکرێت (do Ventos LOPES heimer, 2022: p.21). ناوچەی سنووری تەنیا شوێنێکی تۆپۆگرافی نییە، بەڵکو تەکنۆلۆژیایەکی نوێی حوکمڕانییە کە ژیانی کوردەکان لە ڕێگەی هێڵە فەزایی و کاتییەکانەوە ڕێکدەخات و دووبارە دایدەڕێژێتەوە. سیاسەتی دەوڵەتی ئێران لە گۆڕینی ناوچەی سنووری بۆ زۆنێکی ئەمنی و دۆخی هەڵاواردنی هەمیشەیی، ئاماژەیە بۆ گواستنەوە لە بایۆ پاوەرەوە بۆ نیکرۆپاوەر، واتە گۆڕانی دەسەڵات لە پاراستن یان کوشتن بۆ مانەوە یان دامەزراندنی دەسەڵات بەسەر دانیشتواندا (بڕوانە Foucault 1976/1990)، بۆ دەسەڵاتی وێرانکردن یان پشتگوێخستن بەبێ گوێدانە کاریگەرییە سیاسیەکانی (Mbembe, 2003). لەپرۆسەی گۆڕینی سنوورەکان بۆ ناوچەی سیاسی-ئابووری، لەڕووی تۆپۆگرافییەوە ژیان و سیفەتە بایۆلۆژییەکانی کۆڵبەرانی گەمارۆداوە و ئەوانی لەژێر چاودێری ورد و کۆنترۆڵکردن و یاسادانان هێشتۆتەوە.

کۆڵبەری وێنەی ئاشکراترین و نامرۆڤانەترین دەرکەوتنی ناجێگیری ئابووری دروستکراوی دەوڵەت لە کوردستان دەکات، کە ڕاستەوخۆ لە دینامیکی ئیتنۆ-نەژادییەوە سەرچاوە دەگرێت کە ژیانی کورد و ژینگەکەی لە قاڵب دەدات. ناسەقامگیری ئەم شێوازە نامرۆڤانەیە لە کارکردندا دەرەنجامی چەوساندنەوەی نەتەوەیی/دامەزراوەیی کە زیاتر لە دارمان و شکان و چەمانەوەی جەستەی کۆڵبەرەکان لەژێر باری قورسی بوونیان و ئەو بارگرانییەی کە هەڵیدەگرن بەرجەستەیە. سەرەرای ئەوەش، ڕووبەڕووی مەترسی تەقەکردن یان هەنگاونان بۆ ناو کێڵگە مینە بێ نیشانەکان دەبنەوە. جەستەیان شوێنی نمایشی بینراوی سەرکوتی شوناسیانە وەک گرووپی ئیتنۆ زمانی «هەڵە»، کە وەک مرۆڤ

نابینرێن و ناژمێردرێن. ئەو مەترسییەی کە ڕووبەڕووی لەشی کۆڵبەران دەبێتەوە، بەتایبەتی ژنانی کۆڵبەر، نیشاندەری ئەوەیە کە ئەوان وەک شت دەنرخێنرێن، کە بەهۆی نامۆبوونیان لەنێو گوتاری نەتەوەیی-نەژادیی زاڵ و بە ئەمنیکردنی هەمیشەیی «ئەوی دیکە»وەیە.

ژنانی کۆڵبەر بەهۆی ئەزموونکردنی جۆرەها چەوساندنەوە، پێگەیەکی هەڵاواردوی پەراوێزخراویان لە ئێران هەیە. ئەوان وەک ئەندامی چینی خوارەوە، لەڕووی ئابوورییەوە هەژارن و لەهەمانکاتدا لەڕووی سیاسی و کولتوورییەوە وەک کەمینەی کورد و غەیرە شیعە جیاکاری دەکرێن. ئەزموونەکانیان نیشانی دەدەن کە چۆن جێندەر، نەژاد، ئایین و پێگەی چینایەتییان وای کردووە بە هاوڵاتی ئەژمار نەکرێن و لەلای پێکهاتەی دەسەڵات بێبایەخ بن. لەوەش زیاتر، ئەوان بە «یاسای فەرمی» کە لە دەرفەتە مادییەکان بێبەشیان دەکات و ڕووبەڕووی توندوتیژی و لەناوچوون دەکاتەوە، سنووردار کراون. بەتلەر (٢٠١٢) دەڵێت کە ئەوان ئەو سوژانەن کە ژیان و مردنیان نادیارە بۆ «ئەوانی تر» و ماتەمینی بۆ لەدەستدانیان ناگێڕدرێت. ئەو چارەنووس و سزا یاسایی و ئیدارییانەی بەسەر کۆڵبەرەکاندا سەپێنراون، کاریگەریی ژیانی وازلێهێنراو کە مردن چارەنووسیەتی، بەهێزتر دەکەن.

لەم توێژینەوەیەدا، ئێمە چەمکی «کەمپ»مان بەکارهێنا، چ وەک خوازەیەک و چ وەک فۆرمێک لە دەسەڵاتی سەروەر کە لە دەرەوەی یاسا لەشێوەی پەراوێزخستنی گشتگیر کاردەکات (بڕوانە Agamben, 1998). لە حاڵەتی کۆڵبەرانی کورددا، سنوور لە کەمپێک دەچێت کە جیاوازی نێوان یاسایی و نایاسایی و هاوڵاتی و ناهاوڵاتی و دۆست و دوژمن کاڵ بکاتەوە یان بەتەواوی بسڕێتەوە. هەروەها وەک فەزایەکی تۆپۆگرافی کاردەکات کە لەهەمانکاتدا بوون و نەبوونی ئەویتری کورد ئاسایی دەکاتەوە. بەواتایەکی تر، خاکی سنوور وەک شێوازێک بۆ گەمارۆدان و دیاریکردن، دەبێتە ڕژێمێکی تۆپۆگرافی بەهێزی ژێردەستەیی کە مردن و پارچە پارچەکردن بەسەر هەندێک جەستەدا دەسەپێنێت. بوونی ئەم جەستانە، مادده خاوەکە پێشکەشی سەروەر دەکات تاکو دەسەڵاتی خۆی لەسەریان هەڵکۆڵێت.

لە کۆتاییدا، ئێمە توندوتیژییە نیکرۆپۆلەتیکیەکانی دژی ژنانی کورد لە چوارچێوەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی دەوڵەتی ئێراندا خستەڕوو کە لەساڵی ١٩٢٥ەوە «ئەوی دیکە»ی ئیتنی دروستکردووە و بێدەنگ کردووە. بەدرێژایی مێژوو، نیکرۆپاوەری دەوڵەتی ئێران،

کوردەکانی خستووەتە بەردەم هەموو جۆرە توندوتیژییەک لەسەر بنەمای جیاوازی ئیتنیکی و زمانەوانی و ئایینی و جێندەری. ئەم توندوتیژییە لەڕووی گوتارییەوە بە پیگەی «دوژمن»ەوە بەستراوەتەوە. دەوڵەت کوردی وەک ڕەعیەتێکی نەتواوە و خۆڕاگر ناوزەدکردووە، ئەمەش پاساوی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران داوە کە ڕۆژهەڵات لەژێر دۆخی هەڵاواردنی هەمیشەییدا بهێڵێتەوە. ئەم ڕەوانبێژییە گوزارشت لە بەردەوامی تێگەیشتنی ڕۆژهەڵاتیانەی دەوڵەت بۆ نەژاد و تیۆری ڕەگەزی ئاریایی نیشان دەدات کە بنەمای ئێپستیمۆلۆژی و سەروەرییەکەی. ڕەگەزپەرستی وەک پێش مەرجێک بۆ مافی کوشتن دەمێنێتەوە، چونکە هۆکار دەبێت بۆ دروستکردنی پلەبەندییەک لەناو کۆمەڵگە جیاوازەکان، کە تێیدا کۆمەڵێک دەکرێنە باڵادەست و ئەوانی تر کەمدەکرێنەوە و بە کەمینە دەکرێن و سەرکوت دەکرێن. بەومانایەی، هەوڵماندا نیشانی بدەین کە چۆن هەندێک پێکهاتە/تاک لەدەرەوەی سنووری یاسا لەناودەبرێن، بچوک دەکرێنەوە بۆ حاڵەتێکی تەنها بوون، ڕووبەڕووی زیان دەکرێنەوە و وازیان لێدەهێنرێت بۆ لەناوچوون.

## سەرچاوەکان:


- Adams, Rachel. 2017. " Michel Foucault: Biopolitics and Biopower. Critical Legal Thinking." https://criticallegalthinking.com/2017/05/10/michel-foucault-biopolitics-biopower/.
- Afshar, M. 1925. Our Ideal: Iran's National Unity. Tehran: Ayandeh.
- Agamben, Gorgio. 1998. Homo Sacer: Sovereign Power and Bare Life. Stanford University Press.
- Agamben, Gorgio. 2005. State of Exception. Trans. Attel K. Chicago, IL: The University of Chicago Press.
- Agamben, Gorgio. 2008. " The Camp as the 'Nomos' of the Modern." In Violence, Identity, and Self-Determination, edited by H. Vries and S. Weber, 106–118. Stanford University Press.
- AleAhmad, Yosra. 2023. "We Are Both Women and Kurd: An Intersectional Analysis of Female Kolbars Challenges in Iranian Kurdistan Amid the COVID Crisis." Gender, Work and Organization 28(S2): 1–18. https://doi.org/10.1111/

gwao.12975.

- Anbari, Mousa, and Sirwan Abdezadeh. 2020. "Social Construction of Kolbari Phenomenon in the Border Areas of Western Iran (Exploring the Critical Life World of Local Activists in Baneh County)." Community Development (Rural and Urban) 12(1): 153–185. https://doi.org/10.22059/jrd.2020.305267.668564.
- Arnason, Gardar. 2012. " Biopower (Foucault)." In Encyclopedia of Applied Ethics, edited by R. Chadwick. 2nd ed., 305–312. Academic Press.
- Billig, Michael. 1995. Banal Nationalism. London: SAGE Publications.
- Blauner, Robert. 1972. Racial Oppression in America. Harper and Row.
- Bose, Anuja. 2021. "Necropolitics." Contemporary Political Theory 20(2): 172–175. https://doi.org/10.1057/s41296-020-00438-w.
- Braidotti, Rosi. 2007. "Bio-Power and Necro-Politics." Hefte fur Gegenwartskunst 13(2): 18–231.
- Brubaker, Rogers. 1992. Citizenship and Nationhood in France and Germany. Harvard University Press.
- Butler, Judith. 2004. Precarious Life: The Powers of Mourning and Violence. Verso.
- Butler, Judith. 2009. Frames of War: When Is Life Grievable? Verso Books.
- Butler, Judith. 2012. "Precarious Life, Vulnerability, and the Ethics of Co-habitation." Journal of Speculative Philosophy 26(2): 134–151. https://doi.org/10.5325/jspecphil.26.2.0134.
- Campbell, Timothy, and Adam Sitze. 2013. Biopolitics: A Reader. Durham, NC: Duke University Press.
- Chakkour, Soukaina. 2015. Speaking Near Necropolitics: Sovereignty, Geopolitics of Death and Sexual Difference. Master's thesis. Utrecht University.
- Chakraborty, Debadrita. 2021. "The "Living Dead" Within "Death-worlds": Gender Crisis and Covid-19 in India." Gender, Work and Organization 28(S1): 3–18. https://doi.org/10.1111/gwao.12585.
- Chernilo, Daniel. 2007. A Social Theory of the Nation-State: The Political Forms of Modernity Beyond Methodological Nationalism. Abingdon: Routledge.
- Cisney, Vernon, and Nicolae Morar. 2016. Biopower: Foucault and Beyond. University of Chicago Press.
- Clough, Patricia Ticineto, and Craig Willse. 2011. Beyond Biopolitics: Essays on the Governance of Life and Death. Duke University Press.

- Cronin, Stephanie. 2003. The Making of Modern Iran State and Society Under Riza Shah, 1921–1941. London: Routledge.
- Dean, Mitchell. 2010. Governmentality: Power and Rule in Modern Society. SAGE Publications.
- De Genova, Nicholas. 2016. " The 'European' Question: Migration, Race, and Post-Coloniality in 'Europe'." In An Anthology of Migration and Social Transformation, edited by A. Amelina, K. Horvath and B. Meeus. Cham: Springer. https://doi.org/10.1007/978-3-319-23666-7_22.
- De Genova, Nicholas. 2022. "Viral Borders: Migration, Deceleration, and the Re-Bordering of Mobility During the COVID-19 Pandemic." Communication, Culture and Critique 15(2): 139–156. https://doi.org/10.1093/ccc/tcac009.
- Durkheim, Emile. 1893. The Division of Labor in Society, Translated by George Simpson. New York: Free Press.
- Emerson, Guy R. 2019. Necropolitics: Living Death in Mexico. Palgrave Macmillan.
- Esposito, Roberto. 2008. Bios: Biopolitics and Philosophy. University of Minnesota Press.
- Ferrándiz, Francisco, and Antonius C. G. M. Robben. 2015. Necropolitics: Mass Graves and Exhumations in the Age of Human Rights. University of Pennsylvania Press.
- Foucault, Michel. 1977. Discipline and Punish. New York: Vintage Books.
- Foucault, Michel. 1978. The History of Sexuality: Volume 1: An Introduction. Pantheon Books.
- Foucault, Michel. 2003. Society Must Be Defended: Lectures at the College de France, 1975–1976. New York: Picador.
- Geller, Pamela. 2021. " What Is Necropolitics?" In Theorizing Bioarchaeology, edited by P. L. Geller, 87–116. Springer Nature. https://doi.org/10.1007/978-3-030-70704-0_5.
- Golkar, S. 2015. Captive Society: The Basij Militia and Social Control in Iran. Woodrow Wilson Center Press / Columbia University.
- Gressgård, Randi. 2019. "The Racialized Death-Politics of Urban Resilience Governance." Social Identities 25(1): 11–26. https://doi.org/10.1080/13504630.2017.1418605.

- Grosfoguel, Ramon, Laura Oso, and Anastasia Christou. 2015. "'Racism', Intersectionality, and Migration Studies: Framing Some Theoretical Reflections." Identities: Global Studies in Power and Culture 22(6): 635–652. https://doi.org/10.1080/1070289X.2014.950974.
- Han, Sam. 2019. Life in an Uncertain Era. Routledge.
- Hansen, Thomas Blom, and Finn Stepputat. 2006. "Sovereignty Revisited." Annual Review of Anthropology 35(1): 295–315. https://doi.org/10.1146/annurev.anthro.35.081705.123317.
- T. B. Hansen and F. Stepputat. 2009. Sovereign Bodies: Citizens, Migrants, and States in the Postcolonial World. Princeton, NJ: Princeton University Press.
- Haritaworn, Jin, Adi Kuntsman, and Silvia Posocco. 2014. Queer Necropolitics. Routledge.
- Haskaj, Fatmir. 2018. "From Biopower to Necroeconomies: Neoliberalism, Biopower and Death Economies." Philosophy and Social Criticism 44(10): 1148–1168. https://doi.org/10.1177/0191453718772596.
- Hassaniyan, Allan, and Mansour Sohrabi. 2022. "Colonial Management of Iranian Kurdistan; With Emphasis on Water Resources." Journal of World-Systems Research 28(2): 1–29. https://doi.org/10.5195/jwsr.2022.1081.
- Haugaard, Mark. 2022. "Foucault and Power: A Critique and Retheorization." Critical Review 34(3–4): 341–371. https://doi.org/10.1080/08913811.2022.2133803.
- Hechter, Michael. 1975. Internal Colonialism: The Celtic Fringe in British National Development 1536–1966. Routledge and Kegan Paul.
- Islekel, Ege Selin. 2022. "Gender in Necropolitics: Race, Sexuality, and Gendered Death." Philosophy Compass 17(5): e12827. https://doi.org/10.1111/phc3.12827.
- Jenkins, Jennifer. 2016. "Iran in the Nazi New Order, 1933–1941." Iranian Studies 49(5): 727–751. https://doi.org/10.1080/00210862.2016.1217636.
- Katouzian, H. 1981. The Political Economy of Modern Iran: Despotism and Pseudo-modernism, 1926–1979. 1st ed. Palgrave Macmillan.
- Lemke, Thomas. 2019. Critique of Political Reason: Foucault's Analysis of Modern Governmentality. Verso Books.
- Lopes Heimer, Rosa dos Ventos. 2022. "Bodies as Territories of Exception: The

Coloniality and Gendered Necropolitics of State and Intimate Border Violence Against Migrant Women in England." Ethnic and Racial Studies 46(7): 1378–1406. https://doi.org/10.1080/01419870.2022.2144750.

- Matin-Asgari, Afshin. 2018. Both Eastern and Western: An Intellectual History of Iranian Modernity. Cambridge: Cambridge University Press.
- Matin-Asgari, Afshin. 2021. " The Making of Iran's Illiberal Nation-State (1921–1926)." In Mapping the Role of Intellectuals in Iranian Modern and Contemporary History, edited by Ramin Jahanbegloo, 191–216. Lanham: Rowman and Littlefield.
- Mazzara, Federica. 2019. Reframing Migration: Lampedusa, Border Spectacle and Aesthetics of Subversion. Peter Lang.
- Mbembe, Achille. 2001. On the Postcolony. University of California Press.
- Mbembe Achille (2003). "Necropolitics." Public Culture 15(1): 11–40. https://doi.org/10.1215/08992363-15-1-11
- Mbembe, Achille. 2017. Critique of Black Reason. Duke University Press.
- Mbembe, Achille. 2017b. The Age of Humanism Is Ending. Mail and Guardian. https://mg.co.za/article/2016-12-22-00-the-age-of-humanism-is-ending/.
- Mbembe, Achille. 2019. Necropolitics. Duke University Press.
- Mbembe, Achille, and Carolyn Shread. 2020. "The Universal Right to Breathe." CriticalInquiry 47(S2): S58–S62. https://doi.org/10.1086/711437
- Mohammadpour, Ahmad, and Kamal Soleimani. 2019. "Interrogating the Tribal: The Aporia of 'Tribalism' in the Sociological Study of the Middle East." British Journal of Sociology 70(5): 1799–1824.
- Mohammadpour, Ahmad, and Kamal Soleimani. 2020. "'Minoritisation' of the Other: The Iranian Ethno-Theocratic State's Assimilatory Strategies." Postcolonial Studies 24(1): 40–62.
- Mohammadpour, Ahmad, and Kamal Soleimani. 2022. "Silencing the Past: Persian Archaeology, Race, Ethnicity, and Language." Current Anthropology 63(2): 185–210.
- Mohammadpour, Ahmad. 2023a. "Blood for Bread: Necro-Labor, Nonsovereign Bodies, and the State of Exception in Rojhelat." American Anthropologist 126(1): 120–134. https://doi.org/10.1111/aman.13941.
- Mohammadpour, Ahmad. 2023b. "Persian Orientalism: Raciolinguistic Ideologies and the Construction of 'Iranianness'." Nations and Nationalism. https://doi.org/10.1111/nana.12990.

- Mohammadpour, Ahmad. 2024a. "The Invention of Iran: From 'Iranianness' to 'Persianness'." Asian Studies Review. https://doi.org/10.1080/10357823.2024.2355110.
- Mohammadpour, Ahmad. 2024b. "Decolonizing Voices from Rojhelat: Gender-Othering, Ethnic Erasure, and the Politics of Intersectionality in Iran." Critical Sociology 50(1): 85–106. https://doi.org/10.1177/08969205231176051.
- Moradi, Sanan, Adam C. Morse, Alexander B. Murphy, Delaram Pakru, and Shehabad H. 2022. "Geographies of Precarity and Violence in the Kurdish Kolberi Underground Economy." Political Geography 95: 102562. https://doi.org/10.1016/j.polgeo.2021.102562.
- Motadel, David. 2014. " Iran and the Aryan Myth." In Perceptions of Iran: History, Myths and Nationalism from Medieval Persia to the Islamic Republic. International Library of Iranian Studies, edited by A. M. Ansari, Vol. 37, 119–145. I.B. Tauris. https://doi.org/10.5040/9780755611621.ch-008.
- Murray, Stuart J. 2003. " Myth as critique? Review of Michel Foucault's Society must be defended: Lectures at the Collège de France, 1975–1976 [Review of the book Society must be defended: by M. Foucault and D. Macey]." In Qui Parle, Vol. 13, 203–221. Springer.
- Norris, Andrew. 2005. Politics, Metaphysics, and Death: Essays on Giorgio Agamben's Homo Sacer. Duke University Press.
- Padilla, Mark, and Sheilla Rodríguez-Madera. 2021. "Embodiment, Gender Transitioning, and Necropolitics Among Transwomen in Puerto Rico." Current Anthropology 62(S23): S115–S126. https://doi.org/10.1086/711621.
- Parvin, Sattar, Abdul Hussein Kalantari, and Mohammad Rahim Safari. 2014. "Everyday Experiences of Fruit and Vegetable Market Workers in Tehran (With Emphasis on Social Pathologies)." Social Work Research Quarterly 1(2014). https://doi.org/10.22054/rjsw.2015.636.
- Peoples, Columba, and Nick Vaughan-Williams. 2015. Critical Security Studies: An Introduction. 2nd ed. Routledge.
- Quijano, A. 2000. "Coloniality of Power, Eurocentrism and Latin America." Nepantla: Views From South 1(3): 533–580.
- Quinan, Christine, and Kathrin Thiele. 2019. "Biopolitics, Necropolitics, Cosmopolitics—Feminist and Queer Interventions: An Introduction." Journal of Gen-

der Studies 29(1): 1–8. https://doi.org/10.1080/09589236.2020.1693173.

- Quinan, Christine, and Kathrin Thiele. 2021. Biopolitics, Necropolitics, Cosmopolitics: Feminist and Queer Interventions. Routledge.
- Rabinow, Paul, and Nikolas Rose. 2006. "Biopower Today." BioSocieties 1(2): 195–217. https://doi.org/10.1017/S1745855206040014.
- Rawls, Anne Warfield. 1996. "Durkheim's Epistemology: The Neglected Argument." American Journal of Sociology 102(2): 430–482. https://doi.org/10.1086/230952.
- Rawls, A. W., and W. Duck. 2020. Tacit Racism. Chicago, IL: University of Chicago Press.
- Robben, Antonius C. G. M. 2018. A Companion to the Anthropology of Death. Wiley.
- Rouse, Carolyn M. 2021. "Necropolitics versus Biopolitics: Spatialization, White Privilege, and Visibility during a Pandemic." Cultural Anthropology 36(3): 360–367. https://doi.org/10.14506/ca36.3.03.
- Roy, Sara. 2016. The Gaza Strip: The Political Economy of De-development. 3rd ed. Institute for Palestine Studies.
- Salimi, Kaveh, and Shafia Ghodrati. 2020. "Semantic Reconstruction of Kolbari, Qualitative Study of Informal Kolbars of Saqez City [Persian]." Social Work Research Journal7(23):175–215.https://doi.org/10.22054/rjsw.2021.58365.467.
- Skorzak, Jonas. 2019. "Resisting Necropolitics: Reconceptualizing Agency in Mbembé and Agamben." E-International Relations. https://www.e-ir.info/2019/08/21/resisting-necropolitics-reconceptualizing-agency-in-mbembe-and-agamben/.
- Snorton, Riley, and Haritaworn Jin. 2013. " Trans Necropolitics: A Transnational Reflection on Violence, Death, and the Trans of Color Afterlife." In The Transgender Studies Reader, edited by S. Stryker and A. Z. Aizura, 66–76. Routledge.
- Soleimani, Kamal, and Ahmad Mohammadpour. 2020. "Life and Labor on the Internal Colonial Edge and the Political Economy of Kolberi in Rojhelat." British Journal of Sociology 71(4): 741–760.
- Soleimani, Kamal, and Ahmad Mohammadpour. 2023. "The Everydayness of Spectacle Violence Under the Islamic Republic: 'Fire at Will." Security Dialogue 54(3): 231–251. https://doi.org/10.1177/09670106231156694.
- Spade, Dean. 2015. Normal Life: Administrative Violence, Critical Trans Politics, and the Limits of Law. Duke University Press.

- Swiffen, Amy. 2012. "Derrida Contra Agamben: Sovereignty, Biopower, History." Societies 2(4): 345–356. https://doi.org/10.3390/soc2040345.
- Takács, Ádám. 2017. " Biopolitics and Biopower: The Foucauldian Approach and its Contemporary Relevance." In Bioethics and Biopolitics, edited by A. Muzur and H.-M. Sass, 3–15. Springer Nature. https://doi.org/10.1007/978-3-319-66249-7_1.
- Threadcraft, Shatema. 2017. "North American Necropolitics and Gender: On #BlackLivesMatter and Black Femicide." South Atlantic Quarterly 116(3): 553–579. https://doi.org/10.1215/00382876-3961483.
- Threadcraft, Shatema. 2023. " North American Necropolitics and Gender: On Black Lives Matter and Black Femicide." In The Routledge International Handbook on Femicide and Feminicide, edited by M. Corradi, S. Marcuello-Servós, S. Weil and R. Naudi. Routledge.
- Tuck, Eve, and K. Wayne Yang. 2012. "Decolonization Is Not a Metaphor." Decolonization: Indigeneity, Education and Society 1(1): 1–40.
- Valencia, Sayak, and Olga Arnaiz Zhuravleva. 2019. "Necropolitics, Postmortem/Transmortem Politics, and Transfeminisms in the Sexual Economies of Death." TSQ: Transgender Studies Quarterly 6(2): 180–194. https://doi.org/10.1215/23289252-7348468.
- ViewVerdery, Kathrine. 1999. The Political Lives of Dead Bodies: Reburial and Postsocialist Change. Columbia University Press.
- Vergheese, Namrata. 2021. "What Is Necropolitics? The Political Calculation of Life and Death." The Politic. https://www.teenvogue.com/story/what-is-necropolitics.
- Westbrook, Laurel. 2023. "The Matrix of Violence: Intersectionality and Necropolitics in the Murder of Transgender People in the United States, 1990–2019." Gender and Society 37(3): 413–446. https://doi.org/10.1177/08912432231171172.
- Wright, Melissa W. 2011. "Necropolitics, Narcopolitics, and Femicide: Gendered Violence on the Mexico-U.S. Border." Signs 36(3): 707–731. https://doi.org/10.1086/657496.
- Zia-Ebrahimi, Reza. 2016. The Emergence of Iranian Nationalism: Race and the Politics of Dislocation. New York: Columbia University Press.

# ئیسماعیل قائانی

## ئەو "پیاوە سێبەرە"ی کە نەیتوانی بۆشایی سولەیمانی پڕبکاتەوە

و: بارام سوبحی



إسماعيل قاآني... «رجل الظل» الذي أخفق في ملء فراغ سليماني، صحيفة الشرق الأوسط،
- https://aawsat.news/yssrp

ژەنەراڵی نادیار ئیسماعیل قائانی، زیاتر لە چوار ساڵ لەمەوبەرەوە بەرپرسیارێتی ئۆپەراسیۆنەکانی "سوپای پاسداران"ی لەدەرەوەی سنوورەکانی ئێران گرتۆتە ئەستۆ، بەڵام نەیتوانیوە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە بەهۆی کوژرانی ژەنەراڵ قاسم سلێمانی لە هێرشێکی ئاسمانی ئەمریکادا لە ساڵی (٢٠٢٠)، لە سەرکردایەتیی "سوپای قودس"دا دروستبووە.

چەند کاتژمێرێک دوای کوژرانی سلێمانی، یەکەم هەنگاوی عەلی خامنەیی ڕابەری ئێران، دانانی قائانی، «پیاوی سێبەر»ی ناو «سوپای قودس» بوو، بۆ سەرۆکایەتیی قۆڵی دەرەکیی «سوپای پاسداران»، ئەویش لە پەیامەکەیدا جەختی لە پابەندبوون و بەردەوامیدان بە ڕێبازەکەی سلێمانی کردەوە.

لەساتی دانانیەوە، قائانی تێدەکۆشێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سلێمانی، جا چ لە وێنەی کاریزماتیکی میدیایی خۆیدا بێت، یان لە پەیوەندییەکانیدا بێت لەگەڵ گرووپەکانی "میحوەری مقاوەمە" کە "فەیلەقی قودس" سەرپەرشتی چەکدارکردن و ڕاهێنان و هەماهەنگیکردنی ئۆپەراسیۆنە مەیدانییەکانیان دەکات لە عێراقەوە بۆ سووریا و لەوێشەوە بۆ لوبنان تا دەگاتە یەمەن، هەروەها ئۆپەراسیۆنە دەرەکییە ڕاستەوخۆکانی فەیلەقی قودس لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

قائانی (٦٧ ساڵ) لە شاری مەشهەدی پایتەختی پارێزگای خۆراسان لە دایکبووە، کە خامنەیی خەڵکی ئەو شارەیە. لە ساڵی (١٩٧٩) پەیوەندی بە سوپای پاسدارانەوە کردووە و لە تاران مەشقی سەربازیی وەرگرتووە، ساڵی دواتر بەشداری شەڕەکانی سوپای پاسدارانی لەدژی گرووپە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکان لە ڕۆژئاوای ئێران کردووە.

شەڕی ئێران و عێراق

لە ماوەی هەشت ساڵی شەڕی ئێران و عێراقدا، قائانی لە سوپای پاسداراندا لە پێگەیەکەوە بۆ پێگەیەکی دیکە گواسترایەوە. ئەو فەرماندەی "فەیلەقی نەصر خۆراسان" بوو، لە زۆرێک لە شەڕەکاندا بەشداری کردووە، کە گرنگترینیان شەڕەکانی فاو و شەلەمچە بووە، هەروەها لە گەمارۆدانی بەسرە و مێهراندا بەشداری کردووە، کە ئەنجامەکانی لە نێوان سەرکەوتن و شکستدا بووە بۆ هێزەکانی ئێران.

بەگوێرەی ئاژانسی تەسنیمی سوپای پاسداران، دوای دوو ساڵ لە هەڵگیرسانی جەنگ لە ئەیلولی (١٩٨٠)، قائانی لە بەرەکانی شەڕدا سلێمانی ناسیوە. جگە لە ڕۆڵی مەیدانی لە شەڕەکەدا، "فەیلەقی نەسر" پشکی شێری لە ئاوەدانکردنەوەی شار و ڕێگەوبان و پرد و ژێرخاندا بەرکەوتووە، کە لە ئاکامی شەڕەکەدا نزیکەی هەموویان خاپور بوون.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕ، قائانی گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی واتە شاری مەشهەد و بوو بە فەرماندەی هێزی زەمینی سوپای پاسداران لە ناوچەی ڕۆژهەڵات. لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٦ بۆ ٢٠٠٧) پۆستی جێگری بەرپرسی ئیتلاعاتی سوپای پاسداران و جێگری بەرپرسی یەکەی پاراستنی لە ئیتلاعات وەرگرت، پێش ئەوەی بە فەرمی پەیوەندی بە فەیلەقی قودسەوە بکات، بە دانانی وەک جێگری سلێمانی.

**"فەیلەقی قودس" لە سووریا**

لە شەڕی (٣٣) ڕۆژەی نێوان (حیزبوڵڵا) و ئیسرائیل لە ساڵی (٢٠٠٦)، ڕۆڵی سلێمانی بەرەو هەڵکشان چوو، پاش تێوەگلانی ئێران لە ئاڵۆزییەکانی سووریا لە ساڵی (٢٠١١)، ئەستێرەی سلێمانی زیاتر گەشایەوە، بەڵام قائانی جێگری و سەرکردەکانی دیکەی فەیلەقی قودس، جگە لە هەندێک دۆخی ئاوارتە، هیچ ئامادەییەکی ئەوتۆیان نەبوو.

دەرکەوتنی قائانی لە میدیاکانی ئێراندا کەم بوو، ئەو کاتانەشی دەردەکەوت تەنها چیرۆکی ئەو شەڕانەی دەگێڕایەوە کە هەریەکە لە سلێمانی و فەرماندە حوسێن هەمەدانی (لە ساڵی ٢٠١٥ لە شاری حەلەب کوژرا) و فەرماندەی مەیدانی محەمەد ڕەزا فەلاحزادە کە ئێستا جێگری قائانییە، بەشدارییان تێدا کردبوو.

لە مانگی ئایاری (٢٠١٢)، قائانی لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی دەگمەندا کە دواتر لە ماڵپەڕی ئاژانسی (ئیسنا)ی حکومی سڕایەوە، وتی "ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە سووریا نەبووایە، ئەوا کۆمەڵکوژی خەڵکی ئەوێ چەند هێندە زیادی دەکرد". وتیشی: کۆماری ئیسلامی لە سووریا لە هەردوو ئاستی ماددی و نا ماددیدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت. ئەوەشی وت: سووریا جوگرافیای مقاوەمە پێکدەهێنێت.

هەر لەو ساڵەدا، محەمەد عەلی جەعفەری، فەرماندەی سوپای پاسداران لەو کاتەدا، ڕایگەیاند کە ژمارەیەک لە ئەندامانی فەیلەقی قودس لە سووریا "ڕاوێژ و هاوکاری ئابووری"

پێشکەش دەکەن، ڕەتیشیکردەوە هاوکاری "سەربازی" بێت. پاشتر ئێران بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو لە ڕەتکردنەوەی بوونی خۆی، تا ئەو کاتەی بە فەرمی دانی بە ناردنی هێزدا نا لەژێر نازناوی "ڕاوێژکاری سەربازی" و "هێزی بەرگری لە مەزارگەکان".

قائانی ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە مەشقپێکردنی ئەو هێزە شەڕکەرانەی کە لەژێر سەرکردایەتی "فەیلەق قودس"دا لە سووریا شەڕیان دەکرد، پێش ئەوەی داعش لە عێراق دەربکەوێت و ناوچەی ئۆپەراسیۆنەکانی هێزەکانی ئێران بۆ ناوچەکانی عێراق درێژببێتەوە.

قائانی بەشداری کرد لە پێکهێنانی میلیشیاکانی (فاتمیون) بۆ چەکدارانی ئەفغانستان، هەروەها میلیشیاکانی (زەینەبیون) بۆ چەکدارانی پاکستانی، کە لە سووریا و عێراق لەژێر فەرماندەیی فەیلەق قودسدا شەڕیان دەکرد، لەم کارەشدا سوودی لە پاشخانی سەرکردایەتییەکەی لە پارێزگای خۆراسان وەرگرت کە دراوسێی ئەفغانستانە و لە پاکستانیشەوە نزیکە. لە مانگی شوباتی ساڵی (٢٠١٤)، پەرلەمانتاری باڵی بناژۆخوازان مەحمود نەبەویان ڕایگەیاند کە سوپای قودس مەشق و ڕاهێنانی بە (١٥٠) هەزار سووری لە ئێران کردووە، جگەلە ڕاهێنان بە (١٥٠) هەزاری دیکە لە سووریا، هەروەها باسی لە ناردنی پەنجا هەزار چەکداری حیزبوڵڵا بۆ سووریا کرد.

### سیاسەتی ناوخۆ

لە ئاداری (٢٠١٩)، دوابەدوای سەردانەکەی بەشار ئەسەد، سەرۆک کۆماری سووریا بۆ تاران و دیدارە کتوپڕەکەی لەگەڵ عەلی خامنەیی ڕابەری ئێران و پاشان لەگەڵ حەسەن ڕۆحانی سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران، دەرکەوت کە سولەیمانی هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت و وەزارەتی دەرەوەدا نەبووە، ئەوەش وای لە وەزیری دەرەوەی ئەوکاتە محەممەد جەواد زەریف کرد دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بکات، پاشان پاشگەزبوویەوە.

پاشان قائانی بووە مانشێتی ڕۆژنامەکان کاتێک لەبری سولەیمانی لێدوانێکی لەسەر دەستلەکارکێشانەوەی زەریف دا و وتی "ئەسەد لەلایەن فەیلەق قودسەوە هێنرایە تاران"، ئاماژەی بەوەشکرد کە "سەرۆک ئاگاداری سەردانەکە بووە". هەرچەند ئەو حکومەتی تۆمەتبار کرد بە ئاگادارنەکردنەوەی زەریف، بەڵام وتیشی: ئەوانەی دەبوو بزانن ئاگاداربوون، ئەوانەشی نەدەبوو بزانن، نەیانزانی؛ چونکە ئەوە پرسێکی هەستیار بوو».

پێش وەرگرتنی فەرمانداری فەیلەقی قودس، دەرکەوتنی قائانی لە سیاسەتی ناوخۆی ئێراندا دەگمەن بوو. تەنها لە دوو پەیامدا دەرکەوت، دیارترینیان ئەو نامە توندە بوو کە لە سەروبەندی ناڕەزایەتی خوێندکاران لە ساڵی (١٩٩٩)، لەلایەن (٢٤) فەرماندەی سوپای پاسدارانەوە ئاڕاستەی محەمەد خاتەمی سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران کرا. ئەوان گوتیان "سەبریان نەماوە".

پەیامی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠١٢)، کاتێک سەرکردەکانی پاسداران نامەیەکی ئاگادارکردنەوەیان بۆ حوسێن عەلایی فەرماندەی پێشووی ئەم دەزگا سەربازییە نارد، سەبارەت بە بابەتێک کە لە ڕۆژنامەی "ئیتلاعات"دا بڵاوی کردبووەوە و داوایکردبوو پەند لە ڕووخانی شا لە شۆڕشی ساڵی (١٩٧٩) وەربگیرێت.

**سەرکردایەتی فەیلەقی قودس**

دوای ئەوەی قائانی بۆ سەرکردایەتی فەیلەقی قودس ڕاسپێردرا، دروشمی «قائانی سلێمانییەکی دیکەیە» دووبارە دەکرایەوە، بەڵام ئەم فەرماندە نوێیە هەموو ئەو ماوەیە لەژێر سایەی سەرۆکی پێش خۆیدا مایەوە، کە زیاتر لە دە ساڵ بوو جێگەی سەرنجی پڕوپاگەندەی میدیایی سوپای پاسداران بوو. شرۆڤەکارانی ئێرانی دەڵێن، ئەو هەڵمەتە میدیاییە بەرفراوانە، کە گەیشتە ئاستی داستان و ئەفسانە، هەروەها تۆڕی پەیوەندییەکانی سلێمانی، سەرباری ئەو فیلم و کتێبانەی کە لەسەر کارەکتەری سلێمانی بڵاوکراونەوە، بوونەتە لەمپەرێکی گەورە لەبەردەم قائانیدا تاوەکو هەمان ڕۆڵی سلێمانی بگێڕێت.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ماڵپەڕە ئێرانییەکان، زۆرێک پێیانوایە قائانی لەسەر ئاستی سەرکردایەتی و هەژموونیدا نەیتوانیوە بگاتە ئاستی سلێمانی لەنێو گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێراندا، بەتایبەتی لەگەڵ حەسەن نەسروڵڵای ئەمینداری گشتی پێشووی حیزبوڵڵادا. هەوڵەکانی میدیا و سۆسیال میدیای سوپای پاسداران، بۆ برەودان بە وێنەی قائانی وەک سلێمانییەکی تر شکستی هێناوە، هەرچەندە چەندین نازناوی بۆ بەکارهێنرا کە بۆ سلێمانیش بەکاردەهێنرا، وەک "ژەنەراڵ شامی" و "عەقڵی پلاندانەر" و "ئەندازیاری هەواڵگری فەیلەقی قودس".

لە مانگی ئایاری ساڵی ڕابردوو، قائانی ئیرەج مەسجدی وەک ڕێکخەری گشتی یەکەکانی

سوپای قودس دەستنیشان کرد، لە شوێنی ژەنەڕاڵ محەمەد ڕەزا ڕەحیمی کە لە هێرشێکی ئاسمانیدا بۆ سەر بارەگای کونسوڵخانەی ئێران لە سووریا کوژرا. هەروەها دوای مردنی محەمەد حیجازی لە نیسانی (٢٠٢١)، بەهۆی "جەڵتەی دڵ" و "برینی کیمیایی" کە لە یەکەم شەڕی کەنداودا تووشی هاتبوو، محەمەد ڕەزا فەلاح زادەی وەک جێگری خۆی دەستنیشان کرد، هەروەکو سوپای پاسداران بڵاویکردەوە.

لە مانگی ئازاری (٢٠١٩)ەوە فەلاحزادە، دوای ژەنەڕاڵ سلێمانی و قائانی بووە سێهەم پیاوی ناو "فەیلەقی قودس". خامنەیی لەسەر داوای سولەیمانی ڕازی بوو کە پلەکەی لە عەقیدەوە بۆ عەمید بەرز بکاتەوە. شرۆڤەکاران پێیانوایە دانانی فەلاحزادە و پاشان مەسجدی هەوڵێکە لەلایەن قائانی بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە سەرکردایەتی فەیلەقی قودسدا، بەتایبەتی کە مەسجدی ڕاوێژکارێکی دیاری سلێمانی بوو، هەروەها وەک باڵیۆزیش لە عێراقیش دەستنیشانکرا.

قائانی کە لە لیستی سزاکانی ئەمریکا و ئەورووپادایە، هێشتا دوورە لەو وێنەیەی کە سلێمانی پێشکەشی دەکرد، چونکە لە قسەکردن و وتاردانداا کەسێکی لێهاتوو نییە، هەروەها لەمیدیاکان و لەو ڕۆڵانەشی کە سلێمانی لە سیاسەتی ناوخۆیی و ناوچەییدا دەیگێڕا، وێنەیەکی سەرنجڕاکێشی نییە.

سوپای پاسداران پێیوایە پێشهاتەکانی "زریانی ئەقسا" دەرفەتێکی گونجاو بوو بۆ نەخشاندنی وێنەی قائانی لە ڕۆڵی ستراتیژیستێکدا هاوشێوەی سلێمانی، بەڵام قائانی تائێستا نەیتوانیوە ئەو کارە بکات، هەرچەندە ساڵێک بەسەر شەڕی کەرتی غەززەدا تێپەڕیوە، بەرەکانی جەنگیش بۆ ناوچەکانی دیکە پەلیهاویشتوە، تاوەکو ئەو گرووپە چەکدارییانە بگرێتەوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە فەیلەقی قودسەوە هەیە.

## سەرچاوە:

عادل السالمی: إسماعیل قاآني... «رجل الظل» الذي أخفق في ملء فراغ سلیماني، جریده الشرق الاوسط، فی (٧/اکتوبر/٢٠٢٤).

# بەرەی خۆڕاگری؛

## ئیسرائیل، ئێران و هاوپەیمانەکانی بە کەم سەیر دەکات

نووسینی: ڕێناد مانسۆر

وەرگێڕانی: ڕامیار مەحمود

1. RENAD MANSOUR, The Axis of Resilience; Israel Is Underestimating Iran and Its Allies  https://www.foreignaffairs.com/israel/axis-resilience

وەک وەڵامێک بۆ هێرشەکەی حەماس لە ٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوو، حکومەتی ئیسرائیل شەڕێکی ناوچەیی دەستپێکرد، کە مەبەست لێی دوبارە دارشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. ئیسرائیل بە تایبەتی ئەو گرووپانەی کردە ئامانج کە ناو دەبرێن بە بەرەی بەرەنگاری، کە تۆڕێکە لە گرووپەکانی هاوپەیمانی ئێران کە بریتین لە حەماس لە غەزە، حزبوڵڵا لە لوبنان، حوسییەکان لە یەمەن، ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا و بەشێک لە هێزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق. ئیسرائیل بە کارکردن لەسەر پێوەری پێشووی لە هەوڵەکانی دژی بەرەکە، ساڵی ڕابردووی تەرخانکرد بە هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ژێرخانی سیاسی، ئابووری، سەربازی، لۆجستی و پەیوەندییەکانی تۆڕەکە. هەروەها هەڵمەتێکی بێ وێنەی لە دژی سەرکردایەتی بەرەکە ئەنجامداوە و سەرکردەکانی حەماس و حزبولڵا و چەندین فەرماندەی باڵای سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی کوشتووە.

هێرشی دڕندانەی ئیسرائیل پشتبەستوو بە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو و ستراتیجی شەڕی سەراپایی، کە گەڕەک و شارەکان تەخت و بێ دانیشتووان دەکات، بەهێزتر بووە و هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە شێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم باڵادەستییە سەربازییە حاشا هەڵنەگرەدا، باسی پشتیوانییەکانی ئەمریکا و شانشینی یەکگرتوو و ئەورووپا ناکەم بۆ ئیسرائیل، پێناچێت ئیسرائیل ئەو ڕێکخراو و ڕژێمانەی سەر بە بەرەکەن بەو شێوەیەی کە هیوای بۆ دەخوازێت، بتوانێت بنبڕی بکات. جار و بار بەرەکە توانای گونجاندن و خۆڕاگرییەکی نیشانداوە، کە نیشانەی ئەو پەیوەندییە قووڵانەیە کە ئەم گرووپانە و ئەندامەکانیان لەناو دەوڵەت و کۆمەڵگەکانی خۆیاندا پاراستویانە. لەمەش زیاتر، ئەو پەیوەندییە نێودەوڵەتیانەی کە بەرەکە لە ناویدایە دەبێت تێگەیشتنمان بۆی بگۆڕێت، بەو مانایەیە کە نابێت حەماس و حزبوڵڵا و ڕێکخراو و ئەندامەکانی دیکەی تەنها وەک ئەکتەری نادەوڵەتی یان گرووپە چەکدارە یاخیبووەکان ببینین. بەڵکو وەک تۆڕێکی بەیەکەوە گرێدراوی سیاسی، ئابووری، سەربازی و ئایدیۆلۆژییە بەردەوام لێی تێبگەن.

ئەم تۆڕانە کە ناوچەیین و هەندێک جار تەنانەت جیهانیشن، توانای ئەوەیان بە ئەندامانی بەرەکە داوە کە بەرگەی شۆکی جۆراوجۆر بگرن، تەنانەت شکستی سەربازیش، وەک تیرۆرکردنی ژەنەراڵ قاسم سولەیمانی، لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٠ لەلایەن ئەمریکاوە؛ هەروەها بەرگەی دارمانی ئابووریش بگرن، وەک سزاو پەکخستنەکانی هەڵمەتی «زۆرترین فشار»ی سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ و دارمانی بانکی لوبنان لە ساڵی ٢٠١٩، کە حیسابی دارایی زۆرێک لە گرووپ و ئەندامەکانی هەڵوەشاندەوە؛ هەروەها بەرگەی ڕاپەڕینی جەماوەری بگرن، وەک ئەو نارەزایەتیانەی کە لە کاتی جیاجیادا ڕووبەڕووی بەرەکە دەبویەوە لە ئێران، عێراق، لوبنان، سووریا و غەزە. سەرەڕای ئەم ئاڵنگارییانە، ئەندامانی بەرەکەو بەرەکە بە گشتی بۆ مانەوەیان پشبەستوون بە هاوکاری دەوڵەتەکانیان و کۆمەڵگە لۆکاڵییەکانیان.

خۆڕاگریی مێژوویی بەرەی بەرەنگاریی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بۆ ئیسرائیل زەحمەتە گرووپەکانی وەک حەماس و حیزبوڵڵا لەناو بەرێت. لە هەموو دۆخێکدا ستراتیجی ئیسرائیل بۆ شەڕی سەرتاسەری تەنها توانای بەدەستهێنانی سەرکەوتنی تاکتیکی کورتخایەنی هەیە لەگەڵ لاوازکردنی توانای گرووپ و لایەنە چەکدارەکان و بۆ ماوەیەک ناچاریان دەکات، بچنە ناو جۆرێک لە شێوازی مانەوە. بەڵام بەبێ چارەسەرێکی سیاسی پێدەچێت بەرەکە جارێکی دیکە سوود لە سەرچاوە ناوخۆییەکانی وەربگرێت لەگەڵ پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا دوبارە بە کاریگەرتر بگەڕێتەوە مەیدانەکە و خۆی لە ئاستی ناوخۆیی و ناوچەییدا ڕێکبخاتەوە. لەڕاستیدا لە ٧ی ئۆکتۆبەرەوە، گرووپە بچووکەکانی ناو بەرەکە دەستیان بە فرسەتی بەهێز گەیشتووە بۆ هاوپەیمانییەکانیان. لە کاتێکدا حەماس و حزبوڵڵا و سوپای پاسداران بەرگەی سەختی هێرشەکانی ئیسرائیل دەگرن، گرووپەکانی وەک کەتایبی حزبوڵڵای عێراق و حوسییەکان لە یەمەن سەرمایەگوزارییان لەم قەیرانەدا کردووە بۆ ئەوەی وەک یاریزانێکی بەهێز و ناوچەیی دەربکەون.

## هەستانەوە لە ڕێگەی خۆگونجاندنەوە

بەرەی بەرەنگاریی وەک ئەوەی ئەمڕۆ، جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ ئەو تۆڕە کە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دامەزرا هەیە. لەو کاتەدا کۆماری ئیسلامیی تازە دروستبووی ئێران حیزبوڵڵای دروستکرد وەک نیشاندانی هێز و ئامانجەکەی «هەناردەکردنی شۆڕش» و بەکارهێنانی «هێڵی بەرگری پێشەوە» بوو لە ڕێگەی خۆپاریزی ناهاوسەنگەوە لە بەرامبەر هەڕەشە هەستپێکراوەکان، واتە ئیسرائیل. ئێران بە شێوەیەکی ستراتیجی ئەم مۆدێلەی لە سەرانسەری وڵاتانی جۆراوجۆردا دوبارە کردەوە. لە دەوروبەری هەمانکاتدا کە حزبوڵڵای دامەزراند، بۆ نمونە، ئێران گرووپە شیعەکانی عێراقی وەک فەیلەقی بەدر دامەزراند، کە ڕۆڵیان هەبوو لە ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن، سەرۆک کۆماری عێراق و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە عێراقی دوای ٢٠٠٣. لە ساڵانی نەوەدەکاندا ئێران لایەنە فەڵەستینییەکانی وەک جیهادی ئیسلامی فەڵەستینی و حەماسی بەهێزتر کرد، بەمەش بووە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی کاریگەرییەکانیان. لە دوای ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١، ئێران پشتیوانی خۆی بۆ ئەسەد فراوانکرد لە سووریا و هاوکات بۆ حوسییەکان لە یەمەن، بەمەش تۆڕی خۆی لە سەر ئاستی هەرێمایەتی پتەوکرد.

ئەوەی لە بنەڕەتدا بەردەوامیدا بەم گرووپانە، پشتبەستنێکی قووڵ بوو بە ڕژێمە حوکمڕانییە ناوخۆییەکانیان و بنکە کۆمەڵایەتییەکانیان. ئەوان پێکەوەیی خۆیان لە دەوڵەتەکانی خۆیاندا بە ئەندازەیەک چەسپاند، کە سەرۆکە فەرمییەکانی حکومەت لە ئێران، عێراق، لوبنان، سووریا، یەمەن و غەزە، هەموویان یان ئەندامی ئەو گرووپانەبوون کە سەر بە بەرەکەن یان بە پشتیوانی بەرەکە لە حکومدا بوون. جگە لەوەش، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی نێوان ئەم گرووپەکانە وەکو بیمەیەکی گرنگ لە ماوەی شۆکەکاندا کاری کردووە.

تاقیکردنەوەیەکی پێشوەختەی بەرەکە لە ساڵی ١٩٩٢دا ڕوویدا، کاتێک ئیسرائیل عەباس ئەلموسەوی تیرۆر کرد کە ئەمینداری گشتی حیزبوڵڵا بوو. لەو کاتەدا ڕۆژنامەیەکی گەورەی ئیسرائیل ڕایگەیاند کە "سەردەمی ململانێ لەگەڵ حزبوڵڵا لە گۆڕەپانی یارییەکە بە ئاسوودەیی کۆتایی هات". بەڵام سەرەڕای هێرشەکە، حیزبوڵڵا توانی خۆی پێکبهێنێتەوە.

پارتەکە سوودی لە پشتیوانی لۆکاڵی و کۆمەڵگەی شیعەی لوبنان وەرگرت وەک بانقێکی مرۆیی و سەرباری، ئەمەش پشتیوانیکردنی لە لایەن ئێرانەوە گرنگ بوو، کە یارمەتی دارایی و مەشقی سەربازی و ڕێنمایی ستراتیجی پێشکەش دەکرد. ئەم تۆڕە پاڵپشتییە بەهێزە وایکرد حزبوڵڵا نەک هەر بتوانێت چاکببێتەوە بەڵکو کاریگەری خۆی فراوانتر کرد. لە ژێر ڕێنمایی ئەنجوومەنی شورا و حەسەن نەسروڵڵا، جێنشینی موسەوی، حزبوڵڵا لە کۆتاییدا ئەوەندە بەهێز بوو، کە توانی لە ساڵی ٢٠٠٠دا ئیسرائیل لە خاکی لوبنان ناچار بە دەرچوون بکات. ئەم سەرکەوتنە لە پاڵ شەڕی ٢٠٠٦ کە حیزبوڵڵا شەڕی ئیسرائیلی کرد تا لە لەشکرکێشی بوەستێت سەرکەوتنێکی بێوێنە بوو بۆ میلیشیا عەرەبییەکان ناوبانگێکی بەرز و بەهێزی بەرەکە بەخشی.

ئاڵنگارییەکی دیکەی بەرەکە لە ساڵی ٢٠١١ هاتە ئاراوە، کاتێک ڕژێمی ئەسەد لە سووریا ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بووەوە لە شێوەی شەڕی ناوخۆدا. نارەزایەتییەکان دژ بە ڕژێم کە لە سەرەتادا داوای چاکسازییان دەکرد، دواتر بوو بە ڕاپەڕینێکی چەکداری کە لە لایەن گرووپەکانەوە - بە پشتیوانی تورکیا و دەوڵەتانی کەنداو - داوای گۆڕینی ڕژێمیان کرد. بەڵام جارێکی دیکە بەرەکە توانی خۆی بە شێوەیەک بگونجێنێت کە ڕێگەی پێبدات ئەم قەیرانە تێپەڕێنێت. ئەسەد ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە دەستەبەرکردنی پەیوەندی ئەم گرووپانە بە دەوڵەتانی دەوروبەرەوە، لە هەمووی گرنگتر، ڕووسیا هات بۆ ڕزگارکردنی ئەسەد و بوو بە هاوبەشێکی جیهانی کاریگەر بۆ تۆڕەکە. بەڵام ڕژێمی ئەسەد سوودی لە هاوکاری ئەندامانی دیکەی بەرەکەش وەرگرت. لە ژێر ڕابەرایەتی ستراتیجی قاسم سولەیمانی، سوپای قودسی سوپای پاسداران لەگەڵ گرووپە چەکدارە شیعەکانی عێراق، دەستیان کرد بە دروستکردنی پردێکی وشکانی گرنگ بۆ گواستنەوەی پێداویستی و چەک و چەکداران لە ئێران و عێراقەوە بۆ سووریا. لە کۆتاییدا چەکدارانی حیزبوڵڵا ڕەوانەی بەرەکانی شەڕی ناوخۆ کران و لەوێ ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان هەبوو لە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی چەکداری. (هەرچەندە لە سەرەتادا بەهۆی دژایەتی لایەنگرانی ناوخۆییەوە ئامادە نەبوو بچێتە ناو ململانێی سووریاوە، بەڵام حزبوڵڵا لەلایەن ئێرانەوە ناچار بوو دەستوەردان بکات.) لە کاتێکدا حکومەتی ئەسەد لە لێواری داڕماندا بوو، حزبوڵڵا بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە هەنگاوی نا بۆ پاراستنی ڕژێمەکە و ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی

ڕژێمێکی نوێ لە دیمەشق کە دوژمنایەتی بەرەکە بکات.

ئەو بەرە خۆڕاگرییەی ئەمڕۆ هەیە جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ ئەو تۆڕە هەیە کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دامەزراوە.

ڕاپەڕینەکانی ساڵی ٢٠١١بووە هۆی تێکەڵبوونی فەرمی حوسییەکان بە بەرەی بەرەنگارییەوە. دوابەدوای ڕووخانی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح، سەرۆک کۆماری یەمەن، پشتیوانی ئێران بووە ئامرازێک بۆ گۆڕینی حوسییەکان لە گرووپێکی چەکداری ناوخۆییەوە بۆ هێزێکی سەربازیی ترسناک و بێ شومار. ئێران بە پێشکەشکردنی یارمەتی دارایی و چەکی پێشکەوتوو و مەشقی سەربازی وایکرد حوسییەکان بتوانن توانای ئۆپەراسیۆنەکانیان بەرز بکەنەوە. ئەم هاوکارییەی ئێران لەپاڵ بنکەی کۆمەڵایەتی پاڵپشتیی ناوخۆیی، ڕێگەی بە حوسییەکان دا کە لە ساڵی ٢٠١٤دا دەستبەسەر سەنعای پایتەختی یەمەندا بگرن و هەژموونی خۆیان دروستبکەن لە دژی ئەو هاوپەیمانییەی سعودییە سەرۆکایەتی دەکرد.

سەرباری هێرشە سەربازییەکان، بەرەی خۆڕاگریی ڕووبەڕووی هێرشی ئابووریش بووەتەوە لە شێوەی سزادان. لە ساڵانی سەرەتای ئەم سەدەیەدا، خواستە ئەتۆمییەکانی ئێران و پەرەسەندنی نفوزەکەی بووە هۆی ئەوەی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا سزای نوێ لە دژی ئێران و هاوپەیمانەکانی لەناو بەرەکەدا دابنێت. سزاکان لە ساڵی ٢٠١٨دا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کرد، کاتێک ترەمپ لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران پاشگەز بووەوە و هەڵمەتی زۆرترین فشاری خۆی دەستپێکرد. ئەم هەڵمەتە بەشێکی مەبەستی کەمکردنەوەی هەناردەی نەوتی ئێران بوو بۆ ئاستی سفر و بەمەش سەرچاوەیەکی داهاتی چارەنووسساز لە ڕژێم زەوت کرا. سزاکان ئابووری ئێرانی وێران کرد، بەڵام بازرگانی نەوتی ڕژێمیان ڕانەگرت. لەبری ئەوە تاران ڕێگەی نافەرمی بۆ فرۆشتنی نەوتەکەی لە ڕێگەی دۆزیەوە. ئێران بە یارمەتی هاوپەیمانەکانی لە بەرەی بەرەنگاریدا، ئەم بازاڕە نافەرمییانەی بەکارهێنا بۆ بازرگانیکردن بە سەرچاوەکانی وزە و دابینکردنی بودجە بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و دەستڕاگەیشتن بە دۆلاری ئەمریکی. بۆ نموونە لە عێراقدا ئێران لەگەڵ باقی بەرەکە کاریان کرد بۆ تێکەڵکردنی سووتەمەنی ئێرانی و غەیرە ئێرانی پێش ئەوەی بیفرۆشێت بە وڵاتانی ئاسیا. داهاتی ئەم بازرگانییە ڕێگەی بە ئێران دا کە کەرەستەو

پێکهاتەکانی چەک بکڕێت و بینێرێت بۆ هاوپەیمانەکانی لە سەرتاسەری ناوچەکەدا. هەروەها پەیوەندی جیهانی زیاتری بە بەرەکە بەخشی لە شێوەی کڕیارانی نەوتی چینیدا.

دوا ئاڵنگاری گەورە کە بەرەی بەرەنگاریی پێش هێرشی ئیسرائیل لە دوای ٧ی تشرینی یەکەم بۆ سەر حەماس و حزبوڵڵا ڕووبەڕووی بووەوە، تیرۆرکردنی قاسم سولەیمانی بوو لەلایەن ئەمریکاوە، لە کانونی دووەمی ٢٠٢٠ سولەیمانی ڕۆڵی سەرەکی لە دروستکردنی بەرەکەدا هەبوو، لە ڕاستیشدا وەک ڕابەری بەرەکە بوو، هەروەها خاوەنی شێوازی فەرماندەیی بوو لە سەرەوە بۆ خوارەوە، بەو مانایە مردنەکەی شکستێکی گەورە بوو بۆ ئێران و هاوپەیمانەکانی. بەڵام هەرچەندە هێرشەکە شەپۆلی شۆکی لە ناو تۆڕەکەدا دروستکرد- گرووپ و ئەندامی بەرەکە لە عێراق خۆیان شاردەوە- بەڵام لە کۆتاییدا، توانای خۆگونجاندنیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشە جدییەکان نیشاندایەوە.

دوای مردنی سولەیمانی، بەرەکە بونیادی تۆڕەکەی گۆڕی کە سەرەوە بۆ خوارەوە لەلایەن ئێرانەوە بەڕێوەدەبرا، گۆڕا بۆ هاوپەیمانییەکی ئاسۆیی یەکگرتووتر. ئێران ڕۆڵێکی سەرەکی لە دانانی ئاڕاستەی ستراتیجی بەرەکەدا پاراست. بەڵام پێکهاتە نوێیەکە ڕێگەی بە ئەندامانی دیکەدا ئۆتۆنۆمی زیاتر و کارلێکی سەربەخۆتر لەگەڵ تاران و یەکتردا بکەن، لەبەرە چاکسازیکراوەدا. نەسروڵڵای حزبوڵڵا بوو بە نێوەندگیرێکی کاریگەر: ڕێنمایی ستراتیجی و بەردەوامی پێشکەش بە ئیسماعیل قائانی جێنشینی سولەیمانی دەکرد. قائانی ئامانجی گۆڕینی بەرەکە بوو بۆ دامەزراوەیەکی فەرمی و یەکگرتووتر، بەهێزکردنی ئەندامەکانی بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی زیاتر و وەک یەکسان کاربکەن. (ئەم ئامانجە تاڕادەیەک بەبێ مەبەست بوو، بۆ خودی خۆشی یارمەتیدەر و کارئاسانکردن بوو، بەهۆی ئەوەی قائانی نە پەیوەندییە شەخسییە قووڵەکانی سولەیمانی هەبوو و نە شارەزایی لە زمانی عەرەبیدا هەبوو، ئەمەش ڕێنمایی نەسروڵڵای هێندەی تر چارەنووسسازکرد).

بۆ نموونە لە عێراق نەسروڵڵا و نوێنەرەکەی محەمەد ئەلکەوسەرانی وەک ڕاوێژکاری سەرەکی حکومەتی بەغدا دەرکەوتن. ئەوان یارمەتیدەر بوون لە دامرکاندنەوەی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی تیشرین، کە چەند مانگێک پێش تیرۆرکردنی سولەیمانی سەریهەڵدابوو، کە تیایدا خۆپیشاندەران داوای کۆتاییهێنانیان بە ڕژێمی حوکمڕانی دوای

٢٠٠٣ی هاوپەیمانی ئێران دەکرد. نەسروڵڵا و کەوسەرانی یارمەتی بەهێزکردنی ڕژێمیاندا لە دژی نارەزایەتی جەماوەری. لەم ماوەیەدا، کەوسەرانی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی حیزبوڵڵای لە سەرانسەری عێراقیشدا بە شێوەیەکی بەرچاو فراوانتر کرد، بەمەش ئەو بۆشاییە پڕکردەوە کە بەهۆی مردنی سولەیمانییەوە دروستبوو. ئەم گۆڕانکاریانە هەرچەندە بەهۆی شۆکێکی نەرێنیەوە بووە، بەڵام جارێکی دیکە گڕوینی بە بەرەکە بەخشییەوە.

### وەڵامدانەوەی شەڕی سەرتاسەری ئیسرائیل

ئەو هەڕەشانەی پێشوو کە لەسەر بەرەی بەرەنگاریی بوون کەمترە بە بەراورد بەو شەڕە سەرتاسەرییەی کە ئیسرائیل لە وەڵامی هێرشەکەی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبەر دەستیپێکرد. بەڵام هەروەک پێشتر بەرەکە ناچار بوو خۆی لەگەڵ ئەم دۆخەشدا بگونجێنێت. بە تایبەتی بەردەوام بووە لە گواستنەوە بۆ پێکهاتەیەکی فەرماندەیی ئاسۆییتر و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زیاتر توندتر کردووە.

تا ڕادەیەکی زۆر جیاواز لە ململانێکانی پێشوو، شەڕی ئیسرائیل لە دژی حەماس و حزبوڵڵا وەڵامی توندی هاوپەیمانانی دیکەی ناو بەرەکەی دروستەکردووە، وەک حوسییەکان و کەتایبەکانی حیزبوڵڵا، کە ڕەگ و ڕیشەی لە فەیلەقی بەدری هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا هەیە و لە ئێستادا بە حەشدی شەعبی عێراقەوە. پێشتر ئەم گرووپانە لە پەراوێزدابوون و کەمتر گرنگ بوون و کەم پێگەبوون لەناو داینامیکی ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا هەم ئۆتۆنۆمیەتی خۆیان و هەم کاریگەریی ناوچەیی خۆیان قووڵ و فراوان کردۆتەوە.

بۆ نمونە حوسییەکان بۆ یەکەمجار دەستیان کرد بە بەکارهێنانی موشەکی بالیستی دژە کەشتی بۆ تێکدانی ڕێگەکانی کەشتیوانی بازرگانی. ئەوان هێرشیان کردە سەر ئەو کەشتیانەی کە بە دەریای سووردا دەڕۆیشتن، کۆمپانیاکانی گواستنەوەی باریان ناچار کرد ڕێگەکەیان بۆ دەوروبەری ئەفریقادا بگۆڕن، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی تێچوون و دواکەوتنی گەیاندنی وزە و خۆراک و کاڵای بەکارهێنراو لە سەرانسەری جیهاندا.

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ناو بەرەکە وەکو بیمەیەکی سیاسی گرنگ لە ماوەی شۆکەکاندا کاری کردووە.

لەکاتێکدا حەماس و حزبوڵڵا کەوتنە بەر هێرش، کەتایبی حزبوڵڵا هەوڵی بەشداریکردن و کاریگەری زیاتری لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا داوە.. لە هەنگاوێکدا کە ئاڵنگاری بوو بۆ ئەو تێگەیشتنە میللییەی کە ئەمانە تەنها بریکارێکی ئێرانین، لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٤دا سێ ئەندامی خزمەتگوزاری ئەمریکایان لە سنووری ئوردن و سووریا لە هێرشێکدا بۆ سەر بنکەیەکی سەربازی ئەمریکا کوشت، کە بە تاوەری ٢٢ ناسراوە. ئەم چالاکییە دژی خواستی سوپای پاسداران بوو، کە دواتر داوای لە کەتایبی حیزبوڵڵا کرد هێرشکردن ڕابگرێت. سەرەڕای ئەوەش هێرشەکە پێکهاتەیەکی نوێی بەرەکەی ئاشکرا کرد، کە خۆی بینیەوە لە بڕیاردانی چالاکتر و سەربەخۆتری ئەندامەکانی بەرەکە.

هەروەها لە دوای ٧ی ئۆکتۆبەرەوە پەیوەندییەکی نزیکتر لە نێوان هەندێک لە ئەندامانی بەرەی بەرگریدا پەرەپێداوە. بۆ ماوەی چەند ساڵێک حوسییەکان تەنیا بوونی ناوەکی لە عێراقدا هەبوو و یەک نوێنەریان لە بەغدا هەبوو. کارەکانی ئەو نێردەرە زیاتر هێمایی بوو نەک جەوهەری. بەڵام لە وەڵامی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر حەماس و حیزبوڵڵا حوسییەکان هاوکارییەکانیان لەگەڵ حەشدی شەعبی قووڵتر کردەوە. ئەم هاوکارییە چڕبوویەوە لە زیادبوونی ئاڵوگۆڕی چەک و ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان و بەرزکردنەوەی توانای هێرشکردنە سەر ئیسرائیل.

هەروەها ئەندامانی بەرەکە لە دوای تیرۆرکردنی نەسروڵڵا لە مانگی ئەیلولدا بە شێوەیەکی یەکگرتووتر پێکەوە کاریان کردووە لە سنوورەکاندا. لە دوای مردنی نەسروڵڵا، دەیان نوخبەی ئابووری حزبوڵڵا و خێزانەکانیان ڕوویان لە باشووری عێراق کرد و بە هاوکاری ئەسەد لە ڕێگەی وشکانییەوە بە سووریادا گەشتیان کرد. ئەوان بە خێرایی شوێنی نیشتەجێبوونیان دۆزیەوە، چونکە حزبوڵڵا دوای مردنی سولەیمانی چالاکییە بازرگانییەکانی لە عێراق فروانکردبوو لەنێویاندا وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابووری و زەوی و کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون. ئەم پەیوەندییە ئابوورییانە ڕێگەیان بە نوخبەکانی حزبوڵڵا دا لە هێڵی پێشەوەی ڕاستەوخۆی شەڕەکە لە لوبنان دەربچن و لە هەمانکاتدا بەردەوام بن لە بەدەستهێنانی داهات. جارێکی تریش، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بەرەکە دەرفەتێکی چارەنووسسازیان بۆ ژیانی ئەندامەکانیان دابینکرد لەو ماوە ئێجگار سەختەدا.

### پێویستی بۆ لێپرسینەوە

بە دڵنیاییەوە ئیسرائیل لە سروشتی نێودەوڵەتی بەرەکە تێدەگات. هەر بەهۆی ئەم تێگەیشتنەوەیە کە حکومەتی بنیامین ناتانیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە وەڵامی ٧ی ئۆکتۆبەردا دەستی کرد بە ستراتیجی جەنگی سەرتاسەری، ستراتیجییەک کە هێرشەکانی بە چڕی و جیاواز نەک تەنها دژی حەماس بەڵکو دژی حیزبوڵڵا، ئێران، ڕژێمی ئەسەد و... ئەندامانی تری بەرەکە ئەنجامدا.

بەڵام کردارەکانی ئیسرائیل بە درێژایی ساڵی پار ئەوەمان پێدەڵێت کە ئیسرائیل لە ڕووی ستراتیجییەوە خۆڕاگری تۆڕەکەی بەکەم سەیرکردووە، هەروەها لە بابەتی چارەسەری سەربازیشدا لە حاڵێکدا ئەگەر کۆتوبەندی یاسای نێودەوڵەتیش نەیگرێتەوە، تا چەند دەتوانێت گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی دیکەدا بهێنێتە ئاراوە. ساڵی ڕابردوو بۆمانی سەلماند، کە تۆڕەکە تا ڕادەیەکی باش هێشتا توانای ئەوەی هەیە خۆی لەگەڵ ئاستەنگە سەربازی و ئابوورییەکان بگونجێنێت. لە کاتێکدا زۆرێک لە گرووپ و ئەندامەکانی لە ماوەی ئەم ململانێیە توندەدا لە ژێر زەوی یان لە نزیک ماڵەوە دەمێننەوە و خۆیان حەشار دەدەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەردەوام دەبن لە سوودوەرگرتن لە پشتیوانی ناوخۆیی، پشتیوانی ئەندامانی دیکەی تۆڕەکە لە سەرانسەری ناوچەکە و لە هاوپەیمانە جیهانییەکانی وەک ڕووسیا و چین. بنبڕکردنی تۆڕەکە بە تەواوی کارێکی مەحاڵە و پێدەچێت لانیکەم پێویستی بە ڕووخاندن و داگیرکردن و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی نوێ هەبێت لە هەر شوێنێک کە گرووپەکان بەرەی بەرەنگاریی بونیان هەبێت. بۆ وڵاتێکی وەک ئیسرائیل کە لە دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە تاوانی جەنگ تۆمەتبار دەکرێت، ئەو جۆرە هەوڵانە دەبێتە هۆی لێدان و زیان گەیاندن بە هاوپەیمانە سەرەکییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

مێژوو پێمان دەڵێت کە کردەوە سەربازییەکانی ئیسرائیل بەبێ چارەسەرێکی سیاسی گشتگیر سەرکەوتوو نابێت، بە تایبەت کاتێک ئەو کردەوانە لە دەرەوەی خاکی خۆی ئەنجام بدرێت. بەڵکو پێدەچێت هەڵمەتی ئیسرائیل ببێتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسەقامگیرتر بێت، کە تێیدا ئاشتی ڕاستەقینە تەنها ببێتە ئەگەرێکی دوور.

کۆمەڵکوژییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر خەڵکی سڤیل کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە شەرمەزارکراون، دەبنە هۆی وێرانکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەبنە سەرچاوەیەکی باشی سوودلێوەرگرتنی گرووپەکانی بەرەنگاریی بۆ پەرەدان بە ئایدۆلۆژیای بەرەنگاریی. تا ڕادەیەک بۆتە بەڵگەنەویست، دانیشتوانی ئێران، عێراق، لوبنان و سووریا ئێستا ئەوە بۆیان ئاڵنگارییە بیر لە لێپرسینەوە لە گرووپەکانی بەرەنگاریی بکەنەوە کە ژیانی ڕۆژانەیان بەڕێوەدەبەن و لە دەستی ئەواندایە، زۆر زەحمەتە بتوانن داوای چاکسازی بکەن، ئەمە بۆیان ئاڵنگارییە و دەزانن. چونکە لە شەڕی سەرتاسەری ئیسرائیل هاوڵاتییە مەدەنییەکان زیاتر بوونەتە قوربانی وەک لە ئەندامانی بەرەکە.

لایەنە کاراکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرلەوەی ئیسرائیل قودرەتمەند بکەن، پێویستیان بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی هەیە، کە بە ئاگربەستی شەڕە خوێناوییەکانی غەزە و لوبنان دەست پێبکات. هەنگاوی داهاتوو دەبێ بەشداری پێکردنی حکومەتەکانی پەیوەست بە بەرەکە بێت بۆ دانوستان لەسەر یەکلاکردنەوەی فراوانتر کە سروشتی ڕاستەقینەی دینامیکی دەسەڵات لە ناوچەکەدا لەبەرچاو بگرێت. بەبێ ڕێبازێکی وەها گشتگیر، ململانێی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەر بەردەوام بێت و زیانەکەنی دەکەونە ئەستۆی نەوەکانی داهاتوو.

• ڕێناد مانسۆر توێژەرێکی باڵا و بەڕێوەبەری پرۆژەی دەستپێشخەری عێراقە لە چاتم هاوس.

## سەرچاوە

٣١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ لە فۆرن ئەفێرز بڵاوکراوەتەوە.

https://www.foreignaffairs.com/israel/axis-resilience



# کەسایەتی

# ئێرانناسی



# سەید محەممەد خاتەمی؛ هێمای ڕیفۆرمخوازیی

ئامادەکردن: د. ژیلوان لطیف یارأحمد

محممەد خاتەمی، لە ١٤ تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ لە شاری ئەردەکان ی سەر بە «پارێزگای یەزد» لەدایکبووە، لە نەوەی ساداتی تەباتەباییە، کە ڕەچەڵەکی دەگاتە ئیبراهیم تەباتەبایی کوڕی ئیسماعیل دیباج کوڕی ئیبراهیم غەمەر کوڕی حەسەن موتنی کوڕی حەسەن موجتەبی، خاتەمی جگە لە زمانی زگماکی، زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و ئەڵمانی شارەزایە. قۆناغی سەرەتایی و ئامادەیی لە ئەردەکان بەسەر بردووە و بڕوانامەی زانستە ئەزموونییەکانی وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٦١ چووەتە مەدرەسەی قوم لە ساڵی ١٩٦٥ چووەتە ئیسفەهان و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە فەلسەفەی ڕۆژئاوایی لە زانکۆی ئیسفەهان تەواو کردووەو بڕوانامەی ماستەری لە ساڵی ١٩٦٩ تەواو کردووە، دواتر لە

ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ «زۆهرا سادق» هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی دوو کچ و کوڕێکە بە ناوەکانی لەیلا و نێرگس و عیمادودین. دواتر خاتەمی لە ساڵی ١٩٧١ دا دەرفەتی سکۆلەرشیپێکێکی بۆ خولێکی دکتۆرا لە دەرەوەی وڵات وەرگرت، دواتر گەڕایەوە قوم و بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە ئاستی دەرەکیی فیقهـ و پرەنسیپ و فەلسەفەدا لای هەریەك لە مورتەزا حایری یەزدی لە فیقهدا، حسێن وەحید خوراسانی لە بنەماکانی فیقهدا، سەید موسا شابیری زەنجانی لە زانستی پیاو و زاراوەی فەرمووده و عەبدوڵڵا جەوادی ئامۆلی لە فەلسەفەدا خوێندوویەتی، هەروەها بەشداری لە پۆلی تایبەتی «مۆرتیزا مۆتاهاری»دا کردووە لەسەر فەلسەفەی جۆرج ویلهێلم فریدریش هیگڵ و مارکسیزم. زیاتر لەوە خاتەمی لە ماوەی مانەوەی لە قوم و ئیسفەهان یەکێک بوو لە ئەندامە چالاکەکانی (کۆمەڵەی خوێندکارانی ئیسلامی ئیسفەهان)، دواتر ئیمامەتی ناوەندی ئیسلامی هامبۆرگی گرتە ئەستۆ، ئەم ناوەندە پەیوەندی بە یەکێتی کۆمەڵەی خوێندکارانی ئیسلامی لە ئەوروپا و ئەمریکاوە هەبوو.

### ڕێبەرایەتی ڕەوتێکی نوێی ڕیفۆرمخواز

دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پەهلەوی، خاتەمی لە ئازاری ساڵی ١٩٧٩ وەک نوێنەری ئەردەکان هاتە ناو پەرلەمان و لە ساڵی ١٩٨٠دا بووتە نوێنەری (ئەردەکان و مەیبود) لە ئەنجومەنی ئیسلامی، لە هەمان ساڵدا وەک نوێنەری ئایەتوڵڵا خومەینی و بەرپرسی ئینستیتیوتی کەیهان دەستبەکاربوو. لە ساڵی ١٩٨١ خاتەمی لە کابینەی میر حسێن موسەوی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتە بە وەزیری ڕۆشنبیری و ئیرشادی ئیسلامی هەڵبژێردرا و لە کابینەی هاشمی ڕەفسەنجانیش هەمان پۆستی هەبوو، تاکو لە ساڵی ١٩٩٢ بەردەوامبوو، لەم قۆناغەدا خاتەمی وەك ڕێبەری بیری نارەزایی و ئیسلاح دەرکەوت، ئەم دیدگایە لە نامەی دەست لەکارکێشانەوەیدا بەدیارکەوت کاتێك نووسیبووی: « لەگەڵ شکاندنی هەموو سنوورە یاسایی، ئایینی، ئەخلاقی و داب و نەریتییەکاندا، کارەکان ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی تێپەڕاندووە (ئەگەر بە نادادپەروەرانەش بێت)»، هەر بۆیە هاشمی پێی وابوو بە مانەوەی خاتەمی، ناوەندێک بۆ هێرشکردنە سەر حکومەتەکەی، هەر بۆیە پێشنیاری دەستگرتن بەسەر ناوەندی کولتووری بۆ ڕاقەی فەرهەنگی ڕۆژئاوا نزیك لە

خاتەمی کرد.

وێڕای ئەوە لە کاتی جەنگی ئێران – عێراقدا، بەرپرسی فەرماندەیی گشتی و بەرپرسی بارەگای پڕوپاگەندەی جەنگ بووە، دواترو لە ساڵی ١٩٩٩ەوە ڕاوێژکاری سەرۆک و بەرپرسی کتێبخانەی نیشتمانی بووە، لە ساڵی ١٩٩٦ دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی فەرهەنگی، پاشان لە ساڵی ١٩٩٧ وەک نوێنەری چاکسازیخوازانی ناوخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد و بە بەدەستهێنانی زیاتر لە ٢٠ ملیۆن دەنگ و ٧٠٪ی دەنگەگان بووە پێنجەمین سەرۆککۆماری ئێران، لەوێدا وەك سیاسەتمەدارێکی ڕیفۆرمخواز و سەرۆکی فراکسیۆنی ئیسلاحگەرا ناسرا، هە ر بۆیە (گۆڤاری نیوزویک) لە ساڵی ٢٠٠٩ بە پێنجەم پیاوی بەهێزی ئێران ناوی برد، بە تایبەت پاش ئەوەی بیرۆکەیەکی بە ناوی «دیالۆگی شارستانییەت» پێشنیارکرد، بەو هۆیەوە «دامەزراوەی باران»ی دامەزراند و دکتۆرای فەخری لە زانکۆی تاران، زانکۆی سانت ئەندرۆس لە ئینگلتەرا و زانکۆی لیێج لە بەلجیکا پێبەخشرا.

**ڕۆڵی خاتەمی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێر اندا**

خاتەمی لە دۆخێکدا دەسەڵاتی گرتە دەست، کە تەنگەژەی سزادانی بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی لە دادگاکانی ئەڵمانیا بە تۆمەتی کوشتنی چەند سەرکردەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاتە ئاراوە، ئەمە لە کاتێکدا پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و یەکێتی ئەوروپا لە لوتکەی ئاڵۆزیدا بوو، باڵیۆزەکانی ئەوروپا ئێرانیان بەجێهێشتبوو، هەروەها ئێران تۆمەتبار کراوە بەوەی دەستی هەبووە لە هێرشی سەر بنکەی ئەمریکی لە ئەلخۆبەر، سعودیە و کەنیسەی جولەکەکان لە ئەرجەنتین، هەروەها تاقمی تاڵیبان زۆربەی ناوچەکانی ئەفغانستانی بە ناوچە سنوورییەکانی گرتبوو، هەروەها دەنگدانی چاوەڕواننەکراوی خەڵک لە ٢ی حوزەیران و هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی ئەو ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لە دەرهێنانی ئێران لەو دۆخە مەترسیدارە.

بیرۆکەی وتووێژی نێوان شارستانیەتەکان یەکێک بوو لە کارە هەرە گرنگەکانی حکومەتی خاتەمی لە بواری پەیوەندییەکانی دەرەوەدا، بەجۆرێك نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ٢٠٠١ی وەک «ساڵی دیالۆگی شارستانیەتەکان» ناویبرد، پاشان خاتەمی بەشداریی

لە دانیشتنی دەستپێکی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، کە بیل کلینتۆنیش تێیدا گوێی لە وتارەکەی خاتەمی گرت، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕێوشوێنانەدا، تاکو ڕادەیەک ئێران لە گۆشەگیریی دوور خرایەوە، لە کاتێکدا یەکەم سەرۆک کۆماری ئێران بوو کە گەشتێکی فەرمی بۆ ئەڵمانیا، ئیتالیا و نەمسا ئەنجامدا. بەم پێیە لە ساڵانی یەکەمی ئیدارەی خاتەمیدا، ئەمریکا ڕێگری لە پەسەندکردنی سزا نوێیەکانی سەر ئێران کرد و کۆمپانیاکانی نەوتی تۆتال، پترۆناس و گازپرۆمی لە یاسای سزاکانی داماتا بەخشی. هەروەها چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ کەناڵی سی ئێن ئێن ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە باشترکردنی وێنەی ئێران لە ئەمریکا.

یەکێک لە گرنگترین هەڵوێستەکانی خاتەمی وتارەکەی بوو لە دژی هێرشەکانی ١١ی ئەیلول، کە توانی ئێران لە هێرشەکانی ئەمریکا دووربخاتەوە، هەرچەندە ئێران نەیتوانی هاوکاری سەربازیی لە ڕووخاندنی تاڵیبان و سەدام حوسێن هەبێت، بەڵام محەممەد خاتەمی لە نیوەی دووەمی حکومەتەکەیدا پلانی دارشت بۆ کارلێککردنی بنیاتنەر لەگەڵ ڕۆژئاوا، بەم پێیە لە ٢١ی خەزەڵوەری ٢٠٠٣، لە کۆبوونەوەی هاوبەشی وەزیرانی دەرەوەی سێ وڵاتی ئەوروپایی و شاندی ئێران لە تاران بەڕێوەچوو، تیایدا بەیاننامەیەك ڕاگەیەندراو ڕایانگەیاند، کە ئێران هاوکاری پشکنەرانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی بۆ دامەزراوە ئەتۆمییەکان دەکات، دوابەدوای ئەمەش ڕێککەوتننامەی برۆکسل لە ٤ی ئازاری ٢٠٠٤ واژۆ کرا کە هاوتایە لەگەڵ ٢٣ی شوباتی ٢٠٠٤ و ئێران پابەند بوو بە ڕاگرتنی دروستکردن و تاقیکردنەوەی سانتریفیوژەکانی پێویست بۆ پیتاندن، بەڵام دواتر هەریەك لە جۆن بۆڵتۆن و کۆندۆلیزا ڕایس جۆرج دبلیو. بوش بووە هۆی ئەوەی لایەنی ئەوروپی پابەند نەبێت بە بەڵێنەکانی و دواجار ڕێککەوتنەکانی نێوان ئێران و ئەوروپا لە مانگەکانی کۆتایی ئیدارەی محەممەد خاتەمی کۆتایی هات و هەر بۆیەش لە کۆتا مانگی ئیدارەی هەشتەمدا محەمەد خاتەمی ڕایگەیاند کە دەست بە پیتاندنی یۆرانیۆم دەکاتەوە، ئەگەرچی لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا، خاتەمی لەگەڵ زۆر کەسایەتی کاریگەردا کۆبووەوە لەوانە پاپا جۆن پاوڵی دووەم، کۆشیرۆ ماتسورا، جاک شیراک، یۆهانس ڕاو، ڤلادیمێر پوتین، عەبدولعەزیز بوتەفلیقە، نێڵسۆن ماندێلا و هوگۆ چاوێز.

## ڕۆڵی خاتەمی لە پەرەپێدانی لایەنی فەرهەنگیدا

لە ساڵی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا خاتەمی ئاماژەی بەوەدا، کە خزمەتکردنی ئایین ئەوەیە کە بڵێین دین و ئازادی لەگەڵ یەکتردا دەگونجێت، ئایینێک کە ڕێز لە مرۆڤ بگرێت سەرەتا ڕێز لە ئازادی مرۆڤ دەگرێت و ڕاشیگەیاند پێویستە بەربەستەکانی بەردەم ئازادی لاببەین، هەر بۆیە لە ساڵانی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا، ئازادیی ڕێژەیی ڕۆژنامەگەری لە وڵاتدا پێکهێنرا، بەشێک لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن توانیان بڵاوکراوە چاپ بکەن یان بابەت بڵاوبکەنەوە، ئەم ئازادییە ڕێژەیی و گۆڕانکارییە لە فۆرم و ناوەڕۆکی چاپەمەنیدا، تا تیراژی ڕۆژنامەکان بۆ یەکەمجار لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٨دا لە ڕۆژێکدا دوو ملیۆن دانەیان تێپەڕاند، لەو ماوەیەدا سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئێران، سەندیکای نەتەوەیی ڕۆژنامەنووسان لە ئێران لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ دوای دەستبەکاربوونی خاتەمی دامەزرا، هەر بۆیە لە ماوەی هەشت ساڵی سەرۆکایەتیی خاتەمیدا یەکێک لە پرسە سەرەکی و ئاڵنگارییەکان ئازادیی و فراوانبوونی پانتایی کاری ڕۆژنامەوانیی بوو، بەجۆرێك لەو ماوەیەدا ڕۆژنامەکانی وەک ئازاد، ئافتابداغەندەر، عەسر ئازادگان، ئێران فەردا، سۆب مۆرۆز، تۆس، خورداد، جامیعە و سەلام دەردەچوون.

زیاتر لەوە لەو کاتەدا کە ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی پۆستی سەرۆکایەتیی وڵاتەکەی ڕادەستی محەممەد خاتەمی کرد، ساڵانە ١٤ هەزار و ٣٨٦ کتێب بەرهەم دەهێنرا و کاتێک محەممەد خاتەمی حکوومەتی ڕادەستی مەحمود ئەحمەدی نژاد کرد، ساڵانە سێ هەزار و ١٩٩٨ ناونیشان بەرهەم دەهێنرا. دواتر لە سەردەمی خاتەمیدا ئەو کتێبانەی کە لە سەردەمی وەزارەتەکەی سەید مستەفا میرسالمدا ڕێگەیان پێنەدرا چاپبکرێنەوە، ئەم بەرهەمە بووە هۆی ئەوەی کە کتێبەکانی وەک ڕۆمانی دە بەرگی کلیداری مەحمود ئابادی کە لە ماوەی پێشوودا بۆ ماوەی سێ ساڵ قەدەغە کرابوو، چانسی چاپکردنیان بۆ ڕەخسێت. بەشێکی گرنگی چالاکییەکانی کتێب لە سەردەمی خاتەمیدا تەرخانکرابوو بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبی پەیوەندیدار بە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان. هەروەها تەواوکردن و کردنەوەی کتێبخانەی نیشتمانی کە لە سەردەمی سەرۆکایەتی هاشمی ڕەفسەنجانی دەستی پێکرد و لە هەمان قۆناغدا بوودجەکەی تەرخانکرا.

## ڕۆڵی خاتەمی لە پێشخستنی ژێرخانی ئابووریدا

سەرەتای ئیدارەی خاتەمی لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت و دابەزینی داهاتی ئاڵوگۆڕی دراوی بیانی بۆ ٩,٩ ملیار دۆلار دەستبەکاربوو، قەرزکردن لە بانکی ناوەندی بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی بودجە بووە هۆی بەرزبوونەوەی هەڵاوسان بۆ زیاتر لە ٢٠٪ لە ساڵی ١٩٩٩، کە وردە وردە دابەزی بۆ نزیکەی ١٣٪. لەم کاتەدا حکومەت سیاسەتی یەکسانکردنی نرخی ئاڵوگۆڕی جێبەجێ کرد، بەم هۆیەوە کەمترین ڕێژەی هەڵاوسان لە ماوەی هەشت ساڵی سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا تۆمارکرا، زیاتر لەوە گەشەی ئابووری لە سەرووی ٦٪ یارمەتیدەر بووە بۆ کەمکردنەوەی قەرزە دەرەکییەکان، پاشان دامەزراندنی حیسابی یەدەگی دراوی بیانی، چاکسازی لە سیستەمی باج، سەقامگیرکردنی نرخی ئاڵوگۆڕ و پەسەندکردنی، قەدەغەکردنی قەرزی حکومەت لە بانکی ناوەندی، کەمکردنەوەی ئاسانکاری قەرز، دامەزراندنی بانکی تایبەت و جێبەجێکردنی یاسای وەبەرهێنانی بیانی لە گرنگترین ڕێوشوێنەکانی حکومەتی خاتەمی. بەرزترین ڕێژەی وەبەرهێنان لە ماوەی هەشت ساڵی سەرۆکایەتییەکەیدا تۆمارکرا، لە ماوەی سێیەمین بەرنامەی پەرەپێدان لە ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٤، ڕێگە بە چوار بانکی ئەهلی درا کە کار بکەن، هەروەها فراوانکردنی تۆڕی هێڵی زەمینی و مۆبایل و کێڵگەی گازی پارسی باشوور و دامەزراندنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئیمام خومەینی و هێڵی ئاسنی بافەق – مەشهەد و ئیستغلالکردنی ٥٠ بەنداو لە پرۆژە گەورەکان بوونە پلانی سێیەمی گەشەپێدانی حکومەتەکەی خاتەمی، پاشان لە بواری ڕێگاوبانیشدا، هەرچەندە پێشکەوتنی کارکردن لەسەر ڕێگا ئازادەکانی قەزڤین-ڕەشت و ئیسفەهان بەرچاو بوو، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە پرۆژەی بیناسازی ڕێگای ئازادی تاران-باکور و نۆژەنکردنەوەی ڕێگای هەراز-ئامێل و ڕێگای چالوس نەبینرا، لەکاتێکدا لە حکومەتی یەکەمی خاتەمیدا چوار هەزار و ٥٠٩ پاسی بۆ بەلەمی ڕێگاوبانی ئێران زیادکرد و تێکڕای تەمەنی زیاتر لە دوانزە ساڵ کەمکردەوە و لە ساڵانی کۆتایی حکومەتی محەممەد خاتەمیدا ٢٢ فڕۆکە بۆ بەلەمی ئاسمانی ئێران زیادکرا و کۆی ژمارەی فڕۆکەکانی ئێران زیادکرا لە فڕۆکەکانی هێڵە ئاسمانییەکانی ئێران بۆ ٨٥ فڕۆکە.

لە سەردەمی سەرۆکایەتی خاتەمیدا، گەورەترین گرێبەستی وەبەرهێنانی بیانی لە پیشەسازی ئۆتۆمبێلی ئێران لەگەڵ کۆمپانیای ڕێنۆ، نیسان، ڤۆڵکسواگن و هیۆندا مۆتۆر


واژۆ کرا و هەروەها ئۆتۆمبێلی نیشتمانی سامەند دروستکرا، هەروەها گرێبەستی پرۆژەی ڕێنۆ تاندەر ٩٠ گەورەترین گرێبەستی وەبەرهێنانی بیانییە بۆ بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل لە ئێراندا، بەپێی ئەو گرێبەستە، لە قۆناغی یەکەمدا، بڕیار بوو ساڵانە ٣٠٠ هەزار ئۆتۆمبێل بەرهەمبهێنرێن و لە قۆناغەکانی داهاتووشدا بڕیار بوو ٥٠٠ هەزار ئۆتۆمبێل بەرهەمبهێنرێن زیاتر لە ساڵانی پێش شۆڕشی ١٩٧٩دا بنیات نراوە. هەروەها لە بواری بەرهەمهێنانی نەوتدا لە ساڵی ١٩٩٩ ئێران پلەی یەکەمی لە پشکینین و گەڕان لەسەر ئاستی جیهاندا بەدەستهێنا، هەروەها بەڕێوەبەرانی نەوتی خاتەمی خاوەنی پێنج قۆناغی گەورەترین کێڵگەی غازی جیهانن کە کێڵگەی گازی پارسی باشوورە و بە دیزاینکردنی ١٧ قۆناغی دیکە، هەروەها داهاتی بەرهەمە پترۆکیمیاییەکانی ئێران لەم ساڵانەدا بە یارمەتی وەبەرهێنانی ١٨ ملیار دۆلار، ٢ ملیار و ٢٠٠ ملیۆن دۆلار زیادی کردووە.

**دووەمین خولی سەرۆکایەتی محەممەد خاتەمی**

خاتەمی لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی کۆماردا هەوڵی زۆری دا بۆ پەسەندکردنی پڕۆژە یاسای دوانە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن و ڕوونکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار، کە چەندین جار لەلایەن ئەنجومەنی پارێزەرانی دەستوورەوە بە تاوانی ناکۆکی لەگەڵ شەریعەت و دەستوور ڕەتکرایەوە. لە کۆتایی سەرۆکایەتیی خاتەمیدا، هەڵبژاردنی حەوتەمی مەجلیس بەڕێوەچوو و بێبەشکردنی بەربڵاوی کاندیدە ڕیفۆرمخوازەکان یەکێک لە کێشەکانی دیکەی بوو. بەڵام لە کاتی هەڵبژاردنی هەشتەمی سەرۆکایەتی لە ساڵی ٢٠٠١دا، خاتەمی بە ٢٢ میلیۆن دەنگ بۆ جاری دووەم بوو بە سەرۆک کۆماری ئێران. لەگەڵ دەستپێکی خولی دووەمی سەرۆکایەتی کۆمار، شەپۆلی ڕەخنە لە خاتەمی لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکاریش بەرز بووەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە نزمترین ئاستی بەشداریی گشتی لە هەڵبژاردنەکاندا تۆماربکرێت، بە جۆرێک کە بناژۆخوازەکان لە هەڵبژاردنی شوراکانی شار و گوندەکانی تاران لە ساڵی ٢٠٠١دا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. لە دوو ساڵی کۆتایی سەرۆکایەتیی خاتەمیدا، قەیرانی ئەتۆمی جارێکی دیکە پێگەی سەقامگیرکەری ئێرانی لە گۆڕەپانی جیهانی هەژاند. چیرۆکی مەرگی گوماناوی زەهرا کازمی، دۆسیەی مافی مرۆڤی ئێران و دۆخی گرینگی ئەکبەر گەنجی وایکردووە هەوڵەکانی خاتەمی بۆ گۆڕینی جیهانبینی بۆ ئێران کەمتر کاریگەر بێت.

کتێبناسی

ئێرانناسی




# پاشایەتیی ماد

ئیقرار عەلییێف

ئامادەکردن: ئێراناسی

---

١. ئیقرار عەلییێف.( ١٣٨٨ ) پادشاهی ماد. ترجمه: کامبیز میربها. تهران. انتشارات ققنوس

ئیقرار عەلییێف (١٩٢٤-٢٠٠٤) مێژوونووسی گەورە و ناوداری ڕووس و ئازەربایجانە، کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و تایبەت لێکۆڵینەوەی لە سەر مێژووی «شانشینی ماد» کردووە. نووسەر زیاتر لە سەد و شەست کتێبی لە پاش خۆی بەجێهێشتوە. سەرنجی لە سەر سێ زۆنی مێژووی گرنگی ناوچەکە هەبووە؛ شانشینی ماد، ئاترۆپاتن، ئەلبانیای قەفقاز. توانای خوێندنەوەی خەتەکانی بزماری سۆمەری و ئەکەدی و ئاشووری و فارسی دێرینی هەبووە. ئیقرار عەلێف زۆر دژی سادە نووسی بووە لە مێژوودا، کە ئامانجی سیاسی و ئایدۆلۆژی لە پشتییەوە هەبێت . بەو مانایەی کە مێژوو بریتییە لە هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانی ڕابووردوو بە پشت بەستن بە بەڵگەی بەهێز. ئایدیۆلۆجیستە سادەنووسەکان کەرەستەی پێویستیان لە بەر دەست نییە بۆیە ناتوانین پشتییان پێببەستین. ئیقرار عەلییێف تا ڕادەیەکی زۆر دڵنیاییمان دەداتی لە درووستی و ئەکادیمیبوونی ناوەرۆکی کتێبەکە. لە هەمانکاتدا مێژوونووسانی وەک ئیگۆر میخایلۆویچ دیاکۆنۆف( ١٩١٤-١٩٩٩) کاریان لە سەر مێژووی ماد کردوە. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بورهان قانیع لە ژێر ناونیشانی «میدیا» وەریگێڕایە سەر زمانی کوردی. ئەو کتێبە بۆ سەردەمی خۆی و هەم وەرگێڕانەکە گەنجینەیەکی پڕ بەها بوو.

بۆ چی مێژووی ماد؟ چەند هۆکارێک لە پشت دەستنیشانکردنی ئەم مێژووەوە هەیە. بۆ ئێراننناسی و شارەزابوون لە ئێران و مێژووەکەی هیچ چارەیەکمان نییە جگە لەوەیکە بە دەروازەی لێڵ و ئاڵۆزی مادەکاندا تێپەڕ بکەین. مێژوونووسانی ئێران کە لە ژێر کاریگەری تێزی پان. ئێرانیسم گرنگییان بە شکۆی شانشینی کۆرش و هەخامەنشیەکان داوە. مێژووی ماد وەک پێشەکی و سەرەتایەک بۆ هەخامەنشییەکان تەماشا کراوە. لە سەرتاسەری سەدەی ڕابردوو هیچ لێکۆڵینەوەیەکی جددی لە سەر مێژووی ماد لە ئێران نەکراوە. جگە لە نیشاندانی بەردە پەیکەری شێرە ڕاکشاوەکەی هەمەدان و دۆزینەوەی چەند شوێنێکی شوێنەواری لە ئێران. ئەویش لە چواچێوەی لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسی و مراندنی ئەو مێژووە لە مۆزەخانەکان.

ئیقرار عەلێیف لە کتێبە ناوازەکەی لە سەر مێژووی ماد، بە شێوەیەکی جیاوازتر لە دیاکۆنۆف کاری لە سەر مێژووی ماد کردوە. هەرچەندە لە پێشەکی کتێبەکەدا

سوپاسی دیاكۆنۆف دەكات كە سەرنجی لە سەر نووسینەكانی هەبووە. ئەم كتێبە هاوكات مەوسوعەیەكی گەورەیە لە سەر بنچینە كەلتوری و ئایینی و نەژادی... سەردەمی پێش ماد و چاخی سەرهەڵدانی ماد لە مێژوودا. كۆی لێكۆڵینەوەكەی عەلییێف لە پێشەكی و یانزە بەشی سەركی پێک هاتووە. زمانی گێڕانەوەكە شیرین و بۆ ئەكادمیستەكان و بۆ خوێنەری ئاساییش زۆر گۆنجاوە و هیچ گرێ و گۆڵێک ناخاتە بەردەم خۆێنەر.

قوتابخانەی ڕووسی لە مێژوودا كاری گەورەیان كردوە. ڕووس بۆ ئێران و كورد و ناوچەكە هەمیشە ناوەندێكی دەوڵەمەندی ئەرشیف و لێكۆڵینەوەی مێژووی بووە. بە تاییبەتی لە سەر مێژووی شانشینی ماد كە پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆی بە مێژووی دێرینی كوردەوە هەیە. لە لایەكی ترەوە ، چەند قۆناغێكی گرنگ لە مێژووی ئێراندا بوونیان هەیە كە زۆر گرنگن بۆ ئێرانناس و ڕۆژهەڵاتناسەكان، كە خاڵی وەرچەرخانی گرنگن لە مێژووی ئێران و ناوچەكەش.دیاریكردنی ئەو قۆناغانە، یارمەتیدەر دەبن لە ناسین و تێگەیشنی قوڵ بۆ مێژووی گشتی ئێران ومێژووی كورد بە تایبەتی.

• مێژووی كۆنی ئێران( ماد، هەخامەنشی. ساسانی) تا هاتنی ئیسلام و كاریگەرییە قوڵەكانی بە سەر خوگرافیا و مێژووی بەرزاییەكانی ئێران.

• سەدەمی سەفەوی و شیعەگەرایی، كە خاڵی وەرچەرخانە بۆ ئیران و ناوچەكەش.

• مێژووی قاجارییە كە دەستی بێگانە و دەستوەردانی وڵاتانی جیهانی لە ئیران كراوە دەبێت. سەردەمی شەڕە خۆێناوییەكانی ئێران و ڕووس.

• **پەهلەوی و شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران.**

نووسەر لێكۆڵینەوەیەكی زۆر چڕ و پڕی لە سەر كۆێ مێژووی ماد بە ئەنجام گەیاندووە. لە بەشی یەكەمی كتێبەكەیدا سەرچاوەكانی لێكۆڵینەوەكەی بە شێوازێكی ئەكادیمی و درووست لە سەرچاوە ئاشووری و یۆنانییەكان وەرگرتووە و بە باشی شارەزای سەرچاوە ڕووسی و بیانییەكانە.

بەشی چوارەم و پێنجەمی لێكۆڵینەوەكە پتر لە یەک لە سەر سێی كتێبەكە پێک دەهێنی. لە بەشی چواری كتێبەكە بە وردی لە سەر سەرچاوە و بنچینەی زمانی گەلانی ناوچەكە و پەیوەندی نێوان زمانی گەلانی خۆجێیی ناوچەكە و زمانی گەلانی ئاریا كاری

کردوە. لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی بە ئاراستەی لێکۆڵینەوە لە زمانی عیلامی کۆن و گەلانی نێشتەجێی سەرزەمینی ماد سەرنج ڕاکێشە. عەلییێف پێیوایە کە زمانی گەلانی خۆجێی ڕۆژئاوای ئێران ( سەرزەمینی ماد) عیلامی بووە. هەر وەها ئاماژەی بۆ پۆلە زمانەکانی هاوسێی ڕۆژئاوای بەرزاییەکانی ئێران لێکۆڵیەوەی وردی ئەنجام داوە.

لە بەشی پێنجەمی کتێبەکە تیشکی خستووەتە سەر شوێنەواری شارستانییەی کۆنی ناوچەکە و لێکۆڵینەوەی وردی لە ناوچە شوێنەواەیەکانی وەک؛ تەپە سیەلکی کاشانی و تەپە گییانی نەهاوەند و تەپە گوویی، دەکاتە بنچێنە بۆ لێکۆڵینەوە لە چاخی نیئۆلۆتیک لە بەرزاییەکانی ئێران. پاشان ئەنجامگیری دەکات کە لە کۆتایی هەزارەی دووەم و سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین کۆمەڵگای سەرزەمینی رۆژئاوای ئێران هەڵومەرجی سەرهەڵدانی کۆمەڵگایەکی چینایەتی تێیدا بە دیار دەکەون. لە بەشی هەشتەمی لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی بۆ بونیاتنانی دەوڵەتی ماد و سوودی لە سەرچاوەی باوەڕپێکراو و ئەنجامگیری درووستیشی خستووەتەڕوو. ئەم لێکۆڵینەوەیە دەروازەیەکی زۆر گرنگە بۆ ئەو مێژووناسانەی کە خوازیاری سەرچاوەی ناب و گرنگ بن لە لێکۆڵینەوەی مێژوویدا. لە هەمان کاتدا کتێبی «پاشایەتی ماد» ی ئیقرار عەلییێف و کتێبی «میدیا» دایکۆنۆف دووانەیەکی زۆر بەهادار و درەوشاوەی مێژووی مادەکانە کە بە ڕای زۆرینەی پسپۆرانی ئەو بوارە، باڵادەستییان نیە. ئەم کتێبە پێشنیارە بۆ هەموو ئەوانەی کە خواستی ڕۆژهەڵاتناسی و ئێرانناسییان هەیە. بۆ هەموو ئەوانەی کە خواستی ئەوەیان هەیە لە مێژووی دێرینی کورد، بنچینەکەی لە سەردەمی بەردین و پاشان هاتنی ئاریا بۆ ناوچەکە و چۆنێتی ئاوێتە بوونی گەلانی ئاری و دانیشتوانی خۆجێی ناوچەکە تێڕوانینێکی زانستیانەی قوڵییان هەبێت. هەڵسەنگاندنێکی پڕ و چڕ کە بتوانیین لە ئاست مەزنی ئەم لێکۆڵینەوەدا بێت لە توانای ئامدەکاری ئەم کتێبناسییە بەدەرە و ئەمە هەنگاوێکی زۆر بچووکە بۆ ئەم ناساندنە.

چەمکناسی

ئێرانناسی

# ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازیی

## [اصلاحات و اصلاح طلبی]

ئامادەکردن: هەورامان فەریق

چەمکی ڕیفۆرم و ڕیفۆرمخوازیی لە ئێراندا ڕەگویشەیەکی قووڵی هزریی هەیە و بەنێو هزر و ڕۆشنبیریی ئایینیدا ڕۆشتووەتە خوارەوە. هەڵبەت لەم کورتەباسەدا سەرنجی ئێمە لەسەر مێژووی هزریی دەرکەوتن و تەشەنەکردنی چەمکەکە نییە. بۆ نمونە لە سەید جەمالەدینی ئەفغانییەوە تا عەلی شەریعەتی، عەبدولکەریم سروش و موحسین کەدیڤەر. بەڵکو سەرنجمان لەسەر ڕیفۆرمە وەك کردەی سیاسی و لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئەو وڵاتەوە.

چەمکی ڕیفۆرم یەکانگیرە لەگەڵ ڕیفۆرمخوازی و ڕیفۆرمخوازانەوە. هەرچەندە بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە سەرهەڵدانی ئەم چەمکە هەن. بۆ نمونە لە دەیەی سێیەمی شۆڕشەوە. بەڵام بۆچوونی زاڵ، بەکارهێنانی ئەم چەمکە بۆ سەرهەڵدانی باڵێکی سیاسی بەناوی ڕیفۆرمخوازی دەگەڕێنێتەوە، کە پاش هەڵبژاردنەکانی دووەمی حوزەیرانی

(دوم خرداد)ی ١٣٧٦ی هەتاویی (١٩٩٧ز) بە ئامانجی ڕیفۆرم (اصلاحات) سەری هەڵدا. واتە پێش هەڵبژاردنی سەید موحەمەدی خاتەمی وەك سەرۆك کۆماری ئێران نەهاتبوویە نێو پانتایی گشتی و تەنانەت ڕاگەیاندنەکانەوە. هەڵبەت سیاسەتە ڕیفۆرمخوازییەکان لە دوو پانتایی نێوخۆیی (لە چوارچێوەی دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی) و دەرەکی (لە پانتایی کەمکردنەوەی بەریەککەوتن و هاوکارییە ئاشتیخوازییەکان) پێناسە دەکرێت.

لەم گۆشە نیگایەوە و بە سەرهەڵدانی شۆڕش، هەندێك لە دەستەبژێرانی ڕۆشنبیری ئایینی و هەندێکیان کاریگەر بە چەپ، دەستیان بە ڕوو وەرچەرخان بەرەو بە دیموکراسیکردنی سیستەمی سیاسیی باڵادەست کرد. بە کۆتاییهاتنی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق و بە هاتنەسەرکاری محەمەد خاتەمی هێدی هێدی گوڕ و تینی شۆڕشیش ڕووی لە دامرکانەوە کرد و دروشمەکانی گەشەپێدانی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی بە پاشگری ئایینییەوە هاتنە کایەوە. ئەم باڵە ڕیفۆرمخوازە، بانگەشەی بۆ چەسپاندنی چەمکگەلێکی وەك کۆمەڵگەی مەدەنی، دیموکراسیی ئایینی، ئازادیی دەربڕین، مافەکانی مرۆڤ، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی دەستوور دەکرد. خاتەمی و کابینەکەی بوونە سەرەتای پەرەپێدانی گوتاری ڕیفۆرمخوازی بەتایبەت دەستەبەرکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لەوکاتەوە تا هەنووکە جێی مشتومڕ و ناکۆکی ڕیفۆرمخوازەکان و بناژووخوازەکان بووە. لە ڕوانگەی خاتەمییەوە، مەرجی جێگیرکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕازیبوونە بە دەستوور، یاسا گەورەترین مەرجی سەروەریی خەڵك و ڕێزگرتنە لە دەنگی زۆرینەی خەڵك. هەر ئەو دەستپێکە بووبە هۆکاری ئەوەی چەندین نووسەری دیار دەست بە تیۆریزەی ئەم چەمکە بکەن و فرە و فراوان کتێب، وتار و ڕۆژنامەی (وەك سلام، جامعە، توس، خرداد، صبح امروز و ..) لەوبارەوە چاپ بکرێن و کۆڕ و سیمینار و کۆنفرانسی بێشومار لەوبارەوە ساز بکرێن.

ڕیفۆرمخوازەکان هەنگاوەکانیان لە بەشداری هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری، پەرلەمان و پارێزگاکان دەست پێکرد. ئەوان پێیانوابوو کە حکومەت لە ڕێگەی چاکسازیی لە کاروبارەکاندا، ڕۆڵێکی چارەنووسسازی هەیە و ئەگەر دیموکراسیخوازان، لە دەرەوەی بونیادی حکومەت بن، هەنگاونان بە ئاڕاستەی دیموکراسی ئەگەر مەحاڵ نەبێت، زۆر

ئەستەم دەبێت. واتە تەندروستترین، کەم تێچووترین و کاریگەرترین ستراتیژ، بەهێزکردنی دامەزراوە مەدەنییەکان، سەپاندنی هەڵبژاردنی ئازاد بەسەر دەسەڵاتخوازەکان و بەشداری چالاکانەیە لەم پرۆسەیەدا. ڕێگەی بەهێزکردنی دامەزراوەکانیش بە نێو هەڵبژاردنەکاندا تێپەڕ دەبێت.

بۆیە هەر لە سەرەتاوە دوو گرووپ هەڵوێستیان لە بەرامبەر ئەم جۆرە چەمکە مۆدێرنە هاوردەکراوانەی ڕۆژئاوا وەرگرت. گرووپێك نەریتگەرا فیقهییەکان ( سنتیهای فقهی) بوون و گرووپێك ڕاستی نەریتی  کە ئەم چەمکە و چەمکەکانی دیکەی وەك حوکمی خەڵك و ئازادییەکانیان ڕەت دەکردەوە، چونکە لەگەڵ چەمکە ئایینییەکاندا یەکیان نەدەگرتەوە. بەڵام خاتەمی پێیوابوو کە مسوڵمانانیش دەتوانن بە گوێرەی پێوەرەکانی خۆیان خوێندنەوەیەکی تایبەتیان هەبێت کە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و بەرژەوەندییەکانیاندا سازگار بێت. ڕیفۆرمخوازەکان ستراتیژێکی دیکەشیان هاوشان لەگەڵ بەشداریی دەستەبژێر لە دەسەڵات گرتەبەر کە ئەویش گرنگیدان بوو بە ڕۆڵی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لانیکەم لەڕووی تیۆرییەوە. ئەم پرسە لە چوارچێوەی ستراتیژی «فشار لە خوارەوە، چەلەحانێ لە سەرەوە» خۆی دەنواند، بەو واتایەی کە کۆمەڵێك نوێنەر لە لایەن جەماوەرەوە لە بیرۆکراسیدا بەشدارییان هەبێت و لە لایەکیترەوە، لە پانتایی کۆمەڵایەتیدا هەوڵ بدرێت کە سەرکردە لۆکاڵییەکان چ لە کاروبارەی هۆشیارکردنەوە و چ ڕێکخستن، خەڵکی ئاڕاستە بکەن. گرێدانی ئەم دوو هێزە، «مۆدێلی فشار لە خوارەوە و چەلەحانێ لە سەرەوە»یە کە بەشی یەکەمی، لە ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامیی و بەشی دووەمی، بەرهەمی ئەزموونی مەشروتەیە. بۆیە ڕیفۆرمخوازان، بە هەموو شێوەیەك دژی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە ناو دەوڵەت بوون و نەیانویستووە مەکینەی دەوڵەت لەکار بخەن.

ڕیفۆرمخوازان لە مامەڵەیاندا لەگەڵ چەمکی ڕیفۆرم، لەم سێ دەیەدا لە کار و بەشدارییان لە کایەی سیاسیدا، ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنە بوونەتەوە. بۆ نموونە، لە ڕووی ستراتیجەوە یەکێك لە ڕەخنە بونیادییەکان کە ئاڕاستەیان کراوە، بریتییە لەوەی کە نەیانتوانی بۆ ڕێککەوتن، ئاشتەوایی و ڕاکێشانی دەستەبژێرەکانی دیکەی

نێو دەسەڵات، تێبکۆشن یان لە توانایاندا نەبووە. یەکێکیتر لە کێشەکانی ئەوان نەبوونی بەرنامەڕێژییەك بوو بۆ مامەڵە، چاککردنەوە و بەرەوپێشبردنی خواستەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەکارهێنانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتدا کە بتوانێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزە دیموکراسیخوازەکانەوە، باجی دژایەتیکردنی دیموکراسی بۆ نەیارەکان بەرز بکاتەوە و ئەوان ناچار بە گفتوگۆ و ئاشتەوایی بکات. ئەنجامی وەها دۆخێك، ڕادیکاڵیزەکردنی ڕوو لە زیادبووی خواستەکانی بەشەکانی کۆمەڵگە، ململانێ و توندوتیژی بوو لە نێو دەستەبژێرانی دەسەڵاتداردا.

توێژەران ئاماژە بە هۆکارگەلێکی دیکەی پاشەکشێی ڕیفۆرمخوازان لە ڕیفۆرم دەکەن، لەبەرئەوەی کە لە ماوەیەکی وەها کورتدا، ئەگەری بە دامەزراوەییکردنی زۆرێك لە گۆڕانکارییەکان لە بونیادە سیاسی، کۆمەڵایەتی و یاساییەکاندا زۆر ئەستەم یان مەحاڵ بوو، لە هەمانکاتدا دوورکەوتنەوەی ڕیفۆرمخوازان لە دەسەڵات، ترسی زیادکردنی دەسەڵاتخوازی و ئاڕاستەی سیاسەتەکانی حکومەتی دژ بە ئامانجە ڕیفۆرمخوازییەکان لێدەکەوتەوە، دەستەبژێرەکان، پێویستیان بە مامەڵە و پشتیوانی کۆمەڵایەتی هەبوو، بەڵام ئەو حاڵەتە ڕووی نەدا. ئەم هۆکارە وای کرد ڕیفۆرمخوازان و لایەنگرە کۆمەڵایەتییەکانیان لەیەکتر دوور بکەونەوە و ئەمەش لێدانێکی قورس بوو بۆ سەر جەستەی ڕیفۆرمخوازەکان. دەستەبژێرەکان لە دەسەڵات دوور کەوتنەوە و گۆڕانکارییەکان بە جۆرێکی ڕوویاندا. سیستەمی سیاسیی ئێران پاش قۆناغی چاکسازییەکان، تا ساڵی ٢٠١٣ و هەڵبژاردنی خولی یانزەیەمی سەرۆك کۆماریی، کە بووە هۆی ئەوەی لایەنگرانی ئیعتیدال و میانەڕەوەکان دەسەڵات بگرنە دەست، بەرەو بەهێزکردنی دەسەڵاتخوازی و زیندووکردنەوەی گوتاری نەریتی و بونیادگەرانە پەلی هاویشت و جارێکیتر کۆماری ئیسلامیی بەرەو یەکدەستی و یەکپارچەیی ئایدیۆلۆجی هەنگاوی نا.

هەڵبەت، ئەمە کۆتایی چیرۆکەکە نەبوو. لە ساڵی ٢٠١٣، گرتنەبەری هەڵوێستی «مامەڵەگەرایە»، «ئاشتەواییخوازانە»و «میانەڕەوانە» لە لایەن ئەو دەستەبژێرانەوە کە هەم لە لایەن بەشێکی گرنگ لە ڕەوتی ڕیفۆرمەوە پشتیوانی دەکران و هەم

جێی متمانەی دەستەبژێرە باڵادەستەکانی سەر بە رژێم بوون، دیسانەوە کاریگەری بەجێهێشت و بەهێزبوونی ئەوانی بە دوای خۆیدا هێنا. کار و چالاکی ڕیفۆرمخوازان لە دوای دوورکەوتنەوە لە دەسەڵات و بێهێزبوونیان بەتایبەت پاش هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماریی ٢٠١٧ و نارەزایەتی و نائارامییەکانی سەردەمی ڕۆحانی، دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی وزەی ناوەکی (بەرجام)، فشاری ئابووریی قووڕس لەسەر خەڵکی، گرانبوونی نرخی بەنزین و کوژرانی خۆنیشاندەران، ڕەفتار و هەڵوێستی دوولایەنەیان لە هەمبەر خۆنیشاندانەکانی ئەوکات و دوو ساڵ لەمەوبەر، ئەوانی ڕووبەڕووی ڕەخنەی دوولایەنە کردەوە. بۆیە زۆرێك لە شارەزایان پێیانوایە کە چەمکی ڕیفۆرم ڕووی لە ئاوابوون کردووە و ڕیفۆرمخوازان کۆتاییان هاتووە.

## سەرچاوەکان

- محمد عابدی اردکانی، پروین عظیمی، بررسی تطبیقی دیدگاەهای جریان اصول گرا و اصلاح طلب نسبت به مشارکت سیاسی زنان در جمهوری اسلامی ایران (١٣٧٦-١٣٨٤)، دو فصلنامە علمی – پژوهشی «پژوهش سیاست نظری»، دورە جدید، شمارە دوازدهم، پاییز و زمستان ١٣٩١.

- اکری بای، بابك نادرپور، مسعود مطلبی، چالش گفتمان های سیاسی اصلاح طلب و اصولگرا در ایران (١٣٩٢-١٣٩٦)، فصلنامەی جامعەشناسی سیاسی ایران، سال دوم، شمارە چهارم (پیاپی ٨). زمستان ١٣٩٨.

- مصطفی تاج زادە، اصلاحات دمکراتیك؛ جامعە محور یا حکومتی، مجلەی آیین، شمارەی ١٧و١٨، دورەی آذر و دی، ١٣٧٨.

- مجتبی مقصودی، اهورا راهبر، نگرش انتقادی از درون بە اصلاح طلبی در جمهوری اسلامی، درسهایی برای مصالحە، پژوهشنامەی علوم سیاسی، سال یازدهم، شمارە اول، زمستان ١٣٩٤.

- سعید حجاریان، ضرورت رد مبارەزە مصلحانە و رد تئۆری فنا، ١ دی ١٣٩٤، در https://kaleme.com/١٣٩٤/١٠/٠١/klm-٢٣٢٨٩٠/

- عبداللە مومنی در عتراضات ایران؛ آیا جریان اصلاحطلبی و اصلاحطلبان پایان یافتە است؟ https://www.bbc.com/persian/articles/c٢vp٠pp٢er٠o

CFS


Center for Future Studies


# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
























CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



































CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٣) ساڵی چوارەم، کانوونی یەکەم، ٢٠٢٤